لێکۆڵینەوە

# داهێنان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین

ناڵە حەسەن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

ناوی کتێب: داهێنان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسەر: ناڵە حەسەن
هەڵەچن: محەمەد عەبدولڕەحمان خدر
تایپ: نووسەر
دیزاینی ناوەوە و بەرگ: شاخەوان جەعفەر
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢٤
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٣٠) ساڵی ٢٠٢٣ی دراوەتێ.

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا      ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤٢٧

# ناوەڕۆک:

بەشی یەکەم:

چەمکە شیعرییەکان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین

ڕووبەری شیعر و شاعیر و شیعرنووس ........ ٦
شیعر لە نێوان نائومێدی و ڕەشبینیدا ........ ٨
شیعر و (نامۆبوون) ........ ١٠
شیعر و (یاخیبوون) ........ ١٢
شیعر لە نێوان (فۆرم و ناوەڕۆک)دا ........ ١٤
شیعر و (نەرجسییەت) ........ ٢٠
شیعر و (ناخودئاگایی) ........ ٢٣
شیعر و (ئیرۆسییەت)، یان شیعر و (ژیاندۆستی) ........ ٢٧
شیعر و (گێندەر) ........ ٣٢
شیعر و (دۆگما) ........ ٦١
شیعر و (خاڵبەندی) ........ ٦٣
شیعر و (خودا) ........ ٦٧

بەشی دووەم:

نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی شاعیرم ........ ٧٠
• (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە) ........ ٧٩
خوێندنەوەیەک بۆ دەقی: (وەرە بەیەکەوە بژین)ی کەژاڵ ئەحمەد ........ ٧٩
• شیعر و ژیاندۆستیی ........ ٩٥
خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی: (یاداشتنامەی ماکەوێکی ڕەشپۆش)ی (شێرکۆ بێکەس).. ٩٥
خوێندنەوەیەک بۆ چەند کورتە شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس) ........ ١٤١
• شیعر و (دایک و میهرەبانی) ........ ١٤٩
خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (دایکم و دەریا لەیەکدەچن)ی (خولیا حوسێن) ........ ١٤٩

بەشی سێیەم:


• شیعر و (فرێدریک نیچە) ........................................ ١٦٠
• شیعر و (مارتن هایدگەر) ........................................ ١٧١
• شیعر و (سیگمۆند فرۆید) ........................................ ١٧٨


بەشی چوارەم:


• شیعر چییە و بۆچی پێناسە ناکرێت؟ ........................................ ١٨٢


بەشی پێنجەم:


• کورتەیەک لەبارەی (سی ساڵ ئەزموونی شیعر و نووسین) ........................................ ١٨٨

# بەشی یەکەم:

## چەمکە شیعرییەکان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین

## • ڕووبەری شیعر و شاعیر و شیعرنووس

ڕووبەری ڕاستەقینەی شیعر ئەو شوێنەیە کە هەموو شیعرێک ناتوانێ بیگاتێ و لە نێویدا بمێنێتەوە تەنها ئەو شیعرانە نەبێ کە بڕێکی زۆر لە جوانی بەرهەمدەهێنن، لەوێدا شیعر دەبێتە جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکی و لە ئاستێکی بەرزی داهێناندا دەبێ، چ لەڕووی زمانەوە، یان لەڕووی فۆرمەوە. بە مانای، شیعر وەکو ژیان دەبێتە پڕۆژەیەکی بەردەوام و تەواو نەبوو. لەنێو ئەم ڕووبەرە شاعیر لەنێو بیرکردنەوە شیعرییەکانی لەژێر هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و کاریگەرە کلتوورییەکان و ئایدیۆلۆژییەکاندا نابێت، هەر خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکە دەبێتە کرانەوەیەک بەڕووی ژیان و گەردووندا، کەواتە شیعرەکانی نێو (ڕووبەری شیعر) داهێنانەکانیان لە ئاستێکدایە و دەبنە بەشێک (لە کردەیەکی بەردەوامی لە نەبوونەوە بەرەو بوون، لەپێناو خۆ تەواوکردنەوە دەکەونە گەڕ...) بە مانایەکی تر هاوتەریب دەبن لەگەڵ ژیان و بەها مرۆییەکان و چەمک و پێکهاتە گەردوونییەکان. ئازادی بوون توخمێکی سەرەکی نێو ڕووبەری شیعرە، شاعیر دەبێ تەواو بیرکردنەوە و بوونێکی ئازاد بێت، پڕ بێت لە خەون و جووڵە و نیگەرانی، لەنێو ڕووبەری شیعر پەیوەندییەکان خۆڕسک و توندوتۆڵن، تەنانەت پەیوەندی نێوان (سیاسەت و شیعر)یش، پەیوەندییەکی نزیک و لێکدانەبڕاوە، چونکە شیعر لەنێو ڕووبەری زمان دەتوانێ قسە لەسەر هەموو شتێک بکات، مەبەستمە بڵێم لەنێو پانتایی جوانی (شیعر و سیاسەت) تەبا دێنەوە، بەڵام بە دیوەکەی تر هاودژ و پێچەوانەن (مەبەستمان ئەو دیوەیە کە سیاسەت و گوتاری سیاسی لە جوانی دوور دەکەونەوە.)، هەروەها زۆرێک لە قسەکانی نێو شیعر وەک قسەکردن لە خەون، عەشق، بوون،. بەشێکی دانەبڕاون لە سیاسەت،

بە مەبەستی بیناکردن و داهێنان یان گۆڕینی ئاسۆکانی نووسین، بەڵام لەو شوێنەی شیعر دەبێتە هۆکار لەپێناو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو لەوێدا، شیعر ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی لەدەستدەدات و دەچێتە دەرەوەی ڕووبەری شیعر، چونکە لەدواجاردا زۆرێک لە شیعرە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان لە دەرەوەی ڕووبەری شیعر وەک (مەلەف و بەڵگەنامەیەکی سیاسی و مێژوویی) دەمێننەوە. دەقە زیندووەکانی نێو ڕووبەری شیعر شێلگیرانە و بەردەوام لە هەوڵی بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێدا دەبن، ئیش لەسەر سڕینەوەی مانا پێشوەختەکان دەکەن. کەواتە شیعر گەڕانێکی بەردەوامە لەنێو پانتایی مانادا. ئەو شیعرانەی لە ئاستێکی بەرزی داهێناندان بە تۆخی ئیش لەسەر زمان و پێکهاتە شیعرییەکانی وەک (هێما و میتافۆر و وێنە و پارادۆکس و جێگۆڕکێ و دووبارەبوونەوە و گومان و پرسیار و گەمەکردن بە وشە) دەکەن، چونکە لەم ڕووبەرە شیعرییە باوەڕمان بەوە دەبێ کە هەموو دەقێکی گەورە ڕوئیایەکی فەلسەفی گەورە و گومان و پرسیارێکی گەورەی لەگەڵدا دەبێت، چونکە قووڵایی بەهرە و توانا مەعریفییەکانی مرۆڤ لە وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو لە پرسیارکردن دایە، ئەوە ئایین و ئایدیۆلۆژییەکانن کە هەمیشە وەڵامێکی جێگیر و نەگۆڕییان پێیە، هەر لێرەوەیە شیعر ڕەنگ و ڕووبەر و سیمای خۆی لە ئایین و ئایدیۆلۆژیاکان جیا دەکاتەوە. لێرەدا دەمانەوێت (شاعیر لە شیعرنووس) جیابکەینەوە. واتە هەموو ئەو شیعرانەی لە ئاستێکی بەرزی داهێناندان و لەنێو ڕووبەری شیعر دەمێننەوە، ئەوانە نووسەرەکانیان (شاعیرن)، ئەو شیعرە سادانەی دەرەوەی ڕووبەری شیعریش نووسەرەکانیان شاعیر نین، بەڵکو تەنها (شیعرنووسن)، چونکە (شاعیربوون) جێگاکەی لە هەورازێکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێ بیگاتێ مەبەستمانە خۆمان

لە هەندێ دەستەواژەی نائەدەبی ڕزگاربکەین وەک شیعری دەرەجە یەک و دوو و دەرەجە سێ و هتد، یان شیعری باش و خراپ، یان ئەو دەربڕینە نائەدەبییەی کە دەڵێن (میللەتی کورد هەمووی شاعیرن.)، ئەو ڕوانگە و بیرکردنەوانە، ڕوانگەی ئەو کەسانەن کە خاوەن ئەو مەعریفە شیعرییە نین کە هێزی ئەوەیان پێبێت (شیعری نێو ڕووبەری شیعر و شیعرەکانی دەرەوەی ڕووبەری شیعر) لە یەکتری جیابکەنەوە، یان ناتوانن ئاستەکانی جوانی و هونەری لەنێو دەقەکان ببینن. یان بە دیویێکی تر، هەموو وشە ڕیزکردنێک بە شیعر دەزانن، بۆیە تاکو ئێستا (شاعیر و شیعرنووسیش) لە یەکتری جیانەکراونەتەوە.

تێبینی: ئەم کورتە وتارە لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر)، کەمێک بە دەستکارییەوە.

- **شیعر لە نێوان نائومێدی و ڕەشبینیدا**

من ئێستا لە گەڕەکی نائومێدیدا دەژیم
بە کەلوپەلەکانی عەشق ماڵێکم پێکهێناوە
لە ژوورێکدا تابلۆی دۆڕانەکانی خۆمم هەڵواسیوە
لە ژوورێکی تر تابلۆی ترس و نیگەرانییەکانم
لە ژوورێکی تر تابلۆکانی مردنم
لە ژوورێکی تر تابلۆکانی تەنیاییم
لە دواهەمین ژووریش وا خەریکم
هێدی هێدی
تابلۆکانی خۆکوشتنم هەڵدەواسم

لەو شیعرەی سەرەوە و لە شیعری تریش کاتێک، نائومێدییەکانی

خۆمـم دەربڕیـوە و لـە شـیعرێکدا بەرجەسـتەم کـردوون، جـاری وابـووە، پرسـیاری ئـەوەم لێکـراوە کـەوا، بۆچـی لـەم شـیعرەم هێنـدە ڕەشـبینم؟ منیش لـە وەڵامـدا گوتوومـە مـن نائومێدم نـەک ڕەشـبین. کەواتـە بەپێـی ئـەو وەڵامـەم دەبـێ (نائومێـدی و ڕەشـبینی)، دوو چەمکـی جیاوازبـن، ڕەنگـە لـە هەنـدێ ڕووەوە نزیکایەتییـان هەبێـت، بـەڵام دوو وشـەی تـەواو جیـاوازن. هەوڵدەدەیـن لـەم نووسـینە زۆر بـە کورتـی مانـاکان و جیاوازییەکانیـان بخەینەڕوو. بە بڕوای مـن زۆر ئاساییە شـاعیرێک یان نووسـەرێک لەنێـو شـیعر و نووسـینەکانیدا ڕاسـتگۆیانە (نائومێدییەکانـی) خـۆی دەرببڕێت، ئـەوە هیـچ بـە مانای ئەوە نایە، ئەو شـاعیر و نووسـەرانە کەسـی ڕەشـبینن، یـان (نائومێدی) چەمکێک و بارێکی نێگەتیڤ نییە، کە دەڵێین نێگەتیڤ نییـە، مانـای ئـەوە نییـە بڵێین پۆزەتیڤە، بەڵکو دەتوانیـن بڵێیـن بارێکـی ئاسـاییە، کاتێـک شـاعیرێک نائومێـدی دەردەبڕێـت ئـەوە مانـای ئەوەیـە، ئـەو کەسـە ئومێـد و خەونـی گـەورەی هەیـە، بـەڵام لـە ئێسـتادا پێـی نەگەیشـتووە، واتـە لـەو چرکەسـاتەی شـیعرەکەی نووسـیوە کەسـێکی نائومێـدە و ڕاسـتگۆیانەش ئـەم نائومێدییـەی خـۆی دەربڕیـوە، بۆیـە دەڵێیـن بارێکـی نێگەتیـڤ نییـە، چونکـە هێشـتا لەگـەڵ خـەون و ئومێدەکانی دەژی بە ئومێدی ئەوەیە یان لە هەوڵی ئەوەیە ڕۆژێک بێت پێی بگات. بەمانـای ئەگەرچی بە ئومێدەکانی نەگەیشـتووە و لـە ئێسـتادا کەسـێکی نائومێـدە، بـەڵام دەسـتی لـە خـەون و ئومێدەکانـی بەرنـەداوە یـان هەڵنەگرتـووە، بـەڵام (ڕەشـبینی) چەمـک و بارێکـی نێگەتیڤـە. کەسـی ڕەشـبین هیـچ ئومێدێکـی بـە ژیـان نەمـاوە (بـوون و نەبوونـی) خـۆی لەنێـو ژیانـدا وەکیـەک چاولێدەکات، ژیـان هیـچ بەهایەکـی تیـا نەمـاوە تـا بـۆی بـژی، پڕبـووە لـە هەسـتەکانی پووچیـی، بەمانـای بـەو پۆینتـە گەیشـتووە ژیـان ئـەوە ناهێنـێ بـۆی بـژی، زۆرێـک لـەو کەسـانە پەنـا بـۆ خۆکوشـتن

دەبەن. ئەو کەسانە لەهەمانکاتیش لەبارێکی دەروونی ناهەمواردا دەژین تووشی نەخۆشی خەمۆکی و زۆرێک لە نەخۆشی تری دەروونی دەبن. لە لێکۆڵینەوەیەکمان لەبارەی (شیعر و خۆکوشتن) ئەوەمان خستبووەڕوو کە زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە، ئەو کەسانە بوون کە دەرگیری نەخۆشی خەمۆکی ببوون و ئەو کەسە (ڕەشبینانە) بوون کە هیچ باوەڕ و ئومێدێکیان بە ژیان نەمابوو، حەزدەکەم دواقسەم لەمبارەوە ئەوە بێت کە ڕاستە من لە هەندێک لە شیعرەکانم نائومێدی یان نائومێدییەکی گەورەشم بەرجەستە کردووە، بەڵام بۆ یەک چرکەش لە ژیانم ڕەشبین نەبووم.

### • شیعر و نامۆبوون

نامۆبوون چەمکێکی فرە مانا و فرە ڕەهەندە، چ لەلای خەڵکی ئاسایی و چ لەلای نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفەکانەوە، مانا و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، ئێمە لەو کورتە نووسینەمان هەوڵدەدەین هەندێک لە خوێندنەوە و مانا جیاوازەکان بخەینەڕوو، هەروەها هەڵوێستە لەسەر ئەو خوێندنەوەیە بکەین کە پەیوەندی بە شیعر و داهێنانەوە هەیە

- نامۆبوون لەلای (هیگل) پەیوەندی بە (دابڕان)ەوە هەیە، یان هەر بەمانای (دابڕان) دێت، وەکچۆن لە کاتی لەدایکبوون منداڵ لە دایک دادەبڕێ و دێتە نێو ڕووبەر و دنیایەکی نوێوە و تووشی حاڵەتی نامۆبوون دەبێت، هەروەک لە کتێبی (بوون و داهێنان)ی د. محەمەد کەمال دا هاتووە لەلای هیگل کردەی داهێنانیش بە نامۆبوون دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەی داهێنانەوە بیرۆکەکان لە نووسەرەکان دادەبڕێن.

- نامۆبوون لەلای (مارکس) پەیوەندی بە کاڵا و بەرهەمهێنانەوە هەیە، بەمانای کاتێک (کرێکاران) کاڵاکان بەرهەمدەهێنن و خۆشیان

لێـی بێبەشـدەبن، خێروبێـری ئـەو کاڵا و بەرهەمانـەش دەچێتـە گیرفانـی سـەرمایەدار و خـاوەن کارەکانـەوە، لێرەدا کرێکاران بەرامبـەر ئـەو کاڵا و تەنانـەت ئـەو دنیایەش کە بەرهەمی دەستی خۆیانە نامۆدەبن، هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایە مارکس ڕەخنـەی لـە هیگل هەبوو کە داهێنانی بە کردەیەکی نامۆبـوون دادەنـا، مارکـس پێـی وابـوو ئـەو جـۆرە دابڕانـە نامۆبـوون بەرهـەم ناهێنن، بـەلای مارکس ئەوکاتـە داهێنـان نامۆبوونی لێدەکەوێتـەوە کاتێـک بیرۆکـەکان لـە نووسـەرەکان دادەبڕێـن و لەلایـەن کەسـانی تـرەوە داگیربکرێـن و خاوەنەکانـی پێ بچەوسـێننەوە، وەک ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان (کرێـکاران و بەرهەمهێنانـی کاڵاکان).

- نامۆبوون لای (مارتـن هایدگەر)مرۆڤی دەسـتەمۆ کاتێک دەکەوێتـە ژێر کاریگەرییـە دەرەکییـەکان، واتـە هێـزە دەرەکییـەکان ئاراسـتەی جووڵەکانیـان کۆنتـرۆڵ دەکـەن ئـەو کەسـانە کەسـانی نامـۆن، چونکـە هەمـوو شـتێکن بـەس خۆیـان نیـن و خـاوەن بوونێکی دەسـتەمۆ و نـاڕەسـەنن. ناتوانـن تەعبیـر لـە خواسـت و ئارەزووەکانی خۆیـان بکـەن. ئێمـە لـە پەیوەند بە شـیعر و داهێنان هەڵوێسـتە لەسـەر ئـەو ڕایـەی (هایدگـەر) دەکەیـن و دەیکەینـە سـەرچاوە و بنەمـای بیرکردنەوەکانمـان. هـەروەک لـە کتێبـی (ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا) پێداگریمـان لەسـەر ئـەم خوێندنەوەیـەی هایدگـەر کردبـوو لـە وتـاری (بـوون و ئـەدەب)، لـە پەیوەنـد بـە بـوون و ئـازادی نووسـەرەوە، چونکـە خـودی داهێنـان (بـە پێشـمەرجی ئەنتۆلۆجـی بوونـی مـرۆڤ) دادەنرێـت (داهێنـان و نامۆبوون)یش لەگەڵ یەکتریـدا پەیوەندییەکی ناکۆکیـان هەیە، بۆیە کەسـێکی نامـۆ بـە داهێنـەر دانانرێت چونکە (ناتوانێت خـۆی بڕیـار لەسـەر پڕۆژەکانـی بوونـی خـۆی بدات)، هەمـوو بڕیـار و پڕۆژەکانـی لەژێر کاریگـەری دەسـەڵات و هێـزە دەرەکییـەکان دەبێـت، بۆیـە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کەسـی داهێنـەر نامـۆ نییـە و یـان کەسـی نامـۆ ناتوانـێ داهێنـان بکات

## • شیعر و یاخیبوون

ئەگەر بمانەوێت بە کورتی قسە لەسەر یاخیبوون یان (یاخیبوون و شیعر) بکەین، دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری یاخیبوونەکان چ لەنێو ڕووبەری شیعر یان لەنێو ڕووبەرەکانی تری ژیان، هەست و کردەیەکن لە هۆشمەندییەوە یان لە پاشخانێکی مەعریفییەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە دواجار یاخیبوون هەوڵێکە بۆ گوتنی (نا) یەک بەڕووی ئێستا و بەڕووی هەموو ئەو هێز و دەسەڵاتانەی دەیانەوێت ژیان ناشیرین بکەن و بوون و بەهای مرۆڤبوون بخەنە ژێر پرسیارەوە، هەروەها ژیان ئەوە دەخوازێ مرۆڤەکان هەمیشە بوونێکی یاخی بن، چونکە لە یاخیبووندا مرۆڤ دژی هەموو هێزێکی دەرەکی ڕادەوەستێت، نایەوێت بوونی داگیربکرێت و بوون و ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەدەستبدات و ببێتە کۆیلەیەکی ناکارا. بۆ بەردەوامبوونی ژیان و بوون یان بۆ ئەوەی مرۆڤ ناوەڕۆکێک بە ژیان و بوونی خۆی ببەخشێ پێویستی بە هەوڵدان و داهێنانە، چونکە داهێنان جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی بوونی مرۆڤ دەکاتەوە لەنێو ڕووبەر و ڕەوتی مێژوودا. واتە مرۆڤ بەبێ داهێنان ناتوانێ ناوەڕۆکێک بۆ خۆی پەیدا بکات و شوناسێک بەدەستبهێنێ و ببێت بەوەی کە خۆی دەیخوازێت، تا ئێرە مانایەک بوو بۆ یاخیبوون بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لە پەیوەند بە شیعر و یاخیبوون دەتوانین بڵێین، شاعیری داهێنەر هەمیشە جەخت لە ناڕازیبوون دەکاتەوە و (نەویستی هەبوو) دەستنیشان دەکات، مەبەستییەتی لە نەبوونەوە فۆرم و بوونێکی نوێ بهێنێتە بوون، دەتوانین بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان (فەرید زامدار) بە نموونە بهێنینەوە، کە لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) بەدووردرێژی باسمان لە

یاخیبوونەکەی و ئەزموونە جوودا و نوێخوازییەکەی کردووە. (فەرید زامدار) لەسەرەتای شیعرێکی بەناوی (دان پیانان)دا دەڵێت (ژیان هەمیشە وتوویەتی «نا»)، یان لەسەرەتای کتێبێکی بەناوی (ئەنیما مۆندی) لە وتارێکدا دەڵێ (من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم و بەدوای لەدەرەوەی ئەوەی «کە هەیە» دەگەڕێم)، واتە بەڕۆشنی (نەویستنی هەبوو)ی مەبەستە، واتە (ڕەتکردنەوەی هەبوو)یان (ئەوەی کە هەیە)، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی فۆرم و دەقێکی نوێ، جیاواز لەوەی کە هەیە ئەو دوو دەربڕینەی (فەرید زامدار)، کرۆکی یاخیبوون و نوێخوازیمان پیشان دەدات، چونکە هەموو شاعیرێکی نوێخواز و جودا لەهەمانکات شاعیر و بوونێکی یاخین، چونکە گەر ناڕازی نەبن بەوەی کە هەیە، ناتوانن جیاواز بنووسن و ناتوانن لەنەبوونەوە بوونێکی تر بەرهەمبێنن، چونکە گەر بەردەوام بن لەسەر ئەوەی کە هەیە، بە هەمان زمان و فۆرمەوە، ئیتر بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە (لاساییکردنەوە نەک داهێنان)، لاساییکرنەوەش مانای ئەوەیە کە تاکەکان دەسەڵات و توانا و بەهرەی خۆیان خەفە دەکەن و لە چاو و دیدگای کەسانیترەوە دەڕوانن و دەبینن ونکردنی توانا و بڕستی خود بەمانای خۆشڵکردنە یان ڕێگەدانە بەوەی کەسانیتر بوونی کۆنترۆل بکەن، ئەمەش نامۆبوونە و لە بەشی (شیعر و نامۆبوون)دا قسەمان لەبارەیەوە کردووە، چونکە لەم باروزروفانەدا مرۆڤ ئازادی و سەربەستی خۆی لەدەستدەدات. ئەوەش ڕوونە تاکو مرۆڤ ئازاد و سەربەست نەبێت، توانای زاڵبوونی بەسەر حەز و خەون و ئارەزووەکانیدا نابێت. دەمەوێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ڕەتنەکردنەوەی هەبوو، ئەگەر لاساییکردنەوەش نەبێت (دووبارەکردنەوەی خودە)، واتە بەردەوامبوون لەسەر یەک فۆرم و

شێوە زمان و یەک شێواز. تەنانەت ئەگەر داهێنانیش لە دەقەکاندا هەبێت، بەڵام ناچێتە ڕووبەری نوێخوازییەوە، چونکە دەتوانین بڵێین (هەموو نوێخوازییەک داهێنانە، بەڵام هەموو داهێنانێک مەرج نییە نوێ بێت.) لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانییش زۆرن ئەو کەسانەی جێپەنجەیان دیارە لە مێژووی شیعر و ئەدەبدا و ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانی بیرکردنەوە و قۆناغێکی نوێ، ئەوانەش وەک کەسانی یاخی و ناڕازی و نەویستی هەبوو، لەوانە (بۆدلێر، مالارمێ، ڕامبۆ، ئازرا پاوەند، ئەدۆنیس و زۆرانی تر..) بۆ نموونە (ستیڤان مالارمێ) لەنێو هەوڵ و داهێنانەکانیدا، ئامانجی ئەوەبوو شیعر لە کۆتوبەندی هەموو ئەو ستایل و دەربڕینە تەقلیدییانەی کە شاعیرانە نین ئازاد بکات، یان گوێی بە فۆرمی شیعری ئاسایی نەدەدا. ئەو زێتر گرینگی بە وشە دەدا، هەوڵی دەدا وشەی نوێ و ئەفسوناویز بەکاربهێنێ و جیاواز بنووسێت، یان ئەدۆنیس، هەمیشە لەنێو نووسین و دیمانە و داهێنانەکانیدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕەخنە لە (هەبوو) بگرێت و ئاسۆکانی بیرکردنەوە بۆ شیعر و نووسین و داهێنان بگۆڕێت. لێرەدا ئەوە دەبینین لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێناندا ڕەتکردنەوە و ناڕازیبوون بەوەی کە هەیە بەو مانایە دێت، کەوا (یاخیبوون) پێشمەرجی نوێخوازی و داهێنانە.

### شیعر لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا

هەموو دەقێکی شیعری وەک هەر هەبوویەکی تر لە فۆرم و ناوەڕۆک پێکدێت، ئەگەر لەڕووی بوونگەرییەوە سەیری بکەین دەتوانین بڵێین فۆرم بوونێکی دیاری هەیە و ناوەڕۆکیش بوونێکی نادیار، ناوەڕۆک ئەو بوونە نادیارەیە لە ئەنجامی خوێندنەوە دەردەکەوێت.

دەرکەوتنەکەش (زۆربەی کات) لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیاواز دەبێ. یان ڕەنگە لای هەندێک خوێنەر هەر دەرنەکەوێت و بە نادیاری بمێنێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا دەقی شیعری لەنێو ڕووبەرێکی نادیار و تاریک دێتە بوون، شاعیری نوێگەر (بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو تاریکییە، دێت هەموو تاریکییەکە دەگوازێتەوە بۆ نێو دەقەکەی.)، ئەوە خوێنەرە لە ڕێگای مەعریفە و تواناکانی خۆیەوە، لەڕێگای خوێندنەوە و قووڵبوونەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕووبەرە تاریکە و هەوڵی دەرکەوتنی دەدات، چونکە شاعیر لەنێو ئەم ڕووبەرە نادیار و تاریکە، زمان دەخاتە گەڕ بۆ گواستنەوەی مەعریفە و گوتنەکانی نێو ئەو تاریکییە بۆ نێو دەق، خوێنەریش لەسەریەتی مەعریفە و تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو ڕووبەرە، چونکە شیعر جووڵەیەکی بەردەوامە لەنێو کردەیەکی ئێستێتیکایی، بۆیە ناتوانێ ناوەڕۆکێکی دیار و نەگۆڕی هەبێت. دەکرێ لای هەندێک خوێنەر ناوەڕۆک هەر بە نادیاری و تاریکی بمێنێتەوە، چونکە هیچ دەقێک وەک بوونێکی سەربەخۆ، هەڵگری ناوەڕۆکێکی دیار و پێشوەختە نییە، ئەگەر ژیان وەک دەقێکی شیعری وەربگرین، لە بنەڕەتەوە (خاڵییە لە مانا) و ناوەڕۆک، ئەوە مرۆڤەکانن لە ڕێگەی بیرکردنەوە و داهێنانەکانیان، مانا و ناوەڕۆکێک بە ژیان دەبەخشن دیارە بۆ (جیهان و گەردوونیش) بەهەمان شێوە، نەک هەر ئەوەندە شاعیر بۆ بەرهەمهێنانی دەقێک هەموو وشە و چەمک و دەستەواژە و هێماکان خاڵی دەکاتەوە لە مانا پێشوەختەکان و لە مانا فەرهەنگییەکان. لە کردەیەکی داهێنەرانە، چەمک و وشەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و دووبارە بنیادیان دەنێتەوە لە پەیوەندییەکی نوێ و بە ناوەڕۆکێکی نوێوە، بۆیە دەڵێین لەوانەیە بەسانایی ناوەڕۆکی دەقەکان دەرنەکەون، کۆد

و هێماکان بە سانایی نەکرێنەوە، یان دەرکەوتن و ناوەڕۆکەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جودا دەردەکەوێ، تەنانەت جیاواز لەگەڵ دەرکەوتن لەلای خودی نووسەری دەقەکەش، چونکە نووسەری دەق لە کاتی نووسینی دەقەکە (ئەوی شاعیرە)، لە چرکەی دوای تەواوبوونی دەقەکە دەبێتە (ئەوی خوێنەر)، وەک هەر خوێنەرێکی دی هەوڵدەدات ناوەڕۆکی دەقەکە بەدیار بخات و خوێندنەوەیەکی بۆ دەقەکە هەبێت. پەیوەندی فۆرم و ناوەڕۆک پەیوەندییەکی هاوتەریب و دانەبڕاوە، هەروەک لای فۆرمالیستەکان (ئەم دووانەیان واتە « شێوە و ناوەڕۆک» یان لە بەرزترین ئاستدا ڕاگرتووە، بە بڕوای ئەوان (ناوەڕۆک بە تەواوی بزوێنەری شێوەیە)، بە بڕوای من دەیانەوێت بڵێن هەموو ئەو فۆرمانەی ئاستێکی بەرزی جوانییان بەرجەستە کردووە، ناوەڕۆکێکی جوانیش بەرجەستە دەکەن هەرچەندە ناوەڕۆکەکە نادیاریش بێت، کەواتە هیچ فۆرمێکی جوان نییە ناوەڕۆکێکی جوانیشی نەبێت واتە ناوەڕۆک بە نادیاری بزواندن و کردە و کاری خۆی دەکات، لە گریمانەیەکدا ئەگەر دەقێک فۆرمێکی جوانی هەبوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بە توانا مەعریفیی و سەلیقە شیعرییەکەی خوێنەرێک دەرنەکەوت و بە نادیاری مایەوە، ڕەنگە (ئەو خوێنەرە یان هەندێک لە خوێنەرەکان بڵێن ئەم دەقە تەمومژاوییەوە و هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی نییە)، هەروەکو گوتمان هیچ دەقێک بێناوەڕۆک نییە، بەڵام ناوەڕۆک بوونێکی نادیاری هەیە، ئەگەر لای کەسێک وا دەرکەوت ئەو دەقە بێناوەڕۆک و بێمانایە، دەکرێ (یەکێک لە مانا و ناوەڕۆکەکەی ئەوەبێت کە (ئەم دەقە بێمانا و بێناوەڕۆکە)، چونکە ئەوە (خوێندنەوەی کەسێکە) یان خوێنەرێکە بۆ ئەو دەقە. دەکرێ ئەوەش یەکێک بێت لە خوێندنەوەکان یان یەکێک لە مانا

و ناوەڕۆکەکـەی ئـەوە بێـت. دەکـرێ ئاسـایی بـێ کـە نەتوانیـن تیشـک بخەینـە سـەر تاریکایـی دەقێـک و ناوەڕۆکەکـەی دەربخەیـن، بـەڵام ئـەوە ئاسایی نییە، کە بڵێین ئەو دەقە دەقێکی بێمانا و بێ ناوەڕۆکە چونکە تەمومژاوییـە، یـان شـاعیر ڕەچـاوی سیسـتەمی ڕێزمانـی و خاڵبەنـدی نەکـردووە، بـە بـڕوای مـن بـەر لەهـەر شـتێک دەسـتەواژەی (تەمومـژ)، بۆ دەقی شیعری دەستەواژەیەکی نادروستە، من دەمێکە لە دیمانەکان و نووسـینەکانم زێتـر لـە جارێـک ئـەم دەسـتەواژەم ڕەتکردۆتـەوە، چونکـە هۆکارەکـەش ئەوەبـووە کـە هیـچ دەقێـک تەمومـژاوی نییـە، ئـەوە (چڕبوونـەوەی زمانـە) لـە ئاسـتێکی بـەرزدا نـەک تەمومـژ، یـان ئـەوە توندوتۆڵـی پەیوەندییەکانـی نێـوان وشـە و چەمـک و هێماکانـە نـەک تەمومـژ واتـە داهێنەرانـە و هونەرییانـە کارکـردن لـە زمـان . دەبـێ ئەوەمـان لەبیـر بێـت کـە شـیعر لەبنەڕەتـدا ئیشـکردنە لەبـارەی زمـان و بایەخدانـە بـە بنیادەکانـی زمـان، بـەڵام لەچوارچێوەی زمانـی شـیعری و ڕووبـەری شـیعردا، هەروەهـا شـاعیر بـۆ بەرهەمهێنانـی دەقێکـی نـوێ یـان هەردەقێک تـەواو سـەربەسـت و ئـازادە لـە بەرامبـەر زمـان، دەتوانـێ پابەنـد نەبێـت بـە سیسـتەمی ڕێزمانـی و خاڵبەنـدی و بـە هیـچ جـۆرە سیسـتەمێک، بۆئـەوەی تـەواو دەسـت ئـاوەڵا و کـراوە بێـت. وەک چـۆن شـاعیر پێویسـتە ئـازاد و سـەربەسـت بێـت لـە بەرامبـەر بەکارهێنانـی زمـان و یـان بوونێکـی ئـازاد بێـت و نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری هیـچ دەسـەڵات و هێـز و بوونێکـی دەرەکـی، بەهەمـان شـێوە زمانیـش بـە هەمـوو وشـە و چەمـک و دەسـتەواژە شـیعرییەکانەوە دەبـێ ئـازاد بـن و ڕووتببنـەوە لـە هەمـوو مانـا پێشـوەختەکان و مانـا فەرهەنگییـەکان، دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم وەکچـۆن کۆرپـە لـە چرکەسـاتی لەدایکبـوون ڕووتوقـووت هەڵگـری هیـچ نـاوەڕۆک و شوناسـێک نییـە، وشـە و چەمکە شـیعرییەکانیش لەنێو

زمانی شیعریدا بەهەمان شێوە چونکە (ناشێت ناوەڕۆک بە ئاسانی بچەسپێندرێ، هەروەک ناشێت هەرگیز مانا ئامادەبوونێکی تەواوی هەبێت لە هیچ تاکە ئاماژەیەکدا بەڵکو مانا یان ناوەڕۆک زێتر جۆرێکە لە جووڵە و پڕیشکدانەوەی بەردەوامی نێوان ئامادەبوون و نائامادەبوون)، هەروەها شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە دەتوانێ قسە لەسەر هەر شتێک بکات و هەر وشەیەک بەکاربهێنێ، هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر وابزانین هەندێک لە وشەکان شیعریی نین، وا پێویست دەکات شاعیر خۆی لە بەکارهێنانی ئەو وشانە بە دووربگرێ. یان بەهۆی مانا فەرهەنگی و ناوەڕۆکە پێشوەختەکان خوێندنەوە بۆ وشە و چەمکەکان بکەین. مەبەستمە ئەوە بڵێم کاتێک لە دەقێکدا وشەی (حۆری) ببینین خەیاڵمان بۆ (بەهەشت) و وشەی (جەلاد)یش خەیاڵمان بۆ (زیندان) بڕوات ئێمە گوتمان بۆ نووسینی دەقێکی نوێ دەبێت وشەکان لە ناوەڕۆکە کۆنەکان بەتاڵبکەینەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تازە لەنێو وشە و چەمکەکان و دەستەواژەکان دابمەزرێنین جا ئەگەر بێت و دەقێک ڕەتکەینەوە بە دەلیلی تەمومژاوی و نادیاری و دەرنەکەوتنی ناوەڕۆک ئەوە دڵنیاتان دەکەمەوە ئێمە لەبەرامبەر ڕەخنەیەکی جدی و (لە بەرامبەر شەڕێکی فکریدا نین)، چونکە هەموو تێکستێک بریتییە لە بونیادێکی ئیستاتیکی نێو ڕووبەر و قەوارەیەکی زمانەوانی، هەروەک لە کتێبی (تیۆری ئەدەبی) تێری ئیگڵتن دا هاتووە (مانای ڕستەیەک بەردەوام شتێکە لە چاوەڕوانی هاتن دایە، واتە شتێکی دواخراو یان هێشتا چاوەڕێکراو (دالێک) واتە وشەیەک من دەداتە دەستی دالێکی تر، ئەویش بە دالێکی ترم دەسپێرێ، مانا پێشترەکان لەلایەن ماناکانی دواترەوە (هەموار) دەکرێنەوە، سەرباری ئەوەش

کــە ڕســتەیەک کۆتایــی دێــت، بــەڵام زمــان خــۆی کۆتایــی نایــەت، هەمیشــە مانــای زێتــر هەیــە کــە مانــای یەکەمــی لێیــەوە هاتــووە)، بــۆ نموونــە ئەگــەر بڵێیــن (شــادی) مانــای چییــە؟ دەکــرێ بڵێیــن (دڵخۆشــی) دەکــرێ دڵخۆشــی مانایــەک بێــت بــۆ شــادی، بــەڵام دڵخۆشــیش خــۆی وشــەیەکە بــەدوای مانایتــردا دەگەڕێــت، بۆیــە لەســەرەوە هاتــووە (دالێــک مــن دەداتــە دەســتی دالێکــی تــر و ئەویــش بــە دالێکــی تــرم دەســپێری)، چونکــە لــە بنەڕەتــدا نــاوەڕۆک و مانــاکان کۆتاییــان پێنایــە، هەروەهــا باکگراونــد و مەعریفــەی شــاعیر دەبێتــە چوارچێوەیەکــی تیۆریزەکــراوی فیکــری و فەلســەفی لەنێــو ڕووبــەری نادیــاری دەقــدا، چونکــە شــاعیر لەنێــو کردەیەکــی داهێنــان و نوێگــەردا لەنێــو بونیــادی دەق جیهانێکــی تــازە و جیهانێکی تایبــەت بــە خۆیمــان پێشــکەش دەکات. دواجاریــش ئــەو خوێنــەرە دەتوانــێ ئــەو جیهانــە نوێیــە و نادیــارە کەشــف بــکات. هەروەهــا هــەر دەقێکــی شــیعرییش لەنێــو ڕووبەرێکــی نادیــاردا بوونێکــی کــراوە و بەردەوامــی هەیــە.

**سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**

- کتێبی (بوون و داهێنان) نووسینی د.محەمەد کەمال.
- کتێبی (تیۆری ئەدەبی) نووسینی تێری ئیگڵتن، و عەتا قەرەداغی.
- کتێبی (لە دیارەوە بۆ نادیار) نووسینی بەختیار عەلی.
- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) نووسینی ئەلبێر کامۆ، و ئازاد بەرزنجی.

## شیعر و نەرجسییەت

هەوڵدەدەین لەم وتارەمان بە کورتی پەیوەندی شیعر بە (نەرجسییەت) یان بیرکردنەوەی شاعیر بەم چەمکەوە ڕوونبکەینەوە، نەرجسییەت مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئەفسانەی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ماناکەی (خۆشەویستی بۆ خود) یان (بەرز لەخۆ ڕوانین) دێت، هەروەک لە کتێبی (نەرجسیەت)یشدا هاتووە، بیرمەندی دەروونناس (تیۆدۆر ئای ڕۆبین) دەڵێت (کەسی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا دەژی و پێیوایە هەموو دنیا هی ئەوە.)، پێویستە لەوەش ئاگاداربین نەرجسییەت پێنج جۆری هەیە، تەنها دوو جۆری بە شێوەیەکی سروشتی لە کەسانی ئاسایی و لە کەسە داهێنەرەکاندا هەن، ئەوانیش جۆرەکانی (ئەدگاری نەرجسییەتی نێرایەتی، ئەدگاری نەرجسییەتی)، بۆ ئەم وتارەمان ئەم دوو جۆرە جێگای مەبەستی ئێمەن، بەڵام سێ جۆرەکانی تری نەرجسییەت (کەسایەتی سنووردار، کەسایەتی دەروون نەخۆش، کەسایەتی گومانکردوو) ئەم سێ جۆرە زێتر ڕۆچوون و سەرسامبوونێکە بە خود تا ئاستی سنووربەزاندن و توشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان، ئێمە لێرەدا پێویستمان بەوە نییە زۆر هەڵوێستە لەسەر ئەم بەشەیان بکەین، تەنها خاڵێک بە پێویستی دەزانم ئەویش ئەوەیە، کەسە دیکتاتۆرەکان ئەو کەسانەن کە کەسی دەروون نەخۆشن، نەرجسییەتەکەیان لە ئاستێکی سنووبەزاندندایە، بۆیە دەبینین ئەو کەسانە زۆرترین تاوان ئەنجام دەدەن بەبێئەوەی پەشیمان ببنەوە و یان خۆیان بە تاوانبار بزانن لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تەنها بە ئاراستەی مێشک یان بیرکردنەوەکانیان ئیشدەکەن و بڕیاردەدەن، لووتبەرزی و سەرسامبوونییان بە خود هەست و

سۆزییان دەکوژێت، بۆیە تەنها بە مێشک بڕیاردەدەن نەک بە دڵ و هەست و سۆز، بەڵام شیعر لەگەڵ ئەمجۆرەی نەرجسییەت ناتەبا و دژ دێتەوە، چونکە لە کردەی نووسینی شیعر فیکر و هەست پێکەوە ئیشدەکەن و هاوتەریب دەڕۆن. هاوکات خاڵێکی تر بە پێویستی دەزانم لەبەرامبەر ئەو بەشەی نەرجسییەت ئەویش ئەوەیە کە (هیستریا) و (نەرجسییەتی دەروون نەخۆش) هەردووکیان باری نائاسایی و نەخۆشی دەروونین، بەڵام خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە کە سنووری ئەم دووانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە ئەویش کەسە هیستریکەکان کاتێک تاوانێک دەکەن بەدوایدا هەست بە گوناهـ و تاوان دەکەن و پەشیمان دەبنەوە، بەڵام کەسە نەرجسییە دەروون نەخۆشەکان نە هەست بە تاوان دەکەن نە پەشیمانیش دەبنەوە جا لێرەوە دەگەڕێینەوە لای پەیوەندی نێوان شیعر و نەرجسییەت، چەند پرسیارێک دەکەین، ئایا پێویستە شاعیر نەرجسییەتی هەبێت؟ یان خۆشەویستییەکەی بۆ خود هێندە بێت، بەرز لەخۆی بڕوانێت؟ یان منی خۆی وەک منێکی باڵا وێنە بکات..؟ من بۆ هەموو ئەمانە لە وەڵامدا دەڵێم (بەڵێ). ئەویش بە چەند هۆکارێک، لە خوارەوە هەوڵدەدەین هۆکارەکان باسبکەین. بەڵێ شاعیر لەنێو ڕووبەری شیعرو داهێنان پێویست دەکات خۆشەویستی بۆخود هەبێت و بەرز لەخۆی بڕوانیت چونکە شیعر و داهێنان بەهایەکی گەورەیان هەیە، شاعیر پێویست دەکات لەنێو شیعرەکانی (منی خۆی) وەک منێکی باڵا ببینێ، کەسێکی خودان هێز و سوپەرمانی، وەک ئەو کەسە باڵا و بەهێزەی (نیتچە) بانگەشەی بۆ دەکات، وەک مرۆڤێکی داهێنەر خۆی لەو ئاستە بەرزە ببینێت، کە نەچەمێتەوە بۆ هیچ دەسەڵات و میر و حاکمێک، یان بە مانایەکی تر نەبێتە (کەوچکی نێو

پیاڵـەی هیـچ دەسـەڵاتێک.) (تەنهـا و تەنهـا) خـۆی بێـت و جووڵەکانـی لەژێـر کاریگـەری ئارەزووەکانـی خـۆی ئاراسـتە وەربگـرن، واتـە کەسـێکی (کۆیلـە و نامـۆ) نەبێـت. ئێمـە لـە بەشـەکانی پێشـتری ئـەم نووسـینەمان گوتوومانـە کەسـە (نامـۆکان) ناتوانـن داهێنـان بکـەن یـان داهێنانەکانیـان دەکەونـە ژێـر پرسـیارەوە. بەڵـێ کەسـی شـاعیر دەبـێ هێنـدە خۆشـەویستی بۆخـۆی هەبێت و بـەرز لەخـۆی بڕوانـێ کـە لـەوە تێبگات مـرۆڤ هۆشـمەندترین بوونـەوەرە و پێویسـتە ئاسـتی تێڕوانینی بـۆ (ژیـان و مـرۆڤ و داهێنـان) بـەرز بێـت، دەبـێ لـەوە تێبگات مـرۆڤ لـە ڕێگـەی داهێنانەکانی مانایـەک بـە بوونـی خـۆی دەبەخشـێ و بەهـای مرۆڤیـش لەسـەرووی هەمـوو بەهاکانەوەیـە، بـەڵام دەبێـت وریـا بێـت لەوەی نەرجسـییەتەکەی نەگاتـە ئاسـتی سـنووربەزاندن و نێـو ڕووبـەری نەخۆشـییە دەروونییـەکان، هـاوکات لـەوەش دڵنیـا بێـت نەرجسـییەت و بـەرز لەخۆڕوانیـن تێکـەڵاوی (لەخۆبایـیبـوون) نـەکات، چونکـە ئـەو شـاعیرانەی لەخۆبایـی دەبـن بەتایبـەت (هەندێـک) لـە شـاعیرە خـاوەن ئەزمونـەکان، خۆیـان لەسـەرووی خەڵکانـی تـرەوە دەبینـن و پێیانوایـە ئـەوان باشـترینن، بـەڵام ئـەوان ئەوەیـان بیرچۆتـەوە شـیعر ئیـش لەسـەر جوانیـی دەکات و جوانییـش بوونێـک یـان چەمکێکـی (ڕێژەیـی) هەیـە یـان زۆرجـار، ئەمجـۆرە شـاعیرانە بەرگـەی هیـچ جـۆرە تێبینـی و ڕەخنەیـەک ناگـرن، واتـە مەبەسـتمە بڵێـم لەنێـو ڕووبـەری (شـیعر و داهێنـان) باشـترین بوونـی نییـە، دەکـرێ کەسـە داهێنـەرە گـەورەکان (یەکێـک بـن) لـە هـەرە داهێنـەرەکان، یـان هـەرە باشـەکان، خاڵێکـی تـر کەسـە لەخۆبایـیـەکان هەمیشـە پێیانوایـە ئـەوان گەیشـتوونەتە لوتکـە، بـەڵام بێئـاگا لـەوەی هەمـوو گەیشـتنە لوتکەیەکیـش هاتنەخـوارەوەی بەدوادایـە ئەمـەش جـۆرە بەدحاڵیبوونێکـە بـۆ ڕووبـەری شـیعر و

داهێنان، ئێمە لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) بە ڕۆشنی باسمان لە ڕووبەری شیعر و داهێنان کردووە، بەومانایەی نا، کە مەبەستمان بێت بازنەیەک بەدەوری ڕووبەری شیعر بکێشین، بۆیە هەر لەم کتێبە بە ڕۆشنی گوتوومانە شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکییە. مادام شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی هەیە بۆیە دەبێ لەنێو ڕووبەرێکی کراوەدا بێت، واتە ڕووبەری شیعر پێویستە ڕووبەرێکی کراوە بێت، بەمانایەک گەر بە دەریایەک وێنای بکەین دەڵێین دەریایەکی بێبن و ئەوبەریشی کراوە و نادیارە، هیچ کام لە داهێنەرەکان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە بنی بنەوەی قووڵاییەکان، یان ئەوبەری ڕووبەری دەریاکە، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤەکان دەگەنە خاڵێک کە لەوێدا داهێنانەکانیان دەوەستێ، ئەویش خاڵی مردنە، چونکە مردن کۆتایی بە پڕۆژەکانی بوون دەهێنێت، بۆیە تا ئێستا هیچکام لە داهێنەرەکان نەگەیشتوونەتە تەواوی ئاستی کەمال، بە شەکسپیر و دەستۆیفسکی یان هەر نووسەرێکی تر، بۆیە لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێناندا نە باشترین بوونی هەیە نە گەیشتن بە لوتکە، لەبەر ئەم هۆیانەی باسمان کردن، زۆر گرینگە بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی نێوان چەمکەکانی (شیعر و نەرجسییەت)دا بکەین و خۆشەویستی و تێڕوانینمان بۆ خود لە ئاستێکی بەرزدا بێت

## ● شیعر و ناخودئاگایی

(سیگمۆند فرۆید) لە تیۆری دەروونشیکاری خۆی بۆ کەسایەتی، بەم شێوەیە باس لە ناخودئاگایی دەکات و پێیوایە کە ڕووبەرێکی تاریکە شوێنی هەستەکان و حەز و ئارەزووەکان و بیرکردنەوە و

خـەون و ئومێـدەکان و یـان یادەوەرییەکانـی دەرەوەی ئاگایـی مرۆڤـە، هەروەهــا فرۆیــد وایدەبینــێ ئــەم ڕووبــەرە واتــە (ناخودئاگایــی)، بــە بەردەوامـی کاریگـەری هەیـە بەسـەر ڕەفتـار و جووڵـە و کار و کـردەوە و بیرکردنەوەکانـی مـرۆڤ، هـاوکات بـاس لـەوەش دەکات کـە (خـەون) یـش پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە ناخودئاگاییـەوە هەیـە، بۆیـە (فرۆیـد) گرینگـی بـە خەونـەکان داوە و ئیشـی لەسـەرکردووەن و شـیکردنەوەی بۆ کـردووەن، چونکـە بـاوەڕی وابـوو ئـەو حـەز و ئـارەزوو و مەیلانـەی لـە ژیانـی ڕۆژانـەی مـرۆڤ دەسـتەبەرنابن لـە ڕووبـەری ناخودئاگایـی دەمێننــەوە و لــە کاتــی نائاگایــی لــە خەونەکانــدا دەردەکــەون، دەبینیــن ناخودئاگایــی ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە کەســایەتی و بــە خەونەکانــی مرۆڤــەوە هەیــە، پێویســتە ئــەوەش بزانیــن دەربــارەی کەســێتی هــەروەک لــە کتێبــی (لەگــەڵ ســایکۆلۆژیادا هاتــووە) (کــە کەســێتی، لــە حەقیقەتـدا مـرۆڤ خـۆی نییـە، بەڵکـو ئـەو ڕوخسـارەیە کـە لەبـەردەم خەڵکـدا خـۆی پێیـەوە نمایـش دەکات و ڕەفتـار دەنوێنێـت..) (کەواتــە کەســێتی دەمامکێکــە دەیپۆشــین، ئــەو ڕوخســارەیە ڕەفتارەکانمانــی پێدەنوێنیــن و مامەڵــەی پێدەکەیــن.)، بەمانایەکــی تــر کەســێتی ئــەو خودە کۆمەڵایەتییەیە یان ڕۆڵی تاکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەواتــە دەگەینــە ئــەو ڕاســتییەی کەســایەتی حەقیقەتــی بــوون نییــە، چونکــە بوونــی مــرۆڤ لەســەرەتاوە بێنــاوەڕۆک و بێمانایــە، بەڵکــو مـرۆڤ لـە ڕێگـەی هـەوڵ و داهێنانەکانـی مانایـەک بـە بوونـی خـۆی دەبەخشــێ، دەتوانیــن بڵێیــن کەســایەتی ئــەو دەمامکەیــە کــە مــرۆڤ بوونـی خـۆی پـێ نمایشـدەکات. لێـرەدا دەبینیـن کەسـایەتی مـرۆڤ و خـەون و بیرکردنەوەکانی، هەمـووی لەژێـر کاریگـەری بـاری دەروونـی بەتایبــەت ناخودئاگایــی دان، بۆیــە بــە پێویســتی دەزانیــن پەیوەنــدی

ئـەم ڕووبـەرەی ناخودئاگایـی لەگـەڵ شـیعر باسـبکەین و لایەنـە گرینگەکانی دەربخەین. شاعیر لە کردەی نووسینی شیعر لە ڕێگەی بیرکردنەوەکانـی لـە دەوروبـەر و لـە دنیـای واقیـع دادەبـڕێ، بـۆ نێـو ڕووبـەری خەیـاڵ دوور دوور دەڕوات، لەنێـو ئـەو ڕووبـەرە نادیـار و تاریکـەی خەیاڵـدا، بوخچـەی ئارەزووەکانـی دەکاتـەوە خەونەکانـی، مەیـل و ئارەزووەکانـی، یادەوەرییەکانـی، منداڵیـی و ڕۆژانـی تێپەڕیـو، کە ئەمانە لەنێو ڕووبەری ناخودئاگایی خۆیدا هەڵیگرتوون، لەنێو ئەو ڕووبەرە تاریکەی خەیاڵدا ڕووبەری ناخودئاگایی گرێی بوخچەکانی خـۆی دەکاتـەوە، لـەو چرکـە سـاتە ئـەم ڕووبـەرە تـەواوی مێشـکی شاعیر کۆنترۆڵ دەکات و هاوکات بیرکردنەوە و خەیاڵەکانیشی، بۆیە ئـەم ڕووبـەرە ناخودئاگاییـە تەعبیـر لـە بـوون و شوناسـی شـاعیرەکە دەکەن. دەتوانین بڵێین شیعر لەو ساتەدا نووسینەوەی ئاوێزانبوونی ناخودئاگاییـە لەنێـو ڕووبـەری خەیـاڵ و گەڕانەکانـی شـاعیردا، هـاوکات ئیشـکردن لەسـەر قوڵاییەکانـی خەیـاڵ و قووڵاییەکانـی نـاوەوەی خودیـش گرینگییەکـی نـاوازەی هەیـە بـۆ شـیعر. هـەروەک لـە نووسـینەکانی ترمـان باسـمان لـەوە کـردووە لـە دوای ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیـەم، واتـە لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکانی مۆدێرنـە، وەک قوتابخانەکانـی (هونـەر بـۆ هونـەر) و (سـومبولیزم) و (دادایـی) و (سـوریالیزم) و ئەوانـی تریـش. کـە تەنهـا جیاوازییـان لـەڕووی فـۆرم و زمانـەوە نەبـوو لەگـەڵ قوتابخانـە ئەدەبییەکانی پێشـخۆیان بەتایبەت (ڕۆمانسـیزم) و (ڕیالیـزم)، بەڵکـو جیاوازییەکـی تـری جەوهەریـی هەبـوو، ئەویـش لـە قوتابخانـە ئەدەبییەکانـی مۆدێرنـە زێتـر گرنگیـدرا بـە خـود واتـە لەنێـو شـیعر و ئەدەبەکانیـان زێتـر ئیشـیان لەسـەر خـود و نـاوەوەی خۆیـان دەکـرد، گرینگـی زۆریـان بـە خـەون و هێمـاکان

دەدا، ئـەم ئیشـکردنە لەسـەر (خـود) و خـەون و نـاوەوەی خـود لـەلای سوریالیستەکان بە لوتکە گەیشت، چونکە سوریالیستەکان بە فۆرمی (ئۆتۆماتیـزم) ئیشـیان دەکـرد، واتـە (تەقاندنـەوەی نـاوەوەی خـود یـان بـاری ناخودئاگایـی)، بۆیـە لەنێـو شـیعر و تابلـۆ و نیگارەکانیـان بـە چـڕی ئیشـیان لەسـەر خـەون دەکـرد، تـا ئـەو ئەندازەیـەی (سـلفادۆر دالـی) وتەیەکـی بەناوبانگـی هەیـە کـە دەڵێـت (ژیانـی ڕاسـتەقینە یـان حەقیقەتـی ژیـان لەنێـو خەونـەکان دایـە.)، واتـە ئـەو واقیعـەی تیایـا دەژیـن ئـەوە حەقییەتـی ژیانـی مرۆڤـەکان و شایسـتە بـە مرۆڤـەکان نییـە بۆیـە دەبینیـن تابلۆکانـی (سـلفادۆر دالـی) بـە شـێوەی سـەیر و سـەمەرە کێشـراون، چونکـە وێنـەی خەونەکانـی خـۆی ڕەسـمکردوون. یـان شـاعیرەکان لەکاتـی نووسـینی شـیعرەکانیان، کاتێـک دەکەوتنـە نێـو قووڵایـی خەیاڵەکانیـان، لـە چرکەسـاتی تەواوبوونـی دەقەکانیـان قەڵەمەکانیان دادەنا و چیتر دەستکارییان نەدەکردن، چونکە باوەڕییان وابـوو شـیعر نووسـینەوەی چرکەسـاتەکانی نێـو ڕووبـەری خـەون و خەیـاڵ و بـاری ناخودئاگاییەکانـە، تێکهەڵکێشـیان نەدەکـرد بـە بـاری واقیع و ئاگایی خـود، هـاوکات لەگەڵ ئەم بارە دەروونیانـە و گرینگیدان بـە زمـان و ئیشـکردن لەسـەر دوالیزمـەکان و چەمکـە دژەکان و هێمـا و میتافۆرەکان و گومـان و پرسـیار و پێکهاتەکانی تـری زمـان، هەمـوو ئەمانـە قووڵایـی و بڕسـتێکی بێوێنـە بـە دەقـە شـیعرییەکان دەبەخشـن، لێرەدا دەبینین باری دەروونی ناخودئاگایی چ کاریگەرییەک و ڕۆڵێک دەگێـڕێ لـە پرۆسـەی نووسـینی شـیعر، بۆیـە هەمـوو ئـەو دەقانـەی لەنێـو ڕووبـەری خەیـاڵ زێتـر ڕۆدەچـن، دەبینیـن قووڵایـی زیاتـر بـە نـاوەڕۆک و بـە پێکهاتـەی دەقەکـە دەبەخشـن، چونکـە گەیشـتن بـە ڕووبـەرە تاریکەکانـی خەیـاڵ گەیشـتنە بـە ڕووبـەرە تاریکەکانـی

نــاوەوەی خــود و ڕووبــەرە تاریکەکانــی ناخودئاگایــی. بۆیــە زمانــی شـیعر زمانـی چرکەسـاتەکانی وڕێنەکردنـە، چونکـە مرۆڤـەکان لەکاتـی وڕێنەکردنـدا بـە قووڵـی لەژێـر بـاری دەروونـی ناخودئاگاییـدا دەبـن، دەتوانیـن بڵێیـن زۆرجـاران شـیعر هیـچ پەیوەندییەکـی بـە واقیعـی ڕۆژ نییـە، لەڕێگـەی ئیشـکردن لەسـەر نـاوەوەی خـود و بـاری ناخودئاگایی و هەڵدانــەوەی مەیــل و ئــارەزوو و خەونــەکان و یادەوەرییــەکان و ئومێدە کەڵەکەبووەکانـەوە لەوێدا، بەواقیـع پەیوەسـت دەبێتـەوە، چونکـە لــە بنەڕەتــدا مەیــل و ئــارەزوو و خــەون و یادەوەرییــە لەســەریەک دانراوەکانـی نێـو ڕووبـەری ناخودئاگایی کەسـەکان، بەرهەمـی واقیعێکـی ناتەبـا و نەشـیا و ناشایسـتەن بـە مـرۆڤ و بەهـا جوانەکانـی مرۆڤبوون. لەبەرئـەوەی لـە کلتـوور و کۆمەڵگەیەکـی دیاریکـراو، مرۆڤـەکان خـەون و ئارەزوو و مەیلەکانیـان، یـان کێشـە و ئومێدەکانیـان لەیەکـەوە نزیکن، بۆیـە زۆرجـاران لەنێـو دەقێکـی شـیعری یـان دەقێکـی ئەدەبـی دەبینیـن بــە ســەدان یــان هــەزاران خوێنــەر خــۆی لەنێــو دەقەکــەدا دەبینێتــەوە، هۆکارەکـەی زێتـر ئەوەیـە کـە شـیعر یـان دەقـە ئەدەبییـەکان، بـە تۆخـی ئیـش لەسـەر نـاوەوەی خـود و بـاری (ناخودئاگایـی) دەکـەن .

**● شیعر و ئیرۆسییەت یان شیعر و ژیاندۆستی**

(ئیـرۆس و سـاناتۆس) دوو چەمکـی ناتەبـا و دژبەیەکـن (فرۆیـد) وا خوێندنــەوەی بــۆ کــردوون کــە (ئیــرۆس) غەریزەیەکــە مامەڵــە دەکات لەگــەڵ بنەمــا بنچینەییــەکان و هــاوکات، پەیوەنــدی هەیــە بــە چێــژ و هەســتە ئیرۆتیکیــەکان، وەک هێزێکــی بەرگریــکارە لــە مــرۆڤ بــۆ مانــەوە و گەشــەکردن، دواجــار بــە غەریــزەی (ژیاندۆســتی) نــاوی دەبـات، لـە بەرامبـەردا غەریـزەی (سـاناتۆس) هەیـە، کـە وەک هێزێکـی

دژ و مەیلی کاولکاری و شەڕانگێزی هەیە، ئەویشی بە غەریزەی (ساناتۆس) ناوبردووە، واتە (مەرگدۆستی)، ئێمە لێرەدا باس لە پەیوەندییەکانی (شیعر و ئیرۆسییەت) یان (شیعر و ژیاندۆستی) دەکەین. بەوپێیەی شیعر ئیش لەسەر جوانیی دەکات و ئامانجی بەرهەمهێنانی جوانییە، بۆیە تەریبە لەگەڵ ژیان و هاوکات لەگەڵ مرۆڤ و بەهامرۆییەکان. مەبەستمە بڵێم کاتێک شیعر و داهێنان چرۆی جوانییەکانیان دەردەکەوێت، ئەوکاتەی لەنێو ناواخنی خۆیان یان بەو ئاراستەیە کاربکەن کە بەهای مرۆڤ لەسەرووی هەموو بەهاکانەوە ببینن، ژیانیش بەبێ بەرزڕاگرتنی بەهاکانی مرۆڤ هەموو جوانییەکانی خۆی لەدەستدەدات، بێگومان دەرخستن و بەرهەمهێنانی ئەو جوانییەش لە شیعردا، لە ڕێگەی هونەریانەی کارکردن لەگەڵ زمانەوە دەبێت، ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە ڕابردوو و مێژوودا بخشێنین، یەکێک لە هەڵە گەورەکانی مرۆڤ ئەوە بووە تا ئێستا نەیتوانیوە چێژ یان سوود لە جوانییەکانی ژیان ببینێت، یان بەو ڕێگایەدا بڕوات کە ژیان بگەیەنێت بە کەناری ئارامی، هەمیشە ژیانی بە ئاقار و ڕێگا ناشرینییەکاندا بردووە، هەمیشە ململانێکان و پەیوەندییەکان ناتەندروست بوون، ئاکامی نەخوازراویان لێکەوتۆتەوە، هیچ کاتێک بەو هاوکێشەیە کاریان نەکردووە کە (بەشێک) لە حەقیقەتەکان لە لای منە نەک (هەموو)، هەمیشە خۆیان وابینیوە خاوەن حەقیقەتی ڕەها و ئەوانی تریش (هیچ)، واتە لە کێشمەکێشمی نێوان غەریزەکانی (ئیرۆس) و (ساناتۆس)دا، هەمیشە هێزی (ساناتۆس) لە مرۆڤدا زاڵبووە، واتە مەیلی جەنگ و کاولکاری و لەناوبردن یان مەیلی خۆپەرستی و تاکڕەوی ئامادەیی هەبووە، ئەوەش مێژوویەکی درێژی هەیە، لە ڕۆژگارە هەرە سەرەتاییەکان

کە بە ڕۆژگاری (کۆمۆنەی سەرەتایی) ناوبراوە لە مێژوودا، لە دوا ڕۆژەکانی ئەو قۆناغە سەرەتاییە کاتێک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە (موڵکداریتی گشتییەوە) دەگۆڕێت بۆ (موڵکداریتی تایبەت)، لەوێوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستپێدەکات و جەنگ و کوشتن و کاولکارییەکان، لەوێوە درێژەیان دەبێت، قۆناغە یەکبەدوای یەکەکانی مێژووش وەک (کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری) بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم قۆناغانەی مێژوو و پەیوەندییەکانی تاکەکان، لە ئەدەبیاتی (مارکس) بە ڕۆشنی باسکراوە، واتە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ژیان ناشیرین دەکات یان ڕیزبەندی و چینەکان لە کۆمەڵدا دروست دەکات، نەک ئەوەی چینەکان و ڕیزبەندییەکانی تاک، یان ئەوەی کە ناشیرینیەکان لەنێو ژیاندا پێشوەختە ئامادەییان هەبووبێت. شیعریش وەک بەرهەمی بیری مرۆڤ، وەک جووڵە و پێکهاتەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکی، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی جوانی دەبێتە سەرچاوەی ئارامبوونەوە و چێژبەخشین، بۆیە غەریزەی (ئیرۆس) هەمیشە لەنێو شیعر ئامادەیی هەیە، چونکە شیعر لە سەنگەری ژیان دایە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایە کە شیعر بکرێتە هۆکار و بۆ مەبەستی تایبەت بەکاربهێندرێت، جا ئەو مەبەستە هەرچییەک بێت. لەڕێگەی شیعر مرۆڤ دەتوانێ بیر لە خەون و ئومێدە جوانەکانی بکاتەوە، ئەدەب دەتوانێ وا لە مرۆڤ بکات بیر لە ئازادی و ڕزگاری و جوانییەکانی ژیان بکاتەوە. دەمێکیشە گوتوومانە (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)، بەمانای شیعر لەگەڵ ژیان و بوونی مرڤ دایە، لێرەدا دەمەوێت قسە لەبارەی ئەوە بکەم کە هەرچەندە شاعیر لەنێو شیعرەکانی باس لە نائومێدییش بکات، بەڵام مەبەستی ڕەشبینی و گەیشتن بە

خاڵی (پووچی)، واتە (ئەبسێرد و نەهیلیزم) نییە، چونکە گەیشتن بە خاڵی (پووچی) واتە گەیشتن بەو ڕەشبینیی و نائومێدییەی یان بەو دەرئەنجامەی کە ژیان ئەوە ناهێنێ یان ئەو بەهایەی تیا نەماوە بۆی بژیت، بۆیە ئەو مرۆڤانەی بەو ئەنجامە دەگەن زۆربەیان پەنا بۆ خۆکوشتن و کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان دەبەن، یان کەنارگیر وەک جەستەیەکی مردوو و وەک ڕۆحێکی وشک و خاڵی لە هەموو ئومێدێک و هیوایەک دەمێننەوە، بەڵام شیعر لەگەڵ خۆکوشتن و ڕەشبینی دا نییە، چونکە مردن کۆتایی هێنانە بە هەموو پڕۆژەکانی بوون بە شیعریشەوە. ئێمە بە دژی ئازادی هیچ کەسێک ناوەستینەوە، چونکە ئازادی ئەوکاتە مانای هەیە کاتێک مرۆڤەکان مومارەسەی بکەن، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی مومارەسەکردن (ئازادیی)ش وشەیەکە تەنها لە چەند پیتێک پێکهاتووە و هیچی تر، بۆیە کەسەکان ئازادن چۆن بیردەکەنەوە یان چۆن مامەڵە لەگەڵ جەستەی خۆیان و  ژیانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئێمە باس لە (شیعر و ئامانجی شیعر) دەکەین، نەک لە بیرکردنەوەی شاعیرێکی دیاریکراو یان نەک شاعیرێکی (ڕەشبین و بێ هیوا). (ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)دا دەڵێ (پووچی لەناو مرۆڤدا نییە، لە جیهانیشدا نییە، بەڵکو لە سای بوونی هەردووکیان هەیە، پووچی ئەو پەیوەندییەیە کە ئەم دووانە پێکەوە دەبەستێتەوە.)، ئێمە گوتمان ژیان لە بنەڕەتدا ڕەنگڕێژ نییە بە ناشیرینییەکان هاوکات مرۆڤیش، بەمانای پووچی و هەموو دیاردە دزێو و ناشیرینیەکان لە ئەنجامی بەیەکەوەبوون یان پەیوەندی نێوان (ژیان و مرۆڤ) یان پەیوەندی (مرۆڤ و جیهان) هاتوونەتە بوون، پووچی یان دیاردە نێگەتیڤەکان بەرئەنجامی جووڵە و پەیوەندییە نارێک و نادروستەکانی مرۆڤە،

باوەڕهێنـان بـە (پووچـی) ئیشـکردنە بـە ئاراسـتەی مـردن، شـیعر بـە پێچەوانـەی ئـەم ئاراسـتەیە کاردەکات، وەکچـۆن لـە دەسـتپێک گوتمـان (ئیـرۆس و سـاناتۆس) دوو چەمکـی دژ و پێچەوانـەن، هـاوکات (شـیعر و مردنیـش) بەهەمـان شـێوە، یـان (شـیعر و سـاناتۆس)یش بەهەمـان شـێوە، بۆیـە لێـرەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی شـیعر بـە ئاراسـتەی ئیرۆسـییەت ئیشـدەکات و دواجاریـش دەڵێیـن:

(شیعر پەرچەمی ژیاندۆستییە ).

**نۆڤومبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**


- کتێبی (نەرسیسیزم). نووسینی (ئەلیکساندەر لۆوین). و. نالە حەسەن.
- کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا). نووسینی (سۆزان جەمال).
- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف). نووسینی (ئەلبێرت کامۆ). و. ئازاد بەرزنجی.

### شیعر و گێندەر

بۆ نووسینی ئەو بابەتەم، یان دیاریکردنی پەیوەندییەکانی (شیعر و شاعیر و گێندەر-ڕەگەز) بەوەوە دەست پێدەکەم، زۆرجاران لە دیمانەکان یان قسەکردن لەبارەی شیعر و شاعیران دەڵێن، ژنە شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) یان خانمە شاعیر (ئاوێزان نووری یان هێرۆ کوردە) یان هەر کەسایەتییەکی ژن یان کچ، ئەوانەی شاعیرن، بەڵام هەرگیز نەمان بیستووە و نەمان بینیوە بڵێن پیاوە شاعیر (سەباح ڕەنجدەر یان کەریم دەشتی)، زێتر دەڵێن (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر یان (کەریم دەشتی)ی شاعیر، بۆ شاعیرەکانی تریش بە هەمان شێوە. ئێمە لەنێو ڕووبەری ئەم باسەمان کە ڕاناوی کەسی دووەم بۆ شاعیرەکە بەکاردەهێنین، مەبەستمان خودی کەسەکە یان کەسایەتییەکە نییە هێندەی مەبەستمان (ئەوی شاعیرە)، بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمیش (مەبەستم خۆم نییە، بەڵکو مەبەستم (منی شاعیرە)، بۆیە کە باس لە (کەژاڵ ئەحمەد) دەکەین مەبەستمان لە (کەژاڵ ئەحمەد سەعید) نییە، بەڵکو مەبەستمان لە (کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیرە، واتە (ئەوی شاعیر)، یان بۆ (سەباح ڕەنجدەر) مەبەستمان لە (سەباح سابیر حەسەن) نییە، بەڵکو مەبەستمان لە (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیرە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەریی دەکەین، ئایا دەکرێت بڵێین (ژنە شاعیر تەرزە جاف یان پیاوە شاعیر شێرکۆ بێکەس..؟). یان (خانمە شاعیرەکان و پیاوە شاعیرەکان)، لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارە نادەینەوە، دواتر لە سیاقی قسە لەبارەکردن و ڕوونکردنەوە و باسکردن لە نموونە و فاکتەکان، وەڵامەکە بەشێوەیەکی ڕۆشن و ڕوون خۆی بە دەستەوە دەدات و منیش وەک نووسەری ئەم بابەتە وەڵامی کۆنکرێتی خۆم

دەخەمەڕوو، هێندە هەیە لێرەدا تەنها ئەو تێبینییە دەخەمەڕوو یان بیرتان دەهێنمەوە کاتێک دەڵێن خانمە شاعیرەکان، یان پیاوە شاعیرەکان ئەوە باس لە کەسایەتییەکان دەکەن، نەک ئەوانی شاعیر. چونکە بەبڕوای ئێمە خودی کەسەکان و کاراکتەرەکانیان جیاوازە لەگەڵ ئەوانی شاعیر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە و بۆ شۆڕبوونەوە بۆ نێو قووڵایی مەبەستەکانم، لێرەدا لە ئەزموونی شیعر و (منی شاعیر) دەستپێدەکەم و چەند نموونەیەک لە شیعرەکانم دەهێنمەوە و باسیان دەکەم. لە کۆپلەی یەکەمی (سروودی بەرەو یەکسانی)دا دەڵێم:

لەو ڕۆژەوەی نرخی مرۆڤ بۆتە کاڵا
پشتم لەژێر قورسایی کار کۆم بۆتەوە
مۆری زەعیفە و کۆیلەتی بەناو چاوم لکێندراوە
هەوری ڕەشی پیاو سالاری
بە قووڵایی ڕۆحی گەشم شۆڕبۆتەوە

ئەم شیعرە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان نووسیومە، کراوەتە سروود و لەلایەن مۆسیقاژەن (پایەدار بەرزنجی) ئاوازی بۆ دانراوە، دوو سێ ساڵ لە مەراسیمی (هەشتی مارس) لە هەولێر بە کۆرس گوتراوەتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی باس لە جێگە و ڕێگەی ژنان و ئازار و ستەمێک لەسەر ژنان دەکات. لەنێو دەقەکەدا ژنێک باس لەخۆی دەکات و دەڵێت (لەو ڕۆژەوەی نرخی مرۆڤ بۆتە کاڵا، واتە لەو ڕۆژەوەی موڵکداریتی لە (گشتییەوە گۆڕاوە بۆ تاک و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کەوتوونەتە دەست پیاوان)، لەو کاتەوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستی پێکردووە و چینەکان دروست

بوونـە و یەکەمیـن قوربانییانـی ئـەم چەوسـاندنەوەیەش ژنـان بووینـە، لـە قۆناغـی بـێ ڕەحمـی سـەرمایەداری و لەژێـر سـایەی سیسـتەمی پیاوسالاریش ژان و ئازارەکانی ژنان بەوپەڕی گەیشتوون، بۆیە دەڵێ (هەوری ڕەشی پیاو سالاری بە قووڵایی ڕۆحی گەشم شۆڕبۆتەوە.)، ئەگـەر لـەم کۆپلـە شـیعرە و لـە ناوەڕۆکەکـەی وردبینـەوە دەبینیـن، ئـەوە ژنێکـە قسـە دەکات و بـاس لـە ئازارەکانـی خـۆی دەکات، بـەڵام (منی شاعیر) ئەم شیعرەی نووسیوە، واتە دەنگێکی مێیینە لەنێو منی شاعیردا هاتۆتە قسە (منی شاعیر) لەنێو ئەم دەقە شیعرییە کەسێکی مێینـەم یـان دەنگێکـی مێینـەم لـە خۆمـدا بەرجەسـتە کـردووە، بـەدەر لـەوەی خـۆم وەک کەسـایەتی چیـم و چ گێندەرێکم هەیـە، مـن بـاس لـە (منـی شـاعیر) دەکـەم لەنێـو ئـەو دەقـەدا. لـە شـیعرێکی تـرم بەنـاوی (شـەباهەنگی بەفـر)، لـە شـوێنێکی شـیعرەکەدا دەڵێـم:

خۆم دەخزێنمە نێو باوەشی هەڵمی ڕووبارە شەرمنەکان
لەگەڵ کازێوەی عەشق پێکەوە سەفەر دەکەین
دەمەوێ لە ئاهەنگی لە دایکبوونی خۆر سەما بکەم
تا لە بەهەشتی خەونە سک پڕەکانی بەهار
دەسکە گوڵێک بۆ تەمەنی کچێنی خۆم و بۆ گەڵا پاییزییەکانی
ئەم دەڤەرە بە دیاری بهێنم

ئـەم شـیعرە بەروارەکـەی لـە (ئـازاری ١٩٩٦) نووسـراوە و دواتـر لـە سـاڵی (١٩٩٩) لەگـەڵ کۆمەڵـە شـیعرێکی تـر لـە کتێبی (عەشـق و بەرائەتـی ئـاو) بڵاوبۆتـەوە، شـیعرێکە بـاس لـە عەشـق و نائومێدییەکـی گـەورە دەکات، لەبـارەی خەمـی کچێنـی و خەمـی گـەورە کچـان دەدوێـت، لـە شـوێنێک بـە ڕۆشـنی دەڵێت (ئەمشـەو هـەردوو مەمکی تەمەنـی کچێنـی

عەشق بەسەر شانم شۆڕبۆتەوە، لە قووڵایی دڵە خەمناکەکانیان، تف لە ئاوێزانبوونی هەوری ئافات و خەونە کابووسییەکانی قەدەر دەکەن.) لێرەدا مەبەستمان نییە خوێندنەوەیەک بۆ دەق و ناوەڕۆکی (شەباهەنگی بەفر) بخەینەڕوو، هێندەی مەبەستمان ئەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەیە کە شاعیر باس لە کچێنی خۆی دەکات و دەڵێ (دەمەوێت، دەسکە گوڵێک بۆ تەمەنی (کچێنی خۆم) و بۆ گەڵا پاییزییەکانی ئەم دەڤەرە بە دیاری بهێنم) ئیتر چی لەمە ڕۆشنتر و ڕوونتر هەیە کە شاعیر، لەنێو ئەم دەقە شیعرییە باس لە کچێنی خۆی و خەمێکی قووڵی کچانە دەکات، واتە دەنگێکی مێینەی لەنێو خۆیدا بەرجەستە کردووە و کچێک یان گەورە کچێک لەنێو ئەودا هاتۆتە قسە. یان لە قەسیدەی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) کە قەسیدەیەکی درێژە، لە ساڵی (١٩٩٥) نووسراوە، لە شوێنێکی ئەم قەسیدەیە دەڵێم:

ئێستا
ڕووباری نێوان مەمکەکانم ئاوێکی شێلووی
پێدا دەڕوات.
ئێستا من لەناو گێژاوی سەرگەردانی، هاژەی
تاڤگەیەکی دڵ تەنگم....
دەی گوڵە گیان دەی،
دەوەرە لەسەر نینۆکەکانم
لەسەر پشتی هەردوو دەستم
لەسەر پەڕەکانی لێوم بڕوێ
تا بەتۆوە بئاخڤم و بە تۆوەش هەناسە بدەم
تا بە تۆوە بمناسنەوە و لەم غەریبییەدا

ڕەنگی ڕۆیشتووم بێتەوەبەر
دەی گوڵەگیان
دەماچم کە
دەبم گوشە
دەبۆنم کە
دەی گوڵەکەی خۆم دەی.

دەقی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) قەسیدەیەکی درێژە، یەکێکە لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی من لەگەڵ هەناسە درێژیم لەنێو دەقی شیعریدا، قەسیدەیەکە ناوەڕۆکێکی پڕ لە بەرز و نزمی و پڕ کێشمەکێشی هەیە، بە زمانێکی تەڕ و ناسکی شیعری. ئێمە مەبەستمان ئەو کۆپلەیە کە شاعیر باس لە (مەمکەکانی) خۆی دەکات، وەک کەسایەتی و دەنگێکی مێیینە دەردەکەوێ، ئەگەر ناوی شاعیری بەسەرەوە نەبێت، خوێنەران وا دەزانن خانمێک ئەم شیعرەی نووسیوە، لەنێو شیعرەکانم نموونەی تری لەم بابەتە بەرچاو دەکەون، با دیوێکی تر و چەند وێنەیەکی تری شیعری بخەمەڕوو کە لەوێدا شاعیر ئەمجارەیان وەک دەنگێکی نێرینە دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە شیعری (بۆ چاوە گەشەکانی ڕەها) ئەو شیعرەش شیعرێکی درێژە، بەڵام تەنها یەکدوو کۆپلەی دەخەینەڕوو:

_ کچم ڕەها
چەند ڕۆژێکە هاتییە دنیا
چەند بە جوانی و چەند بە نەرمی
لە ناخەوە پێدەکەنی

_ کچم ڕەها
کە گەورە بووی بیرت نەچێت
لە ڕۆژانی کۆچەریما هاتییە دنیا
......................
ڕۆحی بابەی
ڕۆڵە نەکەی کە گەورە بووی
خوێنی ناو دەمارەکانی
پەنجە ناسکە شووشەییەکەت شەختە بکا
گوڵە هێرۆی بەرسێبەری
چاوی گەشی ئەفسووناویت ئازار بدا
لەژێر کەپری مەزارەکان چۆک دابدەی
لەپی دەستت سەیری ئەستێرە و مانگ بکا

ئـەم شـیعرە لەسـەرەتای مانگەکانـی سـاڵی ١٩٩٤ نووسـراوە و دواتـر لـە کتێبـی (عەشـق و بەرائەتـی ئـاو) بڵاوبۆتـەوە، ئەوکاتـە ڕەهـای کچـم تەمەنـی سـێ چـوار مانـگ بـوو. لەبـار و زروفێکـی سـەخت و وەزع و گوزەرانێکـی دژوار. بـێ خانـە و لانەیـی و هەرجـارەی لـە کونـج و کۆڵانێـک ژووریکمـان بـە کـرێ دەگـرت. ڕۆژێـک لەسـەر سیسـەمەکە ڕەهـا لەسـەر پشـت ڕاکشـابوو منیـش یاریـم لەگەڵـدا دەکـرد، ڕەهـاش بەشـێوەیەک پێدەکەنـی، منیـش لـە هەمـوو ژیانـم ئـەو پێکەنینـە ئەفسـووناوییەم لـە منداڵێکـی ئـەو تەمەنـە نەبینیبـوو، دوای یاریکـردن خەوانـدم. ئیتـر پێکەنینەکـەی لـە خەیاڵمـا مایـەوە و بـوو بـە سـەرەتای شـیعرێکی درێـژ و نووسـیم (کچـم ڕەهـا چەنـد ڕۆژێکـە هاتییـە دنیـا دە پێمبڵـێ ئـارەزووی ئـەم هەمـوو پێکەنینـەت لـە کـوێ هێنـا..؟!) ئیتـر ئـەم

خەیاڵـە تێکـەڵ بـە ژیـان و گـوزەران و ئاسـۆ و ئومێـد و خەونـەکان و زۆر شـتی تر بـوو. وەکو باوکێکی دڵسۆز ئومێد خواستن بۆ ڕەها کە لـە داهاتـوو چـۆن مرۆڤێک و کەسـایەتییەک بێـت یـان ژیانـی چـۆن بێت و بـە چ ئاراسـتەیەکدا بـڕوات، زۆر بـە ڕۆشـنی هاتـووە کـە دەڵـێ (ڕۆڵـە نەکـەی، کاتێـک پەنجـە ناسـکە شووشـەییەکەت شـەختە دەکات، گوڵـە هێرۆی بـەر سـێبەری چـاوی گەشـی ئەفسـووناویت ئـازار دەدات. لەژێر کەپـری مـەزارەکان چـۆک دا بـدەی، لەپـی دەسـتت سـەیری ئەسـتێرە و مانـگ بکات.) واتـە دەخـوازێ کـە کەسـێکی بەهێـز و بەتوانا بێـت لەسـەر قاچەکانـی خـۆی بوەسـتێت، لـە کاتـە ناخۆشـەکان و ڕووبـەڕوو بـە کێشـە و میحنەتـەکان، نەچێت لەژێر کەپری مـەزارەکان چـۆک دا بدات و لەپـی دەسـتەکانی سـەیری ئەسـتێرە و مانـگ بکـەن، واتـە دەسـت پـان نەکاتـەوە لەبـەر هیـچ کەسـێک و تەنانـەت هێـزە ئاسـمانییەکانیش لێرەدا دەبینیـن شـاعیر وەک باوکێـک قسـە بـۆ کچەکـەی دەکات، واتـە دەنگێکـی نێرینـەی لەخـۆی بەرجەسـتە کـردووە نموونەیەکـی تـر. لـە قەسـیدەی (مـن) کـە وەکـو ئەزموونێکـی نـوێ ناومـان نـاوە (دەقـی تەمـەن) لـە بەشـی یەکـەم لـە کۆپلـەی پێنجـەم دا دەڵێـم:

لەنێو خەڵوەتگەی ژینی من
ژنێک سەرسامە بە پەنجەکانم
ژنێک سەرسامە بە قژی خاوم
ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم
ژنێک سەرسامە بە نیگاکانم
ژنێک سەرسامە بە شیعرەکانم
سەیرەکە لەوە دایە

لەنێو ئەو هەموو ژنە سەرسامانەم
منیش سەرسامم بەخۆم
هەرخۆم و هەرخۆم و هەرخۆم
خۆمی تاک و تەنیا
خۆم تا ئەبەد خۆم

دەبینین لەم کۆپلە شیعرەش شاعیر لەنێو نەرجسیەتێکی تۆخ دایە، خۆشەویستی بۆ خود لە ئاستێکی زۆر بڵند دایە، بە دیدێکی (نیچە)ییانە و لە ئاستی باڵا لە من و بوونی خۆی دەڕوانێت کە ئەو بیرکردنەوەیە بۆ خود بیرکردنەوەیەکە لە تەواوی (دەقی تەمەن) ئیشی لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، ئەو دێڕەیە کە دەڵێت (ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم)، سمێڵ هێمایە بۆ پیاو، واتە لێرەشدا شاعیر دەنگێکی نێرینەیە. لەم نموونانە بینیمان منی شاعیر لەیەککاتدا لەنێو ڕووبەری شیعرەکاندا، هەم دەنگی مێینە و هەم دەنگی نێرینەی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە، هۆکارەکەش ئەوە بووە هەر لەسەرەتای ئەزموونی نووسینی شیعریم، ویستوومە جیاواز بیربکەمەوە و جیاواز بنووسم، چونکە ئەوە بیرکردنەوەی جیاوازە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، نوێخوازیش هەر لەنێو ئەم هاوکێشەدا مانا پەیدا دەکات. تا ئێرە چەند دیمەنێکمان پیشان داوە، هێشتا هۆکار و وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکەمان نەداوەتەوە، بەڵام زۆرباشم لە بیرە لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان، ئەوکات بە ئێمەیان دەگوت (شاعیرە لاوەکان)، لە گازینۆی (مەچکۆ) ڕۆژنامەنووسێکی برادەرم پرسیارێکی لێکردم و گوتی (ناڵە حەسەن) تۆ لەنێو شیعرەکانتدا زۆر باسی (مەمک) دەکەیت و وەکو (کچێک) دەردەکەویت، ئەگەر ناوت

لەسەر شیعرەکانت نەبێت و یان وێنەت لەگەڵیان نەبێت کەس نازانێت تۆ کوڕیت یان پیاویت..؟! منیش لەناخی ناخەوەم پرسیارەکەم زۆر پێخۆش بوو، لە وەڵامدا گوتم ئاخر من کە دەچمە نێو جەوی شیعری و بەنێو دنیای خەیاڵ ڕۆدەچم و قووڵ دەبمەوە لەوێدا، لە واقیع و لە خۆم دادەبڕێم، لەوێدا من نازانم نێرم یان مێ، منداڵم یان پیر، تەنها مرۆڤێکم هیچی تر. برادەرەکەشم سەرسام بوو بە وەڵامەکەم و قەناعەتی بە قسەکانم هات. ئیتر لەمبارەوە (نوکتە و سەرگوزشتە و باسی خۆش خۆشیش هەن). ئیتر ئەم حاڵەتە لەنێو خەیاڵ و باری دەروونیم مایەوە، تا ئەزموونم بەرەو سەرووتر دەچوو کاریگەری ئەم بارە دەروونییەم لەنێو ڕووبەری شیعر و خەیاڵە شیعرییەکانم تۆختر دەبوو، بەڵام نەمدەتوانی بەشێوەیەکی گونجاو تەعبیری لێبکەم و یان لەنێو پانتایی لێکۆڵینەوەیەک تیۆریزەی بکەم. زەمەن هات و ڕۆیشت، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە (یوتیوب) گوێم لە دیمانەیەکی (ئەدۆنیس)ی شاعیر ڕاگرت، زۆر جەریئانە لە وەڵامی پرسیارێک کە باسی خۆی دەکرد گوتی (کەسایەتییەکی مێینە، یان دەنگێکی مێینە لەنێو منی شاعیردا هەیە.)، دڵخۆش بووم بەو قسەیەی (ئەدۆنیس)، شیعرەکانی خۆم و پرسیارەکەی ئەو ڕۆژنامەنووسە و وەڵامەکەی خۆمم بیرکەوتەوە، گوتم نا من هەڵەنیم، شاعیر (بەدەر لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکەی خۆی)، دەتوانێ هەم دەنگی مێینە و هەستەکانی مێینە و هەم دەنگی نێرینە و هەستەکانی نێرینە لە خۆیدا بەرجەستە بکات، چونکە لە دواجاردا شاعیر مرۆڤێکە بە هەموو هەستە جیاوازەکانەوە. لێرەدا بینیمان شاعیر لەنێو ڕووبەری شیعر دەتوانێ دەنگی مێینە و دەنگی نێرینە لە شیعر و دیمەنە جیاوازەکان لە خۆیدا بەرجەستە بکات، ئێستا باس لە دەقی (بەیان) دەکەین کە یەکێکە لە قەسیدەکانی

(شـێرکۆ بێکـەس)ی شـاعیر، پوختـە و ناوەڕۆکـی دەقـی (بەیـان) بـەو شـێوەیەیە، بەیـان کچـی دێیەکـە سـەر بـە ناوچـەی مەریـوان، کچێکـە لەگـەڵ موعاناتـی خـۆی و کۆمەڵگـە چەوسـاوەکەی دەژی، ئـەم ژیانـە نابەرابـەرەی بـۆ قەبووڵ ناکرێت، چ وەک کچێک چ وەک کەسایەتییەکی کوردی ژێردەستە، شـەوانە تـا درەنگی شـەو سـەدان پرسـیار بە خەیاڵـی دا دێـت (شـێرکۆ بێکـەس) لـە بەشـێکی قەسـیدەکەی دەڵێـت:

ئێستا کەنیشکی ئەم دێیە
دێت و ئەڕوا و قسەی پێیە
قسەکانی لەلای هەندێ
وەک شەمامە هەڵئەگیرێ ....
ئەم کیژەمان وەکوو
چاوی بیری زیت بوو
گشت شەوگارێ
لەژێر لێفەی کون کونەوە
بە قەد ژمارەی ئەستێرەی
شەوی هاوینانی ناودێ
هەنگی پرسیار لەناو سەریا
ئەو ڕۆژان و
تا بەربەیان
نەیان ئەهێشت چاو لێک بنێ
ئەم بۆ ئەژی؟ ئەو بۆ ئەمرێ
ڕەنج بۆ ئەخورێ؟
ئەم بۆ دیلە؟ چۆن ڕاپەڕێ؟

بەیان هۆشیارییەکەی دەگاتە ئەو ئاستە بڕیاردەدات چەک هەڵگرێ و ببێ بە پێشمەرگە. ئەم بڕیارەی لەلای پیاوانی ئایینی و هەندێ لە کەسەکانی دیکەی دەبێتە مایەی ڕەخنە و توانج، بەڵام بۆ کیژۆڵان و زۆرێک لە کەسانی هاودەمی خۆی مایەی دەستخۆشانە دەبێت، بەیان پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبێت، دەبێتە سەردەستەی گرووپەکەیان، دوای ماوەیەک نامەیەک بۆ ماڵەوەیان دەنێرێ، چونکە بەیان ئێستا هێندە کەسایەتییەکی خۆشەویستە نامەکە ئەودەست و ئەودەست دەکات، لەماوەی یەکدووڕۆژدا نامەکە گەچراو و کۆن دەردەکەوێ، لە ترسی دڕان و لەناوچوون دەیبەن لە مزگەوت بە مەکەبەرە دەیخوێننەوە. دواتر بەیان شەهید دەبێ، شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکە، دەڵێت:

بەیان بەیان بەیان
ئیتر بەیان هەر بە تەنها
دار گێلاسی مەریوان و ئێران نییە
کانی سنە و بۆکان نییە
ئەمڕۆ و سبەینێ و داهاتووش
ئیتر بەیان کیژۆڵەکەی دایە گەورەی کوردستانە
ئیتر بەیان لە ئێستەوە
ئەستێرە سوورە گەشەکەی هەژارانی گشت جیهانە.

تا ئێرە وەکو بەبیرهێنانەوەیەک پوختەیەکی کورتمان لە ناوەڕۆکی دەقەکە باسکرد، بەڵام مەبەستی ئێمە لە باسکردنی ئەم دەقە ئەوەیە شاعیر لە شوێنێکی دەقەکە، ڕوو لە ژنان دەکات و وەک

پەیامبەرێک، پەیامبەر بە مانا ئایینیەکە نا، بەمانای وەکو مرۆڤێک پەیامی پێیە، یان وەکو قسەکەرێک قسەی پێیە، چونکە دواجار شاعیر لەنێو شیعرەکانیدا قسەکانی خۆی دەکات. جا ئەو شاعیرە یان ئەو پەیامبەرە دەکرێ کەسایەتییەکی مێینە بێت، چونکە لەسەر سەکۆیەک ڕووی دەمی لە ژنانە و قسە بۆ ژنان دەکات و دەڵێت:

ئەی ژنانی وڵاتە قژ سووتاوەکەم
بەیان زەنگە
گوێی لێبگرن!
دەستڕێژی ئازادیی
ناو ئێوەیە
سەر هەڵبڕن
بەیان دەمی ئەو پاچەیە
شەوەزەنگتان ئەڕوخێنێ
دەنگ هەڵبڕن
بەیان ئەو دارو خشتەیە
دنیای تازە پێکدەهێنێ
چاو هەڵبڕن
بەیان لوولەی ئەو چەکەیە
مەرگ ئەمرێنێ
کوان؟! ڕاپەڕن.

لە وردبوونەوە لەم دیمەنە شیعرییە، هاوکات دەکرێ خوێندنەوەی ئەوەشی بۆ بکەین کە شاعیر، دەنگێکی مێینە نەبێت، دەکرێت

دەنگێکی نێرینەی ئازادیخواز بێت، واتە پیاوێکی ئازادیخواز بێت، هیچ لە ناوەڕۆکی قسەکان و پەیامەکە ناگۆڕێت، واتە لەنێو ئەو پەیامە شیعرییەی (شێرکۆ بێکەس) ئەو هاوکێشەیە دەبینین کە (ئەوی شاعیر) لە یەککاتدا، توانیویەتی هەم مێ بێت یان نێر، دواجار مرۆڤێکە لە قووڵایی هەستێکی ئینسانی باسی لە نابەرابەری و جەور و ستەمی سەر کۆمەڵگایەکی ژێردەستە کردووە، واتە (ئەوی شاعیر) بەدەر لەوەی لە گێندەرەکەی هەرچییەکە، وەکو مرۆڤێک هەستەکانی خۆی لە ڕوانگەی مرۆڤبوونەوە، بەرامبەر بە کەسێک و کێشەیەک خستۆتە ڕوو. لێرەدا دەمانەوێت باس لە دیمەنێکی تر، یان دیوێکی تری ئەم باسەمان بکەین و چەند نموونە و فاکتێک بخەینەڕوو ئەویش (ژن و مەسەلەی ژنان)ە یان کێشەی ژنان لەنێو ڕووبەری شیعری دا، لە کۆمەڵگەی تەقلیدی و دواکەوتووەکان (ژن بوون) کێشەیەکە و ژنان هەمیشە ڕووبەرووی ستەم و چەوسانەدنەوە دەبنەوە، بۆیە هەوڵدان و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان، هەم لەلایەن ژنانی وشیار و بەشێک لە پیاوانی ئازادیخوازیش ئامادەیی هەیە، بۆیە دەبینین زۆرێک لە ژنان، ئەوانەی شیعر دەنووسن و شاعیرن، لەنێو ڕووبەری شیعرەکانیان باس لە هەستی ژنانەی خۆیان دەکەن و وەک دەنگێکی مێینە دەنگ هەڵدەبڕن، تا ئەو ئاستەی شانازی بە ژنبوونی خۆیان دەکەن، ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیف و شکۆدارە، یان لە پەنا ئەو دەنگهەڵبڕینە و دەربڕینەی هەستە مێینەییەی خۆیان باس لە کێشەکان و پەیوەندییەکان و خەمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوورییەکان دەکەن، بەڵام با بزانین دەربڕینی ئەم دەنگە مێینە و هەستە ژنانەییە، دەبێتە هۆی ئەوەی چەمکی گێندەر ئەو

کاریگەرییەی هەبێت لەنێو ڕووبەری دەق و تا ئەو ئاستەی مۆری گێندەری پێوە دیاربێت. لێرەدا باس لە شیعرێکی (کەژاڵ ئەحمەد) ی شاعیر دەکەین، بەناوی (باخەوان ماندووترە لە ئاو)، شاعیر لەسەرەتای شیعرەکە دەڵێت:

پێت سەیرە نانووشتێمەوە
بە تەنیا بۆ
بۆنکردنی گوڵێک نەبێت
یان بۆ ماچکردنی ڕوومەتی منداڵێک
سینگ و بەرۆک ناکەمەوە
بۆ شیردان بە شیعرێک نەبێت
یان ئەوینی لەبیرکراوی شەماڵێک..
(کەژاڵ ئەحمەد) لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێت:
پێناکەنم بەدەم کەڕووی
جەستەی نیشتیمانێکەوە
بۆگەنی کردووە
ناشگریم لەبەردەم قەوزەیەکدا بەهۆیەوە
حەوزی ژیانی ئەم خەڵکە لیقبووە!!
دیوارێک باشتر گوێ دەگرێت
بەردێک باشتر هەست دەکات
باڵندەیەک سەیر لەبەر من
خەمبار دەبێت و
سبەی دەمکات بە جریوەی چیرۆکێک

بەشـێوەیەکی گشـتی شـیعرەکە لـەڕووی زمـان و شـیعرییەتەوە، شـیعرێکی جـوان و نایابـە، ناوەڕۆکێکـی قووڵـی هەیـە، بەخێرایـی لـە دەرگای زۆر کێشــە و ململانێــی داوە، هەســتێکی ژنانــەی ڕۆشــنی دەربڕیـوە بەتایبـەت بەرامبـەر بـەوەی کـە پێیـان وایـە ژنـان زەعیفـە و لاواز و بێهێـزن، یـان خەمەکانـی نیشـتیمان و کێشـەکانی ڕۆژ و زۆر شـتی تـر و ڕەخنەیەکـی تـۆخ لـە ئـەوی بەرامبـەری دەگرێـت جـا هـەر کەسـێ بێـت، لێرەدا نامانەوێـت بـە قووڵـی بـاس لـە ناوەڕۆکـی دەقەکـە بکەیـن، بـەڵام هـەر بـە خوێندنەوەیەکـی خێـرا، دوو شـت دەبینیـن شـاعیر دەیەوێـت کەسـایەتیەکی بەهێـز و متمانـە بەخۆبـوو بەمانـای کەسـایەتییەکی ئـازا بەرجەسـتە بـکات، کـە بـە بەرامبەرەکـەی دەڵێـت پێـت سـەیرە نانووشـتێمەوە. یـان دەڵـێ پێناکەنـم بـەدەم کـەڕووی جەسـتەی نیشـتیمانێکەوە، یـان ناشـگریم لەبـەردەم قەوزەیەکـدا. ئەمانـە هەمـووی هێمـا و نیشـانەی بەرجەسـتەکردنی کەسـایەتییەکی بەهێـزن، هـاوکات بـاس لـە هەنـدێ شـت دەکات لای ئـەو گـەورە و پیـرۆزن، بـۆ نموونـە نانووشـتێتەوە بـە تەنیـا بـۆ بۆنکردنـی گوڵێـک یـان ماچکردنـی ڕوومەتـی منداڵێـک نەبێـت، یـان سـینگ و بەرۆکـی خـۆی ناکاتـەوە بـۆ شـیردانی شـیعر نەبێـت، دیـارە شـیردان لـە ڕێـی مەمکـەوە هێمایـە بـۆ ڕەگـەزی مێینـە، بـەڵام ئـەو لـەو هەسـتە ژنانەیـەوە دەیەوێـت (گەورەیـی و گەردوونیەتـی شـیعر)مان پیشـان بـدات. کـە ئـەوەش چ لـە نەنووشـتانەوەکەی بـە تەنیـا بـۆ بۆنکردنـی گوڵێـک و ماچکردنـی منداڵێـک یـان سـینگ و بـەرۆک نەکردنـەوە بـۆ شـیردان بـە شـیعر نەبێـت. لێـرەدا دیمەنێکـی نـاوازەی پـڕ لـە شـیعرییەت و جوانـکاری نەخشـاندووە، ئەگـەر زێتـر وردبینـەوە و بپرسـین، ئایـا چەنـد کاریگـەری گێنـدەر لـە پشـتی هەسـتەکانی نێـو ئـەم دەقـە دەبینیـن. شـاعیر لـە پشـتی

هەست و خەیاڵەکانی خۆی باسی کەسایەتییەکی بەهێزمان بۆ دەکات، باسی پیرۆزی گوڵ و منداڵ و گەورەیی شیعرمان بۆ دەکات، باسی خەمەکانی نیشتیمان و ئەزمەکانی ڕۆژ دەکات. کاریگەری گێندەر لەکوێی ناوەڕۆک و هاوکێشەکانی ئەم دەقە دایە..؟ ئایا ئەگەر ئەم دەقە لە جیاتی ناوی کەژاڵ ئەحمەد، ناوی (سەباح ڕەنجدەر)ی بە سەرەوە با یان هەر شاعیرێکی تر، چی لە ناوەڕۆک و مانا و هاوکێشەکان دەگۆڕی؟ دواجار هەستی ژنانەش هەستێکی مرۆڤانەیە و پەیوەندی بەوەوە نییە شاعیرەکە چ جۆرە ڕەگەز و گێندەرێکی هەیە، مەبەستمان (ئەوی شاعیر)ە نەک کەسەکە خۆی، بینیمان تەنانەت دەربڕینی هەستی ژنانە و دەنگی مێینەییش لەنێو ڕووبەری دەقی شیعریدا، گێندەری نووسەرەکە گرینگییەک و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر دەقەکەدا نابێت، هاوکات بۆ مەسەلەی کێشەی ژنان و ڕزگاربوون لەم کێشەیە ئەمە کاری شیعر و ئەدەب نییە، دەکرێ شیعر و ئەدەب یارمەتیدەر بن، بەڵام وا پێویست دەکات لە ڕێگای هۆشیاری کۆمەڵگا و لە ڕوانگەیەکی ئینسانی و لە چوارچێوەی یاسا و دەستوورێکی مۆدێرن ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن. لەم بارەیەوە، باس لە شاعیرێکی تر و شیعرێکیتر دەکەین، ئەویش (تەرزە جاف)ی شاعیرە (تەرزە جاف) شاعیرێکە لەنێو شیعرەکانی بە زمانی شیعری و بە ڕۆشنی باس لە خۆی و هەستەکانی و هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆی و دەوروبەری دەکات، ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە تەعبیر لە خۆی دەکات و خۆی دەنووسێتەوە، واتە (تەرزە جاف) هەوڵ دەدات لەنێو شیعرەکانی خۆی بێت و شاعیرێکە لەنێو ڕووبەری داهێنان و شیعر هەوڵی جوانی هەیە، شیعرێکی ئەم شاعیرەمان بەناوی (جوانترین) دەخەینە ڕوو، شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

تۆ چەند جوانی
کاتێک لە باڵا و سینە و
نیگای کچێکەوە
شیعرێک دەخولقێنی!
تۆ چەند زانای
ئەو کاتانەی لە کۆڕێکدا
یان بەرامبەر ژنێکی جوان
باس لە مافی ئافرەت و
مافی ئازادی ئاو دەکەی!
تۆ چەند بەرزی
ئەو کاتانەی لە ڤیستیڤاڵێک
یان لە سەنتەرێکی گەنجان
بەسەر ئازادیی دەربڕین و
سەربەخۆییدا هەڵدەدەی!
تۆ چەنێک جوانیت،
چەنێک زانا،
چەنێک بەرز!
کەچی ئەو ڕۆژەی کچۆڵەکەت دەکەوێتە عەشقەوە:
تۆ
چەند درۆزنیت
چەنێکیش گوناح

ناوەڕۆکی شیعرەکە زۆر ڕۆشنە. باسی دووڕوویی و درۆزنی کەسێک یان کەسەکان دەکات، ئەوانەی لە پشتی میکرۆفۆنەکانەوە، لە

کۆڕ و ڤیستیڤاڵ و گۆڕەپانەکان و شوێنە گشتییەکان، باس لە ئازادی و مافی ئافرەت و ئازادی تاک دەکەن و لەماڵەوەش بۆ کچۆڵەکەی خۆیان زیندانێکیان خولقاندووە یان ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن کە کچۆڵەکەیان عاشق بێ، ئەوکات ئەوەی باوەڕیان پێی نەبێت، قسە بریقەدار و بێناوەڕۆکەکانی خۆیانە یان شاعیرێک کاتێک لە ڕوانینی قەد و باڵا و نیگای کچێکی شۆخەوە، شیعرێک دەخولقێنێ.. دیارە دەقەکە ناوەڕۆکێکی جوانی هەیە، شاعیر ڕاستگۆیانە باسی لە زۆربەی (کەسەکانی) دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی کردووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لە کاریگەری (گێندەر و پەیوەندی گێندەرە لەنێو شیعرەکە و خودی گێندەری شاعیرەکەش)، با بزانین لەنێو شیعرەکەدا ئەو (تۆ)یە کێیە؟ کە دەڵێت (تۆ چەند جوانی، کاتێک لە باڵا و سینەی، نیگای کچێکەوە، شیعرێک دەخولقێنی!)، ئەو (تۆ)یەی نێو ئەو وێنە شیعرییە لەڕووی ڕەگەزەوە (تۆ)یەکی نادیارە چونکە دەکرێت پیاوێک بێت لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە، شیعرێک بنووسێت، یان دەکرێت ژنێکی لەزبیان بێت، یان هەر ژنێک، بەهەمان شێوە، لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە شیعرێک بنووسێت و جوانی ژنێک ببێتە ئیلهام بۆ نووسینی شیعرێک. بۆیە (تۆ)یەکە گێندەری نادیارە لە هەمانکات، دیاربوونیشی گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە کەسی لەو بابەتە زۆرن لەنێو هەردوو ڕەگەزەکە، دەکرێت ژنێک بێت چالاکوانی نێو مەیدانی مافەکانی ژنان بێت و باس لە ئازادی ژنان و ماف و ئازادی تاک بکات، بەڵام لەماڵەوە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی ڕەفتار بکات و بەتایبەت ئەو ڕۆژەی کە کچۆڵەکەی دەکەوێتە عەشقەوە، لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە هەزاران ژن و پیاوی لەمجۆرە هەن، بۆیە لەسەرتاپای شیعرەکە هەموو

(تۆ)یـەکان گێنـدەرو ڕەگەزیـان نادیـارە و دەکـرێ مـێ بـن یـان نێـر. هـاوکات گێنـدەری شـاعیریش هیـچ لـە نـاوەڕۆک و بەهـای شـیعرەکە ناگۆڕێـت، بـا نـاوی (تـەرزە جـاف)ی شـاعیری بەسـەرەوە نەبێـت یـان نـاوی هـەر شـاعیرێکی تـر بێـت، هیـچ لـە بابەتەکـە و لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکە ناگۆڕێـت تـا ئێـرە زێتـر فۆکەسـمان لەسـەر گێنـدەری شـاعیر بـوو، ئێسـتا چەنـد کورتـە شـیعرێکی تـر بـە نموونـە دەهێنینـەوە کـە فۆکـەس دەخەینـە سـەر ناوەڕۆکـی دەقـەکان و کاریگـەری گێنـدەر لەنێـو دەقەکانـدا. هـاوکات مەبەسـتمان لـە گێنـدەری شـاعیرەکە و ئـەو کەسـایەتی و کاراکتەرانـەش کـە لەنێـو دەقـەکان ئاماژەیـان پێدەکرێـت. (سـەباح ڕەنجـدەر)، لـە کتێبـی (حەزدەکـەم ئەوەنـدە بژیـم) لـە شـیعری (بـاوک و دایکـم) لـە دوا کۆپلـەدا دەڵێـت:

خونچە ئیسماعیل عومەر لە ١٩٥٦/١٢/٦ دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشەییەوە
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش

ئێمـە کاتـی خـۆی خوێندنەوەیەکمـان بـۆ ئـەم کتێبـەی (سـەباح ڕەنجـدەر) کـردووە بەنـاوی (شـیعر و چەمکەکانـی ئیرۆس و سـاناتۆس

و ئەبەدییــەت)، لەنێــو خوێندنەوەکەمــان ئەوکاتیــش باســی ئــەم کۆپلــە شــیعرەمان کــردووە، بــەڵام ئێســتا بــۆ مەبەســتێکیتر خوێندنــەوەی بــۆ دەکەیــن، بــەر لەهــەر شــتێک لەنێــو ئــەم وێنــە شــیعرییە پارادۆکســێکی نــاوازە دەبینیــن، لەنێــوان (جلــی ڕەش و پــەردەی بووکێنــی) کــە بڕشــتێکی جوانــی بــە شــیعرەکە بەخشــیوە. (خونچــە ئیســماعیل عومــەر) واتــە دایکــی شــاعیر، بــە جلــی ڕەشــەوە چۆتــە پــەردەی بووکێنــی و لــە ئاهەنگێکــی خامۆشــدا، لــە پشــتی جلــی ڕەشــەوە وێنــەی هەمــوو زەحمەتــی و مەینەتــی و ژیانــی قوڕســی ژنانــی کوردەواریمــان بــۆ ڕەســم دەکات (جلێکــی ڕەش ڕەش ڕەش ڕەش ڕەش)، هێمایــە بــۆ ژیانێکــی ئێجگار ســەخت و نالەبــار، خەمێکــی ئێجگار گــەورە، دیمەنێک تــا ئاســتی تراژیدیــا غەمگیــن، کێشــەیەکی کۆمەڵایەتــی گــەورە، ئاســتی فەرهەنگــی و کلتــووری کۆمەڵگایــەک دەردەخــات، ئەمانــە هەمــووی لــە دوو دێــڕی شــیعری تەعبیــری لێکــراوە، هــاوکات ئەلبوومێکــی پــڕ لــە وێنــە و یادەوەریــش، هەســتێکی مرۆیــی گــەورە. ڕاســتە (خونچــە ئیســماعیل عومــەر) ژنێکــە و دایکــی شــاعیرە، بــەڵام خوێنــەر لەبــەردەم ناوەڕۆکێکــی گــەورە و پارادۆکســێکی گــەورە دایــە، خوێنــەر لەبــەردەم دیمەنێکــی هێنــدە خەمنــاک دایــە تــا ئاســتی کارەســات، بۆیــە ئــەوەی بیــر دەچێتــەوە (خونچــە) کێیــە، گێنــدەر و ڕەگــەزی چییــە، گرینــگ ئەوەیــە کەســێکی زەحمەتکێــش بــووە، بــە جلێکــی ڕەشــەوە گرینگتریــن شــەوی ژیانــی خــۆی بەڕێکــردووە، گێنــدەری کەســەکە هیــچ کاریگەرییەکــی لەئاســت گەورەیــی و کاریگــەری ناوەڕۆکــەدا نییــە. تەنانــەت گێنــدەری شــاعیرەکەش، ئەگــەر هــەر شــاعیرێکی تــر ئــەو دوو دێــڕەی نووســیبا هەمــان نــاوەڕۆک و هەمــان کێشــە و تراژیدیــای بەرجەســتە دەکــرد واتــە لــەم دیمەنــە شــیعرییە، ناوەڕۆکەکــە ڕەنگەکانــی گێنــدەری هێنــدە کاڵ

کردۆتـەوە تـا ئاسـتی نادیـار یـان ڕەشبوونەوە. نموونەیەکـی تـر (جـوول کێلچێر) شـاعیرێکی ئەمریکییـە، کەسـایەتییەکی ژنـە، لەهەمانکات گۆرانـی دەڵـێ و شـیعری لیریکیـش دەنووسـێ، لـە کتێبێکـی شـیعری بەنـاوی (شـەوێک بەبـێ زریپـۆش)، لـە شـیعرێکی نێـو کتێبەکـە بەنـاوی (خـۆت کۆکـەرەوە)، هەرخـۆم شـیعرەکەم کـردووە بـە کـوردی و وا لەخـوارەوە دەینووسـمەوە و قسـەی لەسـەر دەکەیـن (جـوول) لـەم شـیعرەدا دەڵێت:

لە کەنار دەریا خۆت کۆکەرەوە
منیش دێم و لەوێدا خۆشم دەوێی
خۆت کۆکەرەوە لەگەڵ شتە کوێییەکاندا
لەگەڵ گۆرانییەکانی چۆڵەکە و کەفی دەریا
لێگەڕێ با جوانییەکی شێتانەش خۆی کۆبکاتەوە
لەنێو چاوەکانت بدرەوشێتەوە و بانگم بکا
چونکە من ئارەزووی پیاوێک دەکەم
لەنێو قژیدا بۆ شتە کێوییەکان هێلانە چێبکا
ئەو پیاوەی بڵێسە و گڕ ماچ دەکا

شـیعرێکی ناسـک و جـوان، ناوەڕۆکێکـی قـووڵ و پـڕ مانـا، ئـەوە دەبینیـن ژنێـک واتـە دەنگێکـی مـێ داوایـەک لـە پیاوێـک دەکات، کـە خـۆی کۆبکاتـەوە، لەسـەرەتا هـەردوو ڕەگـەزی (نێـر و مـێ) دیـارن، ژنەکـە بـەردەوام دەبـێ لەداواکـەی کـە پیاوەکـە خـۆی کۆبکاتـەوە، تاکـو ئەویـش خۆشـی بوێـت، لێـرەدا خـۆ کۆکردنـەوە، وەک هێمایـەک زۆر شـتی لـە پشـتە، وا دیـارە پیاوەکـە کەسـێکی هێنـدە نائومێـدە تـا ئاسـتی ڕەشـبینی، دەسـتی لـە خـۆی و ژیـان و ئومێدەکانـی بـەرداوە، ژنەکـە داوای لێـدەکات خـۆی کۆبکاتـەوە

و بگەڕێتــەوە نێــو ژیــان و دەســت بــە ئومێدەکانــی بگرێتــەوە، خــۆی کۆکاتــەوە لەگــەڵ شــتە کێوییــەکان، دەکــرێ شــتە کێوییــەکان هێمــا بێــت بــۆ شــتە یاخییــەکان، گۆرانییەکانــی چۆڵەکــە هێمابــێ بــۆ شــتە جوانــەکان، کەفــی دەریــاش هێمابــێ بــۆ جووڵــە و هەوڵــدان، کەواتــە دەخــوازێ پیاوەکــە لــەم نائومێدییــە گەورەیــە خــۆی ڕزگار بــکات و بگەڕێتــەوە نیــو ژیــان و لەگــەڵ شــتەجوانەکان بــژی، بــەم شــێوەیە دەبێتــەوە بــەو کەســەی کــە ئەویــش خۆشــی بوێــت، تــا ئێــرە ئاســاییە، ناوەڕۆکێکــی جــوان و پــڕ مانــا و گێندەرەکانیــش دەبینرێــن، بــەڵام کاتێــک دەگەینــە دوادێــڕی شــیعرەکە، کــە دەڵێــت (ئــەو پیــاوەی گــڕ و بڵێســە مــاچ دەکا)، ئــەم دێــڕە هێنــدە پــڕ مانــاو هێنــدە دێــڕە شــیعرێکی ناســک و ناوازەیــە، ناوەڕۆکەکــە قووڵتــر پیشــان دەدات، ژیــان و عەشــق جوانتــر پیشــان دەدات، لــە بەرامبەریشــدا نائومێــدی و پەرتبوونــەکان گەورەتــر دەردەکــەون، خوێنــەر لەبەرامبــەر ناوەڕۆکێکــی قــووڵ قــەرار دەگرێــت، گێندەرەکانــی بیردەچێتــەوە و دەکەوێتــە نێــو بیرکردنەوەیەکــی قــووڵ، کەســێک گــڕو بڵێســە مــاچ بــکات دەبــێ کەســێک لێونلێو بێــت لــە خەونــی جــوان لــە هیــواو ئومێــدی جــوان، نــەک کەســێکی پــەرت و لاکەوتــە و نائومێــد، بۆیــە لەژێــر کاریگــەری ناوەڕۆکێکی پڕ لــە جووڵــەی ئیســتاتیکی، گێنــدەرەکان لــە مێشــکی خوێنــەر وندەبــن کاریگەرییــان نامێنــێ، تەنانــەت خــودی شــاعیرەکەش گــەر (جــوول) نەبێت هــەر کەســێکیتر بێت هیــچ لــە مانــا و ناوەڕۆکــی شــیعرەکە ناگۆڕێت نموونەیەکــی تــر شــیعرێکی (خولیــا حوســێن)، بەنــاوی (دایکــم و دەریــا لەیەکدەچــن)، ماوەیــەک لەمەوبــەر خوێندنەوەیەکیشــمان بــۆ ئــەم شــیعرە کــردووە، بەنــاوی (شــیعر و دایــک و میهرەبانــی)، بــەڵام لێــرەدا بــۆ ئــەم وتارەمــان دیســان قســە لەســەر دیوێکــی تــری ئــەم شــیعرە دەکەینــەوە، خولیــا لەســەرەتای شــیعرەکەیدا دەڵێــت:

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارێکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هێمنی دەریادا
جوانی و
هێمنی و
دڵ گەورەیی دایکم دەبینم
یان لە شوێنێکی تری شیعرەکەدا دەڵێت:
هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارۆکە شینە
ئەفسووناویەکەی دایکم
خۆم شاردۆتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ
نە خۆشەویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شەکەتی پێم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خۆی دەمبا
نە دۆڕان تێکم دەشکێنێ
نە غوربەتیش دەمگرییێنێ.

ناوەڕۆکی شیعرەکە باسکردنە لە ڕۆڵی دایک و گەورەیی و میهرەبانی دایک، وەک کەسێکی ئازیز و پیرۆزترین و خۆشەویسترین کەس، باوەشی دایک ئارامیترین کونج و جێگایە بۆ منداڵەکانی، پەناگەیەکە پڕ لە میهر و خۆشەویستیی. لێکچوواندنی دایک لەگەڵ دەریا هاوکێشەیەکی شیعری پڕ لە جوانکاری نەخشاندووە، لە هەمانکات، وێنەیەکی قووڵی پڕ لە مانا. لێرەدا مەبەستمان نییە دووبارە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکە قسە بکەینەوە، بەڵام ئایا لەم دەقە شیعرییە خوێنەر لەبەرامبەر ناوەڕۆکێکی بەرز و گەورەی ئینسانییە یان گێندەر؟ خۆ ئەگەر خولیا بیگوتبا باوکم و دەریا لەیەکدەچن، خوێنەر لەبەرامبەر هەمان مانا و هەمان ناوەڕۆک قەراری دەگرت، چونکە باوکیش هەمان ئەو کەسە گرینگە و گەورەیەیە بۆ منداڵەکانی، هەمان پاڵپشت و باوەشی باوکیش هەمان ئەو کەنارە ئارامە و هەمان ئەو کونجەیە کە پڕاوپڕە لە میهر و خۆشەویستی، بۆیە لەم دەقە شیعرییەش گێندەر ئەو ڕووبەرە فراوانەی نییە، چونکە لەوکاتەدا مێشکی خوێنەر سەرقاڵە بە بیرکردنەوە لە میهرەبانی و گەورەیی کەسێک ئەو کەسەش (دایک) ە، خۆ لەجیاتی خولیا گەر هەر شاعیرێکی تر ئەم دەقە شیعرییەی نووسیبا هەمان ناوەڕۆک و مانای دەبوو، چونکە گێندەری شاعیریش هیچ کاریگەری بەسەر دەق و ناوەڕۆکەکەدا نییە و نابیندرێ. ئێستا دوای ئەم هەموو نموونە و فاکتانە، دەمانەوێت باس لە هۆکارەکان بکەین بۆچی گێندەری شاعیرەکان لەنێو ڕووبەری دەق ئەو کاریگەرییەیان نییە، یان شاعیرێک بەدەر لە کەسایەتی خۆی و گێندەری خۆی، دەتوانێت وەک (ئەوی شاعیر) گێندەری (مێینە و نێرینە) لەخۆی بەرجەستە بکات و یان کەسێک بێت ڕەگەزی نادیار

بێت و تەنها وەکو مرۆڤێک دەرکەوێت. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە شاعیر لەنێو ڕووبەری دەق، بەهۆی زمانەوە دەتوانێت توخمەکانی سروشت وەک (با، درەخت، ئاو، ئاگر، هەور، ئەستێرە، مانگ، بەرد، ڕووناکی، هەتادوایی..)، بەکاراکتەر بکات و بەقسەیان بهێنێت، کاتێک دەڵێت من ڕەشەبام کە هەڵدەکەم..... ئیتر لێرەدا شاعیر ڕەشەبا وەقسە دەهێنێت، گێندەر هیچ ڕۆڵێکی نابێت، گێندەری شاعیرەکە خۆی لە پەیوەند بە توخمەکان (چ مێ بێت یان نێر) هیچ لە بابەت و ناوەڕۆکی دەقەکە ناگۆڕێت، خاڵێکی تر شاعیر دوای بیرکردنەوە دەچێتە نێو قووڵایی خەیاڵ، هێندە قووڵ دەبێتەوە تا گەیشتن بە ڕووبەری ناخودئاگایی. ڕووبەری ناخودئاگاییش بەمانای (دابڕان لە ئاگایی و هۆشمەندی خود، هاوکات دابڕان لە واقیعی مەوجودیش واتە واقیعی هەبوو) هەروەها لە واقیعی خۆیشی دادەبڕێت، بۆیە لێرەدا ئەگەر باسی کردەی (کوشتنی باوک) بکەین لەلای (فرۆید) و لەو سەرچاوانەش بکۆڵینەوە کە هاوکاری بوون بۆ نووسینەوەی ئەم تیۆرە، دەبینین چ لە (ئۆدیبی (سۆفۆکلیس) و هاملێتی (شکسپیر) و برایانی کارامازۆفی (دەستۆفسکی) لەوێدا، ئەوە دەخوێنینەوە کە نووسەرەکان و پاڵەوانەکان لەوکاتەدا لەژێر کاریگەری پاڵنەرە (ناخودئاگاییەکان) بوون، یان تەقاندنەوەی پاڵنەرێکی دەرەکی کە هەمیشە لەنێو ڕووبەری ناخودئاگاییان کاریگەرییەکی تۆخی هەبووە، ئەم پاڵنەرە دەرەکییەش (ململانێی سێکسییە لەبارەی ڕەگەزی مێوە)، لەوکاتەدا چونکە لەنێو ڕووبەری (ناخودئاگایی)دا بوون، دواتریش کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ باری (خودئاگایی) یان باری ئاسایی خۆیان، ئەوکات پەشیمان دەبنەوە لێرەدا مەبەستم لە تاوانبار و تاوانبار نەبوونی کەسەکان و کردەکە نییە، مەبەستمە باری ئەو (دابڕانە)ە

پیشان بدەم، کاتێک دەڵێین کەسەکان لەباری (ناخودئاگایی) گەڕانەوە بۆ باری (خودئاگایی) و باری ئاسایی خۆیان واتە (دابڕابوون) لە واقیعی خۆیان و دەرەوەی خۆیان بۆیە بە دیوێکیتر دەتوانین بڵێین شیعر نووسینەوەی چرکە ساتەکانی وڕێنەیە، واتە چرکە ساتەکانی دابڕان لە هۆشمەندی و ئاگایی خود. چونکە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە، لێرەدا شاعیریش دەبێتە گەڕیدەیەکی گەردوونی کاری بەسەر ئەوەوە نییە خۆی لەدنیای واقیع چ ڕەگەز و گێندەرێکی هەیە، شاعیر لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و لەنێو پانتایی زمان بوونێکی جیاوازی هەیە واتە تەنها مرۆڤە و هیچی تر، بۆیە گەر لێرەدا باسی (شیعری ژنانە و ئەدەبی ژنانە) بکەینەوە ئێمە زۆرجاران ئەم پۆلینکردنەمان بەناوی ئەدەبی (ژنانە و پیاوانە) و یان (شیعری ژنانە و پیاوانە) ڕەتکردۆتەوە، لە کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)ش بە ڕۆشنی قسەمان لەسەر پۆلینکردنی شیعر و ئەدەب کردووە و ڕەتمان کردۆتەوە بەو هۆکارەی، کە ئەدەب یان شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و لەنێو کایەی (مرۆڤ و بەها مرۆییەکان) ئیش دەکات، بە هەر هۆکارێک بێ ناتوانین ئەدەب یان شیعر پۆلین بکەین و ڕووبەرە فروانەکەی بچووک و بەرتەسک بکەینەوە، بەڵام لێرەدا ئەو خاڵەش زیاد دەکەین کە ئەگەر بڵێین ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە بەمانای (ئەوی شاعیر) لەنێو ڕووبەری بیرکردنەوە و خەیاڵ هێندە قووڵ نەبۆتەوە تا لە واقیعی دەرەوە و لە واقیعی خۆی داببڕێت، یان نەگەیشتۆتە ڕووبەری ناخودئاگایی و سنووری دابڕان، واتە هەر (خۆیەتی) نەک (ئەوی شاعیر)، لەسەرەتای ئەو باسە گوتمان ئێمە لەم وتارەمان مەبەستمان خودی کەسەکە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوی شاعیرە، بۆیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین (ئەدەبی ژنانە یان

شیعری ژنانە)، چونکە من بیستوومە هەندێک لە خانمەکان، ئەوانەی شاعیرن و شیعر دەنووسن، لە دیمانەکان دەڵێن بۆیە باوەڕمان بە (شیعری ژنانە یان ئەدەبی ژنانە) هەیە، چونکە شاعیرەکە (خۆی) ژنە و لەنێو شیعرەکەیدا هەستی ژنانەی خۆی دەردەبڕێت، یان لەنێو ئەدەبەکەیدا دەیەوێت بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات ئێمەش بە دیاریکراوی ڕێک مەبەستمانە ئەوە ڕەت کەینەوە، چونکە شاعیر بەدەر لەوەی چ گێندەرێکی هەیە دەتوانێت هەردوو هەستەکان (چ ژنانە، یان پیاوانە) لەنێو ڕووبەری دەق بەرجەستە بکات و بەرگریش لە ماف و ئازادییەکانی تاک بکات، چونکە دواجار (هەستی ژنانە یان پیاوانە) هەستەکانی مرۆڤن، ئامانجی شیعریش بەرهەمهێنانی جوانی و ئیشکردنە لەسەر جوانی بۆیە شاعیریش لەنێو ڕووبەری دەق بوونێکی ئیستەتیکی هەیە و (مرۆڤێکە گێندەری نادیارە واتە تەنها مرۆڤە و بەس)، ئەو خاڵەش کە دەڵێن چونکە (خۆیان ژنن)، واتە ئەو شاعیرانە باس لە (خودی خۆیان دەکەن) وەک ئەوەی کە هەن، نەک وەک ئەوەی کە (شاعیرن) و بوونێکی ناجێگیری توخم ئامێزییان هەیە، خاڵێکی تر لە پەیوەند بە (شیعر و شاعیر و گێندەر) مرۆڤ چ (نێر بێت یان مێ) کە دێتە نێو ژیان، لەسەرەتا بوونێکی ناتەواوی هەیە، مرۆڤەکان لە ڕێگەی داهێنانەوە هەوڵدەدەن بوونی خۆیان تەواو بکەن یان مانا و شوناسێک بە بوونی خۆیان ببەخشن، جا ئەگەر شاعیر گێندەرەکەی هەر جۆرێک بێت، هەوڵدەدات لە ڕێگەی داهێنانەوە بوونی خۆی تەواو بکات، بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی داهێنانی گەورە بکات، دەبێت وەک شاعیرێک مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات، وەک مرۆڤێک بتوانێ لە یەککاتدا هەردوو گێندەر لەخۆی کۆبکاتەوە، چونکە شاعیری داهێنەر دەبێ بوونەوەرێک

یان گەڕیدەیەکی گەردوونی بێت، مرۆڤێک بێت خاوەن بوونێکی باڵا بێت. هەر بۆیە دەبینین (ئەلبێر کامۆ) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزێف) لە شوێنێکدا دەڵێت (داهێنان واتە دووجار ژیانکردن.)، ئەگەر لەو وتەیەی کامۆ ورد بینەوە لە پەیوەند بە شاعیر، ئەو مەبەستی لە شاعیرێکی داهێنەرە، شاعیرێک کە لەڕێگەی داهێنانە گەورەکانی بتوانێ دووجار بژیی، واتە ببێتە موڵکی مێژوو، دوای مردنیش هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە، وەک (شکسپیر و دانتی و بۆدلێر و ناڵی و سەدان گەورە شاعیری تر.) بە مانای شاعیرێک وەک مرۆڤێکی گەردوونی بتوانێ لەڕێگەی زمانەوە قسە لەبارەی هەموو شتێکەوە بکات، بە دەربڕینی هەستی پیاوانە و ژنانەشەوە هەر خودی (ئەلبێر کامۆ) لە هەمان سەرچاوە لە پەیوەند بە داهێنانەوە قسەیەکی (نیچە) بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت (هونەر بە تەنها هونەر، ئێمە هونەر شک دەبەین، تا حەقیقەت نەبێتە مایەی مردنمان)، ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەم قسەیەی (نیچە) ورد بینەوە یان لە پشتی دیوە نادیارەکەی ئەم قسەیە، گرینگی داهێنانمان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە بوون و ژیان، مەبەستییەتی بڵێت ئەو کەسانەی داهێنانیان نییە، حەقیقەتیان وەک نەبوو وایە واتە بوونێکی (بێبەها و مردوو) یان (ناتەواو و بێ هێز.) ئەوەی کە (مارتن هایدگەر) بە بوونێکی (نامۆ یان نارەسەن) ناوی دەبات، جا بۆیە ئەگەر لە خاڵی کۆتایی وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکەی سەرەتا بدەینەوە، دەڵێین (نەخێر) من بە دروستی نابینم بڵێین (ژنە شاعیر چنوور نامیق)، یان (خانمە شاعیر ڤینۆس فایەق)، وا دروستترە بڵێین (چنوور نامیق)ی شاعیر، یان (ڤینۆس فایەق)ی شاعیر. بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە من لە کتێبی (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی)، بێئاگا کەوتوومەتە

نێـو هەمـان هەڵـەوە، بـە دڵنیاییـەوە گـەر جارێکیتـر ئـەم کتێبـە چـاپ بکەمـەوە هەڵەکـەم ڕاسـت دەکەمـەوە و لـە بەرگەکـەی دەنووسـم (سـارا تیسـدەیل شـاعیرێکی ئەمریکـی)، چونکـە هـەروەک گوتمـان شـیعر بوونێکی گەردوونـی هەیـە و شـاعیریش ئـەو بوونـەوەرە گەردوونیەیـە، ئامانجـی بـەرز ڕاگرتنـی مـرۆڤ و بەهـا مرۆییەکانـە و بۆیـە دواجـار شـاعیر تەنهـا مرۆڤێکـە و هیچـی تـر .

**٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢١**

**سەرچاوە:**


_ کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو). ناڵە حەسەن.

_ کتێبی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح). ناڵە حەسەن.

_ کتێبی (دەقی تەمەن). ناڵە حەسەن.

_ کتێبی (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم) سەباح ڕەنجدەر.

:_ کتێبی (دیوانی شێرکۆ بێکەس). بەرگی دووەم.

_ کتێبی (من هەبم یاخود نا. ئەمەیە مەهزەلەکە). تەرزە جاف.

_ کتێبی (ئەفسانەی سیزیف). ئەلبێر کامۆ. و/ ئازاد بەرزنجی.

_ کتێبی (a night without armor). Jewel Kilcher .

_ شیعری (باخەوان ماندووترە لە ئاو). فەیسبووکی (کەژاڵ ئەحمەد).

_ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) فەیسبووکی (خولیا حوسێن).

## ● شیعر و دۆگما

ئەگەر بپرسین شیعر چ پەیوەندییەکی بە چەمکی (دۆگما)وە هەیە یان بۆ دەمانەوێت لە پەیوەندی نێوان شیعر و دۆگماوە قسە بکەین؟. ئێمە ئێستا وەڵامی ئەو دوو پرسیارە نادەینەوە، بەڵام لە ڕاستای خوێندنەوەی ئەم کورتە وتارەمان خوێنەر خۆی وەڵامەکانی دەست دەکەوێت. لەسەرەتا پێویست دەکات بزانین چەمکی (دۆگما) مانای چییە؟ دۆگما لە سادەترین مانایدا ئەوەیە کە خستنە ڕووی باوەڕێک یان بیرکردنەوەیەک وەک ڕاستییەکی ڕەها، یان وەک ئەوەی حەقیقەتێکی ڕەها و ئەبەدی کە مشتومڕ و گفتوگۆ هەڵناگرێت. یان بە شێوەیەکی کەمێک فراوانتر دۆگما بە مانای وەستاو و چەقبەستوو دێت، ئەو کارەی کە هەرگیز نابێت بگۆڕدرێت، بە شێواز و بیرکردنەوەیەک دەوترێت کە لەسەر پایە و تێگەیشتنی (نەگۆڕ) دامەزرابێت، وەکو یاسا و دەستوورە ئاینییەکان، یان ڕێباز و قوتابخانە و ئایدیۆلۆژیاکان، دواتر دۆگماتیزم بوو بە فەلسەفە و سیاسەت. هاوکات لە کتێبی (چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی)، کە لە وەرگێڕان و نووسینی (ئازاد بەرزنجی)یە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکە بەناوی (ئێمە کۆچەرین، سەرەتایەک بۆ فەلسەفەی نیچە) دا، لە شوێنێکدا دەڵێت نیچە بەردەوام و بە توندی دژی تیۆریزە و ڕێبازگەری و چوارچێوە بووە، دروستبوونی بیروڕای لە ژیاندا شوبهاندووە بە چوون بۆ ماسیگرتن، واتە وەکو مومارەسەکردنێکی زیندووی ئەزموونەکانی ژیان و ڕاوکردنی حەقیقەتە تەڕو تازەکان و بە پێچەوانەی ڕێبازگەراکانەوە کە قایلن بە کۆمەڵێک شتی مۆمیاکراو و دۆگمای زەینی. لێرەدا نیچە وەک کەسێک و فەیلەسووفێکی یاخی دژ بە هەموو چوارچێوەگەرایی و ڕێبازگەرایی و ئایدیۆلۆژیاگەرایی

وەســتاوەتەوە و هــاوکات، پێیوابــووە هەمــوو بیرکردنەوەیــەک کــە چوارچێــوەی بــۆ دارێــژرا دەگاتــە پنتــی دۆگمــا، واتــە پنتــی نەگــۆڕ و وەستان، هەروەها لای نیچە بیرکردنـەوە بۆ ژیان شێوەیەکی کراوە و هەمەچەشنەی هەیە، هەروەک ماسیگرتن وایە چوارچێوەیەکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە. کە ئەمەش ڕێک لەگەڵ ماناکان و بوون و پێکهاتەی شیعر دێتەوە، ئێمە لە لێکۆڵینەوە و کتێبەکانمان لەبارەی شیعر لە زۆر شوێن باسمان لەوە کردووە کە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە یان یەکێک لە ماناکانی شیعر ئەوەیە کە شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی ئیســتاتیکییە، بۆیــە بوونێکــی کــراوە و بەردەوامــی هەیــە ناخرێتــە نــاو هیچ چوارچێوە و شوناس و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەک یان بازنەیەکی دیاریکــراوەوە (لــە گەیشــتنیش بــە ڕووبــەری شــیعر مەبەســتمان ڕووبەرێکــی کراوەیــە). لێــرەدا دێینــە ســەر بنەڕەتــی مەبەســتەکانمان، شــیعر زۆر بــە ڕۆشــنی و بــە تونــدی ناتەبــا دێتــەوە لەگــەڵ، چەمکــی (دۆگمـا)، چونکـە شـیعر بوونێکـی نەگـۆڕ و چەسـپاو و وەسـتاوی نییـە، واتـە وەک ئایدیۆلۆژیـا و ڕێبـاز و ئاینـەکان، لـە هیـچ وێسـتگەیەک ناگاتـە پنتـی دۆگمایـی. شـیعر بوونێکـی کـراوە و بەردەوامـی هەیـە. ئێمـە لـە وتـاری (شـیعر چییـە و بۆچـی ناتوانیـن پێناسـەی بکەیـن) کـە لـە کتێبـی (ڕووبـەڕوو لەگـەڵ شـیعر) بڵاومـان کردۆتـەوە، لەوێـدا لـە چەنـد خاڵێـک ئەوەمـان ڕوون کردۆتـەوە کـە بۆچـی ناتوانیـن شـیعر پێناسـە بکەیـن کـە سـەرەکیترین هـۆکار ئەوەیـە شـیعر بوونێکـی گەردوونـی هەیـە، هەمـوو ئـەو چەمکانـەی بوونێکـی گەردوونییـان هەیـە ناتوانیـن لەیـەک گۆشـەوە خوێندنەوەیــان بــۆ بکەیــن، دەکــرێ لــە چەندیــن گۆشــەی جیــاوازەوە خوێندنـەوەی بۆ بکەین، کۆی هەمـوو خوێندنـەوەکان بەیەکـەوە (ڕەنگـە) لـە مانـای شـیعر نزیکمـان بکاتـەوە، ئـەم خاڵـە و چەنـد خاڵێکـی ترمـان

لـە وتارەکـەدا نووسـیبوو. لێرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێت شـیعر بـە هیـچ شـێوەیەک ناچێتـە نـاو هیـچ چوارچێوەیەکـەوە، لەژێـر هیـچ نـاو و ڕێبـاز و هیـچ بیرکردنەوەیـەک، لێـرەدا دەتوانیـن خاڵێکـی تـر بـۆ وتارەکەمـان زێـدە بکەیـن کـە بۆچـی ناتوانیـن شـیعر پێناسـە بکەیـن ئەویش کە شیعر ناتەبا و هاودژ دێتـەوە لەگەڵ چەمکی دۆگما، شیعر هیـچ کاتێـک ناگاتـە پنتـی وەسـتان و جێگیـر و نەگـۆڕ، بەڵکـو شـیعر بوونێکـی بـەردەوام و کـراوە و گەردوونـی هەیـە، هیـچ چوارچێـوە و بازنەیـەک ناتوانـن شـیعر بگرنـە خـۆ. خاڵێکـی تـر کـە گرینگـە باسـی بکەیـن، ئێمـە لـە کتێبـی (ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا)، ناتەبایـی و هـاودژی ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیاکانمـان خسـتە ڕوو هۆکارەکانیشـمان بـە ڕۆشـنی باسـکردووە، کـە یەکێـک لـە هـۆکارەکان ئـەدەب بـە شـێوەیەکی گشـتی لەسـەر مـرۆڤ و بەهـا مرۆییـەکان ئیـش دەکات، لێرەدا دێینـەوە سـەر باسـی شـیعر وەک بەشـێکی سـەرەکی ئـەدەب ئامانجـی سـەرەکی شـیعر بەرهەمهێنانـی جوانییـە، یـان جوانکردنـی ژیانـە بـۆ هەمـوو مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی، بـە تۆخـی گرینگـی و ئیـش لەسـەر بەهـا مرۆییـەکان دەکات، کـە دەڵێیـن شـیعر ناتەبـا دێتـەوە لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیـاکان بـە دوو هـۆکار. یەکـەم هـەر ئایدیۆلۆژیایەکـی دیاریکـراو بـۆ چینێکـی دیاریکـرا و یـان کۆمەڵـە کەسـێکی دیاریکـراوە، ئاوەتـا بیرمەنـدی ناسـراو (تێـری ئیگڵتـن) لـە کتێبـە بەناوبانگەکـەی (تیـۆری ئەدەبـی)دا لـە بەشـی (پەرەسـەندنی لێکۆڵینـەوەی ئەدەبی ئینگلیـزی)دا، لـەوەی کـە داخـۆ دەسـتپێکردنی نوێـی ڕۆمـان ئەدەبـە یـان ئـەدەب نییـە، لەوێـدا دێتـە سـەر باسـی پەیوەنـدی ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا و دەڵێـت ئـەو پێوانانـەی دادەنـران بـۆ دیاریکردنـی ئـەدەب، لـە ڕاسـتیدا (ئایدیۆلۆجـی بـوون، ئـەو نووسـینەی کـە بەهـا و چێژەکانـی چینێکـی تایبەتـی کۆمەڵایەتیـی بەرجەسـتە دەکـرد خاسـییەتی

ئەدەبێتــی دەدرایــە پــاڵ)، لێــرەدا بــە ڕۆشــنی بۆمــان دەردەکەوێــت کــە ئەدەبی ئایدیۆلـۆژی بەمانـای (نووسـینەوە و بەهـای چێژەکانـی چینێکـی دیاریکـراوە)، ئـەوەش بـە تۆخـی دژ و ناتەبایـە لەگـەڵ ئـەدەب و شـیعر چونکـە ئـەدەب یـان شـیعر نووسـینەوەی بەهـا و چێژەکانـی چینێکـی دیاریکراو نییە بە تەنها. بەڵکو نووسینەوە و بەهای چێژەکانی هەموو مرۆڤـەکان و تــەواوی مرۆڤایەتییــە. خاڵێکیتــر هەمــوو ئایدیۆلۆژیــاکان بەهـۆی ئـەو چوارچێوەیـەی بۆیـان دیاریکـراوە لـە خاڵێـک یـان لـە پنتێـک دەگەنـە خاڵـی نەگـۆڕ و وەسـتان واتـە (خاڵـی دۆگمـا)، بـەڵام بەهیـچ شـێوەیەک شـیعر بـەو خاڵـە نـاگات چونکـە هـاودژ و پێچەوانەیـە لەگـەڵ دۆگماتیـزم و هەمـوو ئیزمەکانیتـر.

### ● شیعر و خاڵبەندی

خاڵبەندی بەشێکە لـە سیسـتەمی ڕێزمانـی زمـان، زمانیـش سـەرەکیترین پێکهاتــەی شــیعرە، تــا ئــەو ئەندازەیــەی کــە هەندێــک پێیانوایــە شــیعر گەمەیەکــی زمانەوانییــە لەنێــو ڕووبــەری ئێســتیتیکا و مەعریفــەدا، بــەڵام شــیعر ناچێتــە ژێــر هەژموونــی هیــچ سیســتەمێک بــە سیســتەمی خاڵبەندیشـەوە، هـەر شـاعیرێک زمانێکـی شـیعری تایبـەت بەخـۆی هەیـە، تـەواو ئـازادە لـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ خاڵبەندی دەکات یـان نا، بـەو مانایەی، ئـەو شـاعیرانەی کـە مامەڵـە لەگـەڵ خاڵبەنـدی ناکـەن ئـەوە بـەو مانایـە نییــە کــە سیســتەمی ڕێزمانــی زمــان تێــک دەدەن و زمــان دەشــێوێنن، وەک لەپێشـدا بەرامبـەر بـە هەندێـک لـە شـاعیران ئـەم ڕەخنـە نادروسـت و بـێ بنەمایانەمـان بینیـوە. تـا ئێـرە ئاسـاییە کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی پەیوەنـدی نێـوان شـیعر و خاڵبەنـدی دیاریـدەکات، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە لـەو پەیوەندییـە بـاس لـە بابـەت و شـتێکی جیـاواز بکەیـن،

ئەویش بەو پرسیارە مەبەستەکەمان دەخەینەڕوو، ئایا دەتوانین لە کۆتایی هەر شیعرێکدا نوختە دابنێین بەو مەبەستەی کە شیعرەکە تەواو بووە..؟ من لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر، چونکە هیچ شیعرێک تەواو نابێت و ناگاتە خاڵی کۆتایی، بۆیە پێویستی بە نوختە نییە. هۆکارەکەش ئەوەیە، هەروەک لە پێشدا گوتمان، شیعر بوونێکی کراوە و بەردەوامی هەیە، ناچێتە ژێر هەژموونی هیچ هێزێکی دەرەکی و هیچ چوارچێوە و سیستەمێک، شاعیر ئازادانە لەدەرەوەی هەموو هێزەکان و سیستەمەکان، لەنێو ڕووبەری خەیاڵ، ڕووبەرێکی کراوەو تاریک و نادیار، سێرچ و گەڕانەکانی خۆی دەکات. ئەوکاتەی شاعیر پێیوایە تەواو بووە و گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی، لە ڕاستیدا ئەوە تەواو بوون نییە، بەڵکو بەتاڵبوونەوەیەکی کاتییە، لەهەر کات و زەمەنێکدا شاعیر دەتوانێ، لەسەر هەمان شیعر ئیش بکاتەوە، بگەڕێتەوە نێو هەمان خەیاڵ و بیرۆکە و ڕووبەرە تاریک و نادیارەکە، گۆشە و قوژبن و شوێنی تر کەشف بکات و درێژە بە شیعرەکەی بدات و بەردەوام بێتەوە، چونکە هەر شیعرێک تەنها بە مردنی شاعیرەکە کۆتایی دێت و ئەوکات پێویستی بە نوختەی کۆتاییبوون دەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو شیعرە، شیعری یەکدێڕی و وردە شیعریش بێت، چونکە (مردن) کۆتایی هاتنە بە پڕۆژەکانی بوون، بە بوونی شیعریشەوە، هەموو بوونێک تەنها بە مردن دەوەستێت یان کۆتایی دێت، چونکە لە بنەڕەتدا بوونەکان بە ناتەواوی دێنە بوون، هیچ بوونێکیش ناگاتە ئاستی کەمال یان تەواوبوون. لێرەدا ئەوەتان بە بیر دەهێنمەوە کە قەسیدەی (من)، وەک ئەزموونێکی نوێ ناومان نا (دەقی تەمەن)، بەڵام دواتر ناوی قەسیدەکە بە قەسیدەی (دەقی تەمەن) ڕۆیشت و هەر بەو ناوە ناسرا، لەگەڵ نووسینی بەشی دووەم، نووسیمان

(قەسیدەی « من « ناومان ناوە (دەقی تەمەن)، بەمانای دەقێکی کراوە و بەردەوامە، لەگەڵ تەمەنی شاعیردایە، واتە مەرگی شاعیر دەبێتە دوانوختە بۆ ئەم قەسیدەیە.)، ئەم مەسیجە بۆ ئەوکات قسەیەکی نوێ بوو لەهەمانکات، داهێنان و ئەزموونێکی نوێش بوو، یەکەمجار بوو شاعیرێک ناوی قەسیدەیەکی بنێ (دەقی تەمەن) و ئەو هێزە لە خۆیدا ببینێت کە هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەم قەسیدەیەی بەردەوام بێت، مردنی خۆی بکات بە دوا نوختە بۆ ئەو قەسیدەیە، بەڵام ئێستا من ئەوەش دەڵێم کە ئەو مەسیجەی (دەقی تەمەن) بۆ هەموو دەقێکی شیعری ڕاستە ئەگەر، دەقەکە وردە شیعرێکیش بێت، چونکە وەکو گوتمان هیچ دەقێک کۆتایی پێنایە تەنها بە مردنی شاعیرەکە نەبێت، واتە مردنی شاعیر دەبێتە نوختە بۆ هەموو شیعرەکانی، بەڵام جیاوازی (دەقی تەمەن) لە گەڵ شیعرەکانیترم یان شیعری هەر شاعیرێکی تر، لە ناوەڕۆک و ئەو بیرۆکانەیە کە لە (دەقی تەمەن)دا ئیشم لەسەر کردوون، ئەو چوارچێوە و ناوەڕۆکەی (دەقی تەمەنم)یشم لە مانیفێستێک نووسیوەتەوە، من ئێستا دەتوانم ئەوەش بڵێم کە من یان هەر شاعیرێکیتر دەتوانین بگەڕێینەوە سەر هەر شیعرێکمان ئەگەر بیست یان سیساڵیشی بەسەردا تێپەڕبوو بێت، دەتوانین بچینەوە نێو هەمان خەیاڵ و بیرکردنەوە و ڕووبەرە تاریکەکانی دەقەکە و درێژەی پێ بدەینەوە و بەردەوام بینەوە، چونکە تا مرۆڤ بمێنێ نە بیرکردنەوە نە خەیاڵ کۆتاییان پێ نایە، بۆیە هەموو دەقێک بوونێکی کراوەی هەیە، واتە بوونێکی (تەواو نەبوو)، بۆیە شیعر لە کۆتایی (دوا دێڕ و دوا وشە)دا پێویستی بە نوختە نییە.

**ئەیلوولی ٢٠٢١**

## • شیعر و خودا

ڕەنگە ئەو ناونیشانە کەمێک لەلامان سەیر و نامۆ بێت، یان بپرسین بۆچی خودا و شیعر، یان دەبێت چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبێت؟. ئێمە هەوڵدەدەین بە کورتی هەم ئامانج و مەبەستەکانمان ڕوونکەینەوە هەم وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە. بە پێی ئایەتەکان و کتێبە ئاسمانییەکان خودا بوونێکە نە لە کەس دەبێت، نە کەسی لێدەبێت، نە دەبیندرێت، وە لە هەموو شوێنێکیش ئامادەیی هەیە و کەسیش ناتوانێت بیبینێت، هاوکات وەک خالقێک دروستکەری گەردوون و هەموو بوونەوەرێکە. خودا بوونێکی بیندراو نییە، مرۆڤەکان تەنها لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و بیرکردنەوەکانیان هەست بەبوونی دەکەن و لە پەیوەندییەکی نزیکدان لەگەڵیدا. واتە خودا بوونێکە لەنێو ڕووبەرێکی نادیار دایە، ئایەتە ئاسمانییەکانیش هەرلەنێو ئەو ڕووبەرە نادیارە دێنەبوون. ئەگەر لە شیعر وردبینەوە دەبینین، شیعریش بەهەمان شێوە، شاعیر لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە بیرکردنەوە دەگاتە قووڵاییەکانی نێو ڕووبەری خەیاڵ، لەوێدا لەنێو ئەو ڕووبەرە تاریک و نادیارە گەڕان و بەدواداچوونەکانی خۆی دەکات، هەر لەوێدا لەنێو ئەو ڕووبەرە نادیارەدا شیعر دێتەبوون. تەنانەت لە هاوکێشەی (خودا و ئایەتە ئاسمانییەکان و شاعیر و شیعر) پەیوەندییەکانی هاوبەش هەیە. ئێمە لە وتاری (پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک)دا گوتوومانە لە دەقی شیعریدا ناوەڕۆک بوونێکی نادیاری هەیە و لەڕێگەی خوێندنەوە بەشێک لە مانا و ناوەڕۆکەکەی بەدیار دەکەوێت. دەبینین ئایەتە قورئانییەکان و کتێبە ئاسمانییەکانیش بەهەمان شێوە، ساڵەهایە نووسەران و ڕۆشبیران و بیرمەندە ئیسلامییەکان لە هەوڵی خوێندنەوە و تەفسیرکردنی ئایەتە قورئانییەکانن، چونکە ئایەتەکان بوونێکی نادیار و لەنێو ڕووبەرێکی

نادیـار هاتوونەتـە بـوون، بۆیـە هەمیشـە، تەفسـیر و مانـای جۆراوجـۆر لەخۆدەگـرن، بـۆ نموونـە ئیسـلامییەکان، بـە بیرمەنـد و نووسـەر و ڕۆشـنبیر و هەمـوو بـڕوادارەکان، باوەڕیـان بەیـەک خـودا، یـەک کتێـب و یـەک پەیامبـەری خـودا هەیـە. کەچـی لـە تەفسـیرکردن و خوێندنـەوەی ئایەتـە قورئانییـەکان ناکۆکـی و جیاوازیـی زۆریـان هەیـە، هـەروەک لەسـەرەوە باسـمان کـرد هۆکارەکـەش ئەوەیـە کـە ئایەتـە ئاسـمانییەکان لـە ڕووبەرێکـی تاریـک و نادیـار هاتوونەتەبـوون، لـە پێشـتریش باسـمان لەوەکردووە کە دەمێکە بە شـاعیرانیان گوتووە، خوداوەندێکی بچکۆڵـە، بەو مەبەسـتەی شـاعیریش وەک خـودا کەسـێکی داهێنـەر و دروسـتکەرە واتـە خالیقـە. بەمانـای  وەکچـۆن خـودا لەڕێگـەی ئـەو دەسـەڵات و هێـزە سـەرتاپاگیرییەی کـە هەیەتـی، دروسـتکەری گـەردوون و بوونـەوەرەکان و هەمـوو شـتێکە یـان دەسـەڵات و هێـزی دروسـتکردنی هـەر شـتێک کـە بیەوێت هەیەتی، شـاعیریش لـە ڕێگەی ئـەو هێزەی هەیەتـی کـە (زمانـە)، لەنێـو ڕووبـەری دەق دەتوانێـت هـەر شـتێک بڵێـت کـە بیەوێـت، لەنێـو هەردەقێکـی نـوێ، لەڕێگـەی وشـەکان و چەمکـە هـاودژەکان و هێمـا و میتافۆرەکان  قسـەی نوێ و نـاوەڕۆک و مانـای نوێ بدات بەدەسـتەوە، لێرەدا دەگەینـە دوا مەبەسـت و ئامانجمـان کـە دەمانەوێت، خاڵێکیتـر بۆ ئـەو وتارەمـان زێدە بکەیـن کـە (شـیعر چییـە و بۆچـی ناتوانیـن پێناسـەی بکەیـن..؟). لەوێـدا چەنـد خاڵێکمـان دیـاری کردبـوو لێـرەدا ئەوەشـی بـۆ زێدەدەکەیـن و دەڵێیـن بـەو هـۆکارەی خـودا بوونێکـی نادیـاری هەیـە بـە پشتبەسـتن بـەو کورتـە ڕوونکردنـەوەی سـەرەوە دەتوانیـن بڵێیـن هەمـوو ئـەو چەمـک و بوونانـەی لەنێو ڕووبەرێکـی تاریـک و نادیاردا دێنـە بوون. ناتوانیـن پێناسـەیان بکەیـن و بازنەیەکیـان بـە دەورەدا بکێشـین چونکـە بوونێکـی گەردوونییـان هەیـە.

# بەشی دووەم:

## ● نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی شاعیرم

سڵاو هاوڕێی شکۆمەند و بەڕێز: (سەباح ڕەنجدەر). بە هیوام ئاسوودە و تەندروست بیت.

بە سەلیقەیەکی پڕ هەستەوە زێتر لە جارێک، قەسیدەی (تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین)م خوێندەوە، چێژی زۆری پێبەخشیم، بە بڕوای من یەکێکە لە قەسیدە نایابەکانی تۆ، دەقەکە زێتر فۆرمێکی درامی هەیە، دەقێکی درێژ لەنێویدا کۆمەڵێک دەقی تری جودای لەخۆگرتبێت، وەک ئەوەی ڕۆمانێک چەند کاراکتەرێکی سەرەکی هەبێت و هەریەک لەو کاراکتەرانەش بە کۆمەڵێک ڕووداوەوە دەورەدرابن. لەم شێوە دەق و فۆرمانەدا کە زمان بە چڕی ئیشی لەسەر کرابێ و وشە و ڕستەکان لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بن، کردنەوەی کۆد و هێماکان بۆ بەرجەستەبوونی خوێندنەوەیەک و دیاریکردنی ناوەڕۆکێک ڕەنگە کارێکی سانا نەبێت، من نامەوێت لەم نامەیەدا باس لە پەیوەندی فۆرم و ناوەڕۆک بکەم، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم لە هەموو دەقێکی شیعری (ناوەڕۆک) بوونێکی نادیاری هەیە، لەڕێگای خوێندنەوە ئەو بوونە دەردەکەوێت، دەرکەوتنەکانیش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر دەگۆڕێت، لە دەقی (تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین) خوێنەر لە ڕێگەی هەندێک لە وشە و ڕستە و دەستەواژە شیعرییەکانەوە، دوای ڕامان و قووڵبوونەوە دەتوانێ بڕێک لە کۆد و هێماکان بکاتەوە، (ڕەنگە) بە ناوەڕۆک و خوێندنەوەیەک بگات. من بەشبەحاڵی خۆم لەم دەقەدا زۆرێک لە ڕستە و دەستەواژەی شیعری جوانم خوێندەوە، کە هەم چێژبەخش بوون، هەم وەکو میتافۆر و هێما و وێنەی شیعری لە پشتیانەوە هەڵگری کۆمەڵێک گوتن و کێشمەکێش بوون،

بەتایبەت کێشمەکێشی نێوان (ژیان و مردن). من لێرەدا (هەندێک) لەم ڕستە و دەستەواژە شیعرییانە دەنووسمەوە دواتر هێندەی بۆم بکرێت قسەیان لەبارەوە دەکەم.

**- لە شیعری (ڕوخسار و شوێن):**

دیکتاتۆر بەسەر خوانماندا پژمی
هیچ نیشانەیەکی خواردن نەما
گەڕاینەوە بەرسێبەری درەختی گۆڕستانەکان

***

مرۆڤ شاراوە و نهێنی درۆی ژێرە
نانی کردە تاشەبەرد

***

گۆڕیان بەتاڵکردین و ئێسکیان کردە قۆپچە

***

**_ لە شیعری (جێناوەکان):**

با بگەڕێینەوە دواوە هێز توورەیە لە سێوی کەوتوو
با بگەڕێینەوە دواوە باران خوێناوی لێدەچۆڕێ و
دەیکاتە هەڵم و دەبێتە تانەی چاو

***

**- لە شیعری (گەشەی ڕەنگ):**

شۆڕش شەپڕە لێی داوە
ناتوانێ مەلە بکا

***

دیکتاتۆر ڕۆنی لەبن پێی شۆڕشگێڕدا

هەڵیخلیسکاند بەرەو ڕووناکییەکی چرووک

***

**_ لە شیعری (ئاوازی چاوپێکەوتن):**

سەرزەمین تەواو ماندووە
پێویستی بە چاوپێکەوتنی دەنووک و باڵە

***

**_ لە شیعری (بلیتی ژمارە بیست و هەشت):**

هەناسە سواریت باڵندەیەکی هێلکە شکاوی هەڵکورماوە
گوتم لە شاری شیعر دەژیم و هەناسەم نەرم و خۆشە
بە ئارەزووی خۆم لە بەهەشت ناچمە دەرەوە

***

**_ لە شیعری (بێڕەنگ):**

ئەو ڕۆژەی مرۆڤ دروست بوو
بێڕەنگ هەموو ڕەنگەکانی دابووە دنیا

***

**_ لە شیعری (کاتی تایبەتی ڕووبار):**

کلیل لە دەستی دیکتاتۆر بڕفێنن
بیخەینە گەنجینەی منداڵێک

زۆرنین ئەو دەقانەی بە چەند دێڕێکی شیعری دەتوانن تەعبیر لە تراژیدیایەکی گەورە، یان ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەرگەسات بکەن، یان ڕەسمکردنی ئەو زەمەنەی مرۆڤەکان لەنێو شەوەزەنگێکی تاریک و لە گۆڕستانێکی گەورەدا هەناسە دەدەن، یان هەموو خەونە گەورەکان دەبن بە تۆزوغوباری دەم ڕەشەبا. شاعیر لەو دەقەدا

ڕۆحێکـی تـووڕە و مانـدووە، بێـزار لـە هەلومەرجێـک کـە دەتوانیـن بـە هەلومەرجـی مردنـی خەونـە جوانـەکان نـاوی ببەیـن، ڕۆژگارێکـە کـە دیکتاتـۆر خـاوەن هەمـوو دەسـەڵات و هێزێکـی گـەورە و ڕەهایـە، لەڕێگـەی ئـەم هێـزەی دیکتاتـۆرەوە هەمـوو پەیوەندییـەکان و یاسـا و ڕێسـاکان نارێک و ناتەندروسـت دەبن و جووڵـە و ئاراستەکانی ژیان دەشـێوێندرێ، کـە هیـچ بەهـا و حورمەتێـک بـۆ ئـەوی تـر و مـرۆڤ و بەهـا مرۆییـەکان نامێنێتـەوە، نیشـتیمان دەبێتـە گۆڕسـتانێکی گـەورە، شـاعیر لـە شـیعری (ڕوخسـار و شـوێن)دا، وێنـەی ئـەم نەهامەتیانەمـان لـە دیمەنێکـی شـیعریی جـوان و سـەرکەوتوودا بـۆ دەکێشـێ و دەڵـێ (دیکتاتـۆر بەسـەر خوانمانـدا پژمـی هیـچ نیشـانەیەکی خـواردن نەمـا گەڕاینـەوە بەرسـێبەری درەختـی گۆڕسـتانەکان)، دیکتاتـۆر بێڕەحمانـە بەسـەر خوانـەکان دەپژمـێ و دەڕشـێتەوە، خوانـەکان پیس و ژەهـراوی دەکات، دواتـر هیـچ نیشـانەیەکی خـواردن نامێنـێ و سـفرەکان بەتـاڵ و خاڵیـی دەبـن، مرۆڤەکانیـش بـە سـکی برسـییەوە لەبـەر سـێبەری درەختـی گۆڕسـتانەکان ڕۆژەکانـی تەمەنییـان دەژمێـرن، چونکـە نـان بۆتـە (تاشـە بەردێکـی گـەورە). شـاعیر لـە دێڕێکـی تـردا وێنەیەکـی گەورەترمـان بـۆ دەکێشـێ و دەڵـێ (گۆڕیـان بەتـاڵ کردیـن و ئێسـکیان کـردە قۆپچـە)، ئەمـە دێـڕە شـیعرێکی تـا بڵێـی جـوان و شـیعرییە، پـڕ لـە جووڵـە و پـڕ لـە قسـەیە، واتـە دیکتاتـۆر لـە ڕێگـەی ئـەو هێـز و دەسـەڵاتە ڕەهایـەی هەیەتـی، وەک بازرگانێکـی بێڕەحـم نـەک بەروبوومەکانـی سـەرزەوی، بەڵکـو چـاوی بڕیوەتـە ئەوانـەی ژێرزەویـش، ئەوەتـا گـۆڕەکان بەتـاڵ دەکـەن و ئێسـکەکان دەکەنـە قۆپچـە، شـاعیر لـەم وەزعـە نـاڕازی و نائارامـە، چونکـە لـە خەیاڵـی ئەو، گۆڕسـتان شایسـتە بـە مـرۆڤ نییـە، لـە خەیاڵـی ئـەو (پەپوولـەکان

دەمدەخەنـە نێـو دەمـی یەکتـری و کەمانچەژەنەکانیـش سـەمفۆنیای گـوڵ و نـان دەژەنـن!)، ئـەو هەمیشـە لەنێـو خەیاڵـە شـیعرییەکانیدا، خەون بە دنیایەکی جوانتر و باشتر دەبینێ، لەنێو بیرکردنەوەکانی ئـەودا، مـرۆڤ پیرۆزتریـن بوونـەوەرە و شایسـتە بـە هەمـوو خۆشـییەک و سـەروەرییەکە. ئەوەتـا ڕوون و ئاشـکرا لـە شـیعری (بێڕەنـگ)دا، پیمـان دەڵـێ (ئـەو ڕۆژەی مـرۆڤ دروسـت بـوو بێڕەنگ هەمـوو ڕەنگەکانـی دابـووە دنیـا!)، دەکرێـت (بێڕەنـگ) هێمـا بێـت بـۆ خالقێـک، بـەڵام خالقێکی نادیار، لێرەدا سـەروەری و بەهـای مرۆڤمان بـۆ ڕەسـم دەکات، شـاعیر دەخـوازێ ئـەم ژیانـە بگۆڕێـت، سـەرزەمین و بەرسـێبەر و ماڵـەکان نەبنـە گۆڕسـتان (چونکـە لای ئـەو سـەرزەمین تـەواو مانـدووە، پێویسـتییان بـە چاوپێکەوتنـی دەنـووک و باڵـە) (دەنـووک و بـاڵ) هێمایـە بـۆ فڕیـن، واتـە جێهێشـتنی ئـەو سـەرزەمینەی کـە مانـدووە و بۆتـە گۆڕسـتانێکی گـەورە، واتـە دەخـوازێ ژیـان بگەڕێتـەوە بـاری ئاسـایی و بەهـا و ڕێـز و سـەروەری بـۆ مرۆڤـەکان بگەڕێتـەوە، بـەڵام گـۆڕان بەچـی دەکرێـت؟ ئـەوە ئاشـکرایە هەمـوو گۆڕانێـک چ ڕۆشـنبیری بێـت، یـان سیاسـی، یـان کۆمەڵایەتـی، بێگومـان بـە ڕاسـان و شـۆڕش دەکرێـت، بـەڵام هەیهـات لێـرەدا (شـۆڕش شـەپرە لێـی داوە ناتوانـێ مەلـە بـکات!)، چونکـە (دیکتاتـۆر ڕۆنـی لەبـن پێـی شۆڕشـگێڕدا هەڵیخلیسـکاند بـەرەو ڕووناکییەکـی چـرووک!) واتـە دیکتاتـۆر ڕۆنـی لەژێـر پێـی شۆڕشـگێڕەکان ڕۆکـردووە و هەموویـان خلیسـکاون و کەوتـوون، بەمانـای هەموویـان، یـان ئەوەتـا لـە خشـتەبراون، یـان ئەوەتـا دەسـتەمۆبوون، ئێسـتا لەنێـو نائومێدییەکـی گـەورە و لەنێـو ڕووناکییەکـی چـرووک ڕاکشـاون)، ئیتـر گـۆڕان چـۆن ڕوودەدات؟ بۆیـە شـاعیر کـە دڵنیـا دەبـێ لـەوەی بـەم هەمـوو کەوتـن

و نائومێدییـە گەورانـەوەترووسـکایی هیـچ گۆڕانکارییـەک نابینـدرێ و بـەم زووانـە هیـچ گۆڕانێـک ڕوونـادات، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ناتوانـێ بێدەنـگ بێـت، چونکـە ئـەو شـاعیرە و (شـیعریش فۆرمێکـی بێدەنـگ نییـە) بۆیـە دەخـوازێ (کلیـل لـە دەسـتی دیکتاتـۆر بڕفێنـن بیخەنـە گەنجینـەی منداڵێـک) (گەنجینـەی منـداڵ) لێـرەدا هێمایـە بـۆ دەسـتێکی پـاک و ئەمیـن، شـاعیر دەخـوازێ گەنجینەکـە بگوازرێتـەوە بـۆ دەسـتێکی ئەمیـن، تـا چیتـر مرۆڤـەکان سـفرەیان خاڵیـی نەبێـت و لەژێـر سـێبەری درەختـی گۆڕسـتانەکان ڕانەکشـێن، بـەڵام شـاعیر لـەوەش نائومێـد دەبێـت، واتـە بـە وەزعێکـی ئیفلیـج و تـا چاوبـڕکات هـەر تاریکیی بێ، بۆیـە هـەر لەنێو نائومێدییەکانی خۆی دەمێنێتـەوە و دەڵـێ (بـا بگەڕێینـەوە دواوە بـاران خوێـواوی لێدەچـۆڕێ دەیکاتـە هەڵـم و دەبێتـە تانـەی چـاو)، ئیتر تـەواو، کـە بـاران خوێـوای لێچـۆڕا، درەخـت و گیـا و سـەوزاییش دەمـرن، وردە وردە مرۆڤەکانیـش، بەمانـای ئیتـر (تـەواو دواجـار هەمووومـان لێـرەوە دەڕۆیـن)، گوتمـان شـاعیر لەنێـو نائومێدییەکـی گەورەدایـە، یاخـی و بێـزار و مانـدوو و تووڕەیـە، بـە گومانێکـی تـۆخ و بـە چـاوی ڕەخنـەوە لـە هەمـوو گۆشـەیەک دەڕوانێت، لـە هیـچ شـوێنێک ئـارام ناگرێ و ناحەسـێتەوە، لەگـەڵ ئـەوەی هەمـوو یاسـاکان و هەمـوو دۆخـەکان ناڕێـک و شـێوێندراون، ژیـان هیچـی بەسـەر هیچـەوە نەمـاوە، شـاعیر لـەم گۆڕسـتان و لـەم ژیانـە مەرگەسـاتییە تەنهـا شـوێنێک شـک دەبـات بتوانـێ تیایـدا هەناسـە بـدات و ئـارام بێتـەوە ئەویـش (شـاری شـیعرە (وەک ماڵێکی ئـارام).) ئەوەتـا خـۆی لـە شـیعری (بلیتـی ژمـارە بیسـت و هەشـت)دا دەڵـێ (گوتـم لـە شـاری شـیعر دەژیـم و هەناسـەم نـەرم و خۆشـە ئەهـا شیعرم لێدیارە و وەک کاتژمێری چوونـە ژوان ڕێکی

خستووم)، ئەو دەڵێ (شاری شیعر)، بەڵام شاریش هەر شوێنی ژیانە، بۆیە من دەڵێم ماڵ، واتە لەنێو ئەم هەموو نەهامەتی و نائومێدییە گەورانەدا شیعر تاکە هیوایە کە بۆی دەژی و لەنێو ئەم هەموو ناڕێکیانەدا (ماڵی شیعر) ژیانێکی ئارامی پێبەخشیوە وەک کاتژمێر جەستە و دەروونی ڕێکخستووە. هەر ئەوەندەش نا، دەڵێ (بە ئارەزووی خۆم لە بەهەشت ناچمە دەرەوە)، ئەو شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەرە، لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێنان ناسنامەی شاعیربوونی بەدەستهێناوە، ئیتر کەسە داهێنەرەکانیش دەبن بە موڵکی مێژوو و مرۆڤایەتی بۆ تاهەتا لەنێو ئەبەدییەتدا دەمێننەوە، لێرە بەهەشت هێمایە بۆ مانەوە لەنێو ئەبەدییەتدا.

تا ئێرە بەشی یەکەمی نامەکەم بوو لە بەشی دووەمدا، دەمەوێت لە دەرگای بابەتێکی گرینگ بدەم ئەویش لە ڕێگەی دێڕە شیعرێکی نێو ئەم دەقە، لە شیعری (جێناوەکان)دا دەڵێت (با بگەڕێینەوە دواوە هێز توورەیە لە سێوی کەوتوو.)، لەم دێڕە شیعرەدا جوانییەکی بێوێنە بەرهەم هاتووە لە هەمانکات، بارگاوییە بە خەیاڵی زانستی و فەلسەفی، لەسەرەتا ئەو پرسیارە لەلای خوێنەر دروست دەبێ بۆ هێز توورەیە لە سێوی کەوتوو؟! لەنێو قووڵایی بیرکردنەوەدا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای (نیوتن و هاوکێشەی کێشی زەوی) دەچێت، دواتر تێکەڵ بە ململانێی نێوان هێزەکانی مردن و ژیان دەبینەوە. لەم وێنەیەدا دیکتاتۆر زەوی کردۆتە گۆڕستانێکی گەورە، زەوی هێمایە بۆ مردن، ئاسمان لەسەرووی سێوەکەوە، ڕووناکی و خۆرەتاو و ئەستێرەکان و بەپێی بیرکردنەوە ئایینەکان خوداوەندەکانیش لەوێن، خوداوەندیش خاوەن هەموو دەسەڵات و هێزێکە، ئاسمان هێمایە بۆ ژیان، لەنێوان ململانێی (هێزی

زەوی و هێـزی ئاسـمان) سـێوەکە ململانـێ و ئەنجامـەکان یەکلایـی دەکاتـەوە، دەکرێ سـێوەکەش هێما بێت بـۆ (مرۆڤـەکان و نیشـتیمان و هەمـوو شـتە جوانـەکان.)، دواجـار سـێوەکە دەکەوێـت.، هێـزی مـردن واتـە (هێـزی زەوی) زاڵدەبێـت بەسـەر (هێـزی ئاسـمان) واتـە هێـزی ژیـان، بێگومـان لەباروزروفێکـی وا کـە شـۆڕش شـەپڕە لێـی دابـێ و شۆڕشـگێڕەکان هەڵبخلیسـکێن و بکـەون، هەروەهـا چاویـان پڕبـێ لـە ڕووناکییەکـی چـرووک، تروسـکایی هیـچ گۆڕانکارییـەک نەبیندرێ و مرۆڤـەکان بە سفرەی خاڵییەوە لەژێر سێبەری درەختی گۆڕسـتانەکان پاڵکەوتبـن بێگومـان جووڵـەکان بـە ئاراسـتەی مـردن دەڕۆن بۆیـە شـاعیر لەنێو ئـەو نائومێدییە گەورەیـەدا دەڵێت (تـەواو بۆدواجـار لێـرەوە دەڕۆیـن)، ئـەم دێـڕە شـیعرە ڕەهەنـد و ماناکانـی، بـۆ مـن جگـە لـە ئێسـتیتیکا و چێـژ، گرینگـی و مانایەکـی گەورەتـری هەبـوو، مـن مانیفێسـتێکم نووسـیوە لـە (سـێ بـەش) پێکهاتـووە، گۆشـەنیگا و تێڕوانیـن و بیرکردنەوەکانی ئەزموونی خۆمـم بۆ شـیعر لـەم مانیفێسـتە چـڕ کردۆتـەوە، کـە بەشـی یەکەمـی بەنـاوی: (شـیعر فۆرمێکـی بێدەنـگ نییـە) (بەشـی دووەم شـیعر عەشـقێکی گەورەیـە.) لـەم بەشـەدا واتـە لـە بەشـی دووەم دەڵێـم: (شـیعر ئـەو عەشـقەیە پڕاوپـڕە لـە خـەون و ئومێـد و جووڵـە، فۆرمێکـی پـڕ لـە قسـەیە و هاوتەریبـە لەگـەڵ ژیـان و بەهـا مرۆییـەکان، شـاعیر بیرمەنـد نییـە، بـەڵام لـە ڕێگـەی بیرکردنەوەکانـی دەتوانـێ پرسـیاری بیرمەندانـە بەرهەمبهێنـێ، شـاعیر فەیلەسـووف نییـە، بـەڵام لـە ڕێگـەی پاشـخانە مەعریفییەکەیـەوە دەتوانـێ پرسـیاری فەلسـەفی بوروژێنـێ، شـاعیر گەڕیدەیەکـی جوانناسـە بـۆ دۆزینـەوەی جوانییـەکان هەمـوو گـەردوون لەبەردەمـی دایـە، ئاسـمان و کیشـوەرەکان و ئۆقیانووسـەکان و

تەنانەت وردە ئەستێرە دوور دوورەکانیش، دواجار شیعر عەشقێکی گەورەیە، ئەشقیش میلۆدییە بەردەوامەکەی ژیانە و ژیانیش دەقێکی شیعری ناوازەی پڕ لە جوانی و چێژە). ئەم دەقە ئەوەی پیشاندایین کە شیعر (فۆرمێکی بێدەنگ نییە)، شاعیر دەتوانێ دەنگ و هاوارەکانی خۆی بەسەر هەموو ئەو هێز و هۆکارانە بەرز بکاتەوە کە دەیانەوێت ژیان ناشیرین بکەن و خەونە جوانەکانی مرۆڤ لەبارببەن، هەروەها شیعر لەتوانایدا هەیە، بارگاوی بێت بە خەیاڵی زانستی و فەلسەفی و لەنێو مەعریفەیەکی فرەڕەهەند ئیش بکات، دواجار پرسیاری زانستیی و فەلسەفیش بورووژێنێ، بۆیە دڵخۆش بووم بە خوێندنەوەی ئەم دەقە بۆ من وەک ئەوە وابوو بە قەڵەمی جوانیی نووسرابێتەوە، ئیتر هاوڕێی شیعرییم، دووبارە هیوای خۆشبەختی و بەختەوەرییت بۆ دەخوازم، بە ئومێدم لەنێو ڕووبەری شیعر و ڕووبەری داهێنان، قەڵەمەکەت هەر بە بڕشت بێ و سڵاو لە شیعری باڵا.

**٢٠٢٠/٩/١٢ کەنەدا**

**تێبینی:** قەسیدەی (تەواو بۆ دواجار لێرەوە دەڕۆین) لە (دە) شیعری تر پێکهاتووە بەم ناوانە (ڕوخسار و شوێن، جێناوەکان، ڕێگاکانی دەوروبەر، گەشەی ڕەنگ، ئاوازی چاوپێکەوتن، بلیتی ژمارە بیست و هەشت، ئەمڕۆ گۆرانییەک دەگوترێ، بێڕەنگ، کاتی تایبەتی ڕووبار، ستایشێک بۆ جوودی).

- سەرچاوە: کتێبی(سەرزەمینی هەموو ناوەکان) سەباح ڕەنجدەر،٢٠٠٣.

## • شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە

**خوێندنەوەیەک بۆ دەقی: (وەرە بەیەکەوە بژین)ی کەژاڵ ئەحمەد**

ماوەیەک لەمەوبەر لە نامەیەکدا، خوێندنەوەیەکمان بۆ چەند دەستەواژەیەکی دەقێکی شیعری (سەباح ڕەنجدەر) کرد هاوکاتیش، باسم لە مانیفێستێکی خۆم کردبوو، کە پێکهاتووە لە سێ بەش، لەوێدا دوو بەشی مانیفێستەکەمان باسکردبوو ئەوانیش لەژێر ناوی (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە.) و (شیعر عەشقێکی گەورەیە.)، هەروەها ڕەهەندەکانی پشت ئەو گوتنانە و لەچوارچێوەی خوێندنەوە بۆ هەندێک لە چەمک و هێما و کۆدەکانی نێو دەقەکە باسکردبوو. وا لێرەشدا بەشی سێیەمی مانیفێستەکە لەژێرناوی (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە) باسدەکەین و (بەریەککەوتن و هاوتەریببوونی) ناوەڕۆک و ئامانجەکانی ئەو بەشەش لە سیاقی خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەقە بەدەردەخەین، هەروەها دەیکەین بە (میتۆدێک) بۆ خوێندنەوەی دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین)، کە یەکێک لە شیعرەکانی (کەژاڵ ئەحمەد) ی شاعیرە، هەوڵدەدەین هێندەی بۆمان بکرێت لە دەرگای چەند بابەتێکی پێویست و گرنگ بدەین. لەسەرەتاوە شیعرەکە چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە یان لەڕووی زمانەوانی و فۆرمەوە، تا ئاستێکی بەرز جوانی بەرجەستەکردووە، بە زمانێکی شیرین و پڕ هەست و سۆز، دەقەکە نووسراوە، وشە و میلۆدییەکانی ئەم دەقە، گەمە لەگەڵ دەمارە عاتیفەییەکانی خوێنەر دەکەن و چێژێکی بێوێنەی پێ دەبەخشن، هەروەها لەم دەقەدا بە توانایەک و هەست و خەیاڵی شاعیرانەوە عەشقێکی گەورە نمایشکراوە، یان باشترە بڵێم چیرۆکی عەشقێکی گەورە دەگێڕێتەوە، وەک ئەو چیرۆکانەی لەنێو کتێبی ئەفسانەکانەوە

باسدەکرێن. لە پشتی ئەو خەیاڵە ڕۆمانسییانەوە لە دەرگای کۆمەڵێک بابەت و مەسائیلی گرینگ دەدات کە پەیوەندییان بە ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان و هاوکات پەیوەندییان بە شیعر و مەعریفەی شیعرییەوە هەیە، لەسەرەتاوە شیعرەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکات.

سبەینێ واز
لە ماڵە باجێنەی تەنیایی ئەهێنم
تۆش واز لە دارلاستیکی سەرکێشی بهێنە

لەم کۆپلەیە هەست بە سەرەتای نەخشە و پلانێک دەکرێ، وەک خۆئامادەکردنێک یان وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو دنیایەکی جیاوازەوە ئەویش دنیای عەشقێکی نوێیە، لەسەرەتاوە بە بڕیارێک دەست پێدەکات، شاعیر لەنێو شیعرەکەیدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەر لە سبەینێوە واز لە (ماڵەباجێنەی تەنیایی) بهێنێ و دەخوازێ دڵدارەکەشی واز لە (دارلاستیکی سەرکێشی) بهێنێ. وادیارە (ئەو) واتە دڵدارەکەی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو بڕیارە و بەتەواوی یەکلانەبۆتەوە، بۆیە لە سەرکێشییەکانی بەردەوامە، بەڵام ئەگەر، لەڕووی زمانەوە سەیری ئەم دەستەواژە و ڕستە شیعرییانە بکەین، دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز و ناوازەی لەنێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی) یان (ماڵەباجێنە و تەنیایی) دروستکردووە، هونەرکارییەکی شاعیرانەی تیاکردووە، هەردوو وشەکەی لەمانا بنەڕەتییەکە داماڵیوە بەتایبەت (دارلاستیک و سەرکێشی)، لە پەیوەندییەکی نوێدا مانای تری پێبەخشیون، وشەی (دارلاستیک)، پەیوەندی بە تەمەنی منداڵییەوە هەیە، زێتر منداڵ دارلاستیک بەکاردەهێنن بەتایبەت کوڕان وەکچۆن

(ماڵەباجێنەش) یاری کچانەیە، سەردەمانێک دیارە مەبەستمان لایەنی کەم بیست ساڵێک لەمەوبەرە، کە ئەوکات ئەتاری و پلەیستەیشن و کۆمپیتەر و ئینتەرنێت نەبوون، منداڵ دوای قوتابخانە زۆربەی کاتەکانی لە کۆڵان و لەگەڵ منداڵانیتر بەسەردەبرد، دارلاستێک بۆ شەڕی نێوان کۆڵانەکان و گەڕەکەکان بەکاردەهات و یان بەردگرتنە چۆلەکە و باڵندەکان، واتە دارلاستیک لایەنێکی (نێگەتیڤ)یشی هەیە، هاوکات سەرکێشیش بەهەمان شێوە، بەڵام لێرەدا دارلاستیک هێمایە بۆ منداڵی، واتە وشەیەکە بەرائەتێکی جوانی پێبەخشیوە، سەرکێشیش دیوە نێگەتیڤەکەی لێ داماڵراوە، چونکە ئەم دوو وشەیە لەپەیوەندییە نوێیەکەیان دەتوانین وا خوێندنەوەی بۆ بکەین (سەرکێشییەکی منداڵانە)، واتە دەخوازێ دڵدارەکەی واز لە سەرکێشییە منداڵانەییەکەی بهێنێ، هەروەکچۆن خۆی واز لە ماڵەباجێنەی تەنیایی دەهێنێت پێشتریش لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە و گوتوومانە لەنێو زمانی شیعری داماڵینی وشە و چەمک و هێماکان لە مانا پێشوەختەکان و مانا فەرهەنگییەکان، ئەوە کردەیەکی داهێنەرانەیە، هەروەها د. محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون)، لەڕووی بوونگەراییەوە باس لەم کردەیە دەکات و ئەو بە (هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندن) ناوی دەبات و دەڵێت (پەیوەندی نێوان ئەم دوو خەسڵەتە گرنگە و ناتوانین لە یەکدییان جیا بکەینەوە (هەڵوەشاندنەوە) بەبێ مەبەستی دامەزراندن و لە پێناو هەڵوەشاندنەوە دەبێتە (وێرانکردن)، بەڵام بۆ ئێمە هەڵوەشاندنەوە لە وێرانکردنەوە جیاوازە، چونکە دەمانەوێت لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە بیرۆکەی نوێ دابمەزرێنین و بە ئاکامێکی دیکە بگەین)، هەروەها هەر لە پەیوەند بەم بابەتە ئەوەش دەڵێت کە ئەگەر هەڵوەشاندنەوە دامەزراندنی بەدوادابێت، ئەوا هەڵوەشاندنەوەکە دەبێتە (پڕۆژە)،

واتە پرۆژەیەک ڕوو لە داهاتوو هەروەکو ئەوەی لەو پەیوەندییەی نێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی)، هەڵوەشاندنەوەمان بینی، وشەکان لە مانا پێشوەختی و مانا فەرهەنگییەکانیان داماڵرابوون، لە پەیوەندییەکی نوێ بنیادنرابوونەوە، واتە دامەزرابوونەوە، ئەم هونەرکارییە لە زمان تا ئاستێکی باش قووڵی و جوانکاری بە دەستەواژە و ناوەڕۆکەکە بەخشیوە. کەژاڵ ئەحمەد لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێت:

من ڕێگەی هەموو رۆژێک و
ئەدرێسی ژیانم ئەگۆڕم
بەکۆدێکی زۆر نهێنی
کە دڵتە
تا هیچ کەسێ نەتوانێ بمدۆزێتەوە
کلیلی دڵم ئەشکێنم.

شاعیر لەپێناو بەدیهاتنی خەونێکی گەورە و گەیشتن بەدوارۆژێکی پڕ لەخۆشەویستی لەگەڵ کەسێک کە سوارچاکی نێو خەون و خەیاڵەکانییەتی، ئامادەی هەموو بڕیارێک و هەموو گۆڕانێکە لە ژیان و لە خۆیدا بۆیە، لەسەرەتاوە بڕیاردەدا واز لەماڵەباجێنەی تەنیایی بهێنێت، ئەمیش واز لە دارلاستیکی سەرکێشیی بهێنێت، ئێستا بڕیاریتر دەدات کە ڕێگاکانی هەموو ڕۆژە و ئەدرێسی ژیانی بگۆڕێت، خۆی ون بکات و لەچاوی ئاوەدانی خۆی بشارێتەوە، تەنها بە کۆدێک بدۆزرێتەوە ئەویش دڵی دڵدارەکەیەتی، واتە وەک ئەشقیایەکی شەیدا، لەو زێتر کەسێکیتر ناتوانێ بیدۆزێتەوە. لە دیمەنێکیتری شیعرەکەیدا

دەڵێت:

وەرە بەیەکەوە بژین...
لەناو ئینجانەیەکی زۆر بچکۆڵەدا
کە عاشقێکی خوێنشیرین
لە حەوشەی خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا
دایبنێت و
مامۆستایەک بەتاسەوە بۆنی بکا.

بەپێی ئەم دیمەنە شیعرییە، عەشقەکەیان گەیشتۆتە ئاستێک، کە مانەوەیان لەدووری یەک و لەنێو کونجەکانی تەنیاییدا، سووتان و ئازارێکی گەورەیە، ئازارەکەی هێندە کاریگەر و بەسۆیە کە بەرگەگرتنی کارێکی سانا نییە، بۆیە دڵبەر بە دڵدارەکەی دەڵێت وەرە بەیەکەوە بژین، بەڵام شاعیر ئەم داوایە لەنێو وێنەیەکی شیعری زۆر نایاب و ناسکۆڵە دەردەدبڕی و دەڵێت: وەرە بەیەکەوە بژین لەناو ئینجانەیەکی زۆر بچکۆلانەدا، ئەم دوو عاشقە هێندە تامەزرۆی یەکتری و گەیشتن بەیەکن، هەرشوێنێک بێت، تەنانەت نێو ئینجانەیەکی بچکۆلانەش بێت قەبوڵیانە، دەبن بە دوو گوڵی بۆنخۆش و دەچنە نێویەوە، دەخوازن عاشقێکی خوێنشیرین لە حەوشەی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا) دایانبنێت و لەوێدا مامۆستایەک یان قوتابییەک بەتاسەوە بۆنییان بکات. دیمەنێکی تابلۆیی ڕۆمانسی و پڕ لە هەستی شاعیرانەو بە زمانێکی شیرینی شیعری، بەکارهێنانی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاو) زۆر لەشوێن خۆیەتی و مەودای بیرکردنەوە و ناوەڕۆکی وێنە شیعرییەکەی قووڵتر کردووە، کە لە بەشەکانیتری ئەم دەقە هەڵوێستەی زێتری لەسەر

دەکەین. شاعیر بە هەمان وزە و خەیاڵە دۆزەخییەکانی لەنێو دەقەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێت:

من و تۆ بەیەکەوە بین
هێڵی تەلەفۆنەکانی شار
بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین نابن
من و تۆ بەیەکەوەبین
ئیتر کارەبا نابڕێت و
هەموو رۆژێ ئاو دێتەوە
Googleیش ڕزگاری ئەبێ لەگەڕانمان بەدوای یەکدا و
کچان بۆ تۆ و
کوڕان بۆ من ناتوێنەوە

خۆی لە بنەڕەتدا شاعیر باسی عەشقێکی گەورەمان بۆ دەکات، ئەو عەشقەی دەتوانن مەوداکان ببڕن و لەنێو زەمەندا بمێننەوە، ئەو عەشقەی نەک هەر شایستە بەوەیە شێوەی ژیان و یان خووە هەمیشەییەکانی بۆی بگۆڕی، بەڵکو شایستە بە هەموو قوربانیدانێکیشە. لەنێو کورەی خەیاڵەکانی دوور دوور دەڕوات، تەنانەت بۆ ئەودیو سنوورەکانی خەیاڵ، وایدەبینێ بەیەکگەیشتنی ئەوان و بەیەکەوە ژیانی ئەوان وەک (موعجیزەیەکی گەورە)، یان دەبێتە کلیلێکی سیحری گرێکوێرەی هەموو کێشەکان دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات ژیان دەگاتە ئەوپەڕی کەناری ئارامی. بڕۆننێ لەنێو ڕووبەری خەیاڵ چ فەنتازیایەکی خوڵقاندووە. یان دەڵێت (من و تۆ بەیەکەوە بین هێڵی تەلەفۆنەکانی شار، بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین

نابن.) بەمانای هەموو هێڵی تەلەفۆنەکانی شار و هەموو خەڵکی ئەم شارە بەعەشقی ئەوانەوە سەرقاڵن. تەنها باسی ئەوانە و هیچی تر، گەر ئەوان بەیەکبگەن و بەیەکەوە بژین ئیتر چیتر تەلەفۆنەکان سەرقاڵ نابن بە گوێگرتن لە چیرۆکی ئەم دوو ئەویندارەوە. یان دەڵێت (من و تۆ بەیەکەوە بین، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە)، بەیەک دێڕە شیعر باسی (دوو) گەورەترین کێشەی خەڵکی کردووە (کێشەی ئاو و کارەبا.) بەدیوێک (گەورەیی و ئەفسونی عەشقەکەمان پیشان دەدات، کە بەیەکەوەبوونی ئەوان ئیتر کارەبا نابڕێت و ئاویش دێتەوە.)، بە دیوێکیتر پێمان دەڵێت (کە ئێمە لە نیشتیمانێک دا دەژین خەڵکەکەی (کێشەی ئاو و کارەبایان هەیە.) بەیەکەوەبوونی ئەوان ئەم کێشانە چارەسەر دەبن. بەبڕوای من ناوەڕۆکی ئەم جۆرە دەقانە بە ئەندازەی ئەو عەشقە ئەفسوناوییەی باسمانکردووە گەورەن، یان دەڵێ (گوگلیش ڕزگاری دەبێ لە گەڕانمان بەدوای یەکدا و کچان بۆ تۆ و کوڕان بۆ من ناتوێنەوە.)، لێرەش شاعیرانە ئەو تامەزرۆیی و چەپاندنە کوشندەیەی (کوڕان و کچانی) کۆمەڵگەکەمان باسدەکات، کەژاڵ لێرەدا توانا شیعری خۆی لە ئاستێکی بڵند دەرخستووە، لە دوو وێنەی جوانی (هونەری و شیعری) باسی لە چەندین کێشەی گەورە و بابەتی زۆر گرنگ کردووە وەک (قوتابخانەی تێکەڵاو، هێڵی تەلەفۆن، کێشەی ئاو و کارەبا، سایتی گوگل، باری دەروونی کوڕان و کچان.) بە زمانێکی شیعری پڕ چێژ و سەرنجڕاکێش. شاعیر بەهەمان کڵپە ڕۆمانسییەکانی نێو دەمارەکانی عاتیفە و خەیاڵە تامەزرۆ و ئیرۆسییەکانی دەڵێت:

هەر ئێستا وەرە مارەمکە

بەپێشەکی خەندەیەک و
بەپاشەکی نیگایەکت قایل ئەبم
تۆ (بمهێنە) بۆ ناو قسەیەکی خۆش و
منیش بۆ ناو شیعرێکی کچانە (ئەتەێنم!)
هەر ئەمڕۆ مارەمکە
بەپێشەکی چەپکێ گوڵ و
بەپاشەکی ماچێکی دۆستانە
یان بەسێ جار وتنی وشەی (گیانەکەم)
تەڵاقمدە و تەڵاقتەدەم!

شاعیر دەیەوێت کۆڵنەدات عەشقەکەی بەئاکام بگات و دەستبەرداری ئەو خەونە گەورەیە نەبێت، دەیەوێت ئاکامێکی هەبێت، بۆیە لەسەرەتا داوا دەکات و بانگی دەکات، یان پێی دەڵێت (وەرە بەیەکەوە بژین)، بەڵام هێندە نیگەران و دڵبەسۆیە دەیەوێت ڕەسمیەتێک بەو بەیەکەوەبوونە بدات و بەپێچەوانەی زۆرێک لە کچانی نیشتیمانەکەی هەمیشە خۆی دەستپێشخەر دەبێ، بۆیە بڕیار دەدەت و دەڵێت (هەر ئێستا وەرە مارەمکە.)، بە (دیوێکدا.) بەشێوەیەکی زۆرجوان و بە بیرکردنەوەیەکی هاوچەرخانە ئەو داوایەی خۆی بۆ مارەکردنەکە دەخاتەڕوو و دەڵێت (بە پێشکی خەندەیەک و بە پاشەکی نیگایەکت قایل دەبم.)، یان دیسان گەرمتر و بەتاسەتر پێدادەگرێ و دەڵێت (هەر ئەمڕۆ مارەمکە بە پێشەکی چەپکێ گوڵ و بە پاشەکی ماچێکی دۆستانە.)، بۆ (جیابوونەوەش وشەی (گیانەکەم) بەسەو زێتر هیچی ترنا.)، وەک شاعیرێکی هەستناسک، بەزمانێکی شیرین و بەسۆز، باس لەم بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگانە دەکات بابەتەکانی وەک (هاوسەرگیری و مارەیی

و جیابوونـەوە) لێرەدا ئـەوەش دەبینین کـە عەشـق چ بەهایەکی گـەورەی هەیـە، ماڵـی دنیـا و (هیـچ شـتێک) لەسـەرووی بەهاکانـی عەشـقەوە نابینێـت، بۆیـە (بـۆ بەیەکەوەبـوون و مارەیـی تەنهـا چەپکـێ گـوڵ و ماچێکی دۆسـتانە و دەخوازێت.)، بەودیوە داهێنانێکی گـەورەی کردووە، چ لـەڕووی زمانـی شـیعری و چ لـەڕووی بیرکردنـەوە و نـاوەڕۆک و بیرکردنـەوە هاوچەرخەکانـی، بـەڵام بـە دیوێکـی تـر بـۆ بەیەکەوەژیـان (فۆرمـی مارەیـی و ئیمزاکردنـی پارچـە کاغەزێـک لەبـەردەم دادوەر) تاقـە فـۆرم و تاقـە ڕێگـە نییـە، کـەژاڵ ئەحمـەد فۆرمـی دووەمـی بـۆ (بەیەکەوەبـوون) (نادیـدە) گرتـووە، فۆرمـی دووەمیش بریتییـە لـە بەیەکەوەبـوون و بەیەکەوەژیان بەبێ ئیمزاکردنی هیچ پارچەکاغەزێک و ئەگریمەنت و بەڵگەنامەیـەک یان بەبێ چوونـە دادگا و هیـچ شـوێنێک، تەنهـا بوونـی عەشـق و خۆشەویسـتییەک و ڕەزامەنـدی هەردووکیـان، ئەوەنـدە بەسـە بـۆ بەیەکەوەبوونیـان ئیتـر هیـچ شـتێکیترنا. لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان ئـەم فۆرمـە بـۆ بەیەکـەوە ژیـان وەک فۆرمەکەیتـر لـە ئاسـتێکی بەریـن پیادەدەکرێـت، وەک خێزانێـک چاویـان لێدەکرێـت و منداڵیـش دروسـت دەکـەن و لـەڕووی یاسـاییەوەش هەمـوو مافێکـی خێزانی و یاساییان هەیە، بەمانای تەنها (کچبرادەر و کوڕبرادەر)ن واتە (گێرلفرێند و بۆیفرێند)، هەرکاتێکیش بەیەکـەوە نەگونجێن جیادەبنـەوە، دیـارە لـە هـەردوو بـاردا، ئـەو پارچـە کاغـەزە ئیمـزا بکرێـت یـان نـا، کاتێک خۆشەویستی نەما ئیتر تـەواو، ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت، جا بەیەکـەوە بمێنـن یـان جیاببنـەوە. کـەژاڵ وەک شـاعیرێکی (دژەبـاو)، کـە سـەردەمانێک بـەو ئاراسـتە کاریکـردووە، دەبـوا فۆرمـی دووەمـی نادیدە نەگرتبـا، یـان ئەوەتـا هەرباسـی مارەیی نەکردبـا، بۆ نموونـە (هـەر پێـی لەسەر ئەوە داگرتبا (وەرە با بەیەکەوە بژین.)، یان دەیتوانی بەشێوەیەک

باسی کردبا کە بوارێک بۆ فۆرمی دووەم بهێڵێتەوە، یان لایەنیکەم ناڕاستەوخۆ دەریبڕیبا بۆ نموونە بیگوتبا (وەرە بەیەکەوە بژین (گەر مارەم بکەی یان نا)، من خۆم و دەسکە گوڵێک هەر لە چاوەڕوانیت دا دەبم.)، لێرەدا باس لە هەردوو فۆرمەکە دەکرێت، وەک کەسێکی هاوچەرخ و دژەباو هەردوو فۆرمەکەی قەبوڵ دەکرد، چونکە لای ئەو عەشق و بەیەکەوەبوونەکەیان لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، چونکە کەژاڵ ئەحمەد لەسەرەتاوە، بە دوای کتێبەکانی (بەندەری بەرمۆدا و وتەکانی وتن)ەوە، بە ئاراستەی دژەباوی کاریکردووە، بە دەرەجاتێک لەم کتێبانەش، بەڵام بەتایبەتتر لە کتێبەکانی (قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) یان (ئاوێنەم شکاند)، لەوێدا (کەژاڵێکی جیاواز) دەبینین بەتایبەتیش لە کتێبی چوارەمی (ئاوێنەم شکاند) ئەم دژەباوییە و هاوچەرخییە بە ڕۆشنی ڕەنگدەداتەوە، خۆشی لە زۆرێک لە شیعرەکانی بەم دیدەوە نووسیویەتی بۆ نموونە، شیعرەکانی (ئاوێنەم شکاند، کەژاڵێکی جودا، سەدساڵ غەریبیت دەکەم، نازانم بەبێ تۆ بژیم، بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە و زۆرێک لە شیعرەکانی ئەو سەردەمانەی.)، چونکە بەبڕوای من  مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ناخ و بیروباوەڕەکانی خۆیدا، ئەوەتا (ئەلبێر کامۆ، لە (ئەفسانەی سیزیف)، ڕەخنە لە (گالیلۆ) دەگرێ و دەڵێت (بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ڕاستییە زانستییە بووە وەختێ بووە مایەی هەڕەشە لەسەر ژیانی، گەرچی یەکێک بوو لە گرنگترین ڕاستییە زانستییەکان.)، یان هەر لەوکتێبەدا لەبارەی (شوبنهاوەر)ەوە دەڵێت (وەک بابەتێکی پێکەنین باسی شوبنهاوەر دەکرێ کە چۆن خۆی لەسەر سفرەیەکی ڕازاوە دانیشتووە و کەچی ستایشی خۆکوشتن دەکات)، بۆ ڕەخنەگرتن لەم بیرمەندانەش پشتی بە وتەیەکی (نیچە) بەستووە کە دەڵێت (فەیلەسووف بۆ ئەوەی شایانی

ڕێزگرتن بێت پێویستە خۆی نموونەی ئەو شتانە بێت کە دەیانڵێت.) ئەو قسەیەی (نیچە) بۆ هەرکەسێک و شاعیرێک و نووسەرێکیش هەر ڕاستە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەمان لەو شاعیرە ئازیزەمان ئەوەیە کە بەو ئاراستە دژەباوییەی خۆی سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە و (ڕۆحی فرۆغ و ڕوئیاکانی کەژاڵێکی جودا) لەنێو بیرکردنەوەکانی ئێستای زیندوو و چالاک بکاتەوە.

شاعیر لەنێو دەقەکەی بەهەمان هەست و سۆز و زمانێکی شیعری پڕ لە خرۆشان و چێژ بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

سبەینێ واز
لەخووی خراپی زۆر نووستن ئەهێنم
مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و
لەناو کلۆرە دارێکی پوورەی هەنگا
مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەرئەبەم
فێری وتنی شیرین و
خستنەوەی وەچەی شیرین و
ئاشتییەکی شیرین ئەبم

کەژاڵ ئەحمەد لەو دەقەیدا، وەک ئەوە وایە چیرۆکی عەشقێکمان بۆ بگێڕێتەوە، لەسەرەتا عەشق دواتر (بەیەکەوە ژیان)، دواتر مارەیی و هاوسەرگیری.)، لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەش، لەسەرەتا باس لەگۆڕینی هەندێک خووی خراپ دەکات، بەمانایەک خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی گواستنەوە و ڕۆیشتن بۆ مانگی هەنگوینی، بەڵام بۆ مانگی هەنگوینییەکە (شوێنێکی جودا لە وێنەیەکی بێئەندازەی جوانی شیعریدا) باسدەکات و دەڵێ (مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و لەناو

کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگا مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەر ئەبەم) دیارە شاعیر بەم دیدەوە دەڕوانێ کە (ژیان و عەشق و مرۆڤ) بەهای گەورە و پیرۆزییان هەیە، بۆیە دەبینین لە مارەییەکەش داواکەی تەنها (چەپکێ گوڵ و ماچێکی دۆستانە) بوو، بۆ مانگی هەنگوینییەکەش، داوای هوتێلێکی گەورەی (پاریس و نیۆرک) ناکات، هەرکوێیەک بێت تەنانەت (ناو کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگیش بێت، بەڕاستی خەیاڵێکی ناسک و جوان و شاعیرانەیە، جوانکارییەکی بێوێنەی بەو کلۆرەدارەی پوورەی هەنگ بەخشیوە، لەو وێنە شیعرییە جوانی وەقسە هاتووە، لێرەدا چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشێ، لەسەر چیرۆکەکەی بەردوام دەبێت و دوای مانگی هەنگوینیش (باسی وەچەنانەوە و بەیەکەوە ژیانێکی ئارام دەکات.)، ئیتر هەوڵدەدا لەم کونجی ئارامییە لەگەڵ ئەودا تابۆی بکرێت بۆ درێژماوە بمێنێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات زێتر کار لەسەر خۆی بکات و ئەوشتانەی یان (واز لە خووە خراپەکانی بهێنێت) و وەک دەڵێت (هەر ئەمرۆ واز لەم تووتڕکی تووڕەبوونانەم ئەهێنم کە لەدرکی پەستبوونی تۆ ئەچێ بۆ لەمەودوا گوڵ ئەگریت و گوڵ ئەگرم) ئیتر لێرەوە بەرەو کۆتایی چیرۆکەکە دەڕوات و بەڵام دواجار وێنەی گومانێکی گەورەمان بۆ دەکیشێ و دەڵێت:

ئەگەر دڵت هێندەی دڵم گەورەنییە
بڕۆ وازم لێبهێنە با هەروەکو جاران بژیم

بەمانایەک لەوە دڵنیا نییە کە دڵی (ئەویش) جێگای ئەو عەشقە گەورەیەی تیادەبێتەوە، یان دەتوانێ قەبووڵی ئەو کرانەوە و هاوچەرخییەی بیرکردنەوەکانی ئەو بکات. لەڕاستیدا لەوە دڵنیا نییە و

نازانیٰ، بۆیە بە (ئەگەرەوە) قسە دەكات، مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرن هەرگیز بە باوەڕی موتڵەقی ڕەها لە شتەكان و بابەتەكان ناڕوانن، ئەگەر بە ئاستێكی كەمیش بێت بوارێك بۆ گومانەكان دەهێڵنەوە، لێرەدا كەژاڵ ئەحمەدیش هەروای كردووە.

لەم دەقەدا زمانی شیعری لەسەرەتاوە تا كۆتایی شەونمی چێژ دەردەكات و تەڕو پاراوە، فۆرم و ناوەڕۆكیش لەنێو رووبەری جوانیدا تەریبن بەیەكەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێك قسە لەسەر چەمكی جوانی بكەین، ئەو (چەمكانە)ش كە پەیوەندییان بە جوانییەوە هەیە و ماناكانی جوانی تۆختر دەكەنەوە و مەوداكانی جوانیش بەرینتر دەكەن، هەندێك نموونە و لایەنی جوانكاری ئەم دەقەش بخەینەڕوو. هەروەك لە كتێبی (ئێستیتیكا، Aestheticism)، كە لە نووسینی (ئار ڤی جۆنسن)ە، لە بەشی (شیعر و جوانی)دا هاتووە و دەڵێت (كرۆكی جوانی لەنێو ئەدەبدا لە شیعردا بە ڕۆشنی دەردەكەوێت.)، بە مانای شیعر لە هەموو ژانرەكانیتر زێتر ئیش لەسەر جوانی دەكات، هەر لەو بەشەدا باس لە شاعیر و نووسەر (ئەدگار ئالان پۆ) دەكات، بەتایبەت لە مامەڵەكردن و روئیاكانی ئەو لەگەڵ هەستی ڕاستی و چەمكی ڕاستی لەنێو دەق و نووسینەكانیدا، بە بڕوای ئێمەش چەمكی جوانی پەیوەندییەكی نزیك و بەهێزی هەیە لەگەڵ چەمكی ڕاستی یان ڕاستی گوتن، لەنێو گوتارە شیعری و ئەدەبییەكاندا ڕاستی گوتن، ڕەنگەكانی جوانی تۆخ دەكات و ڕووبەری جوانیش بەرینتر پیشان دەدات، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ڕەوایەتیش بە داهێنان دەدات، چونكە ڕاستی گوتن هەر ئەوە نییە، پەیوەندی بە جوانییەوە هەبێت بەڵكو پەیوەندی بە ئازادبوونی نووسەرەكەش هەیە، واتە كاتێك شاعیرێك یان نووسەرێك لەنێو دەقەكانیان بە زمانی شیعری ڕاستی بەرجەستە

دەکـەن، ئـەوا ئـەو کەسـە لەنێـو ڕووبـەری دەقەکـەی کەسـێکی ئـازادە و لەژێـر کاریگـەری هیـچ هێزێکـی دەرەکیـدا نییـە، چونکـە هـەروەک چەنـد جاریتریـش گوتوومانـە ئـەو کەسـانەی لەژێـر کاریگـەری هێـزە دەرەکییەکانن کەسی ئازاد نین واتە (کەسی نامۆ)ن، کەسانی نامۆش ناتوانـن داهێنـان بکـەن یـان داهێنانەکانیـان دەکەونـە ژێـر پرسـیارەوە، چونکە ئاراستەی جوولەکانی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان دایە، جا ئەگەر لەم دید و ڕوانگەوە قسە لەسەر ئەم دەقە شیعرییەی کەژاڵ بکەین دەبینین زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕیوە، لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە، ئەوەی ئاراسـتەی جوولەکانـی دیـاری دەکات، ئـەوە (تەنهـا) هەسـت و حـەز و خۆزگە و خەونەکانی خۆیەتی، بێگومان بە توانا و هێزێکی شیعرییەوە، بۆیە کەسێکی ئازادە لەنێو ڕووبەری دەقەکەی بەمانایەکیتر تەعبیری لە بیرکردنەوەکانی خۆی (کەژاڵ ئەحمەد) کردووە، بۆیە لە ئاستێکی بـەرز داهێنانـی کـردووە، جوانییەکـی مـەودا فراوانـی بەرهەمهێنـاوە، بـۆ نموونـە دەڵێت (مـن و تـۆ بهیهکهوهبیـن، ئیتـر کارهبـا نابڕێت و هەمـوو ڕۆژێ ئاو دێتهوه) چەند ڕاستگۆیانە و شاعیرانە و بە زمانی شیعری، کێشـەی ئـاو و کارەبـا دەخاتـە ڕوو. ئایـا ئـەم ڕاسـتگۆییە پانتاییەکـی قووڵتـر و بەرینایيەکـی زێتـری بـە ڕووبـەری جوانـی نەبەخشـیوە..؟ ئـەی ئەگـەر بیگوتبـا (مـن و تـۆ بەیەکـەوە بیـن، کارەبـا « هەمیشـە « درەوشـاوەکانی سـەرشـەقام و نێـو ماڵـەکان زێتـر دەدرەوشـێنەوە و ئاویش وەک « هەمیشە «. لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبێ.)، ئەوەی منیـش نووسـیومە بـە دەربڕینێکـی شـیعری و بـە زمانێکـی شـیعرییە، بـەڵام هیـچ جوانکارییەکـی تیـا نابینیـن، چونکـە ڕاسـتیم تیـا نەگوتـووە، چونکە لە نیشتیمانی ئێمە (ئاو و کارەبا) وەک زۆرێک لە پێداویستییە

سەرەتاییەکانیتر خەڵک بەردەوام و (هەمیشە) لێیانەوە بەهرەمەند نین. کەژاڵ ئەحمەد گەر دەربڕینەکانی خۆی بەمشێوەیەی من گوتبا هیچ ئازادییەک و ڕاستگۆییەک و هاوکات ئەو ڕووبەرە بەرینەی جوانیشمان لەنێو دەقەکەیدا نەدەبینی. جا لێرەدا هەوڵدەدەین بەرەو کۆتایی ئەم نووسینەمان بڕۆین و بنەڕەتی مەبەستەکانمان بە چڕی بخەینەڕوو، هەروەک پێشتر گوتوومانە کە زمانی شیعری دەتوانێ یان هێزی ئەوەی هەیە کە قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات و مرۆڤ گەر توانای شیعری هەبێت دەتوانێ تەعبیر لە هەست و خەونەکانی خۆی بکات، یان زمانی شیعری دەتوانێ سوود لە هەر (وشەیەک و چەمکێک) ببینێ و شاعیرانە لە پەیوەندییەکی نوێ بەکاریان بهێنێ بوونی ئەم هێزە ڕشت و گەورەیەی زمانی شیعری، ئەوە (دیوێکی گەردوونییەتی) شیعرمان پیشان دەدات، کەژاڵ ئەحمەدیش لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەی ئەم هێزە گەورەیەی زمانی شیعری پیشانمان داوە و بەرجەستەی کردووە، کە بە زمانی شیعری و لە چوارچێوەی وێنەی شیعری جوان بابەتی زۆر گرنگ و گەورەی باسکردووە، لەسەرەوە باسمان لە زۆربەیان کردووە، وەک (کێشەی ئاو و کارەبا، هێڵی تەلەفۆنەکان و سایتی گوگل و قوتابخانەی تێکەڵاو و مارەیی و هاوسەرگیری و تەڵاق و باری دەروونی کوڕان و کچان و زۆرانیتر)، باسکردن لەم هەموو بابەتە جودا و گرنگ و هەمەجۆرانە لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری، ئەوە ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعریمان پیشان دەدات لە هەمانکات ڕەوایەتی بە ئێمەش دەدات کە بڵێین بوونی ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعری و بوونی مەودا فراوانەکانی ڕووبەری شیعر (ئەوە دیوێکی گەردوونیەتی شیعرە.)، هەروەها (دیوەکەی تری) گەردوونییەتی شیعر لەوەدایە کە شیعر

(خۆی) لەنێو گەردووندا بوون و ئامادەییەکی بەردەوامی (هەبووە و هەیە)، بۆ نموونە خەونەکانی مرۆڤ پڕیەتی لە شیعر بەمانایەک کاتێک مرۆڤ هەستەکانی ناوەوە و خەونە جوانەکانی خۆی باسدەکات لەوێدا، شیعرییەت دەبینین یان، لەنێو هاژەی تاڤگەکان شیعرییەت هەستپێدەکەین، لەنێو گڤەگڤی (با) شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنێو میلۆدییەکانی بولبول و چیکەچیکی چۆلەکە و باڵندەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنێو ورشە ورشی درەخت و دەنگی ڕووبارەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، تەنانەت ئەگەر بە هەستەوە (گوێ لە بێدەنگی بەردیش) بگرین شیعرییەت هەست پێدەکەین، بەهۆی ئەم بیرکردنەوەمان و خستنەڕووی ئەم هەموو فاکتانە دەتوانین بە خەتێکی درشت و گەورە بنووسین (بەڵێ شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە.)، هەروەها دەخوازم ماڵە چراخانییەکەی شیعری (کەژاڵ ئەحمەد)یش هەر ئاوەدان و درەوشاوە بێت، سڵاو لە داهێنان.

**ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**

- کتێبی (من دەبێ خۆم بسمیل بکەم) کەژاڵ ئەحمەد.
- کتێبی (فەلسەفەی بوون) محەمەد کەمال.
- کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) ئەلبێر کامۆ. و: ئازاد بەرزنجی.
- کتێبی (Aestheticism) R.V.Johnson.

## شیعر و ژیاندۆستیی

### خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی: (یاداشتنامەی ماکەوێکی ڕەشپۆش)ی شێرکۆ بێکەس

(شێرکۆ بێکەس) لەنێو ڕووبەری شیعر خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، ئەزموونێک زێتر لەنێو سەدە بەبەردەوام لە داهێنان و نوێبوونەوە. ئەزموونێکی فرەڕەهەند لە فۆرم و ناوەڕۆک، هەر لە پۆستەرە شیعر و چیرۆکە شیعر و شانۆنامە شیعر و ڕۆمانە شیعر و تا دەگات بە فۆرمێکی تایبەت بەخۆی کە ناوی ناوە (دەقی ئاوەڵا)، لەم پێناوەدا بە هەزاران لاپەڕە شیعری پێشکەش کردووین دەتوانین شێرکۆ بێکەس بە شاعیری (هەموو سەردەمەکان) ناوبەرین، بەو مانایەی لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە تا ئەوکاتەی ژیان جێدەهێڵێت، لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکان لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێناندا ئامادەیی بەرچاوی هەبووە. شێرکۆ بێکەس لەڕووی زمانی شیعرییەوەش داهێنانی گەورەی کردووە، خاوەن زمان و وشە و دەستەواژەی شیعری تایبەت بەخۆی بووە. توانای ئەوەی هەبووە کە لەنێو ڕووبەری شیعر هەموو شتێک بە قسەبهێنێ. دار و بەرد و چیا و ئاسمان و مرۆڤ و ژیان و مردن و تەنانەت دۆزەخیش. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی (یاداشتنامەی ماکەوێکی ڕەشپۆش بکەین)، لە ڕاستیدا ئەم دەقە (چیرۆکە شیعرێکە) باسی چیرۆک و مێژوویەکی دیاریکراومان بۆ دەکات. ڕاستگۆیانە پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێ و جوانی و ناشیرنییەکان دەنووسێتەوە. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لەم دەقە شیعرییە، شاعیر بە ڕوئیا و بیرکردنەوەیەکی مرۆیی ئەم دەقەی نووسیوە و (بیرتیژییەکی) گەورە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دەبیندرێ. لەنێو دەقەکەیدا ئەمرۆی

ئێمــەی بینیــوە و خوێندنــەوەی بــۆ کــردووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەم دەقــە نزیکــەی (ســی ســاڵ) بــەر لــە ئێســتا نووســراوە. بۆیــە ئێمــە لــەم دەقــەدا زێتــر قســە و ئیش لــە بــارەی ناوەڕۆکــی دەقەکــە دەکەیــن، لــە ســیاقی خوێندنەوەمــان بۆ دەقەکە پەردە لەســەر هەمــوو دیمەنــەکان هەڵدەدەینــەوە و بە هەناســەیەکی درێژەوە وەک دەقەکە هەڵوێســتە لەســەر ورد و درشــتی مەبەســت و ئامانــج و ناوەڕۆکــی دەقەکــە بــە ئەمانەتــەوە بگەیەنیــن. ئــەوەی لــەم دەقــە بۆ مــن زۆر گرینــگ و جێگای دڵخۆشــیم بــوو کــە شــێرکۆ بێکــەس زۆر بــە ئاشــکرا لــەم دەقــە پێمــان دەڵــێ کــە شــیعر فۆرمێکــی بێدەنــگ نییــە و دەتوانــێ بــە زمانــی شــیعری قســە لەســەر هەمــوو ئــەو شــتانە بکات کــە ژیــان ناشــیرین دەکــەن و ئاســتی شــکۆ و بەهــا مرۆییــەکان دادەبەزێنــن بــۆ ئاســتە نزمــەکان. کــە ئەمــەش پڕەنســیپ و مانیفێســتێکە ســاڵەهایە لەنێــو ڕووبــەری شــیعر و نووســینەکانم ئیشــی لەســەر دەکــەم. شــێرکۆ بێکــەس لەســەرەتای دەقــی (یاداشــنامەی ماکەوێکــی ڕەشــپۆش)دا دەڵێــت:

بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕوا و ڕووی کردۆتە دامێنی شار
ئێستا ئاسمان مشتێ رەنگە و ئەویش خەمێکی مێیینەی
قەترانی وەک کراسەکەی
ئاڵۆز وەکوو کەزییەکانی
سیسیش وەکوو هەردوو گۆنای
ساردیش وەکوو دەستەکانی
تارماییەکی مێینەی لە مەراقدا نووقم بووە
پەنا و پاسێری گرتووە
شەپۆلێکی لەسەرخۆیە و هەنگاو ئەنێ
ئەستێرەیەکی نەخۆشە و

فرمێسکێکی شۆخ و شەنگە و
بەم بوولێلە تەنیا ئەڕوا و ڕوویکردۆتە باشووری شار

وەکو گوتمان ئەم دەقە شیعرییە چیرۆکە شیعرێکە و بوونێکی درامی هەیە، شێرکۆ بێکەس یەکێک لە دیمەنە کۆتاییەکانی چیرۆکەکەی کردۆتە دەسپێکی قەسیدەکەی بە زمانێکی شیعری ناسک و بە دەستەواژەی شیعری سەرنجڕاکێش بەنێو دیمەن و ڕووداوەکان دەچێتە خوارەوە (بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕواو و ڕووی کردۆتە دامێنی شار..)، چیرۆکی ژنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هاوسەرەکەی پێشمەرگە بووە، پێشمەرگەیەکی ئازا و نەبەرد، تا سەرئێسقان عاشق بە خاک و نیشتیمان و ئازادی. پێشمەرگەیەک کە بەسەر پشتی مەرگ بازبازێن دەکات و لە هیچ شتێک سڵناکاتەوە، سەرەنجام گیانی دەبەخشێ بە ڕزگاری کوردستان و دەچێتە ڕیزی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی، لەوکاتەی ئەم واتە (ژنەکە) بەم بوولێڵە تەنیا دەڕوا و ڕووی کردۆتە دامێنی شار، لەوکاتە باشووری کوردستان ڕزگار بووە و شۆڕشگێڕانی سەردەمی شاخ، هاوسەنگەری مێردەکەی گەیشتوونەتە دەسەڵات و لە هەوڵی بە دەستهێنانی کورسی و گەیشتن بە شوێنە بڵندەکانی دەسەڵات و خەریکی ژیانی شاهانەی خۆیانن. ئەوەی بیری لێنەکەنەوە دایک و منداڵ و خێزانی شەهید و مرۆڤە گیانبەختکردووەکانە. بۆیە ئێستا تەنیایی بۆتەماڵی ئەبەدی ئەو، برسییەتی و قوڕسایی ژیان خەمەکانی سەرشانی کردۆتە کێوێکی سەخت، ئێستا لای ئەو (ئاسمان مشتێ ڕەنگەو ئەویش خەمێکی مێینەی قەترانی وەک کراسەکەی سارد وەکو دەستەکانی..)، گیان و دڵی دەتەزێنێ و هیواکانی دەکاتە گەڵا وەریوەکانی بەردەم ڕەشەبایەکی بێڕەحم. ئێستا ئەو (ئەستێرەیەکی نەخۆشە و فرمێسکێکی

شۆخ و شەنگە و بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕواو ڕوویکردۆتە باشووری شار..). ئەو ئێستا لەنێو خەم و هەناسە ساردەکانی جگە لە چەند دیمەنێکی یادەوەری هیچی بۆ نەماوەتەوە ژیان بۆ ئەو بۆتە زیندانێکی گەورەی پڕ لە ژان.

ئەو زامێکی قژدرێژە، چاوەکانی بڕیوەتە ئەشکەنجەی خۆی
چاوەکانی بڕیوەتە، مانگی خوێنی ئاوانەبووی ناو خەیاڵی
(سەری مێردە کوژراوەکەی، ئەوێنی خۆی)
لە چراخانی ئازادی دابڕاوە
لە دارستانی تریقە و پێکەنینی
دەوروبەری دابڕاوە
بێ ئاگایە.. لە هاواری ئاپۆرەی خەڵک
بێ ئاگایە.. لە زەماوەندی ڕووناکی
لە شایی گوڵ
لە لەنجە و لاری گۆرانی
تەنیا ئەڕوا و لەگەڵ ڕابردوو ئەدوێ، لەگەڵ خۆیدا
لەگەڵ بازێکی شەهیدا لەگەڵ (ئەو)دا..

ئەم بەشەش قووڵبوونەوەیە بەنێو خەم و ئازار و زامە قووڵەکانی، شەوە درێژە پڕ حەسرەتەکانی تەنیایی، ئێستا ئەو زامێکی قژدرێژە و چاوەکانی بڕیوەتە ئەشکەنجەی خۆی، چاوەکانی بڕیوەتە نائومێدی بەختی ڕەش و ژیان و ئایندە ڕەشەکەی خۆی، هەر خۆی و هەرخۆی و هەرخۆی، لە دەوروبەر و لە ئاوەدانی تەنانەت لەژیانیش دابڕاوە، کەسێکە فڕێدراوەتە کەنار ژیانەوە، بێئاگایە لەهەموو شتێک (لە هاواری

خەڵک و لە زەماوەندی رووناکی، لە لەنجە و لاری گۆرانی و لە سەمای ئاڵای سەوز و زەرد.). ئەو تەنیایە، لەگەڵ ڕابردوو دەژی، لەگەڵ خەون و خەیاڵەکانی دوێنێ و لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ بازە شەهیدەکەی خۆی، ئێستا بۆ ئەو جگە لەزیندانێکی گەورە هیچی تر نییە، دۆزەخێکی ڕەش و تاریک، دوور لەهەموو ئومێد و خۆشیەکان و شتە جوانەکانی ژیان.

بەم بوولێڵە تەنیا ئەڕواو ڕووی کردۆتە دامێنی شار
« هەبوو نەبوو، ڕۆژانێ بوو
بازەکەی من بەناو بڵێسەدا ئەفڕی
لەبەر گۆپاڵەباران و تەرزەی شووم و چەخماخەی شەقژنی بوو
وەک فریشتە باڵدارەکان
بە دارستانی نێزەدا تێئەپەڕی
ڕۆژگارێ بوو، بازەکەی من، لەو بەرزەوە
ئائەم شارەی لەژێر باڵەکانیا ئەدی
یەکبەیەکی ئەم هەردانە، ئەم لووتکانە
جێ ڕەوگەبوون، بۆ ئەسپە شێکەی هەڵمەتێ
لە دۆزەخی کڵاوسوور و کڵاوڕەشدا
یەکبەیەکی ئەم کۆڵان و شەقامانە
(ئا ئەم سووچە و، ئەم سیلەیە، ئەم بن دارە
ئەو ژێر چەترە، ئەو پەنا پایەی بازاڕە)
جێ نزرگەی ترسناکی کوت و پڕ بوون
بۆ بازڕەقەی خوێنی توورە و بۆ هێرشی
کێڵان و کیفی ئامادە کراوەبوون
بۆ دەرهێنانی دەمانچە و ڕیزی گوللە و

تەقینەوەی نارنجۆکی خێرای دەستی
وەک کزەبایش، لەناکاودا، ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە
بەبێ خشپە، تریفە بوو دەر ئەکەوت و
یان خەوێکی ئێجگار خۆش بوو، لە پڕێکدا پەیدا ئەبوو

ژنە پێشمەرگەیەکی شەهید تەنیاو داماو جگە لە کۆمەڵێک یادەوەری خاوەنی هیچ شتێکی تر نییە، لەم دیمەنەدا وێنەی قارەمانێتی و چاپووکی و زرینگی بازەکەی خۆیمان بۆ باسدەکات و دەڵێت (بازەکەی من بەناو بڵێسەدا ئەفڕی) ئەو دێڕە شیعرە، وێنەیەکی شیعری جوانمان بۆ دەکێشێ، هەرچەندە من وشەی باز زۆر بە گونجاو نابینم، ڕاستە باز باڵندەیەکی چاپووک و بەهێز و هێرشبەرە هەر بۆیەش وەکو هێمایەک بۆ پێشمەرگە بەکارهاتووە، بەڵام باز باڵندەیەکی گۆشتخۆرە و بۆ پەیداکردنی پارچەیەک گۆشت بەناهەق ژیانی باڵندەی تری بێگوناه کۆتایی پێدەهێنێت، کە ئەم دیوەی لەگەڵ پێشمەرگە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ژیان و ئازادیدا تەبا و هاوتەریب نایەتەوە، ئەوەتا دەڵێت: ڕۆژگارێ بوو بازەکەی من، لەوبەرزەوە ئائەم شارەی لەژێر باڵەکانیا ئەدی، یەکبەیەکی ئەم هەردانە ئەم لووتکانە، جێڕەوگەبوون، بۆ ئەسپە شێکەی هەڵمەتی. هەڵمەتبردنی باز و پێشمەرگە، لەڕووی ئینسانییەوە کە لە یەکتری جیاوازن و بۆ ئامانج و مەبەستی جیاوازیشن. بۆیە لەم دەقە شیعرییە وشەی پێشمەرگە گونجاو و شیاوتر بوو، چونکە باز باڵندەیەکە لایەنی نێگەتیڤی هەیە، زێتر لە جەلادەوە نزیکە نەک قوربانی، بەڵام پێشمەرگە مرۆڤێکی قوربانی ستەمدیدەیە. لە چوارچێوەی شۆڕبوونەوە بۆ نێو یادەوەرییەکان وەسف و دیمەنێکی جوانی پێشمەرگەمان بۆ دەکات، لەڕووی (ئازایەتی و قارەمانێتی و

گیانفیدایی و هەموو سیفاتە جوانەکانیتر..). ئا ئەو سووچە، ئەو سیلەیە، ئەو بندارە، ئەو ژێرچەترە ئەو پەناگەیەی بازاڕە، جێنزرگەی ترسناکی کوت و پڕبوون بۆ بازڕەقەی خوێنی تووڕە و بۆ هێرشی کێلان و کیفی ئامادە و کراوەبوون. لەناو ئەم بازبازێنە بەسەر پشتی مردنە و لەنێو ئەم دۆزەخی هەڵمەت و ئاگربارانەدا، جارجارە وەک کزەبا، لەناکاو ئەهاتەوە ماڵ، بەبێ خشپە تریفەبوو دەرئەکەوت. چەند دیمەنێکی جوان و پڕ شیعرییەتە، هێزی عەشق و خۆشەویستیمان بۆ ڕەسم دەکات، ڕەتبوون بەنێو کۆڵانەکانی مردن و گەڕانەوە بۆ ماڵ بۆلای دولبەر. ڕەتبوون بەنێو کۆڵانەکانی ئاگر و گەڕانەوە بۆ نێو ماڵی عەشق.

منیش وەک ئاسکی خەواڵوو ڕائەپەڕیم
هەموو لەشم ئەنیشتە سەر ئاوی ترس و
هەموو جەستەم ئەبوو بەچاو
بە هێواشی لە کەمەرەوە ئەیگرتم
(چەکیش هێشتا بەشانەوە)
باوەشێکی پڕاوپڕی گەرم و تینووی پیا ئەکردم
گەرمیانی ئارەزوومان
وەک بەردی بەر سوورە هەتاو
ئەوسا ئیتر چۆن لاولاوی
سەرپەنجەرەی ژوورەکەمان
تەواو پێمەوە ئەنووسا.. تەواو.. تەواو
مەمکەکانم لەناو چنگیا سپی سپی
وەک دوو تیترواسکی بچووک
شەوقی حەزیان لەسەرگۆوە دائەگیرسا

ڕاستە پێشمەرگە مرۆڤێکە لە جەنگدایە، لەگەڵ کوشتن و مەرگ و خوێن ڕووبەڕووە، لەگەڵ فیشەک و چەک هاودەمە، بەڵام بێبەری نییە لە خەیاڵ و هەستە ئیرۆسییەکان، لە عەشق و خەونە ڕۆمانسییەکان، لە شەوانی پڕ ترس و مەرگاوی دوور لە چاوی شار و مرۆڤەکان بە نهێنی دەگەڕێنەوەماڵەوە یان بۆ باوەشی دولبەرەکانیان (منیش وەک ئاسکی خەواڵوو ڕائەپەڕیم، هەموو لەشم ئەنیشتە سەر ئاوی ترس و هەموو جەستەم ئەبوو بەچاو.) کاتێک دڵەکان وەک بورکان گڕ ئەگرن، هەستەکان وەک ئاگر کڵپە ئەکەن، ئیدی ترس مانایەکی نامێنێ، عەشق ڕێیەکی دەچێتەوە سەر شێتی. (چەکیش هێشتا بەشانەوە). هێندە تامەزرۆ و دڵسووتاو بوو، دووری و تامەزرۆیی ئاگرێکی وەهای لە جەستە و هەناوی بەردابوو، بەرلەوەی چەکەکەی لەشانبکاتەوە (باوەشێکی پڕاوپڕی گەرم و تینووی پیا ئەکردم، وەک بەردی بەر سوورەهەتاو تاوی ئەسەند.) وێنە و دەستەواژەی شیعری جوان، شیعرییەت لە وشەکان دەڕژێ، بەردی بەر سوورە هەتاو، وێنەیەکی جوان و لە شوێنێکی گونجاو بەکار هاتووە و بڕشتێکی جوانی بە دیمەنە شیعرییەکە بەخشیوە (تەواو پێمەوە ئەنووسا. تەواو. تەواو، مەمکەکانم لەنێو چنگیا سپی سپی، وەک دوو تیترواسکی بچووک، شەوقی حەزیان لەسەرگۆوە دائەگیرسا.)، هەستێکی ئیرۆسی و عەشقێکی باڵای مرۆیی، دیمەنێکی ڕۆمانتیک. ئاوێزانبوونێکی شێتانە. دوور لەچاوی ترس و مردن.

وەک خەمی قووڵی هەردووکمان، ماچێکی قووڵ
بینێکی قووڵ، لە دەمەوە، مژینەکە ئەکەوتە ڕێ و
بەناو لەشا، تەزووی درێژەی ئەکێشا

لە کەپرۆکەی ناو ڕیشیشیا
بۆنی کەویڵ، بۆنی ئەشکەوت، بۆنی بارووت
بۆنی کووزەڵەی گوێ چەم و مۆردم ئەکرد
بۆنی گوڵە ئازادەکان
بۆنی مەقەڕێکی شێدار
بۆنی نایلۆن، بۆنی بەتانییە سەوزەکان
لەناو تووکی سەرسینگیشیا
بۆنی تیژی ئازایەتی و
بۆنی ناو سەنگەرم ئەکرد
لە چاویشیا هەموو ڕێگا دوورەکانم ئەدی
تەمی نزمی کەوەکان و ڕاکردنی گوڵ ئەستێرە و تروسکایی
ئاگری شوانی سەر ڕەوەز و بریسکەی جۆگەی
بەرکاوی ئێواران و هەڵبەزینەوەی قەڵبەزە و
ماچی ئاڵی نێوان ئاسۆ و خۆرنشین و.. هەر لە چاویا
ڕەنگی پەڕیوەی ژنانی ناو ئۆردوگام ئەبینیەوە
ڕیزە پیاو و ڕیزە زیل و ڕیزە چادر
سەروو سیمای دوا شەهیدمان
دارتەلی سەر ئێزگەکەمان

لەم دیمەنە شیعریەش بەنیو قووڵایی هەستە ڕۆمانسی و ئیرۆسییەکان شۆڕدەبێتەوە، جووڵە و ئاوێزانبوون و توانەوە لەنێو هەستێکی کوشندەی لەزەتی و ڕۆحیدا (وەک خەمی قووڵی هەردووکمان..) دوو جەستەی تامەزرۆ. دوو جەستەی شەکەت لەنێو شەوانی تەنیایی و چاوەڕوانی. وێنەی چرکەکانی بەیەکگەیشتن و کردنەوەی لغاوی

ئەسپی تامەزرۆیی و ئارەزووە چەپێندراوەکەی ڕۆح. (بینێکی قووڵ، لە دەمەوە، مژینەکە ئەکەوتە ڕێ و بەناو لەشا، تەزووی درێژەی ئەکێشا...) لەسەرەتا بە ماچ و مژینی جەستە و دەست و پەنجەکان و مەمکەکان دەستی پێئەکرد و تەزووی ئەم هەستە شێتانەییە هەموو جەستەی دادەگرت و ئاگری ئارەزووە تینووەکان کڵپەیان دەدا و گڕیان دەگرت. ئیتر لەپاڵ ئەم چرکە ساتە ڕاموسانییە، شێرکۆ بێکەس دەیەوێت وێنە و ژیانی پێشمەرگایەتیمان بۆ بکێشێ و پیشانی بدات، بەو دێڕە دەست پێدەکات (لە کەپرۆکەی ناو ڕیشیشیا. بۆنی کەوێڵ، بۆنی ئەشکەوت...) زۆر شاعیرانە دوو دیمەنی جیاوازی تێکەڵ بەیەک کردووە، لەنێو چرکەساتی ڕامووسانییەکی گەرم، لەڕێگەی هەستکردن بە بۆنەکان دیمەنێکیتر کە جوگرافیا و شێوە ژیانی پێشمەرگەمان بۆ ڕەسم دەکات. ئەم چیرۆکە شیعرە سەرەتاکەی بە خەباتی شاخ دەست پێدەکات، زەمەن زەمەنی دوای شۆڕشی ئەیلولە، ئەوەی لە مێژوودا بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناوبراوە، سەرکەوتنی ئەم شیعرە و جوانی و وێنەکان و دیمەنەکان لەوەدایە کە شاعیر خۆی بەشداری لەو شۆڕشەدا کردووە و شارەزاییەکی باشی لە جوگرافیا و شێوە ژیانی پێشمەرگە و کەلەپووری شۆڕشدا هەبووە، ڕاستی ئەم گوتنەمان لە دێڕە شیعر و دەستەواژە شیعرییەکان بە ڕۆشنی دەبینین (بۆنی کەوێڵ، بۆنی ئەشکەوت، بۆنی بارووت، بۆنی کووزەڵەی گوێی چەم و، بۆنی گوڵە ئازادەکان..) لەکاتی ماچ و ئاوێزانبوون و یەکتر بۆنکردن، لە ڕیش و جەستەی دڵدارەکەی بۆنی هەموو ئەو شتانەی دەکردن کە لەسەرەوە نووسیومانە. بۆنی ئەشکەوت، بۆنی باروت، بۆنی کووزەڵەی گوێی چەم. لەبۆنکرانی کەلوپەلی ژیانی سادەی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و دەڵێت (بۆنی مەقەڕێکی شێدار، بۆنی

نایلۆن، بۆنی بەتانییە سەوزەکان.)، مەقەڕێکی شێدار و بۆنی نایلۆن و بەتانییە سەوزەکان، ڕێک وێنەی مەقەڕی پێشمەرگەمان دێتە بەرچاو، دیمەنێکی ڕۆشن. وێنەیەکی شیعری جوان، من پێموایە ئەگەر شێرکۆ بێکەس خۆی پێشمەرگە نەبا و لە نزیکەوە بەشێک نەبا لەو ژیانە، ئاوا سەرکەوتووانە نەیدەتوانی ئەم دیمەن و وێنانەمان بۆ بکێشی. ئیتر زێتر بەنێو وەسفکردنی کەسەکان و ئەم شێوە ژیانە شۆڕدەبێتەوە و درێژەی پێدەدات (لەناو تووکی سەرسینگیشیا، بۆنی تیژی ئازایەتی و بۆنی ناو سەنگەرم ئەکرد، لە چاویشیا هەموو ڕێگا دوورەکانم ئەدی.)، لێرەشدا باسی ئازایەتی و نەبەردی پێشمەرگە و دڵسۆزیی و وەفادارییان بۆ خاک و نیشتیمان و ئازادی. هەروەها بیروباوەڕ بە ئومێدێکی گەورە بە خەبات و تێکۆشان و سەرکەوتن، لە چاویشیا هەموو ڕێگا دوورەکانم ئەدی، بێگومان لەبەردەم میللەتێکی ستەمدیدە ڕێگاکانی سەرکەوتن و ئازادی دەکرێ دوور و مەودا فراوان بن، مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنی و ئازادییەکان لە چنگی دیکتاتۆر و مرۆڤە دڕندەکان وا بەسانایی نایەتە دەرێ. ئیتر لەم چیرۆکە شیعرە وێنەی هەموو زەمەنەکان و شوێنەکانمان بۆ دەکێشێ (ڕەنگی پەڕیوی ژنانی ناو ئۆردوگا و ڕیزە پیاو و ڕیزە زیل و ڕیزە چادر.) دوای ئەنفال و تێکدان و خاپوورکردنی گوندەکان، پێشمەرگە دەڕۆنە سەرسنوورەکان و ئەودیو سنوورەکان و لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ دەبن، ئەم وێنانەمان یەکبەدوای یەک وەک فیلمێکی شیعری پیشان دەدات، تا دەگاتە (سەروو سیمای دوا شەهیدمان، دارتەلی سەر ئیزگەکەمان) شاعیر زۆر وردبینانە دیمەن و وێنەکانی کێشاوە، تەنانەت دارتەلی سەر ئیزگەکەیانی بیر نەچووە، ئەو ئیزگەیەی پێشمەرگە و هەموو خەڵکی دەهێنایە جۆش و خرۆش.

لە چاوانیا چارەنووسێکی پایزە وەکوو گەڵا لەرەی ئەهات
لە چاوانیا مەرگی شیعرێکی نازدارم ئەخوێندەوە
خەمی باڵگرتووم ئەبینی
خوێنی ئەستێرەم ئەبینی
لە چاوانیا خۆرنشینی خۆم ئەبینی. خەوم ئەدی
لەناو گەمیەی هەرێکدام و هەرچوار دەورم هەمووی گڕە
خۆم ئەبینی پەڕەسێلکەم تەنیا تەنیا ماومەتەوە
هەمووجارێ لە چاوانیا
چارەنووسێکم ئەبینی و لێی ئەترسام
لە ناوەڕاستی هۆدەدا بە چوارمەشقی دائەنیشتین
هەرچوار ئەژنۆمان ئەنووسان بەیەکەوە
لە دوو گوڵدانی پڕ لەگوڵ، پڕ لە خەم و پڕ لە خەون و
پڕ لە ئازاری سوور ئەچووین

لەم دیمەنەش پارادۆکسێکی شیعری ناوازەمان بۆ دەنەخشێنێ، لە چرکەساتی ئاوێزانبوون و تێکەڵاوبوون. لەنێو قووڵایی خۆشییە ڕۆح بزوێنەکان لە هەستێکی دەروونی نادیارەوە مەسیجی خەمناکی دێتە گوێ، وێنەیەکی تاریک دێتە پێشچاوی، ئایندەیەکی خەفەتبار دەخوێنێتەوە، ئەم هەموو پێشبینییە ترسناکەش لەنێو چاوەکانی بازەکەی خۆی دەبینێت (لە چاوانیا چارەنووسێکی پایزە وەکو گەڵا لەرەی ئەهات، لە چاوانیا مەرگی شیعرێکی نازدارم ئەخوێندەوە، خەمی باڵگرتووم ئەبینی، خوێنی ئەستێرەم ئەبینی) وەک ئەوەی چاوەکانی قسەی بۆ بکەن و باسی ئایندەی بۆ بکەن، چارەنووسێکی پایزە، چ دەربڕینێکی شیعری و جوان و ناوازەیە، خەمێکی پڕ لە ئێستیتیکای شیعری، پڕ لە ئاوازێکی حەزین، یان

خوێنی ئەستێرەم ئەبینی، وێنەیەکی شیعری و دەستەواژەیەکی شیعری جوان و ناسک، هەستە نادیارەکانی درێژە بە خوێندنەوەی پێشبینییەکان دەدەن تا ئەو ڕادەیەی بڵێت (لەناو گەمیەی هەورێک دام و هەرچوار دەورم هەمووی گڕە، خۆم ئەبینی پەڕەسێلکەی تەنیا تەنیا ماومەتەوە.)، لێرەدا ئەوە دەبینین کە شیعر و شاعیر هێزی ئەوەیان پێیە کە ئاینده بخوێننەوە، ئیدی دوای هەستکردن بەم خەیاڵ و پێشبینییە خەمناک و ترسناکانە، لەوساتەدا ماچ و مژین و تێکئاڵان دەبوو بە وردبوونەوە لەچاوانی یەکتری و داماو و حەپەساو (لە ناوەڕاستی هۆدەدا بە چوارمەشقی دائەنیشتین، هەرچوار ئەژنۆمان ئەنووسان بەیەکەوە، لە دوو گوڵدانی پڕ لە گوڵ، پڕ لە خەون و پڕ لە ئازاری سوور ئەچووین.) ئیتر لێرەدا خۆشەویست بە وردە گەڵای ترس و خەم و ئازار دادەپۆشرا، خەونەکان پڕ لە تریفەی شێواو و بەهارێک پڕ لە سەوزاییەکی خەفەتبار، تێڕامانە قووڵەکان لە چاوانی یەکتری، ئاکامەکان دەبوون بە گوڵدانێک، بەڵام گوڵدانێکی خەماوی و پڕ لە خوێنی ئەستێرەکان و پڕ لە گوڵ و پڕ لە خەون و خەفەتی سووری پاییزی .

قسەی ئەکرد
تۆو کانی، تۆو درەخت..
تۆو بەردم، بە قەد یەک خۆش ئەویَ!
ئەمپرسی:
-کامما‌ن، تۆزقاڵێ لە کاممان زیاتر. گیانە؟!
ڕائەما، ئەیڕوانییە دارەڕای ژوورەکە
لەو ساتەدا دەم و چاوی
لە کوختێکی ناو تەم ئەچوو

-زیز مەبە، بەرد زیاتر. ئاو زیاتر. دار زیاتر؟!
- ئۆە، گیانە. کە بەردمان لە دەست چوو. ئێمە چین؟!
کە ئاومان فەوتی کرد. ئێمە چین؟!
ئەوینێ بێ بەرد و بێ ئاو بێ درەخت کوا هەیە؟!
یەک چرکە ئازادی و دوای ئەوە بابمرم!
لێڵ مەبە!. ئەوینی من و تۆیش
لە ڕوونی ئاودایە!
لە خوڕە و هاژەی سەربەستی ئاودایە
تەماشا! دیلێتی ناهێڵێ
تێر سەیری یەک بکەین!
ژێردەستی ناهێڵێ. لە ماڵی خۆیشمان
بۆ تاوێک بسرەوین!
ئازادیی ئاسمانە.. بارانە و هەتاوە
بێ ئاسمان.. کام خۆر و کام تیشک و کام باران؟
ئازادی خاکیشە
ئازادی خەڵکیشە.. مێژوویشە
کە نەبوو چی هەیە؟! ئەمە نانە؟!
یان ژەهر؟

ئیتر دوای هێوربوونەوە لەنێو تێکەڵاوبوون و ڕاموسانی و ماچ و دەستبازی و ئارامبوونەوەی هەستە ئیرۆسییە گەرمەکان، کاتی لەچاوانی یەکتر ڕوانینەوە نوێکردنەوەی بەڵێنەکانە بۆ ئایندە و بەردەوامبوون، گەیشتن بە وەرزێکی نوێی عەشق و ژیانێک لەژێر ساباتی ئازادیدا، بێگومان گەیشتن بە کاروان سەرای ئازادی، ڕێگاکان

تەخت و نزیک و بێ قوربانی نین. بۆیە هەمیشە لەساتی ڕوانین و بیرکردنەوەکان ترس و گومان و پێشبینییە خەمناکەکان پشکۆکانیان دەردەکەون، بەڵام ئەمان هەمیشە بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ عەشق و ژیان و بوون و بەهای مرۆڤ دەکەن. (تۆو کانی. تۆو درەخت. تۆو بەردم، بەقەد یەک خۆش دەوێ.) خۆشەویستی لەخاک و نیشتیمان جیاناکرێتەوە، خاک و نیشتیمان و مرۆڤیش بەبێ ئازادی بەهاکانی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە لێرەدا عەشقێک دەبینین، پڕ لە پیرۆزی بەها مرۆییەکان، بەڵام ئەم بە نازێکی کچانەوە دەڵێ (کاممان، تۆزقاڵێ لە کاممان زیاتر. گیانە؟!)، پێشمەرگەیەکی وشیار، دڵسۆز بۆ خاک و نیشتیمان و مرۆڤ، تا سەرئێسقان عاشق بە چاوەکانی دولبەر، بەڵام لای ئەو عەشق بەبێ ئازادبوونی بەرد و درەخت و ڕووباری نیشتیمان بوونی نییە، عەشق بەبێ ئازادی بوونی نییە، چونکە ئەو لەوە بە ئاگایە کە بوونی مرۆڤ بەبێ ئازادی بوونێکی نامۆ و ناکاملە، بۆیە بەم وشیارییە قووڵەوە بە ڕاستگۆیانە پێی دەڵێت (زیز مەبە! بەرد زێتر. ئاو زیاتر. دار زیاتر. ئۆە گیانە کە بەردمان لە دەستچوو ئێمە چین!، ئەوینی بێ بەرد و بێ ئاو و بێ درەخت کوا هەیە.؟)، مرۆڤ کە ئازاد نەبوو نە بوونی نە ژیانی نە عەشق و خۆشەویستییەکەی، تەنانەت هەموو پەیوەندییەکانی خاڵی دەبنەوە لەسەروەری بەهای مرۆیی، بۆیە بە ڕاشکاوانە ئەم ناخەی خۆی لە قووڵایی مەعریفەوە بۆ ڕادەگەیەنێت و دەڵێت (یەک چرکە ئازادی و دوای ئەوە با بمرم.)، لەم دێڕەدا تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ بوون و مرۆڤ و بەها مرۆییەکان دەبینین تەنانەت بۆ عەشقیش، چونکە وەکو گوتمان هیچکام لەوانە نەبوون نە مرۆڤبوون نە بەهای مرۆیی نە عەشق بەبێ ئازادی ناگەنە ئاستی سەروەری و ڕەسەنبوون، ئیتر

بۆیـە دەڵێـت (لێـڵ مەبـە، ئەوینـی مـن و تۆیـش لـە ڕوونـی ئاودایـە، لـە هـاژەی سـەربەسـتی ئاودایـە، تەماشـا! دیلێتـی ناهێڵـێ، تێـر سـەیری یـەک بکەیـن، ژێـر دەسـتی ناهێڵـێ بـۆ تاوێـک بسـرەوین، ئـازادی ئاسـمانە بارانـە و هەتـاوە)، ئیتـر لەکۆتایـی ئـەوە دەردەخـات کـە هیـچ شـتێک بەبـێ ئـازادی بەهایەکـی ئەوتـۆی نییـە، دیلێتـی ژێردەسـتەیی پـەت دەخاتـە گەردنـی هەمـوو شـتێک، تەنانـەت ناهێڵـێ مرۆڤەکان بـە ئارامـی سـەیری یەکتریـش بکـەن. هەمـوو شـتەکان مانـای ڕاسـتەقینەی خۆیـان لەدەسـت دەدەن، بۆیـە ژیانێکـی لـەم شـێوەیە بـە هەڵدانـی پیاڵـە ژەهـر دەزانێـت.

(بازەکەی من شاعیریش بوو...
هەموو جارێ دوا شیعری خۆی
لەگەڵ دوا دووکەڵی مەزرا و
لەگەڵ دوا زریکەی بەرد و
لەگەڵ دوا گریانی باخدا بۆ ئەهێنام)
بازەکەی من ئەو شیعرانەی کە ئەینووسی
قووڵ بوون. وەکو دەریاچەکان
سادەیش بوون وەکو گوڵە کێوی
بازەکەی من لە نوێخوازەکانی ژیان بوو
ئەو نەئەچوە بەر ئاوێنە کۆنەکانی زمان
لای ئەو وشە زیندەوەر بوو
لای ئەو ڕستە مەرجدانەوەی مەراق و
زەنگی مێشک و وەکو گڕکان
ساتە وەختێکی خەتەر بوو

دوو عاشقی سەرکێش، پڕ لە ئەوین و مرقبوون، پڕ لە وشیاری بۆ ژیان و بوون، بە ئازادی بەهاکانی جوانی، بەشێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە دڵدار واتە پێشمەرگەکە، بازەکەی نێو دەقەکە، کەسایەتییەکی شاعیر بووە، کەسایەتییەک کە لەپاڵ چەکەکەی شانی هەمیشە قەڵەمێک و دەفتەرێکی بچکۆڵەی لە گیرفانەکانی بووە، بۆ نووسینەوەی هەستەکانی خۆی بە کردنی بیرکردنەوە خەیاڵە گەرمەکانی و تامەزرۆیی و مەراقەکانی بە شیعر، یان تێکەڵکردنی خەیاڵ و هەستەکانی بە تەوژم و جووڵەکانی جوانی. بازەکەی ئەو شاعیر بوو، بۆیە پڕ بوو لە هەستی مرۆیی و عەشقی مرۆیی و خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆیی، بە مانایەک زێتر ڕۆچوون لەگەڵ خەیاڵەکان و بینینی هەستە شاراوەکان و گەرد و پێکهاتە وردەکانی خەون و بەهاکان، چۆن شاعیرێک شاعیرێکی نوێخواز و مۆدێرن. نوێخواز بۆ دنیابینی شیعر و نووسین و زمان، هەروەها مۆدێرن بۆ تێگەیشتن لە بوون و ژیان و مرۆڤ و مێژوو و هەموو چەمکە گرینگەکان (بازەکەی من شاعیریش بوو، هەموو جارێ دوا شیعری خۆی، لەگەڵ دوا زریکەی بەرد و دواگریانی باخدا بۆ ئەهێنام.)، شاعیرێکی مرۆڤدۆست و ژیاندۆست، هەمیشە لەپاڵ جوانییەکانی ژیان خەم و ئازار و ژانە قووڵەکانیش دەنووسیتەوە، بەتایبەت شاعیرێک لەنێو جەرگەی خەبات و تێکۆشان لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیدا، ئیتر دەبێ گڕو تینی وشەکانی ئەم شاعیرە عاشق و هەست ناسک و ژیاندۆستە چ ئاگرێکی پڕ کڵپە و هەڵچوون و شەپۆل ئاسابێت..؟ (بازەکەی من ئەو شیعرانەی کە ئەینووسی، قووڵ بوون. وەکو دەریاچەکان، سادەیش بوون وەک گوڵە کێوی...، لای ئەو وشە زیندەوەر بوو، لای ئەو ڕستە مەوجدانەوەی مەراق و زەنگی مێشک و ساتە وەختێکی خەتەر بوو)،

(نموونەیەکی بچووک لە شیعرەکانی بازەکەی من)
سەری من بەم ئاسمانە نەوییە بەم ئاسمانە زەلیلە
ڕازی نابێ
سەری من تۆپی ئاگر و گلۆلەخەمێکی یاخییە
یان نارنجۆکێکی ناو دەستەکانی ئازادیی
ئەبێ ئەم مێژووە تاریکانە. ئەم بەهەشتە ڕەشانە
لە خوێنەوە ڕووناکییان بۆ بەرین
بەڵام ئەشبێ بە مردنێکی درێژدا تێپەڕین
ئینجا بگەیتە...
(بازەکەی من ئەم شیعرەی
بە ناتەواوی بۆ بەجێهێشتووم)

لێرەدا نموونەیەک لە بازەکەی خۆیمان بۆ دەنووسێتەوە، نموونە لە شیعرێکی تەواو نەکراو، یان ناتەواو، بەرلەوەی خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەم کۆپلە شیعرەی شاعیرە عاشقەکە بکەین کە پێشمەرگەیە و لەسەنگەری خەبات و تێکۆشانایە لەپێناو ڕزگاری نیشتیمان و بەدەستهێنانی ژیانێکی ئازاد. (بازەکەی من ئەم شیعرەی بە ناتەواوی بۆ بە جێهێشتووم)، وشەی (ناتەواو)، وشەیەکە هێمای جۆراوجۆر و خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئایا بۆ ئەو شیعرە بە ناتەواوی بۆی جێهێشتووە، ئایا هەرخۆی شیعرەکەی تەواو نەکردووە، یان شاعیرەکە گەیشتە لای هاوڕێ گیانبەختکردووەکانی وماڵئاوایی لە دولبەر و شیعر و ژیانکردووە، لە سیاقی خوێندنەوەمان لە بەشەکانی کۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارانەمان وەردەگرینەوە. شاعیرێکی نوێخواز و مرۆڤدۆست، نیشتیمانپەروەر و ژیاندۆست،

عاشق و ئازادیدۆست، بێگومان شاعیرێکی لەمجۆرە هیچ گومانێکی تیانییە، شاعیرێکی یاخیش دەبێ، چونکە نوێخوازی ڕەگێکی دەچێتەوە سەر یاخیبوون، یاخیبوونیش لە وشیارییەوە گەراکانی سەردەردێنن، بەمانای بازەکەی ئەو (شاعیرێکی نوێخواز و یاخی و وشیار بوو.)، بۆیە شیعرەکانی پڕبوون لە عەشق و شەیدابوون بۆ ئازادی و هەستە گەرمەکانی یاخیبوون، ئەوەتا بە ڕوونی دەڵێت (سەری من بەم ئاسمانە نەوییە بەم ئاسمانە زەلیلە ڕازی نابێ.)، ژیانی ژێر دەستەیی و ستەمدیدەیی ژیانێکە لە ئاستێکی نزم، خاڵییە لە ئازادی و جوانی و بەها مرۆییەکان، شاعیر ژیان لەئاستێکی نەوی و نزمی لەمجۆرە رەتدەکاتەوە، هەمیشە بەرامبەر ستەم و زۆرداری دەڵێت (نا). چونکە ئەو کەسێکی یاخی و بە جەربەزە و دلێر و ناڕازییە، شاعیرێکی جوانبین و هەست ناسکە، ناتوانێ عەشق و ژیانی بەبێ ئازادی قەبووڵ بکات ئەوەتا دەڵێت (سەری من تۆپی ئاگر و گلۆڵە خەمێکی یاخییە)، ئەو پێیوایە لە ئاکامی هەوڵدان و کۆشش و خەبات دەبێ شەوە تاریکەکان ڕووناکبکرێنەوە، شوێن و کونجە تاریکەکان ڕووناکییان پێبگات (ئەبێ ئەم مێژووە تاریکانە، ئەم بەهەشتە ڕەشانە لە خوێنەوە ڕووناکییان بۆ بەرین)، دەکرێ بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزانە نەگەینە کۆتایی ڕێگا و سەرکەوتنەکان بەچاوی خۆمان نەبینین و خەونەکانمان لەگەڵ خۆمان ببەینە ژێرخاک. (بەڵام ئەشبێ بە مردنێکی درێژدا تێپەڕین).

بازەکەی من، وەک کزەبا چۆن لەناکاو پەیدا ئەبوو
هەروایش لەپڕ: بەبێ خشپە، وەک کشانەوەی تریفە
وەک گەڕانەوەی تارمایی و سێبەر و خەو، دیار نەئەما

لە پڕێکدا ئاوا ئەبوو، ئەچۆوە ناو ڕۆحی چیا
ئەبۆوە بە، گوڵی چواڵە، بەدار هەنار، ئەبوو بە
زنە و بە ڕەگ و بە سروودی دەم دار بەڕوو
ئەچۆوە ناو تەمتوومانی ئەودیو کەژە بێدەنگەکان
ئەچۆوە ناو جریوەی دوور، ئەچۆوە ناو خەونی
گوند و لە خۆڵەمێشدا ون ئەبوو
ون ئەبۆوە. ئەهاتەوە. ون ئەبۆوە

پێشمەرگە و ژیانی پێشمەرگایەتی ژیانێکی نائارام و ناجێگیر بوو، ژیانێکی کۆچەری، وەک ڕەشەبا و زریان، ژیانێک بوو لەنێو دیار و نادیار، هەڵاتن و ئاوابوون، یان ئاوابوونی ئەبەدی. (بازەکەی من وەک کزەبا لەناکاو پەیدا ئەبوو، هەروایش لە پڕ، وەک گەڕانەوەی تارمایی و سێبەر و خەو دیار نەئەما.)، عەشقێک لەنێوان دوو مرۆڤی عاشق و شەیدا بۆ ژیان و ئازادی، دڵی خۆیان و عەشقەکەیان هەمیشە لە چنگی مەرگ دابوو، هەمیشە هەناسواری و نائارام، ترس و نیگەران و خەمی دابڕان، چاوەڕوانییەکی کوشندە، گەمەیەک لەنێو بازنەی دەرکەوتن و ونبوونەوە، هاتن و ڕۆیشتن، گەڕانەوە بۆ ناو تەمتوومانی ئەودیو کەژە بێدەنگەکان، چوونەوە ناو جریوە دوورەکان، ونبوون لەناو خۆڵەمێشی مەرگ.

بازەکەی من بوومەلەرزەی، لەبن دەستی
دێوی سپی و دێوی ڕەشی ئەم شارەدا
ئەچاند ئینجا ون ئەبۆوە
لە سەفەری گردی ڕەشدا هەموو جارێ

کەمەندی ئەو بێچووە درنجێکی ئەگرت
هەموو جارێ لە چەقی ئەم جادانەدا
بۆ داڵێکی ئەم مەڵبەندە
بۆ ئەرژەنێ
بۆ عەزیایەک
دۆزەخێکی نوێی دائەخست
بازەکەی من لە دوا ئێوارەی فڕیندا
لە دوا ساتەوەختی نێوان گەشانەوە و هەڵوەریندا
وەختێ لەگەڵ ڕەوتی خێرای
جوانووە ژانێکی سپیدا لە شاخەوە
بەرەو بنار دائەگەڕا و
شۆڕ ئەبۆوە بەرەو ناوشار
ئەو چرکانەی
تراویلکەی لەرزیوی پێش هەردوو چاوی
سیمای ئاونگاوی منی
دوور و نزیک پیشان ئەدا
مردن لە شێوەی داوێکدا
ئەگاتە بەر هەردوو قاچی و
دێتەوە یەک!
باز ئەگیرێ و
باڵەکانی شەتەک ئەدرێ و
ئەخرێتە ناو زیندانێکی گەڕۆکەوە و
دوور دوور ئەبرێ

لـەم بەشـەدا دەسـت و بـازوو و هێـزی پۆڵایینـی پێشـمەرگە ڕەسـم دەکات، ئـەو تـرس و تۆقـان و سـام و لەرزینـەی لـە دڵـی ئەژدیهـا و دوژمنـە دڕندەکان دروسـت کردبوو، وا پێدەچێت، پاڵەوانـی ئـەم چیرۆکـە شـیعرە بازەکـەی ئـەو، یەکێـک لـەو پێشـمەرگە چاپـووک و قارەمانانـەی، یەکێک بێت لـە شـانە و دەسـتەی پارتیزانـەکان. هەردەمێک لـە شـوێنێک زەبـر وەشـاندن لـە دێـو و ئەژدیهاکانـی سـەر بـە ڕژێـم و دەسـەڵات، لـە گونـد و لادێ و ڕێـگاکان و جـادە و نـاو شـارەکانیش. بـە تاکتیکـی شۆڕشـگێرانەی سـەردەم و دەستڕاگەیشـتن بـە هەمـوو کەلێـن و قوژبـن و شـوێنێک (بازەکـەی مـن بوومەلـەرزەی لەبـن دەسـتی دێـوی سـپی و دێـوی ڕەشـی ئـەم شـارەدا ئەچانـد) یـان (هەمـوو جـارێ لـە چەقـی ئـەم جادانـەدا بۆ داڵێکی ئـەم مەڵبەنـدە، بۆ ئەرژەنـێ، بۆ عەزیایـێ، دۆزەخێکـی نوێـی دادەخسـت.)، هێـزی پێشـمەرگە بەتایبـەت دەسـتەی پارتیزانـە دلێـر و قارەمـان و گیـان لەسـەردەستەکان، وەک دەڵێن قەیسـەرییان لـە دێو و ئەژدیهاکانی دەسـەڵات کـرد بوو بە کونـە مشـک، تا ئاسـتی ئەژنۆ لەرزین لەنێو تـرس و دڵەڕاوکـێ و تۆقین دابـوون، لـە هەرکاتێـک لەهـەر شـوێنێک ئاسـایی بـوو بکەونـە ژێـر هێرشـی نەبەردانـەی پێشـمەرگە و دۆزەخێکـی واقعـی بـە چـاوی خۆیـان ببینـن، بـەڵام دواجـار بازەکـەی ئـەو وەک بـازە چاونەتـرس و گیـان لەسـەر دەستەکانی هاوڕێگای خـۆی، لـە ئێوارەیەکـی فڕیندا (لـەدوا ساتەوەختی گەشـانەوە و هەڵوەریندا.)، دەکەوێتە نێو بۆسـە و باڵەکانـی دەبەسـترێ و دەیخەنـە نێو قەفـەزی زیندانـەوە. (بازەکـەی مـن، وەختـێ لەگـەڵ ڕەوتـی خێرای جوانـووە ژانێکـی سـپیدا لـە شـاخەوە، بـەرەو بنـار دائەگـەڕاو شـۆڕ ئەبـۆوە بـەرەو ناوشـار.) ئیتـر ئـەو چرکـە سـاتەی کـە دڵـی گـەورەی ڕائەچڵەکـێ و دەمارەکانـی هەسـت بەلەرزیـن دەکـەن، پێشـهاتێکی خەمنـاک، دڵتەنگیـی و خەمۆکییـەک جەسـتەی دائەگرێ و (لـەو

چرکانـەی تراویلکـەی لەرزیـوی پێـش هـەردوو چـاوی، سـیمای ئاونگـی منـی، دوور و نزیـک نیشـان ئـەدا، مـردن لەشـێوەی داوێکـدا ئەگاتـە بـەر هـەردوو قاچـی.)، چەنـد سـەخت و ئەسـتەمە وەسـفکردنی ئـەم دیمەنـە، کێشـانی وێنـەی مەعشـوقەکەت لەنێـو بازنـەی مەرگـدا، ئـەو چرکەسـاتە دەروونـە ڕەهیبـەی کـە ئەژنـۆ ناتوانـێ خـۆی لەبەرامبـەردا ڕابگـرێ، کوژانـەوەی ڕووناکییەکانـی خەونـە گـەورەکان، ئاوابوونـی خۆرەتـاو و ئەستێرەکانی ئومێد، چەند سـەختە ئەوکاتانـەی مردن لـە شێوەی داوێکدا لـە قاچەکانـی دولبـەرە مرۆڤدۆسـت و ژیاندۆسـتەکەت دەئاڵـێ، شانسـی بینینـەوەی بـۆ تەنهـا جارێکیـش نامێنـێ و ئیـدی دەگاتـە نێـو ڕووبـەری ونبـوون و وەکـو ئەسـتێرەکی عاشـقی نامـوراد بـۆ تاهەتایـە ئاوادەبێـت و دەرناکەوێتـەوە. (باز ئەگیرێ و باڵەکانی شـەتەک ئـەدرێ و ئەخرێتە نێو زیندانێکـی گەڕۆکـەوە و دوور دوور ئەبـرێ.).

(بازەکەی من، پەلەت چی بوو)
بەم ئێوارە درەنگ وەختە
بەو ئێوارە بەژن ڕەشە
بەو ئێوارە نەفرەتییە
بۆ کوێ ئەچوی؟
ئەتویست چریکە و شەقژنت بەریتە کوێ؟!
ئەتویست لە کام هەوار لادەی؟!
پەلەت چی بوو؟!
هەور لەسەرت ئەوەستا!
زریان لەسەرت ئەوەستا!
منیش لەسەرت ئەوەستام

شۆڕش و گیانبازی لەپێناو خەبات و ئازادیدا، لەوپەڕی شەپۆلدانیەتی، ئاگر و گڕ و بڵێسەکان لەوپەڕی کڵپەکردنن، ورە و باوەڕ و هەست و سۆزەکان لەوپەڕی بڵندایيەکان و بەرەو لوتکەدەڕۆن، گیانی نیشتیمانپەروەری ئامادەیی بۆ شۆڕش گیانێکی پۆڵایین و لەوپەڕی هێزدایە، بازە شاعیر و ئازاکە لەوکاتە دەکەوێتە نێو بۆسەی دوژمن و دەخرێتە نێو قەفەزی دیلییەتی و دواتر لەسێدارە دەدرێ و شەهید دەکرێت، لەوکاتە دەگاتە کاروانی سەروەران و بەرەو ڕووبەری گیانبازان و هەمیشە زیندووان دەڕوات. چاوەکانی لە سەریەک دادەنێ و بە جەستە سەنگەرەکانی خەبات و شۆڕش بەجێدەهێڵێ، بەڵام بە گیان و ڕۆح و بیرکردنەوە هەر لەنێو شۆڕش و لەگەڵ هاوڕێکانیەتی، هەر لەنێو خەیاڵ و لەباوەشی دولبەرەکەیەتی، بۆیە لێرەدا ماکەوە ڕەشپۆشەکە دولبەری بازە شەهیدەکە، لەنێو قووڵایی هەستە خەمناکەکانی، بە جەستەیەکی تەواو شەکەت و ئەژنۆیەکی شکاوەوە، پرسیارێکی جەوهەری دەکات، وشە وشەی پرسیارەکە ناخ هەژێن و دڵ بزوێن و کاریگەرە کە دەڵێت (بازەکەی من، پەلەت چی بوو؟). ئەم پرسیارە هێندە کاریگەرە وەک ئەوەی دەیەها چیرۆک و پێشهاتی تراژیدیای لە پشتەوە بێت. پرسیارێکە دەکرێت هەڵگری ناوەڕۆک و کۆتاییەکانی ئەم چیرۆکە شیعرەی لەخۆگرتبێت، شێرکۆ بێکەس لە قووڵایی وشیارییەوە ئەو پرسیارەی ورووژاندووە، وەک زۆرجاریتر گوتوومانە پرسیاری قووڵ مەعریفە و گومانی قووڵی لە پشتە. شێرکۆ شاعیرێکی ڕاستگۆ و وریا و بیرتیژە، دەزانێت ئاراستەکان بەرەو کوێ دەڕۆن، بۆیە لە پشتی ئەم پرسیارەوە، گەورەترین گومان و نائومێدی بەرجەستە کردووە، هەربۆیە لەناخێکی کوژاوەی تاریکی ژنێکی ئومێدکوژراو و ناخ هەلاهەلای پڕ لە برین بەدەم وڕێنەیەکی پڕ لە ژانەوە دەڵێت (بەو ئێوارە درەنگ وەختە.... بۆ کوێ دەچووی، ئەتویست چریکە و شەقژنت بەریتە کوێ؟!.. پەلەت چی

بوو؟! هەور لە سەرت ئەوەستا لە سەرت ئەوەستام، پەلەت چی بوو؟!). خۆ گوتمان شۆڕش لەوپەڕی شەپۆلدانی بوو، سەنگەرەکان پڕبوون لە گەنج و لاوی تێکۆشەر و گیان لەسەردەست، بەڵام لە پشتی ئەم پرسیارەوە هەگبەی نائومێدییەکان و بوخچەی خەونە سەربڕاوەکانن قسە دەکەن، سەرەتای ڕێگایەکی ئازار و ژان و تەنیاییەکی کوشندە دەست پێدەکات.

وتیان گێژەڵووکەیەکی سپی غەمگین
ئەو یەکەمجار
هەواڵی تۆی گەیانبووە ماڵی چیا نشینەکان
هەواڵی تۆی بردبۆوە بۆلای بەفر و
بۆ لای مێرگ و
بۆلای گوڵە کێوییەکان
هەواڵی تۆی بردبۆوە
بۆلای کۆترەکانی مەقەڕ
بۆلای ژنە ماست فرۆش و
هۆبەی تازەی هەڵدراوی ڕەوەندەکان
وتیان: تێکڕا بەیەکەوە
لەگەڵ چنار و شۆڕەبی و
پیاوانی بەردەرکی مزگەوت
ژنانی سەرکوڵ و کانی
هەموو پێکەوە گریابوون
هۆ بازەکەم پەلەت چی بوو؟
مەرگ هەر ئەهات
ئەم سەفەرەت هەر لەبەر بوو

پڕووشکی پرسیارە قووڵەکە بەر بەشەکانی دوای خۆیشی کەوتووە، کاریگەری ئەم پرسیارە درێژ دەبێتەوە بۆ کۆتایی دەقەکە، بەمانایەک ئەم پرسیارە هەمیشە لەنێو دڵ و ناخی ماکەوە ڕەشپۆشەکە دووبارە دەبێتەوە. لەم بەشە دولبەری دڵشکاو باسی گەورەیی و بوونی ئەم خۆشەویستییە گەورەیەی بازەکەی خۆی دەکات لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی کە بە (کۆتەرەکانی نێو مەقەڕ) ناویان دەبات، کاتێک لە ڕێگەی (کێژەڵۆوکەیەکی سپی غەمگین) خێڵی چیا نشینەکان هەواڵی ئەویان پێدەگات، هەموو غەمگین دەبن و دەگرین. (کۆترەکانی مەقەڕ و ژنە ماستفرۆشەکان و ڕەوەندەکانی نێو هۆبەی تازە هەڵدراوەکان و پیاوانی بەردەرکی مزگەوت و ژنانی سەرکوڵ و کانی). هەموو پێکەوە گریابوون، بەڵام ئازارە ئاگراوییەکە لەناخی ئەودایە، ڕەنگە بۆ ئەوانی تر ئەسەف خواردن و گریان ڕشتنی چەند دڵۆپە فرمێسکێک بەس بێت بۆ ئارامبوونەوەی کەف و کوڵ و هەستە خەمناکەکەی دەروونیان، بەڵام بۆ ئەو ئەم شتانە و تەنانەت هیچ ڕەشەبایەک ناتوانێ ئاگری خەم و نائومێدییەکانی کپ بکاتەوە و یان بیکوژێنێتەوە، چونکە ئەو دەزانێت ئیتر لەمەودوا ژیانی بە چ ئاراستەیەک دا دەڕوات؟!، ئیتر لەمەودوا زیندوویەکی مردوو دەبێت، لەنێو قووڵایی نائومێدییەکانی دەڵێت (هۆ بازەکەم پەلەت چی بوو؟ مەرگ هەر ئەهات، ئەم سەفەرەت هەر لەبەر بوو).

بەڵام هێشتا ئەی بازی من
بۆ تۆ بەرەبەیانێکی زوو بوو
شیعرەکانت: هێشووی وشە زیوینەکانت
خەتی وەک زەنگیانە وردت

شێوەی ئیمزات « کە لەسەری بولبول ئەچێ «
دار جگەرەیەک.. چەرخەکەت..
چاکەتێکی کۆنی سەر قۆڵ پینەکراو..
چاویلکەیەکی هەتاو و
تەزبێحێکی ئەبڵەق، کڵاوێ، پاندانێ
قەفەزێکی کەو.. لفکەیەک
شووشەیەک عەتری بەتاڵ و
هەگبەیەک و
ئاوێنەیەک
ئەی بازەکەم!
ئەمانە ئەو یادگار و شوێنەوار و میراتیانەی
بۆت جێهێشتووم.

ماکەوە ڕەشپۆشە غەمگینە دڵشکاوەکە، لە باسکردن و وەسفکردنی بازەکەی بەردەوام دەبێ و ناتوانێ ئەو ماڵئاوایی و دابڕانە قەبووڵ کات، ئیتر لەمەودوا لەجیاتی خۆی دەبێ ژوان لەگەڵ کەلوپەل و ئەو شتانە بکات کە وەک میرات بۆی جێهێشتبوون. دەبێ لەمەودوا لەگەڵ ڕابردوو بژیت و ئایندە لەبیرکات، یادی قسەکان و شیعرەکان و جووڵە و تەنانەت هەموو شتەکانی بکاتەوە (شیعرەکان، وشە زیوینەکان، خەتی وەک زەنگیانە ورد، تەنانەت شێوەی ئیمزای « کە لەسەری بولبول دەچوو.)، تازە بازەکەی لەدەست دا، چیتر لە شەوە تاریکەکان و ئەنگوستەچاوەکان لە چاوەڕوانی بازەکەی دا نابێت کە لەپڕێکا دەرکەوێت و بە تامەزرۆییەوە لەباوەشی بگرێت و شێتانە ئاوێزانی یەکتری بن و هەموو جەستەی ماچ بکات و شیلەی نێو دەمی

بخواتـەوە، ئـەم خـەیـاڵ و ڕۆژگارانـە بەسـەرچوون و بـوون بـە ڕابـردوو، تـازە ئـەوەی بۆی ماوەتـەوە کۆمەڵێک یـادگاری و کەلوپەلـی سـادە، بـەڵام ژیانێکـی سـەروەری و پـڕ شـکۆ و مێژوویەکـی پرشـنگدار و بوونێکـی ڕەسـەن و شکۆمەند. هەمـوو سـەروەت و میراتـی ئـەم بـازە گیانبـازە، ئـەم شـاعیر و خەباتگێـڕەی ڕێـگای ئـازادی بریتـی بـوو لـە (دار جگەرەیـەک و چەرخێـک، چاکەتێکـی کۆنـی سـەرقۆڵ پینەکـراو، چاویلکەیەکـی هەتـاو، تەزبێحێکـی ئەبڵـەق، کڵاوێ، پاندانـێ، قەفەزێکـی کـەو، لفکەیـەک، شوشـەیەک عەتری بەتـاڵ، هەگبەیـەک و ئاوێنەیـەک) ئەگـەر سـەیری ئـەو میراتـەی بـازە گیانبازەکە بکەیـن، ئەوەمـان بۆ ڕووندەبێتـەوە، شـۆڕشـی نوێی گەلەکەمـان بـە چ ڕۆح و بیروباوەڕێکـی پۆڵاییـن درێـژەی بـە بـوون و گەشـەی خـۆی دەدا، خـودان چ مرۆڤـی ژیاندۆسـتی و خەباتـکاری ڕێـگای ئـازادی بـوون. کـە گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی و ئـازادی مـرۆڤ گەورەتریـن ئامانـج و سـەروەت و میـرات بـووە بۆیـان، ئـەوان خـودان ویـژدان و بیروباوەڕێـک و ورەیەکـی بەرزەفڕبـوون، نـەک ژیانێکـی شـاهانە و میراتێکـی میرانـە و بەهەشـتێکی خوداییانـە.

ئەم شتانە.. گیانیان تیایە
ئەم شتانە قسە ئەکەن ڕازەکانیان ئەدرکێنن
ئەم شتانە.. ئەجولێن و دێنەلام و
لە باخەڵما ئەیاننوێنم
هەموو ڕۆژێ دەستیان بەسەردا ئەهێنم
بۆنیان ئەکەم، بۆنی شووشە بەتاڵەکان
بۆنی هەگبە و بۆنی لفکە
چاکەتەکەت لەبەر ئەکەم

کڵاوەکەت لەسەر ئەکەم
عەینەکەکەت لەچاو ئەکەم
ئەچمە بەردەم ئاوێنەکە
بە پەندانەکەش لاسایی
خەت و ئیمزات ئەکەمەوە
بە تەزبێحیش دەنکە یادوو
دەنکە مەراقم ئەژمێرم
ئینجا ئەچم لە تەنیشت قەفەزەکەوە
هەڵئەتروشم
لەبەرچاوم وردە وردە قەفەزەکەت گەورە ئەبێ و
وا هەست دەکەم منیش پەڕوباڵ دەرئەکەم
ئیتر ئەبم بە ماکەوێکی ڕەشپۆشی خاڵ لەمل و
دەرکی قەفەز ئەکەمەوە و ئەچمە ناوی و
بە زایەڵە و فوغانەوە
بۆت ئەخوێنم.

وەکو گوتمان ئیتر ئەو تازە لەگەڵ ڕابردوو دەژیت، لەگەڵ یادەوەری و شتەکانی، لەگەڵ کەلوپەل و شیعرەکانی، لەگەڵ پەیام و ئامانج و ئومێدەکانی، هێندە بە تامەزرۆیی و لەناخەوە لەگەڵ یادەوەری و شتەکان دەژیت کە بۆ ئەو ئیتر لەمەودوا شتەکان گیانیان دێتە بەر و قسەدەکەن، ڕازەکانیان دەدرکێنن، لەگەڵیاندا دەخەوێت، نازیان ڕادەگرێ و دەستیان بەسەردا دەهێنێ و دەیانلاوێنێتەوە. شتەکان بۆن دەکات، لیفکە و شوشەباتاڵ و هەموویان بۆن دەکات، بۆنی هەناسە و بۆنی جەستەی ئەویان لێدێت، چاکەت و عەینەک و کڵاوەکەی لەسەردەکات و

لەبەردەم ئاوێنە سەیری خۆی دەکات، ئەو بە جەستە لەگەڵی نەماوە، بەڵام هێشتا هەر لەگەڵیدا دەژیت، بە پاندانەکەی لاسایی ئیمزا و دەست و خەتی ئەو دەکاتەوە، بە تەزبێحەکەشی یەک یەک دەنکە یادەوەری و مەراق و خەون و ئومێدەکان دەژمێرێ، یەک یەک ڕۆژە تەنیاکان و شەوە سەختەکان و ڕۆژە ڕەشەکانی عومری دەژمێرێت. ئیتر ژیان بەسەربردن لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی سادەی بێهەست و گیان، بەڵام لە خەیاڵی ئەو ڕۆحیان لەبەردایە و قسەی بۆ دەکەن. لەدواجاردا وەک ماکەوێکی ڕەشپۆشی دڵشکاو، دەرگای قەفەزەکە دەکاتەوە و پشت لەژیان دەکات و بە تاقی تەنێ لەنێو قەفەزەکە دەمێنێتەوە و یاخی دەبێت لەو ژیانە کە دواتر بۆمان ڕووندەبێتەوە، ژیان هیچ بەهایەکی مرۆیی تیادا نامێنێتەوە، ژیان بەتەنیایی و لەنێو قەفەزدا و ژیان لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی سادە و سەرەتایی، شکۆمەند و سەرفرازترە بۆ ئەو، لەنێو قەفەزەکە دەمێنێتەوە و (بە زایەڵە و فوغانەوە، بۆت دەخوێنم.) ئیتر تەواو دەستبەرداری ژیان دەبێت و بۆ تا هەتا لەنێو قەفەزێکدا لەگەڵ یادەوەرییەکانی بازەکەی خۆی دەژی و بە زایەڵەی فوغانێکی خەمناکەوە بۆ تا ئەبەد بۆیدەخوێنێت.

له شەوانی بەفرانباردا، خۆشەویستیم سپی سپی ئەچێتەوە
له شەوانی بەفرانباردا، لەناو ماڵێکی سپیدا گوڵێکم ڕەش
له دارستانێکی سپیدا ئاسکێکم ڕەش، له شەوانی بەفرانباردا
وەکو کولوو بەبێ خشپە دێیتە لام و دێیتە ژووری.

تازە ئەو لەناو قووڵایی وشیاری خۆیەوە بڕیاری ئەوەی داوە کە وەک کەسێکی یاخی دەست لەژیان و دەوروبەر بەربدات و تەنها و تەنها بە

خەیاڵ لەگەڵ بازەکەی خۆی و ڕابردووە جوانەکەیان بژیت، لەم پێناوەدا وەرزەکان و ساڵەکان و ڕۆژ و شەوەکان یەکبەدوایەک بەڕێدەکات، لە شەوانی زستانی بەفرانباردا، لەهاویندا، لە بەهاردا، لە پاییزدا ئەو هەر بەتەنیا لەئەودا دەژیت. ئەمە دوابڕیارە و یاخیبوونێکی ئەبەدییە، هەمیشەش هەستەکانی بۆ بازەکەی خۆی گەرم گەرمتر دەبنەوە، تەنیایی و سەختی ژیان و برسییەتی عەشقە گەورەکەی بۆ بازەکەی وەک هەمیشە هەر بە گەورەیی و زیندوویی دەمێنێتەوە (لە شەوانی بەفرانباردا خۆشەویستیم سپی سپی دەچێتەوە، لە شەوانی بەفرانباردا، لەناو ماڵێکی سپی گوڵێکم ڕەش، لە دارستانێکی سپیدا ئاسکێکم ڕەش..) لەگەڵ ئەوەی ئەم دەقە چیرۆکە شیعرە و دەکرێ لە ڕووبەرێکی فراوان کرانەوەی زمان تیا بەرجەستە بێت، بەڵام شێرکۆ بێکەس بە توانایەکی شیعری بەهێز لەنێو ئەم دەقە شیعرییەش هەرچەندە چیرۆکە شیعرە، بەڵام ڕەچاوی پێکهاتە شیعرییەکانی کردووە و لەڕووی زمانەوە تا ئاستێکی باش لەنێو ڕووبەری شیعر ماوەتەوە، زمانێکی شیعری و وشەی پاراو و ڕستە و دەستەواژەی شیعری جوان، ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە، لەم دەقە پرسیار پێکهاتەیەکی بەرچاو و قووڵاییەکی بێئەندازەی بە دەقەکە بەخشیوە، هاوکات لەم بەشەی سەرەوە و لە چەندین شوێنیتر، پارادۆکسی ڕوون و دڵگیرمان پێشکەش دەکات، ئەمەش بڕست و جوانییەکی زێتری بە دەقەکە بەخشیوە، هەروەک لە دوو ڕستە شیعرییەی سەرەوە کە (لەنێو ماڵێکی سپیدا، گوڵێکم ڕەش. لە دارستانێکی سپیشدا ئاسکێکم ڕەش.) پارادۆکسێکی جوانی لەنێوان ڕەنگەکانی (ڕەش و سپی) پێکهێناوە، ئەمەش جوانییەکی زێتری بە شیعرییەتی دەقەکە بەخشیوە.

هەر لەدوای تۆ لەدوای کۆچی سوور و خێرات بەچەند مانگێ
لەگەڵ وەعدەی ئەوەڵینی ماچ و موچی هەندێ گوڵی
زوو ڕسکاوی، تازە مەمک کردووی
ئەم خاکەدا، لەگەڵ وەعدەی یەکەم هەتاوی دەس گەرم و
ئەشق شکاوی سەرمادا
هەر لەدوای تۆ بە چەند مانگێ
گەورەترین بوومەلەرزەی ئاودامانی ئەم مێژووە
ئەم نەخشەیە. هات و ڕوویدا
مەزنترین لافاوی خەڵک سێڵاوی سەر
سێڵاوی دەست و هاوار و گەردنی خەڵک
هات و ڕوویدا
بە سامترین ڕاپەڕینی خوێنی ئێمە
هات و ڕوویدا
ڕاپەڕینی چڕترین خەمی دیرۆکمان
ڕاپەڕینی بەرد بە بەرد و
داربەداری ئەم کێوانە
ڕاپەڕینی بازووەکانی جادەو گەڕەک
ژن و منداڵ
ڕاپەڕینی خۆشەویستی
لافاوی قاچ، لێشاوی دەست، سێڵاوی لەش
باهۆزی دەنگ
بوومەلەرزەی کۆت و زنجیر
هات و ڕوویدا
وەک تەلیسمێ وەک ئەفسانە

وەک خواوەندی ئازادی هات
بۆ یەکەمجار دەمی بەستراوی مێژوومان
کرایەوە و هەناسەی دا
ئاخ بازەکەم!
تۆ لە کوێ بووی؟!

ئەم دەقە شیعرییە لەگەڵ باسکردن لە عەشقێکی گەورە و باسی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی و هاوکات لەنێو هەناوی خۆیدا بە زمانی شیعر مێژووشمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەردوای چەند مانگێک دوای شەهیدبوونی بازەکە، ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەست پێدەکات. (هەر لەدوای کۆچی سووری تۆ بە چەند مانگێ.)، ئیتر شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەکی زۆر جوان و نایاب باس لە ڕاپەڕینە جەماوەرییە سەراسەرییەکەمان دەکات، باسی کات و شێوەی گڕوبڵێسەی خەڵک لە هەموو ئاستەکان و بەشدارییەکی تێکڕایی و پێکەوەیی. ڕاپەڕین و هەستانی گشت، پیشاندانی تامەزرۆیی و تینوێتی مرۆڤەکان بۆ ئازادی و سەربەستی. دەستەواژە و ڕستە شیعرییەکان بە شێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری دارێژراون. ڕاپەڕین لەسەرەتای بەهار بوو، شێرکۆ بێکەس دەڵێ (لەگەڵ وەعدەی ئەوەڵینی ماچ و موچی هەندێ گوڵی زوو ڕسکاوی، تازە مەمک کردووی ئەم خاکەدا، لەگەڵ وەعدەی یەکەم هەتاوی دەس گەرم و تەشق شکاوی سەرمادا...)، باس لەو زەمەنە دەکات، دوای تێپەڕینی وەرزی زستان و شکانی تەوقی سەرما و لەگەڵ بەڵێنی یەکەم هەتاوی گەرم و ماچوموچی گوڵەکان و بەرگی جیاوازی خاک. لەم زەمەنە (مەزنترین لافاوی خەڵک، سێڵاوی دەست و هاوار و گەردنی خەڵک هات و ڕوویدا.. ڕاپەڕینی چڕترین خەمی دیرۆکمان، ڕاپەڕینی بەرد بەبەرد و داربەداری

ئـەم کێوانـە، بوومەلـەرزەی کـۆت و زنجیـر هـات و ڕوویـدا.)، لـە کۆتایـی ئەم کۆپلـە شیعرە بـە جوانترین دەستەواژەی شیعری بـاس لـە ڕوودانـی ڕاپەڕیـن و ڕامالّینـی ئیسـتبدادی و جـەور و سـتەم دەکات، هەڵهاتنـی ڕۆژێکـی نوێ و خۆرەی ئازادی دەڵێت (بۆ یەکەمجار دەمی بەستراوی مێژوومـان کرایـەوە و هەناسـەی دا.) بـۆ یەکەمجـار، پـڕ بـە سـییەکانمان شنەبای ئازادیمـان هەڵمژی و دەمـی بەسـتراوی مێژوو و خـەون و ئـاوات و ئومێدمـان کرایـەوە. بۆ یەکەمجار گەیشـتین بـەو ڕۆژەی بە ئاکامـی دڵ بتوانیـن قسـە بکەیـن، بنووسـین، هـاوار بکەیـن، تەنانـەت بـە ئاکامـی دڵ بیربکەینـەوە و خـەون ببینین، بـەڵام بۆ ژنـە ماکەوە ڕەشپۆشـەکە، ئەگـەر بەدیوێکدا ئەویـش بەهرەمەنـد بێت لـەم دەمکرانـەوە و هەڵمژینـی هـەوای ئازادییـە، بـەڵام لەهەمانـکات تراژیدیاییەکـی گەورەشـە، چونکـە هـەردوای چەنـد مانگێـک بـە لەدەسـتدانی بازەکـەی ئـەم ئاڵوگـۆڕو ڕۆژگارە نوێیـە هـات و ڕاپەڕیـن ڕوویـدا، زەمەنێکـی کـورت تەنهـا چەنـد مانگێـک و هیچـی تـر، بۆیـە لەنێـو قووڵایـی هەسـت و خەمەکانـی ئـەم پرسـیارە دووبـارە دەکاتـەوە و دەڵێـت (ئـاخ بازەکـەی مـن تـۆ لەکـوێ بـووی.؟). ڕاپەڕیـن ڕوویـدا، خەڵـک تێکڕا هـەوای ئازادییـان هەڵمژی و زەمەنـی دوای سـتەمی بەعسـییان بینـی. لەسـەر قسـەکردن لـە چەمکـی شـۆڕش و ڕاپەڕیـن و ماناکانـی دواتـر لـە سـیاقی ئـەم لێکۆڵینەوەمـان هەڵوێسـتەی لەسـەر دەکەیـن و قسـەی زێترمـان دەبێـت.

لە دوای پەراوێزی یاداشتەکاندا ماکەوە ڕەشپۆشەکە
بە خەتێکی درشت نووسیبووی:
(دوای ئازادیش ڕۆژ هات و ڕۆی، پاک هات و
پیس هات و بەڵام پیس هەر نەڕۆی، ڕوون هات و

لێڵ هات و بەڵام لێڵ هەر ڕوون نەبۆوە، چەقۆ هات و
قوربانی هات و کەچی چەقۆ تیژتر بۆوە. بای سپی هات و
بای بۆر هات و بەڵام بای بۆر هەر گڤە گڤی بوو. ئاوی
سەوز هات و ئاوی ڕەش هات و کەچی ئاوی ڕەش
هەر نەڕۆشت و هەر پەنگی خواردەوە. ئاسمان هات و قەفەز
هات و کەسێ نەهات بەلامەوە و من و برسێتی و
تەنیایی و ئەم قەفەزە هەر ماینەوە)

لەنێو هەناوی ڕۆژگارێکی نوێ و دوای هەناسەدان و دەمکرانەوەی مێژوو و ڕۆژگاری ئازادی، ماکەوە ڕەشپۆشەکە، ژنە شەهیدێکی قارەمان و گیانباز، بە خەتێکی شاش و گەورە ئەم یاداشتە دەنووسێتەوە، کە وێنەی تراژیدیایەکی گەورە و خەمێکی قووڵمان بۆ ڕەسم دەکات. لە پشتی دێڕ بە دێڕی یاداشتەکانی، تراژیدیایەکی ڕەش دەبینین. هاوکێشەکان بەم ئاراستە ڕۆیشتن پاک هات و پیس هات و بەڵام پیس مایەوە و نەڕۆیشت. ڕوون هات و لێڵ هات و بەڵام لێڵ مایەوە و هەر ڕوون نەبۆیەوە. چەقۆ هات و قوربانی هات و کەچی چەقۆ تیژتر بۆیەوە. دواجار دەڵێت ئاسمان هات و قەفەز هات و کەسێ نەهات بەلامەوە من و برسێتی و تەنیایی و ئەم قەفەزە هەر ماینەوە. دەکرا هاوکێشەکان بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆن، دەکرا هەموو شتەکان پێچەوانە بن، چ شەرمەزارییەکە ژنە شەهیدێکی قارەمان لە دوای ڕاپەڕین و ئازادی ئەم یاداشتە بنووسێتەوە، ئەم یاداشتە تەنها یاداشتی کەسێک نییە بە تەنها، یاداشت و موعاناتی هەزاران ژنە شەهید و پێشمەرگەی قارەمان و کەسوکاری ئەنفال و زیندانیانی سیاسییە. موعاناتی هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز و تێکۆشەر و هەژار و نەدارانی ئەم کۆمەڵگە

ستەمدیدەی ئێمەیە، شێرکۆ بێکەس بەزمانی شیعری جوانترین یاداشتی نووسیوەتەوە کە تەعبیر لە موعاناتی میلەتێک دەکات. دوای ڕاپەڕین و ئازادی ڕووبەری ناشیرنییەکان و پیسییەکان فراوانتر بوون، چەقۆکان تیژتر بوونەوە و قەفەزەکان هەرمانەوە، برسێتی زێتر بوو بە میوانی ماڵە هەژار و نەدار و مرۆڤە تەنیاکان.

ئێستە ڕۆحم قاقڕێکە و خۆڵی سووری تیا ئەبارێ. خۆڵێکی زەرد
کەتیرەیی، بینین کوژ و بە هێواشی ئەنیشێتە سەر تەنیایی و
قەفەزەکەم، سەر برسێتی و سکی خاڵیم، ئەملکێنێ بە
غوربەتێکی تازەوە، غوربەتی من لەنێو شایی ئازادیدا
غوربەتی خوێنی بازەکەم، نامۆیی خوێنی بازەکەم بە هاوڕێ و
مەقەڕی خۆی، غوربەتی مافێکی برسی و مەکەوێکی بێ
دان و ئاو، ماکەوێکی بێوژنێکی تەنیا و ڕەشپۆش
ماکەوی ژنە بازێکی لەبیرکراو.

لەم کۆپلە شیعرەش ڕووبەری تراژیدیاکانی دوای ئازادی گەورەتر و گەورەتر دەردەکەون، نەک تەنها برسێتی و فەرامۆشکردنی ژنە شەهیدێکی تەنیا، بەڵکو فەرامۆشکردنی باز و شەهیدە قارەمانەکانیش. بێبەهاکردنی خوێن و خەبات و گیانبازییەکانیان. لەم کەشوهەوای ئازادییەدا، برسییەتی وا لە مرۆڤەکان دەکات، هەست بە غەریبی و نامۆیی بکەن، وا هەست دەکەن خوێن و لە دەستدانی بازەکانیان، نامۆ بێت بەم دنیا نوێیەی ئازادی، بەم کەسانەی نێو مەقەڕەکان و نێو کۆشکەکانی دەسەڵات. وەک ئەوەی وایە هەموو شتێک لەبیرکرابێت. هیچ شۆڕش و خەبات و خوێنڕشتنێک رووی نەدابێت، ئەم ڕۆژگارە

نوێیــە هــەر لەخــۆڕا هاتبێت بــوون. هیــچ دایکێک بەرگــی نەســووتابێ و هیچ گونـد و لادێیـەک خاپـوور نەکرابێت، قۆرتـی بیابانـەکان بـە ئێسک و پرووسک و جەسـتەی مرۆڤە بێتاوانەکانی ئـەم میللەتـە ستەمدیدەمان پڕ نەکرابنـەوە. ئـەوە دەسـتکەوتی ڕاپەڕیـن و ڕۆژگاری دوای ئازادی و ئـەوە قـەدەری ئێمـە بـوو.

«ئاگادارییەک لە ماکەوە ڕەشپۆشەکەوە»
(ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی ئەرژەنگی دێو نەبوایە
ئەگەر لە ترسی گەڕانەوەی دۆڵپای تاعوونی بەغدا نەبوایە
ئێمەی ماکەوە ڕەشپۆشەکان برسیەکانی ئەم قەڵەمڕەوە
هاوسەر و خوشک و دایکی بازە پەڕوباڵ خوێناوییەکان
بە دەنووک بە دەنووک
سەدان چاومان هەڵئەکۆڵی و ئەشمان خواردن!)

ئیتـر ڕۆشـنە، هـەزاران گەنـج و لاو و کـچ و کوڕانـی ئـەم کوردسـتانە، لەپێنـاو گەیشـتن بـە ڕزگاری و ئازادی خەباتیـان کـرد و گیانیـان بەخشـی. بۆ ئـەوە نەبـوو، ژنـە شـەهید و منداڵـە شـەهید و خانـەوادەی پێشـمەرگە و کەسـوکاری کیمیابـاران و ئەنفـال، برسـی و ڕووت و ڕەجاڵانـە بژیـن و کەسـانێکیش خۆیـان و مـاڵ و منـداڵ و خانەوادەکانیـان شـاهانە بژیـن. خەبـات بـۆ ئـەوە نەکـرا ڕۆژ دوای ڕۆژ مـەودای ئازادییـەکان بەرتەسـک بکرێنـەوە و چەقـۆکان تیژتـر بکرێنـەوە. ئەگـەر لەبـەر گەڕانـەوەی ئەژدیها هارەکـەی بەغـدا نەبـا، خەڵـک بـە چەپڵەلێدان دەسـەڵاتدارانیان شـاربەدەر دەکـرد و ماکـەوە ڕەشـپۆشـە برسـییەکانی کەسـوکاری بـازە پەڕوبـاڵ خوێناوییـەکان، هـەر بـە دەنـووک سـەدان چاویـان هەڵدەکۆڵـی. شـۆڕش

و ڕاپەڕین بۆ ئەوە نەکرا، جارێکیتر بچنەوە بەغدا و ئەملاو ئەولای دیکتاتۆر ماچ بکەنەوە و دیسانەوە ئاستی ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک فەرامۆش بکەنەوە و خەڵک نائومێد بکەنەوە. خەڵک هەر لەسەرەتاوە دەیزانی ئەم دەسەڵات و حکومەتی کوردییە لەسەر بنەمای دادپەروەری و دیموکراسییەکی ڕاستەقینە دانەمەزراوە، بەڵام قەبووڵکردنی ئەم دەسەڵاتە و بە هەموو خواروخێچییەکانییەوە، تەنها مەبەستیان بوو دیکتاتۆری بەغدا نەگەڕێتەوە.

ئەم دەرگای سەربرینانە
کێ لەم دەرگایانە ئەدات؟!
ئەم هێلانەی بازو داڵانە چۆن تێکەڵ
بەیەکتر بوون؟!
ئەترسم ئەترسم ئەترسم
لەم خۆڵە سوورە ئەترسم
ئەم چەقۆیانە چۆن هاتنە
ناو بەرۆکی سپیمەوە؟!
ئەو گوڵکوژانە چۆن ئێستا
لەگەڵ گوڵدا هەڵ ئەپەڕن؟!
ئەم دزانە بەکوێدا هاتنە ژوورەوە؟
چۆن گەیشتنە سەر چرپاکەم؟
ئەو ئەسپانەیان چۆن خەساند؟
ئەو کێوە زلە چۆن دزرا؟
چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟

وەکو گوتمـان خەڵـک لەسـەرەتاوە، ئـەم دەسـەڵاتەی کـوردی قەبـووڵ بـوو بـە هەمـوو لاوازی و کەموکورتییەکانـەوە، دەسـەڵاتی تازەی کوردی چ لەسـەرەتاوە بـەرەی کوردسـتانی، نەهـات ڕێـز لـەو هەسـتە و پێشـوازییەی خەڵک بگرێت و دەستبکات بـە گۆڕانکاری و خزمەتگوزاری و بنیاتنانـەوە، لـە جیاتـی بنیادنانـەوە دەسـتیانکرد بـە دووبـارە وێرانکردنـەوە، (ئـەم چەقۆیانـە چـۆن هاتنـە بەرۆکـی سـپیمەوە). بـە مانایـەک سـەرەتایەک بـوو بـۆ دووبـارە لـە گۆڕنانـەوەی خەونـەکان و کوشـتنی ئـازادی و مافـە مرۆییـەکان! (ئـەم دزانـە بـە کوێدا هاتنـە ژوورەوە؟ چـۆن گەیشـتنە سـەر چرپاکـەم)، خەڵـک چاوەڕێـی ئـەوەی لـەم حزبانـە نەدەکـرد کـە بـەم شـێوە بەرفراوانـە دەسـت بـە وێرانکردنـی سـەروەت و سـامانی ئـەم وڵاتەمـان بکـەن، چونکـە لـە سـەردەمی شـاخ دروشـمە بریقەدارەکانیـان پێچەوانـەی ڕەفتـار و بنەمـای کاروکـردەوەی ئێسـتایان بـوو، یـان چـۆن ڕێگەیان پێدراوە و چـۆن پاڵپشـتی لـەم کەسـە هەلپەرسـتانە دەکـەن. (ئـەم ئەسـپانەیان چـۆن خەسـاند؟ ئـەم کێـوە زلـە چـۆن دزرا؟) ئـەم دوو دێـڕە شـیعرە پـڕن لـە جوانکاری شیعری و مانـا و واتاکانیـان زۆر تۆکمـە و قووڵ و پڕ بەهـان. یەکێکـە لـە جوانتریـن دەسـتەواژەی شـیعری نێـو ئـەم چیرۆکـە شـیعرە ئـەم ئەسـپانەیان چـۆن خەسـاند. دوای ڕاپەڕیـن و ڕماڵینـی دەسـەڵاتی دیکتاتـۆری بەعـس، لـە حکومەتـی خۆجێیـی کـوردی، پشـت نەبەسـترا بـە کەسـانی دڵسـۆز و نیشـتیمانپەروەر و کەسـانی بـە توانـا و پسـپۆڕ و شـارەزا و خـاوەن بڕوانامـەی بـەرز، کەچـی هەموویـان فەرامـۆش کـردن و پشـتیان بـە کەسـانی بـێ ئەزمـوون و ناشـارەزا و هیچنـەزان بەسـت. ململانێـی حزبـی و نوێکردنـەوەی کۆنـە ڕقەقیـن و جیـاوازی و دوژمنداریـیـەکان. دزی و تالانـی دەسـپێکی ئـەم دەسـەڵاتە خۆجێیـە بـوو، شـێرکۆ بێکـەس بـە جوانتریـن شـێوە وەسـفی کـردووە، بـە جوانتریـن دێڕی

شیعری (ئەم کێوە زلە چۆن دزرا..؟!)، بە مانای دزی و تاڵانی هێندە لە ئاستێکی بەرین و بەرچاو بوو، تەنها کێو و چیاکانمان مابوو بیدزن و ئاوای ئەودیوی سنووری بکەن. یان ئەم (هێلانەی بازو داڵانە چۆن تێکەڵ بە یەکتربوون.)، ئیتر دوای ڕاپەڕین کەسە تاوانبار و خۆفرۆش و پیاوەکانی ڕژێمی بەعس لە جیاتی ئەوەی دادگایی بکرێن، بە سزای خۆیانیان بگەیەنن کەچی لە ئاکامی ململانێی حزبی و بە دژی یەکتر، دووبارە دەسەڵات و پلەوپایەیان پێبەخشینەوە، بینیمان زۆر تاوانبار و سەرۆک جاشەکان، لە پێشمەرگە دێرین و قارەمانەکان دەسەڵات و پلەوپایەیان بەهێزتر بوون. شێرکۆ بەچاوەکانی خۆی دەیبینی کە چۆن (هێلانەی باز و داڵەکان تێکەڵاوی یەکتری دەبوونەوە..؟! ئیتر شاعیر ئەم کۆپلەیە بە گومانێکی گەورە کۆتایی پێ دەهێنێ کە ماکەوە ڕەشپۆشەکە نە خودی شاعیر نە هیچ خوێنەرێکی ئازیز لە هونەری ئەم هەڵگەڕانەوە و ئەم گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە و بەرنامە و کارکردی ئەم کەسە بەناو نیشتیمانپەروەرانە کە لەسەردەمی شاخ پڕووشکی ئاگر لە قسەکانیان هەڵدەستا و ئێستاش لە تاوانکاری و دزی و تاڵانی و خراپەکاری بوونەتە لێزان و پسپۆڕ، کەس لە نهێنی ئەمە تێناگەن و هەموو بە شاگەشکەییەوە دەپرسن چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟

من بازەکەم گوڵکۆیەکی دیارنییە
لە سینەم ئەم گوڵجاڕانە بەولاوە
کە مێرگی سوور
کە دەشتی سوور ئەنووسنەوە
من بازەکەم گوڵکۆیەکی دیاری نییە
هەتا منیش وەک ژنە هەوری ئەم شارە

هەوری ڕەشپۆش
هەموو ڕۆژانێکی هەینی
خەمەکانم کۆکەمەوە و
بچم بەسەریا ببارێم
من دار هەنارێکم هەیە تەنیا
تەنیا و تەریک
هەر خۆی و خۆی
وا لە باکووری ئەم شارە
هەموو ڕۆژانێکی شەمە
هەر خۆم و خۆم
ئەچم بۆلای منیش وەک ئەو
هەر بە پێوە ڕائەوەستم، هەتا بوولێڵ
چاو ئەبڕمە قەدوبالای، ماچی ئەکەم
دەستی ساردم ئەخەمە سەر شانەکانی و
هەڵئەلەرزێم وەکو گەڵای
یەکەمجار بوو
ئەم دار هەنارە تەنیایە
ئەم هاوڕێ گوشەگیرە
لە شەمەیەکی زیوینی بەرباراندا
لەسەر قەدی لەسەر سینگی
لەسەر دەستی
شیعری یەکەمین ژوانی
من و بازەکەمی نووسی.

ئیتر لەم کۆپلە شیعرە، کەسەکان و بیرکردنەوەکان دەگەنە ئەوپەڕی نائومێدی، خۆرەتاوی ئومێدەکان بەرەو ئاوابوون و مۆمەکان بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەڕۆن. هیچ ڕێزێک بۆ چەمکەکانی، مرۆڤ و نیشتیمان و شۆڕش و قوربانیدان و تەنانەت خودی ئازادییش نامێنێتەوە، ئومێدەکان بە بەرگی نائومێدی دادەپۆشرێن، بازەکەی ئەو گوڵکۆیەکی دیار نییە، گیانبازییەکەی لەپێناو ڕزگاری ئازادی مرۆڤەکان و نیشتیمان، بوو بە گەڵایەکی هەڵوەری دەم با، خەونە گەورەکان بوون بە تۆز و غوبار. نەک تەنها بازە گیانبازەکەی تەنانەت خۆیشی وەک ژنە هەوریکی ئەم شارە ژنە ڕەشپۆشێکی تەنیای فەرامۆشکراو، برسی و بێکەس، تەنها ئەوەی بۆ ماوەتەوە لەگەڵ خەمەکان و ئازارەکانی هاودەم بێت و هیچی تر، هەموو ڕۆژانێکی هەینی خەمەکانی کۆکاتەوە و بچێت بۆ ژێر ئەو دارهەنارەی کە شوێنی یادەوەرییەکان و جێی ژوانی خۆی و بازەکەی بوو، خەمەکان و فرمێسکەکانی بەسەردا ببارێنێت و باسی میحنەت و ژانی کوشندەیی تەنیایی خۆی بۆ بکات. (تەنیا و تەریک، هەر خۆی و خۆی. وا لەباکوری ئەم شارە، هەموو ڕۆژانێکی شەمە دەچێ بۆلای.) لەوێدا لەژێر ئەو دار هەنارەدا بازەکەی وەک پەیکەرێکی زیندوو دەردەکەوێتەوە، ئەمیش هەر بە پێوە لەگەڵیا ڕائەوەستێ و هەتا بوولێڵ چاو ئەبڕێتە قەدوباڵای، ماچی ئەکات و دەست ئەخاتە سەرشانی، تەنها و تەنها هەرخۆی و ئەو، لەژێر ئەم دار هەنارەدا، دوور لە چاوی هەموو شار، لەگەڵ ئەودا بەخەیاڵ تێکدەئاڵێنەوە و هەموو جەستەی هەڵئەلەرزێ، لەژێر ئەم دارهەنارە، چیرۆکی ژنە ماکەوێکی ڕەشپۆش و بازێکی گیانبازی ڕێگای ئازادی، عەشقێکی گەورەی ئەم دوو مەعشوقە خۆی دەنووسێتەوە، ئەم دارهەنارە تەنیایەی گۆشەگیر و تەنیا داماو وەک ئەوان. کە لە شەمەیەکی زیوینی بەربارانده بازەکەی ئەو یەکەمین

کۆپلـە شـیعری عاشـاقانەی خـۆی لـەم جێژوانـە، لەسـەر قـەدی ئـەم دار هەنـارە بۆ دولبەرەکـەی خۆی نووسـییەوە، ئیتر ئـەم دار هەنـارە بـوو بـە گلکـۆ و بـوو بـە ماڵـی ئەبـەدی عەشـقی ماکەوێکـی ڕەشـپۆش و بازێکـی گیانبـازی ڕێگای ئـازادی.

هەموو ڕۆژانێکی شەمە ئەچم بۆلای
منیش وەک ئەو هەر بە پێوە ڕائەوەستم
هەتا بوولێڵ
ئەوسا ئیتر وەک خەمێکی قژ درێژ
وەک ماکەوێکی ڕەش پۆش
تەنیاو بێزار
دائەنەوێم و ئەچمەوە
بۆناو قەفەزی ژوورێکی
دامێنی شار

ئێسـتا ماکـەوە ڕەشپۆشـەکە هـەر خـۆی و خـۆی، تـاک و تەنیـا و فەرامۆشـکراو، لەژوورێکـی کەنـاری شـار، دوای گەورەتریـن نائومێـدی و مردنـی خەونـەکان، ئـەوەی مـاوە بـۆی بژی، یادەوری بـازی گیانبازەکەیەتی و هیچـی تـر، دارهەنارێکـی تەنیـا و گۆشـەگیر، شـوێنی ژوانـی خـۆی و بازەکـەی، هەمـوو ڕۆژانـی شـەمە خـۆی و کۆڵێـک خـەم و ئـازار، خـۆی و بوخچەیـەک لـە خـەون و ئومێـدی سـەربڕاو، دەچـێ بـۆ ئـەو شـوێنە، هەتـا بوولێـڵ لەگـەڵ پەیکـەری بازەکـەی و یادەوەریەکانـی دەمێنێتـەوە، دواتـر وەک ماکەوێکی ڕەشـپۆش و تەنیا و بێزار، دەچێتـەوە نێو قەفـەزی ژوورێکـی دامێنـی شـار. هێنـدە تەنیایـە ژوورەکـەی وەک قەفەزێکـە بۆ ئەو،

هەموو شەمەیەک تا تاریکی لەژێر دارهەنارەکە دەمێنێتەوە و دواتر دەگەڕێتەوە نێو ژوورەکەی واتە ناو قەفەزەکەی. ئەم گەڕانەوە بۆ نێو قەفەزەکەی. لە کەنار و دامێنی شار. هێمایە بۆ دەرگا لەسەرخۆ داخستن و ڕەتکردنەوە و یاخیبوون. ڕەتکردنەوە و یاخیبوونێکی بە ئاگاهانە. شاعیر زۆر بە وریایی و وشیارییەوە، دیماهی بە چیرۆکە شیعرەکەی هێناوە، بیرمان نەچێ، ئەم شیعرە لە ساڵی نەوەد و سێ نووسراوە، لەوکاتە شێرکۆ لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم وەزیری ڕۆشنبیری بووە، دەکرێ ئەم کۆتایی یاخیبوونەی ئەم دەقە شیعرییەی هاوکات بێت لەگەڵ یاخیبوونێک لەنێو خودی شاعیر بەرجەستە دەبێت و پلە و پایە و کورسی وەزارەتی دەسەڵات و حکومەت ڕەتدەکاتەوە و وازدەهێنێ، ماکەوە ڕەشپۆشەکەی نێو ئەم چیرۆکە شیعرەش یاخی دەبێ لە ژیان و لە شار و دەسەڵات و لەهەموو کەس، دەگەڕێتەوە نێو ژوورەکەی و وەک ماکەوێکی ڕەشپۆش و تەنیا و بێزار لەنێو قەفەزەکەی دەمێنێتەوە، دەرگا لەسەرخۆی دادەخات و پشت لە ژیان و شار و ئاوەدانی دەکات.

## • کۆتایی و بەرئەنجام

ئەم چیرۆکە، بە بڕوای من یەکێکە لە دەقە شیعرییە جوانەکانی ئەم شاعیرەمان، کە ناوەڕۆکێکی پڕ لە جووڵەی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی هەیە. هێڵێکی تەریب دەبینین لەنێوان شیعر و ژیان، ئەو ڕاستییەش دەخوێنینەوە کە (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)، ئەم چیرۆکە شیعرە مێژووی خەبات و تێکۆشانی ناو شاخمان بۆ ڕەسم دەکات، دواتر ڕاپەڕین و دەسەڵات و حکومەتی خۆجێی کوردی، لە هەمانکاتیش ڕەخنەیەکی تۆخە لە دەسەڵات و سیستەمی ئەم حکومەتە خۆجێیە.

ڕاستگۆیانە و بیرتیژانە هەموو شتێک دەنووسێتەوە، هەروەک گوتوومانە ڕاستگۆیی لە نووسین؛ ڕووبەری جوانی بەرین و بەرینتر دەکات، بۆیە لەم دەقە شیعرییە جوانییەکان خۆیان قسە دەکەن، لە پشت وێنە و چەمک و دەستەواژە شیعرییەکان، وێنەی قەڵەمێکی ڕاستگۆ و بوێر دەبینین، هاوکات شاعیرێکی بیرتیژ و هەست ناسک و ژیاندۆست. بیرتیژی شاعیر لەوەدایە لە خوێندنەوەی بۆ تەمەنێکی کورتی دەسەڵاتی کوردی ئەوکات، لە ساڵی نەوەد و سێ، واتە تەمەنی دەسەڵاتی کوردی بۆ بەرەی کوردستانی و کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمەوە تەنها دوو ساڵ یان سێ ساڵ بووە، هەر لەو کاتە وەک ئەوە وایە ئێستای دەسەڵاتی حکومەتی کوردیمان بۆ بخوێنێتەوە. کە ئێستا ئەم حکومەتە پێی ناوەتە سیی ساڵ تەمەن، لە بەرنامەی کاری حکومەت و لە کارو کردەوەکانیان ئەوەی لەلا ڕوون بووە کە ئەم حکومەتە ئایندەی چۆن دەبێ. ئەوکات حکومەتێکی ساوا بوو، بەڵام ئێستا حکومەتێکی خاوەن ئەزموون، بێگومان خاوەن ئەزموون لە خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات، وازهێنانی شێرکۆ بێکەس لە کورسی وەزارەت شتێکی سەرسووڕمان و عەجیب و غەریب نەبوو، مەبەستمە بڵێم پێچەوانەکەی ڕاستە بە مانایەک گەر بەردەوامبووایە ئەوکات جێگای سەرسووڕمان بوو، چونکە شاعیرێکی ڕاستگۆ و مرۆڤدۆست و داهێنەر بە هیچ پاساوێک لەنێو ڕووبەری ناشیرینی دەسەڵات و سیاسەت جێگای نابێتەوە. بۆیە خۆشبەختانە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خۆی و بیرکردنەوەکانی و لەگەڵ شیعر. لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە گوتوومانە (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە.)، شیعر لەگەڵ مرۆڤ و ژیان و لەگەڵ ڕاستی دایە. شیعر ناتوانێ بێدەنگ بێت لە هەموو ئەو شتانەی کە ژیان ناشیرین دەکەن، شیعر هەمیشە قسە دەکات و بەدەنگ

دێت. لێرەدا جیاوازی شیعر و سیاسەتمان بۆ دەردەکەوێت. یان ئەوەی لەشوێنی تر گوتوومانە لەو شوێنەی سیاسەت لەنێو ڕووبەری جوانی دایە، لەو شوێنە شیعر و سیاسەت بەدوو هێڵی هاوتەریب دەڕۆن، بەڵام لەو شوێنەی سیاسەت لە دەرەوەی ڕووبەری جوانی دایە، واتە لەنێو ڕووبەری ناشیرینی دایە لەوێدا شیعر و سیاسەت بە دوو ئاراستەی پێچەوانە ڕێدەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا شیعر ئامانجی جوانکردنی ژیان و بەرهەمهێنانی جوانییە. هەروەک لەم دەقە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس بینیمان، کە سیاسەت و دەسەڵات لەنێو ڕووبەرێکی ناشیرین ئیش دەکەن، واتە لە دەرەوەی ڕووبەری جوانیدان، هاوکات شیعریش وەک هاوارێکی یاخی بە دژیانەوە هاتۆتە دەنگ، بەمانایەکی تر لەم دەقەدا ئەوە دەبینین کە شیعر و سیاسەت لە دوو سەنگەری جیاواز و بە دوو ئاراستەی جیاواز ڕێدەکەن. دواجار بەوە دەگەین کە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و زمانی مرۆڤ و گەردوونە هاوکات، شیعر پەرچەمی ژیاندۆستییە.

**مارسی ٢٠٢١**

**سەرچاوە:**

- دیوانی (شێرکۆ بێکەس). بەشی سێیەم.

## خوێندنەوەیەک بۆ چەند کورتە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژی نیو سەدە زیاترە. ئەزموونێکی پڕ لە داهێنان و نوێبوونەوە. بە ستایل و شێوازی جۆراوجۆر. ئەوەی لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، هەمیشە لە نوێکردنەوە دابووە، هەمیشە وەکو وەرزەکان بە شێوەی تر و ڕەنگی تر دەرکەوتۆتەوە. هەموو شێوازەکانی تاقیکردوونەتەوە. لە یەک گۆشە و پەنجەرەوە لە شیعر و داهێنانی نەڕوانیوە. شێرکۆ ئەو دەنگە شیعرییە زیندووەیە، کە لەنێو قووڵایی کارەسات و میحنەتەکانی ژیان سەریهەڵداوە و بەردەوامی بە خۆیداوە. شێرکۆ دەنگێکی نائارامە لەنێو ڕووبەری شیعر، سرەوتنی بۆ نییە و ناتوانێ بێدەنگ بێ. دەنگێکە لەگەڵ هاوارەکانی ژیان و شەپۆلەکانی تەریب دەڕوات. شێرکۆ بێکەس لە (تریفەی هەڵبەستەوە تا خێراکە مردن خەریکە بگات) دەبینین، هیچ شتێک نەماوە قسەی لەسەر نەکرد بێت. توانایەکی سەرسووڕهێنەر لە بەرانبەر وشە و زمان. بەکارهێنانی ستایلی جۆراوجۆر، هەر لە پۆستەرە شیعر، شانۆنامە شیعر، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر.. چەندەها ستایلی تر. لەو ڕۆژەی یەکەمین شیعر دەنووسێت تا دواهەمین شیعری، لە داهێنانەکانی بەردەوام دەبێت. شێرکۆ بێکەس لە هەموو سەردەمەکان وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ و سیمایەکی نوێی نێو ئەدەب و شیعر دەردەکەوێت. تاکە شاعیرێکە لە کورد کە توانی لە ئاستێکی بەرز سنووری نیشتیمان ببڕێت و شیعرەکانی بۆ زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا وەربگێڕدرێن و چەند خەڵاتێکی جیهانییش وەربگرێت. شێرکۆ لەنێو شیعرەکانیدا، عاشقێکی نائارامە. (عەشقی نیشتیمان و عەشقی مرۆڤ) ئەو دوو خولیایەن کە بە ژیانی دەبەستێتەوە و هەمیشە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ژیان بەهێزتر و توندوتۆڵتر دەکات. لەنێو ژیانیش دا، شیعر دەکات بە ماڵ و نیشتیمانی

خۆی. زمانی شیعریش دەکات بە زمانی خۆی، شێرکۆ جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی تر نازانێت (بۆ شیعر، بۆ عەشق، بۆ بەرگری، بۆ تووڕەبوون، بۆ داهێنان..) تەنها زمانی شیعر و هیچی تر. شێرکۆ بێکەس لەنێو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعر هەموو شتێک دەدوێنێ و هەموو شتێک دەهێنێتە نێو شیعر و بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتیمان، خاک، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مردووەکان، مێژوو، مافەکان، ستەمەکان...) هیچ شتێک نامێنێ لەنێو شیعرەکانیدا نەیدوێنێ و حیواری لەگەڵدا نەکات، ئیتر لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین بە کورتی چەند کورتە شیعرێکی بخوێنینەوە،

١ شیعری (چارەنووس)
شەوقێک و
مێشێک و
مێژوویەک
شەوقەکە کەوتۆتە پێش حەرفی منداڵی و
منداڵیش (مەولەوی) و (هەورەمان) ئەنووسێ
مێشەکە ئەیەوێ
ڕێ بگرێ لە حەرف و
لە پەنجەی منداڵ و
بە عەبا بەژنی شەوق داپۆشێ
جارێک و دووجار و سێ جار و
ئەمجارە مێژووەکە هەڵئەسێ و
دەست ئەبا لە تاقی ژوورسەری چرادا
مێش کوژێ دائەگرێ و
مێشەکە ئەکوژێ

لێرەدا شێرکۆ بێکەس لەم کورتە شیعرەی ململانێیەکی دروستکردووە لە نێوان، بەرەی تاریکی و ڕووناکی، دەکرێ مێشەکە هێما بێت بۆ پیسی یان تاریکی، هاوکات شەوقەکەش هێمایە بۆ ڕووناکی، یان شۆڕش. لەسەر مێژووی میللەتێک یان هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مێژوو و بنەچەی ئەم میللەتە، مەولەوی و هەورەمان هێمان بۆ کورد و بنەچەی کورد، یان کورد و نیشتیمانەکەی، مێشەکە لە هەوڵی سڕینەوەی بنەچەی کوردە لە ڕیشەوە، منداڵی هێمایە بۆ لە بنەڕەتەوە، یان سڕینەوەی ڕەگ و ڕیشە، منداڵی ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤایەتییە، بەڵام لە ئاکامی ئەم ململانێیە، هێزی ڕووناکی لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشان و شۆڕشدا، سەردەکەون و مێشەکە یان هێزی تاریکی لەناو دەبەن. شیعرێکی ناسکۆڵەیە و ناوەڕۆکێکی پڕ کێشمەکێش و قووڵی هەیە.

٢ شیعری (پەیامی باڕەشێک)
لەو بنارە باڕەشێک
وتی تەنها یەک ڕەنگ هەیە
وتی تەنها هەر ڕەش هەیە
هەموو شتێ و بەفریش ئەبێ
هەر لەو ڕەنگەی من بپۆشێ
یان ئەوەتا ئەبێ سەری خۆی هەڵگرێ
یاخود بمرێ
وتی تەنها یەک ڕەنگ هەیە
وەختێ باڕەش لەناو دۆڵێک دا هەڵیکرد
لەو ساتەدا بەفر خەوی لێکەوتبوو
چووە سەرباخ، گوڵان هەموو ڕەش هەڵگەڕان
چووە سەرگرد

گەرچی دار و هەرچی بەردە ڕەش هەڵگەڕان
چووە سەردەشت، پەلکە گیاکان ڕەش هەڵگەڕان
وەختێ بارەش ئەمەی بینی
لە خۆشیاندا ئەوەندەی تر باڵیگرت و
پڕبەزاری ئەو شاخ و کێوە پێکەنی
وتی بەفر ئاوەها مرد!
شەو درەنگانێ بێخەم بێخەم
بۆخۆی لێنووست
بۆ بەیانی کاتێک کە چاوی کردەوە
بەفری بینی
سێ ڕیز سێ ڕیز
ئەمجارەیان ڕەنگاوڕەنگیش
بەسەر دنیادا دەباری.

ئەم شیعرەش تا ئاستێک ناوەڕۆکەکەی لە شیعری پێشووتر نزیکە، بەڵام ئەمجارەیان بە دیوێکیتر باس لە جەور و ستەم و زەوتکردنی ئازادی دەکات. لەم شیعرە بارەش هێمایە بۆ (دیکتاتۆر) یان دەسەڵاتێکی ڕەها، ئەو کەسانەی خۆیان لەو ئاستە بەرزەی دەسەڵات دەبینن کە حیساب بۆ ئەویتر ناکەن، وا دەزانێت ئەوانیتر کۆیلەی ئەون نابێت و مافی مومارەسەکردنی ئازادییەکانی خۆیان نییە، بارەش دەڵێت دەبێ هەموو شتێک ڕەش بێت، جگە لە ڕەش هیچ ڕەنگێکی تر بوونی نییە نابێت هەبێت، تەنانەت بەفریش دەبێ ڕەش بێت، باخچە و دارودرەخت و هەموو شتێک. ئەمەش پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی ئەوانیترە، یان چەوساندنەوە و هەوڵدانە بۆ ملکەچکردن و بە کۆیلەکردنی ئەوانیتر، لە سەرەتا دڵخۆشە دەبینێت گوڵ و باخ و دار و بەرد هەمووی ڕەش

هەڵگەڕاوە، بەمانای تەواو دەسەڵاتی خۆی زاڵکردووە بەسەر هەموو شتێک، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێت کە بۆ هیچ زۆردار و ستەمکارێک تۆقاندن و زەبروزەنگ هەتاسەر نابێت، ڕۆژێک دێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ستەمکاری دێت و کۆشک و دەسەڵاتی شاهانەیان بەرەو کۆتایی و نەمان دەڕوات و مرۆڤەکان بە ئازادی و بە مەبەستەکانی خۆیان و بە خەون و هیواکانیان دەگەن. ئەوەتا لە کۆتایی شیعرەکە کۆتایی ململانێیکەمان بۆ دەردەکەوێت و بارەش ناتوانێ ڕێگە لە بارینی بەفر بگرێت و نەک بە ڕەشی نابارێت بەڵکو ڕەنگاوڕەنگیش، ڕەنگی (ڕەنگاوڕەنگ) هێمایە بۆ گەیشتن بە ئازادییەکان و هاتنەدی خەون و ئومێدە جوانەکان واتە زیاتر لە هیوا و ئومێدێک.

٣ شیعری (من)
هەرچییەک دەکەم
ناتوانم بە وشەی ڕقا هەڵگەڕێم
بیکەم بە قەڵایەک بۆخۆم
هەرچییەک دەکەم ناتوانم
لە پاڵ وشەی تۆڵەدا
من سەنگەرێک لێدەم و
بیکەم بە پەنایەک بۆ
تووڕەیی و دڵڕەقی خۆم
هەرچییەک دەکەم ناتوانم
ڕۆژێ سەعاتێ چرکەیەک
وشەی ئەڤین نەبینم و
نەیکەم بە یار و هاودەم و
چاوی جوانی قەسیدەی خۆم.

شـاعیر لـەم شـیعرەدا بـاس لـە پیـرۆزی و گەورەیـی مـرۆڤ دەکات، مـرۆڤ لـە بنەڕەتـەوە دەبێت کاراکتەرێک و بوونێکی پاکوبێگەرد بێت، هەربۆیـە بەهـای مرۆڤبـوون لەسـەرووی هەمـوو بەهایەکـە. مـرۆڤ لـە هیـچ کاتێـک و لەهیـچ باروزروفێکـدا نابێـت پەنـا بـۆ ڕق و تۆڵـە بەرێت یان بیر لە ڕق و تۆڵە بکاتەوە، چونکە هـەروەک لـەم شـیعرەدا هاتـووە، مـرۆڤ زۆر لـەوە گەورەتـرە کـە بیـر لـە ڕق و تۆڵـە بکاتـەوە، یـان ئـازاری مرۆڤـەکان بـدات. بەڵکـو لـە جیاتـی ڕق و تۆڵـە دەبێـت بیـر لـە ئەڤیـن و خۆشەویسـتی و ڕێـز بکاتـەوە، ئەوەتـا شـاعیر ڕوون و ئاشـکرا پێمـان دەڵێت (هەرچییـەک دەکـەم ناتوانـم ڕۆژێـک سـەعاتێک چرکەیـەک وشـەی ئەڤیـن نەبینـم و نەیکـەم بـە یـار و هـاودەم و چـاوی جوانـی قەسـیدەی خـۆم. واتـە شـاعیر لـە جیاتـی ڕق و تۆڵـە، ئەڤیـن دەکاتـە چـاوی جوانی قەسیدەی خۆم، واتـە بەچـاوی خۆشەویستییەوە دەڕوانـێ، خۆشـەویستی و ئەڤین دەکاتـە چـاو و زمانـی شـیعری خـۆی، لێـرەوەش پیـرۆزی و بـەرزی بەهـای مرۆڤایەتیمـان بـۆ دەردەکەوێـت.

٤-پۆستەرە شیعری (خۆشەویستی)
گوێم نا بە دڵی خاکەوە
باسی دڵداری و خۆی و بارانی بۆکردم
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
سەرچاوەکانی بۆکردم
گوێم نا بە دڵی دارەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
گەڵاکانی بۆ ئەکردم
کە گوێشم نا

بە دڵی (خۆشەویستی) خۆیەوە ئەوسا
باسی سەربەستی بۆ کردم

شێرکۆ بێکەس لەم پۆستەرە شیعرە باسی پەیوەندییە گرینگەکان و دوو شتە پڕ بەهاکان دەکات، ئەو دوو شتە گرینگانەی کە بەبێ یەکتری ناتوانن بژین. واتە بەیەکەوە مانایەک پەیدا دەکەن. ئەم دوو چەمکانەش لەنێوانیاندا پەیوەندی خۆشەویستییەکی ئەبەدی هەیە، بۆ نموونە وەک (خۆشەویستی (خاک و باران) یان خۆشەویستی (ئاو و سەرچاوەکان یان کانییەکان)، خۆشەویستی (دار و گەڵاکان). لەدواجار شتێکی زۆر گرینگ باس دەکات ئەویش دەیەوێت بزانی ئەی خودی خۆشەویستی لەگەڵ چی لە پەیوەندی دایە، کە گوێ دەگرێ لە دڵی خۆشەویستی دەبینێت، خۆشەیستی باسی سەربەستی دەکات واتە خۆشەویستی لەگەڵ سەربەستی لە عەشق دایە، ئەوەش مانایەکی قووڵی هەیە، کە خۆشەویستی بەبێ سەربەستی و ئازادی مانایەکی نییە، شێرکۆ بێکەس لە کۆتایی دەیەوێت پێمان بڵێت (مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی مانایەکی نییە، خۆشەویستیش بەبێ سەربەستی مانایەکی نییە) کەواتە لەدوا دەرئەنجام دەگەینە ئە هاوکێشەیەی (مرۆڤ و خۆشەویستی و سەربەستی) ناتوانن بەبێ یەکتری هەڵبکەن و ناتوانن بەبێ یەکتری بژین.

٥- چەند زانیارییەک لەبارەی ئەزموونی شیعری (شێرکۆ بێکەس)

شێرکۆ بێکەس، یەکەم کتێبی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٦٨ بەناوی (تریفەی هەڵبەست) بڵاوکردۆتەوە. دووەم کتێبی لە ساڵی ١٩٦٩ بەناوی (کەژاوەی گریان)، سێیەم کتێبی لە ساڵی ١٩٧٤ بەناوی (من تێنوێتیم بە گڕ دەشکێ) ئەمانە لە کارە سەرەتاییەکانیەتی، شێرکۆبێکەس لە ئەزموونی شیعری خۆی فۆرم و ستایلی جۆراوجۆری تاقی

کردۆتەوە، شیعری ئاسایی، پۆستەرە شیعر، قەسیدەی درێژ، داستانە شیعر، شانۆنامە شیعر، ڕۆمانە شیعر، دوائەزموونی خۆشی ناونا (دەقی ئاوەڵا) لە خوارەوە باسی دەکەین.

ئەو سێ کتێبەی سەرەوە بە فۆرمی ئاسایی نووسرابوون

- کتێبی (کازیوە) پۆستەرە شیعر
- کتێبی (کاوەی ئاسنگەر) داستانە شیعر
- دەقی (ئاسک) شانۆنامە شیعر
- کتێبی (دوو سروودی کێوی و دەربەندی پەپوولە) و (ئافات) زۆرانی تر، قەسیدەی درێژ
- کتێبی (گۆڕستانی چراکان)، ڕۆمانە شیعر

- ئەزموونی (دەقی ئاوەڵا)

بەمانای دەقێکی کراوە و نووسراو بەژانری جۆراوجۆر، واتە تێکەڵاوییەک لە شیعر و چیرۆک و شانۆ و پەخشان و ڕیپۆرتاژ و تەنانەت زمانی ئاساییش، بەڵام هەمووی لەژێر هەژموون و کۆنترۆلی زمانی شیعری، نموونە بۆ ئەم ئەزموونە دەقی (کورسی)، دەقی (ملوانکە)، دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە).

دوا کتێبی شیعری شێرکۆ بێکەس (خێراکە مردن خەریکە بگات).

**دیسەمبەری ٢٠٢٠**

## • شیعر و دایک و میهرەبانی

### خوێندنەوەیەک بۆ شیعری:
### (دایکم و دەریا لەیەک دەچن)ی (خولیا حوسێن)

دایک قەسیدەیەکی درێژی بەردەوامە، هەمیشە جوانی و سۆز و خۆشەویستی لێدەڕژێ، قەسیدەیەکی کراوەیە بە بوون و ناوەڕۆکێکی فراوانی گەردوونییەوە، میهرەبانیش بەهەمان شێوە، بوونێکی کراوە و مانایەک جگە لە جوانی و خۆشەویستی هەڵگری هیچ هێما و کۆدێکی تر نییە، تەنها دایک بە خۆی و بوونە گەردوونییەکەیەوە، بە خۆی و دڵە پڕ لە خۆشەویستی و پڕ سۆزەکەیەوە، دەتوانێ لەگەڵ وشەی میهرەبانی هاوتەریب بێتەوە، بە بڕوانی من چەمکی میهرەبانی جگە لەدایک ناتوانێ ببێتە هێما بۆ هیچ وشە و کاراکتەرێکی تر. دایک جگە لە زمانی خۆشەویستی هیچ زمانێکی تر نازانێت، گریان و تووڕەبونەکان و گۆرانی و خەمەکانیش هەر بە زمانی خۆشەویستی دەردەبڕێت، دایک ئەو دەقە شیعرییەیە کە ژیان لەنێویدا بە سەوز و ڕەنگاوڕەنگی دەبیندرێ، هێمن و ئارام، دوور لە هەموو توندوتیژی و مردنێک، دڵێکی گەردوونی وەکماڵێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی. بۆیە (شیعر و دایک و میهرەبانی) دەبن بە هاوکێشەیەک و یان دەستەواژەیەک کە هەموو جوانییەکانی دنیا لەنێویاندا کۆدەبێتەوە، میهرەبانی لەگەڵ دایک بەو هێزە موگناتیسییەوە بەیەکەوە دەنووسێن وەک ئەوەی لەبنەڕەتەوە بۆ یەکتری دروستبووبن. وەک ئەوەی میهرەبانی لەبنەڕەتەوە بوونێکی مێینەی هەبێت و جگە لەدایک لە هیچ چەمک و ناوێکیتر نزیک نەبێتەوە، یان هیچ ناو و چەمکێکی تر بە نیوەکەی تری خۆی نەزانێت. بەم دەستپێکە کورتەمان دەمانەوێت خوێندنەوە بۆ شیعرێکی (خولیا حوسێن) بکەین بەناوی (دایکم و دەریا

لەیەک دەچن). لەسەرەتا دەمانەوێت هەڵوێستەیەک لەسەر ناونیشانەکە بکەین و لەهەمانکات قسەش لەسەر پەیوەندی نێوان (دایک و دەریا) بکەین. ناونیشانێک پڕ لە ئێستیتیکای شیعری و ناوەڕۆکێکی بەهێز. یەکێک لەو ناونیشانە شیعرییانەیە کە ئەگەر هەموو دەقەکە بە تەنیا دێڕی ناونیشانەکە بووایە، هەر هەمان ئەو قسانەی لەسەرەوە کردوومە دیسان دەمکردنەوە، ناونیشانێک کە ئەو هێزەی لەگەڵدایە هەموو دەقەکە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، یان جوانییەکانی خۆی پەخش بکات بەسەر تەواوی ڕووبەری دەقەکەوە، بەمانایەک لەسەرەتای دەستپێکردنەوە تاکۆتایی دەقەکە تەواو بیرکردنەوەی شاعیری داگیرکردووە، یان شاعیر نەیتوانیوە تا کۆتایی دەقەکەی لە پەرێزی ئەم ناونیشانە دووربکەوێتەوە. هێزی ئەم دەستەواژە شیعرییە لەوەدایە لێکچوواندنی (دایک و دەریا). خولیا بە تەواوی ئاگاییەوە ئەم کارەی کردووە و لەم هەڵبژاردنەیدا، واتە لە هاوتەریبکردنی (دەریا و دایک) سەرکەوتوو بووە. دەریا وەک دایک بوونێکی فراوان و کراوە و گەردوونیی هەیە، دەریا وەک دایک پڕاوپڕە لە (جوانی و ئارامی) کە چێژ بە ڕۆحی مرۆڤەکان دەبەخشێت، دەریا یانی ئاو، ئاو توخمێکی سەرەکییە بۆ ژیان و بوون. یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی فەیلەسووفی یۆنانی کۆن (ئیپمادۆکلیس) فەلسەفەکەی خۆی لەسەریان بنیاد ناوە ئەوانیش (زەوی، هەوا، ئاو، ئاگر) وەکچۆن ئاو توخمێکی پێویست و سەرەکییە بۆ بەردەوامی ژیان دایکیش بەهەمان شێوە، کەواتە هاوکێشەکەی سەرەوە (شیعر، دایک، میهرەبانی) ئێستا دەبێتە (شیعر، دایک، میهرەبانی، دەریا) کە هەرچوار چەمکەکە بوونێکی کراوەی گەردوونییان هەیە و هەرچوار چەمکەکە بە هێزێکی پتەو بە ژیانەوە پەیوەستن، ئەو هێزەی (فریدریک نیتچە) بانگەشەی بۆ دەکات و دەیکات بە بنەڕەتی ژیان و بوون. خولیا لەسەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت:

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارێکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هێمنی دەریادا
جوانی و
هێمنی و
دڵ گەورەیی دایکم دەبینم

دایکم و دەریا لەیەک دەچن ئەوە ناونیشانی شیعرەکەیە، دەبینین چۆن پرشنگی خۆی پەخش کردووە بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا (خولیا حوسێن) لێرە هەندێک لە سیما و سیفاتە سەرەکییە هاوبەشەکانی نێوان (دایک و دەریا) دەخاتە ڕوو (جوانی، فراوانی، هێمنی)، لای ئەو دەریا وەک دایک جوان و فراوان و هێمنە، بۆیە هەرکاتێک غەریبی دایکی دەکات دەچێتە کەنار دەریایەک، لەسەر رووی ئاوەکە ڕوخساری دایکی دەبینێت، دڵگەورەیی دایکی و جوانی و هێمنی و هەموو شتێکی دایکی، چونکە لای ئەو (دایک و دەریا لەیەک دەچن). لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەکانی دەنگی ئاوەکە گۆرانییەکان و قسەکانی دایکی بیر دەکەوێتەوە، هەمان نەغمە و هەمان ئاوازی پڕ سۆز و ڕۆحێکی گەردوونی پڕ لە میهر و خۆشەویستی. دوای ئەوە دەڵێت :

بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی دەریا
بیرکردنەوەیە لە نهێنیی
عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم

بێگومان کە دەچێتە کەنار دەریا، جوانی و فراوانی هێمنی دەریا دەبینێ، لەو کاتەیە دایکی بیردەکەوێتەوە و بەنێو قووڵایی خەیاڵەکانی ڕۆدەچێت، هەرچەند بەنێو خەیاڵەکانی قووڵتر دەبێتەوە و لە نهێنی و سیحری جوانییەکان و سەراسیمەیی دەریا ورد دەبێتەوە، عەشقە ئەبەدییەکەی دایکی لەلا فراوانتر و سیحراویتر دەبێتەوە، چونکە نهێنییە ئەفسوونییەکانی دەریا لە نهێنییە عەشقە ئەفسوونییەکەی دایک دەچێت. خولیا لە کەنار دەریا لە وێناکردنی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆی و دایکی زێتر بەنێو خەیاڵەکانیدا ڕۆدەچێ و زێتر نهێنی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دایک و دەریا وێنا دەکات و دەڵێت.

دەریا و دایکم
وەکوو یەکن
هەردووکیان
گوێ لەگمەی کوکوختی گلەییەکانم دەگرن
کۆشیان بۆ فرمێسکەکانم دەکەنەوە
خەمەکانم لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن و
گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە
کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم
وادەزانم گوێم لە (هۆدای) خۆم گرتووە
لە گەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا
قاقای پێکەنینە خۆشەکان
لایلایە بە سۆزەکان
نەغمەی مەقامە حەزینەکان
سۆزی سەردوولکە دڵ سووتێنەرەکانی دایکمم بیر دێتەوە

خۆشەویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وای لێدەکات، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە، لە شتە وردەکانیش بڕوانێت، هێندە بە هەستیارییەوە لە ئاوەکە دەڕوانێ و هەموو جووڵەیەک واتادار دەبێ و یادێک یان شتێکی دایکی بیردەهێنێتەوە، لەنێو قووڵایی ئەم بیرکردنەوەدا بە بەرینایی دەریا لەسەر ڕووی ئاوەکە سیمای دایکی دەبینێت، هەموو ئەو شتە جوانانەی دایکی بیردێتەوە، کە ئەوشتانە لە دەریاش بەدیدەکات، بۆیە هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە بە یەقینێکی گەورەوە دەڵێت (دایکم و دەریا وەکو یەکن.) ئەمجارە ناڵێت لەیەکدەچن، دەڵێت وەکو یەکن. دەڵێت هەردووکیان گوێ لە گمەی کوکوختییەکانی خەمەکانم دەگرن، کۆشیان بۆ فرمێسکەکانم دەکەنەوە، گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە. بۆ هەموو لایەکمان ڕوونە کە دایک میهرەبانترین و دڵسۆزترین کەسە بۆ منداڵەکانی، دڵی دایک شوێنی هەموو خەمێک و نهێنییەکی تیا دەبێتەوە، دەریاش بەهەمان شێوە، پڕاوپڕە لەنهێنی، هەزاران مرۆڤی دڵشکاو بەدەم وڕێنەوە خەمەکانی بۆ دەریا باس دەکەن، هەزاران عاشق لە کەنار دەریاکان نهێنی و ڕازی دڵی خۆیان باسدەکەن و هەمووشتێک هەرچییەک لە قووڵایی دڵیاندایە باسیدەکەن، دڵی دەریاش وەک دڵی دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارێک دەگرێت، ئارامترین کەنارە بۆ مرۆڤە غەمبارەکان و نائومێدەکان و دڵشکاوەکان و تەنانەت بۆ کەسە کەیفساز و دڵخۆشەکانیش، ئەوەتا بە ڕوون و ئاشکرا دەڵێت کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم، وادەزانم گوێ لە هۆدای خۆم رادەگرم، لەگەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا، قاقای پێکەنینە خۆشەکان، لایلایە بەسۆزەکان، نەغمە حەزینەکان، سۆزی سەردوولکە سووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە. بە هێناوەوەی ئەم هەموو فاکتە لەیەکچووانە ئیتر بوارێک بۆ گومان نامێنیتەوە دەڵێت (دایکم و دەریا) تەواو وەکو یەکن (هۆدا) بە دیالێکتی هەولێری یانی (دایە)، دیارە ئەو بیرۆکەیەش کە دایکم و دەریا وەکو یەکن، ڕەهەندێکی مەعریفی و زانستی لە پشتە، چونکە بە پێی (تیۆری پەرەسەندن) ئاو یان دەریا دایکی هەموو بوونەکانە، ژیان لە ئاوەوە هاتووە. ئەم دەقە لێرەدا جگە

لەلایەنی جوانکاری قووڵاییەکی مەعریفیشی هەیە. ئیتر لەسەر ئەم وەکویەکبوونە بەردەوام دەبێت، تا بە وشیارییەوە بتوانێ ئەو یەقینە لای خوێنەریش دروستبکات بۆیە فاکتی گەورەتر باسدەکات و دەڵێت:

دەریا وەکوو دایکمە
نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت
تائەبەد
هەر بە جوانی
دەمێنێتەوە

باس لە بەرائەت و پاکی دایک دەکات، کێ هەیە گومان لە پاکی دایک بکات، یان مانەوەی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی، لێرە کە دەڵێت نە پیر دەبێت، مەبەستی تەمەن و شێوەی جەستە نییە، مەبەستی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی و وەک بوونێکی گەردوونی تا ئەبەد لەنێو بوون و یادەوەرییەکان دەمێنێتەوە، کەس هەیە دوای مردنیش خۆشەویستی بۆ دایکی یەک زەڕە کەمبکاتەوە؟ یان بتوانێ کاریگەری دایکی لەنێو ژیان و یادەوەرییەکانی بسڕێتەوە، ئێ کەوایە دایک بوونێکی ئەبەدی هەیە و پیرنابێت، دەریاش وەک دایک وایە نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت. من پێموایە خولیا لە باسکردنی سیما و ڕەفتار و ئەدگارەکانی دایک هاوکات بینینی ئەم سیما و ئەدگارانە لە دەریاشدا زۆر سەرکەوتوو بووە و قووڵایی و جوانکاری بێوێنەی بە شیعرەکەی بەخشیوە. لە خەیاڵەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت :

دایکم و دەریا
هەردووکیان بینای چاو و
هەناسەی سییەکانمن

عەرشی دڵیان داگیر کردووم
بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕۆحم نوستوون
هۆ دایە گیان
لە دووری تۆ
لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دڵتەڕە
ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم
ئەم وڵاتە هیچ شتێکی لە نیشتمانەکەی خۆمان ناچێ
دەریا نەبێ، وەک عەشقی تۆ و وەک جوانی تۆ قەت نامرێ!

ئیتر تا ئێرە هەوڵیداوە کتومت ئەوە پیشان بدات دایک و دەریا لەیەکدەچن یان وەکو یەکن. ئینجا لێرەبەدوا لەنێو هەستی غەریبیدا و لە کەنار دەریایەک بەنێو قووڵایی خەیاڵە خەمناکەکانی خۆیدا ڕۆدەچێت، لە قووڵایی ناخییەوە هەستەکانی خۆی دێنێتە قسە و دەڵێ (دایکم و دەریا هەردووکیان، بینای چاو و هەناسەی سییەکانمن..) هاوکات وەک خۆشەویستی بۆ دایکی ئەو خۆشەویستییەش بۆ دەریا دەردەبڕێت، تا ئەندازەی بینای چاو و هەناسەی سییەکان، چونکە (دەریا و دایک) لای ئەو وەکویەکن، بۆیە هەردووک عەرشی دڵیان داگیرکردووە و بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕۆحی نووستوون، شیعرێکی ناسک و دەستەواژە و وشەی شیعری چێژبەخش، ناسک و جوان وەک ناسکی و جوانییەکانی دایک و دەریا. یان لەنێو خەیاڵەکان و هەستەکانی قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دەڵێت هۆ دایە گیان، لە دووری تۆ، لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دڵتەڕە، ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم، ئەم وڵاتە هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خۆمان ناچێ دەریا نەبێ وەک عەشقی تۆ وەک جوانی تۆ قەت نامرێ. هەرچەندە شاعیر لە وڵاتێکی جوان و ڕەنگین دەژی و وڵاتێک کە هەموو شتەکانی جیاوازە لە نیشتیمانەکەی خۆی کە هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خۆی ناچێت، سروشتێکی جیا و کلتوورێکی جیا و هەموو شتێکی جیا تەنها دەریا نەبێ، چونکە دەریا و دایکی

لەیەکدەچن یان وەکو یەکن، دەریا وەکو عەشقی دایک هەمیشە جوانە و هەرگیزیش پیرنابێ. دوای ئەوە هەندێ وەسف و دیمەنی شیعری ناوازە و نایابمان بۆ وێنەدەکات و دەڵێت:

که تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ
ئەوە تیشکی خەندەکانی دایکمە
لەنێو ڕۆحی ئەو و
لەنێو چاوەکانی مندا
دەشنێتەوە
لەو ساتەدا
دڵم هێشووی خەندە دەگرێ
ڕۆحم قاقا پێدەکەنێ
چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا هەیە دەیان مژێ
که له شینی ڕوخسارە ڕوونەکەی دەریا قووڵ دەبمەوە

به هەستێکی شاعیرانە و بە چاوێکی وردبینەوە لە دەریا دەڕوانێ، لەو دەمەی تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ، ئەو دیمەنە بەراورد دەکات بە درەوشانەوەی خەندەکانی دایکی کە لەنێو چاوەکانی دەردەکەون یان تیشکی خۆرەتاوی خەندەکانی دایکی لەنێو چاوەکانی دەشنێنەوە، لەوساتەدا هێندە دڵخۆش و کەیفساز دەبێ تا ئەندازەی ئەوەی، دڵی هێشووی خەندە دەگرێت و ڕۆحی قاقا پێدەکەنێت. دیمەنێک جوان و هەستێکی پاک و بێگەرد، ئیتر لەو دەمەدا لەتاو درەوشانەوەی خۆری خەندەکانی دایکی، چاوەکانی هەرچی تیشکی دەریا هەیە هەڵدەمژن و ئاوێزانی قووڵایی شینێتی ڕوخساری دەریا دەبن. لەکۆتایی ئەم شیعرە و لەگەڵ هەموو تەنگژەکانی غوربەت و دووری و تەنیایی و بیرکردنی دایک، هەست بەئارامییەک دەکات وەک ئەوەی گەیشتبێتە کەناری ئارامی و بە دڵخۆشییەوە دەڵێت:

هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارۆکە شینە
ئەفسووناویەکەی دایکم
خۆم شاردۆتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ
نە خۆشەویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شەکەتی پێم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خۆی دەمبا
نە دۆڕان تێکم دەشکێنێ
نە غوربەتیش دەمگرییێنێ.

دوای ئەوەی تێر لە بەرینایی دەریا و جوانییەکان و نهێنیەکان و دیمەنە دڵگەشەکان دەڕوانێ و هاوکات تێر لە ڕوخساری دایکی و بەسەرکردنەوەی یادەوەرییە شیرینەکان، ئیتر دڵخۆشییەک جەستە و ڕۆح و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دادەپۆشێ، دەڵێت هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و منداڵ دەبمەوە (وا دەزانم لەژێر ئاسمانی چارۆگە شینە، ئەفسووناوییەکەی دایکم. خۆم شاردۆتەوە.)، بە بڕوای من ئەو دێڕە شیعرە یەکێکە لە هەرە دەستەواژە جوانەکان و قووڵەکانی ئەو دەقە شیعرییە، کە جوانییەکی بێوێنەی بەرجەستە کردووە لە هێماکردنی  ئاسمان بە چارۆگە شینەکەی دایکی، تا بڵێی لێکچوواندنێکی شیعری و نایابە، لە کەنار دەریا دانیشتووە لەژێر ئاسمانێکی شینی بێگەرد، وا هەستدەکات لەژێر چارۆگە شینە ئەفسووناوییەکەی دایکییەتی، بۆیە دڵخۆشە و وادەزانێت گەیشتۆتە کەناری ئارامی، چونکە باوەشی دایک و خۆشاردنەوە لەژێر چارۆگەی دایک ئارامترین شوێن و

پەناگەیە، هەربۆیە لەو شوێنە ئارامە (نە عەشق دەیسووتێنێ، نە خۆشەویستی ئازاری دەدا، نە خەم زەفەری پێدەبا، نە شەکەتی پێیدەزانێ، نە تەمەن لەگەڵ خۆیدا دەیبا، نە دۆڕان تێکی دەشکێنێ، نە غوربەتیش دەیگرییێنێ.)، کۆتاییەک و نەخشاندنی دیمەنێکی ئارام و پڕ ئیستیتیکا و چێژ. کە لەسەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی جوانی، چێژ و ئارامی بە ڕۆحی خوێنەر دەبەخشێت. ئەوەی زۆر گرینگ و جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە لەم دەقەدا کە هاوکێشەیەک بەرجەستە دەکات لە نێوان چەمکەکانی (شیعر، دایک میهرەبانی، دەریا)، ئەم چوار چەمکە بە بوونێکی کراوە و گەردوونی تێکەڵاوبوون و ئاوێزانییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا دەنەخشێنێ، وەک چوار توخمە سەرەکییەکەی (ئیپمادۆکلیس)ی فەیلەسووف، ئەوانیش (زەوی، هەوا، ئاو، ئاگر). گرینگ و پێویستن بۆ ژیان و گەردوون. (شیعر و دایک و میهرەبانی و دەریا) دەبێتە هاوکێشەیەک لەو توخمە سەرەکییانە پێکهاتوون کە ژیان و مرۆڤایەتی بەبێ ئەم چەمک و توخمانە تەنانەت گەردوونیش مانایەکی نابێت، ئەمەش کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیە، من دەستخۆشانەی گەرم لە خولیا دەکەم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن)، یەکێکە لەو شیعرە ناسک و نایابانەی بۆ (گەورەیی و میهرەبانی و جوانی دایک) نووسرابێت، هێندە بڵێم (خولیا حوسێن) شاعیرێکە خاوەن ئەزموونێکی دوور ودرێژە لەگەڵ شیعر، بەڵام ئەزموونێکی (پەرشوبڵاو)، وا پێویست دەکات، خۆی کۆکاتەوە و گرینگی زێتر بە تواناکانی خۆی بدات بەرامبەر بە شیعر، چونکە داهێنان کردەیەکی لەخۆڕا و عەفەوی نییە، بەڵکو ئاگایی و وشیاری و مەعریفەیەکی قووڵی دەوێت. لەکۆتایی دەڵێم سڵاو لە میهرەبانی دایک، سڵاو لە جوانی دەریا، سڵاو لە شیعر و داهێنان.

**دیسەمبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**

شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن)، (خولیا حوسێن).

# بەشی سێیەم:

## • شیعر و فرێدریک نیچە

پەیوەندی نێوان شیعر و (فرێدریک نیچە) پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، هەروەک لە پێشتر نووسیومانە نیچەیان بە فەیلەسووفێکی شاعیر ناوبردووە، بەڵام بەرلەوەی باسی (شیعر و نیچە) بکەین هەوڵدەدەین زۆر بە کورتی باسی پەیوەندی نێوان (گیرکەگۆر و نیچە) بکەین، هاوکات کە شیعر لەنێوان ئەو دوو بیرمەند و فەیلەسووفە چ جێگایەکی بڵندی هەیە، هەروەک لە کتێبی (چەند فەیلەسووفێکی بوونگەرا)دا دەڵێت (کاتێک کە (کیرکەگۆر) کۆچی دواییکرد هێشتا (نیچە) قوتابی قوتابخانەی سەرەتایی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری (نیچە) لەسەر بیری فەلسەفی لە کاریگەری (کیرکەگۆر) لە پێشتر بووە.. لە ڕاستیدا (کیرکەگۆر) هەر بەنادیار و لەبیرکراو مایەوە تا ئەوکاتەی، کە بۆیەکەمجار وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی و پاشان زمانی فەڕەنسی.. تا ئەوەبوو کە توانی ببێتە سەرچاوەی تەوژمێکی نوێی ئاشکرا و ڕۆشن لە مێژووی هاوچەرخی بیری مرۆڤایەتیدا.)، هاوکات هەر لەم کتێبەدا باسی شێواز و پەیوەندییەکانی ئەم دوو بیرمەندە بلیمەتەمان بۆ دەکات و دەڵێ (لە ڕاستیدا لانادەین ئەگەر بڵێین ئەو ئایدیا سەرەکییانەی کە لە مێشکی هەر یەکەیاندا خولاوەتەوە یەک ئایدیا بووە، تەنانەت ئەو شێوازەیش کە تایبەتمەندییەکەی بریتییە لە لاقرتێ و گاڵتەجاڕی توند، هەروەها شاعیرێتی و شاعیرگەرایی گەرموگوڕ، زۆرجار کۆک و تەبایان دەکات و یەکیاندەخات.). دەبینین یەکێک لە خاڵە هاوبەش و درەخشانەکەی نێوان شێوازی ئەم دوو بیرمەندە (شاعیرێتی و شاعیرگەرایی) بووە، واتە لەپاڵ چەمکەکانیتر شیعریش

یەکێک لەم چەمکانە بووە کە ئەم دووانەی لە یەکتری نزیک کردۆتەوە، چونکە هەردووک ژیانی خۆیان کردبوو بە سەرچاوەی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەیان، ئەمەش زێتر ڕێگە خۆشدەکات شاعیرانە بڕوانن و شاعیرانەش بیربکەنەوە، چونکە ژیان و شیعریش وەک بوونێکی ئاوێتە و تێکەڵاو و یەکجەستەیی وایە. دیوێکیتری پەیوەندی نێوان ئەم دوو بیرمەندە (فەلسەفەی هەریەکەیان دۆزینەوەیەکی هەمیشە و بەردەوامی خودەکانیان بوو، تا ئەوئاستەی (کیرکەگۆر) وتەیەکی هەیە دەڵێت (من کتێبەکانم بە خوێنی خۆم نووسیوە)، ئێمە پێشتر لە وتارەکانی ترمان ئەمەمان نووسیوە یەکێک لە جیاوازییەکانی قوتابخانە ئەدەبییەکانی مۆدێرنە هەر ئیشکردن لەسەر زمان و فۆرم نەبووە، بەڵکو خاڵێکیتری گرینگ ئەوەبوو کە ئیشیان لەسەر خود و ناوەوەی خود کردووە، لە وتاری (شیعر و ناخودئاگایی) لەسەر پەیوەندی (شاعیر و خود) یان پەیوەندییەکانی نێوان (خود و دەرەوە) هەڵوێستەی زێترمان لەوبارەیەوە کردووە، بەتایبەت (نێچە) سەبارەت بە (بوونی مرۆیی و خودی تاک) زێتر چڕ دەبێتەوە بۆ نموونە (نێچە بانگەشە بۆ ئیرادەی هێز دەکات کەوا لە مرۆڤ دەکات جەخت لە بوونی خۆی بکات و وابەستەی ژیان بێت.)، ئەم گوتنەی (کیرکەگۆر)یش بۆ شیعر و داهێنان یان بۆ شاعیرێکی داهێنەر کە خەونی داهێنانی هەبێت ڕاستە، چونکە ئەو شاعیرانەی خەونی گەورەی داهێنانییان هەیە و لە هەوڵی ئەوەدان بەرینترین ڕووبەری جوانی بە ژیان ببەخشن و وەک پەیامبەرێکی ڕێگای ژیان ئامادەن هەموو شتە تایبەتییەکانی خۆیان ببەخشن و (ژیانیان بۆ شیعر و داهێنان) بوێت ئەم قسەیەی گیرکەگۆر بۆ ئەم جۆرە شاعیرانەش ڕاستە و

ئەوانیــش کتێبــە شــیعری و لێکۆڵینەوەکانیــان بــە خوێنــی خۆیــان دەنووسـن. دوای ئەم دەروازە و پێشـەکییە، لێرەوە ڕێرەوی قسـەکانمان دەبەینـەوە سـەر پەیوەنـدی نێـوان (شـیعر و نیچـە) بـە پشتبەسـتن بـە کتێبی (ڕووبـەڕوو لەگـەڵ شیعر) بەتایبـەت وتـاری (شـیعر و فەلسـەفە یــان فەلســەفە و شــیعر) بــە کەمێــک دەســتکاری و ئیزافاتــی نوێــوە، پەیوەنـدی نێـوان شـیعر و بیرمەنـدی گـەورە (نیچـە) دەخەینـە ڕوو (نیچــە) پاراســتنی زات بــە خراپتریــن شــێوەی ویســت دەزانــێ، واتــە کەســێکی کەنارگیــر و نامــۆ، ئــەم زیاتــر خوازیــاری مرۆڤــی بــاڵا و ســوپەرمانی و یاخــی و خــودان ویســتی هێــزە. تەنانــەت لــە ڕوانگــەی (زەردەشـت)یش، ڕێگـەی ژیـان بەسـەربردن لایەنگری لـە چوارچێوەی مەنتیقــی و ژیرانــە و عەقــڵ نییــە، بەڵکــو کەســەکان ئــازادن بــۆ هەڵبژاردنــی ڕێگــەی ژیانــی خۆیــان، لــە ڕاســتیدا ئــازادی بەشــێکە لــە بوونـی مـرۆڤ، واتـە لـەدەرەوەی بـوون و مومارەسـەکردنی ئازادانـە، وشــەی ئازادیــش وەک چەمکەکانیتــر بێبەهــا و هیــچ بەهایەکــی بــۆ نامێنێتــەوە، ئەمــەش بــە مانایــەک هەڵوەشــاندنەوەی پــاوەرەکان و ســنوورەکانی عەقــڵ و سیســتەماتیکە. (شــیعر و داهێنــان) پێویســتییان بـە کرانـەوە و پچڕاندنـی هەمـوو کـۆت و زنجیرەکانـی بەهـا و نەریتـە میراتییەکانــە، بــۆ ئــەوەی ببــی بــە کەســێکی داهێنــەر، دەبێــت خــۆت بەهــا و نەریــت و ڕەفتــار بــۆ خــۆت بتاشــی کــە پێچەوانــەی ئەوانــەی پێـش خـۆت بـن بەمانایـەک بـە هەمـوو پێـوەرەکان (هەرخـۆت بیـت و هیچـی تـر.) هەروەهـا لـەم وتارەمـان وردتـر باسـی ئـەم فاکتانـە دەکەیـن کــە ئــەم بیرکردنەوەیــە نادروســتانەی ئەفلاتــوون ڕەتدەکەنــەوە، بــۆ نموونــە بــاس لــەوە دەکەیــن کــەوا، شــیعریش وەک فەلســەفە لەســەر بنەمـای بیرکردنـەوە ئیـش دەکات و ڕەهەنـدی فیکـری و مەعریفـی لـە

پشـتـە. زۆرن ئـەو فەیلەسـووفانەی کاریگەرییـان لەسـەر شـیعردا هەبـووە، یـان قسـەیان لەسـەر شـیعر کـردووە و باسـی گرنگـی و پەیوەندییەکانی فەلسـەفە و شیعریان کردووە، یان زمانی شیعرییان بەکارهێنـاوە بـۆ دەربڕینـی فەلسـەفەکانیان، ئـەم فەیلەسـووفانەش بـە (فەیلەسـووفی شـاعیر) ناوبـراون. یەکێـک لەوانـە (فریدریـک نیچە)یـە. لـە پەیوەنـد بـە شـیعرەوە، تایبەتمەنـدی (نیچـە) جیـاوازە لەگـەڵ فەیلەسـووفەکانیتر، چونکە هەندێک لە فەیلەسووفەکان هەم شـاعیریش بـوون هـەم فەیلەسـووف، واتـە لەپاڵ فەلسـەفە شیعریشـیان نووسـیوە یـان سـەرەتا بـە شـیعر دەسـتییان پێکـردووە، لەوانـە (مارکـس، جـان جـاک ڕۆسـۆ، سـامویل تەیلـۆر کۆلیریـچ....)، بـەڵام (نیچـە)، لەگـەڵ ئەوەی شیعریشی نووسـیوە بەڵکو کتێبە فەلسەفییەکانیشی بە زمانی شیعرنووسـیون، بۆیـە بـە بـڕوای هەندێـک کـەس (نیچـە لـە زگماکـەوە شـاعیر بـووە.)، واتـە هـەر بـە شـاعیری لەدایکبـووە. شـیعر گەورەترین بەشـی نووسـینەکانی و تەنانـەت بـوون و نـاخ و فەلسـەفەکەشـی داگیرکـردووە. نیچـە زۆر بـە ڕۆشـنی درکـی بـە بەهـا و ڕۆڵـی زمانـی کـردووە کـە زمـان چ سـیحرێک و هێزێکـی تیایـە بەتایبـەت زمانـی شـیعری، وەک سـەرچاوەی (چێژ) چ کاریگەرییەک لەسـەر بیرکردنەوە و خەیاڵـی مرۆڤـەکان جێدەهێڵێت، بۆیـە لـە شـوێنێک دەربـارەی زمانـی شـیعری دەڵـێ (زمـان گەمەیەکـی گەمژانەیـە، بەهـۆی زمانـەوە مـرۆڤ دەتوانێ سـەما بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە بکات)، نیچـە فەیلەسـووفێکە، ئامانجـی بەرهەمهێنانـی (مرۆڤـی بـاڵا) بـووە لـە ڕێگـەی ئیـرادە و ویسـتی هێـزەوە، بۆیـە لـە زۆر شـوێن پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرێ و دەڵـێ (مـن هاتـووم هەواڵـی مرۆڤـی باڵاتـان پێڕابگەیەنـم، مرۆڤـی بـاڵا ئـەو کەسـەیە لـە نەریتـی بـاو یاخـی دەبێـت و خـودان ئیـرادە و هێـزی

کارای خۆی دەبێ..) ئەمە ڕۆشن بووە لای (نیچە) کەوا داهێنان بە کەسی لاواز و بێ ئیرادە ناکرێت، کەسەکانی دیلی بەندی کلتوور و ئایین و دیلی مرۆڤەکانی تر بن، ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکانن لەسەرووی خۆیان ئیرادەی تریان بەسەردا دەسەپێندرێ، ئەو کەسانە کەسانی کۆیلە و نامۆن ناتوانن داهێنان بکەن، یان ئەگەر داهێنانیش بکەن داهێنانەکانیان دەکەونە ژێر پرسیارەوە. لای (نیچە) بۆ ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر وا پێویست دەکات هەموو کۆت و زنجیرەکان بپچڕێنیت، ببی بە خۆت و تەعبیر لە ویستی خۆت بکەی، هەموو شتێکی میراتی تووڕ هەڵبدەی، خۆت بەها و نەریت و ڕەفتار بۆ خۆت دیاری بکەی، خۆت هێزی جووڵێنەری خۆت بی، جووڵە ڕەفتارەکانی خۆت پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆت بن، بەمانایەک هەروەک دروشمێکی هەبوو کەوا (تەنها خۆت بیت و ئەویتر نەبیت)، چونکە داهێنان وا دەخوازێ کە دنیا و جیهانێکی نوێ بخوڵقێنی. (نیچە) لە کتێبی (ئا ئەمەیە مرۆڤ)دا دەڵێ (من لە هیچ شتێک لاسایی کەس ناکەمەوە، گاڵتە بە هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کە هێشتا فێرنەبوونە گاڵتە بە خۆیان بکەن، لەسەر دەرگایماڵەکەم ئەمە نووسراوە). نیچە وەک (شوبنهاوەر)، کاری بە (فەلسەفەی ویست) کردووە بەتایبەت ویستی هێز، چونکە (شوبنهاوەر) کتێبێکی هەیە بەناوی (جیهان وەک ویست فیکرە)، لەم کتێبەیدا پوختەی فەلسەفەکەی خۆی تیا باسکردووە، باوەڕی وایە عەقڵ ئامرازێکە بە دەستی ویستەوە، لای ئەو بوون لەسەر بنەمای حیکمەت و ئەزموون و مەبەستێک وەستاوە، بۆیە نیچەش پێ لەسەر ئەم بیرۆکەی ویستە دادەگرێ و ئامانجیەتی، تاکەکان خودان هێز و ئیرادەی خۆیان بن،

کـە نـاوی نـاون (مرۆڤـی سـوپەرمانی) یـان (مرۆڤـی بـاڵا)، بۆیـە پێیوابـووە، دەسـپێک و سـەرچاوەی ویسـت و هێـز لەسـەر ویـژدان و فیکردا شتێکی بنەڕەتی و جەوهـەری شتەکانە. یان بە بڕوای (نیچـە) (گرنگتریـن دەرکەوتـەی ژیـان، لـە تیـۆری داڕشـتن لـە ڕێگـەی هێـزی عەقڵ نییـە، بەڵکو (ویسـتە)، ناوەڕۆکـی ژیـان ویسـتە، ئـەم ویسـتەش ویسـتی هێـزە) (نیچـە) پاراسـتنی زات (خـود) بـە خراپتریـن شـێوەی ویسـت دەزانـێ، ئـەو پێیوایـە، کەسـێک بـەدوای پاراسـتنی زات بـێ، خـۆی لـە قـەرەی مەترسـییەکان نـادات و ژیانـی پارێزگارانـە هەڵدەبژێرێـت، مەبەسـتی ئەوەیـە مـرۆڤ دەبـێ ئامادەیـی قوربانیدانـی تیـا بێـت لەپێنـاو خەونـە گەورەکانـدا، بـە مانایـەک ئـەو کەسـانەی ناتوانـن زنجیـری کـۆت و بەنـدەکان بشـکێنن و بەهاکانـی ئاییـن و کلتوور و ئـەو بەهایانـەی بـەزۆر سـەپێندراون بەسـەریاندا ڕابماڵن، لـە هەمانکاتیـش ناتوانـن وەک مرۆڤێکـی بـاڵا خـودان ویسـت و هێـزی خۆیان بن بە کورتی پوختـەی فەلسـەفەکەی نیچە ئەوەیە (فەلسـەفەی عەقڵێکـی ئـازادە، فەلسـەفەی ئاوەژووکردنـەوەی بەهـا چەسـپیوە کۆنەکانـە، ئازادکردنـی مرۆڤـە لـە هەمـوو کـۆت وبەنـد و ئەخـلاق و ئاییـن و مەعریفـەی دەستاودەسـت، فەلسـەفەی نیچـە بـە دەنگێکـی بـەرز بانگـەوازی ڕزگاربـوون دەکات)، ئەمانەشـی هەمـووی بـە زمانـی شیعر لەنێو شیعرەکان و کتێبـە فەلسـەفییەکانی دەربڕیوە، بۆیـە نیچـە (فەیلەسـووفی شـاعیران و شـاعیری فەیلەسـووفان بـووە). کتێبـی (وەهـای گـوت زەردەشـت) یەکێـک لـە بەناوبانگتریـن کتێبـی نیچەیـە، کـە لـە سـاڵی ١٨٨٣ چاپکـراوە، کتێبێکـە بـە شـێوەیەکی ئەدەبـی ڕەخنەیی نووسـراوە، بە زمانێکی شیعری ناسک و پاراو، لەم کتێبەدا چەندین بیرۆکـەی گرنگی داڕشتووە، وێنـەی مرۆڤی باڵا و هەڵکشاوی

کێشـاوە، ئـەو مرۆڤـەی لـە دەسـتی کـۆت و زنجیـری کۆمەڵایەتـی و کلتـووری و ئەخلاقـی ڕزگاری بـووە، کتێبێکـە نیچـەی پێدەناسـرێتەوە. (نیچــە) لــەم کتێبەیــدا هــەروەک ســەرچاوەکان دەڵێــن، خــۆی وەک شـاعیرێکی مـەزن دەبینێت نـەک وەک فەیلەسـووفێک، دەربـارەی کتێبی (وەهـای گـوت زەردەشـت)، ئەدیبـی گـەورەی ئەڵمانیـا (تۆمـاس مـان) دەڵـێ (ئـەم کتێبـە باشـترین کتێبـە بـە زمانـی ئەڵمانـی نووسـرابێت)، نــەک تەنهــا کتێبەکانــی بەڵکــو شیعرەکانیشــی پــڕن لــە بیرۆکــەی فەلســەفی و ئاوێنەیەکــن بــۆ ڕەنگدانــەوەی تێــز و بیرکردنەوەکانــی خـۆی، بـەڵام شـتێکی گرینـگ هەیـە، نیچـە پرسـیارە فەلسـەفییەکان و ئایدیـا و بیرۆکـە شـیعرییەکانی، لـە قووڵایـی هەنـاوی ژیـان دەردێنێت و پەیوەســتییان دەکاتــەوە بــە مــرۆڤ و خۆشــبەختی و بەختەوەرییەکانیانــەوە. دیــارە نــەک هــەر لــەلای (نیچــە)، بەڵکــو لای زۆربــەی فەیلەســووفەکانی ســەردەمی مۆدێرنــە، مــرۆڤ دەبێتــە ناوەنــدی گرنگیــدان، هەوڵدانێکــە بــۆ بــە بەرهەمهێنانــی ســەربەخۆیی بیرکردنــەوە و عەقڵــی مــرۆڤ. دەرکێشــانی لەژێــر هەمــوو کاریگــەرە دەرەکییــەکان، دەکــرێ ئەمــەش بــە یەکێــک لــە خاڵــە هاوبەشــەکانی نێـوان شـیعر و فەلسـەفە حیسـاب بکەیـن، لێـرەدا چەنـد نموونەیەکـی شـیعری نیچـە دەخەینـە ڕوو و قسـەی لەسـەر دەکەیـن، هـەروەک لـە کتێبـی (نیچـە فەیلەسـووفێکی بەرزەفڕ)دا، لـە بەشـی (پێنجـەم)، بەنـاوی (نیچــە، شــاعیرێکی جیــاواز)دا، کــە لەســەرەتا باســی شــاعیربوونی (نیچــە) و بیرکردنەوەکانــی و دواتــر چەنــد نموونەیەکــی شــیعری هێناوەتـەوە، ئێمـە لێرەدا قسـە لەسـەر هەندێکیـان دەکەیـن. هـەر لەوێدا باسـی ئـەوە کـراوە (نیچـە) شـاعیرێکی جیاوازبـووە و بـە سـتایلێکی جیـاواز نووسـیویەتی، هـەروەک مێژوونووسـی فەڕەنسـی (ئەلیکسـیس

ڤیلۆنینکۆ) پێیوایە (نیچە ئێستیتیکای ڕووکەشی دەقی واتە فۆرمی پێش وردیی مانا خستووە، چونکە نیچە بەرلەوەی فەیلەسووف بێت، بە پلەی یەکەم شاعیر بووە، لەنێو نووسینە پەخشانی و شیعرییەکانی داهێنانی سوریالییانەی کردووە، بەتایبەت لە کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) هێندە دوور دەڕوات ئەستەمە تێی بگەیت (نیچە) کەسێک بووە زۆر قووڵ بیری کردۆتەوە، هەمیشەش بە زمانی ڕەخنەیەکی توند نووسیویەتی، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بۆ خوداوەند دەخوازێ و ئەخلاق و ئایین و کلتووره دواکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە، تا مردن لە نووسین ناکەوێت (نیچە) بە درێژایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کەوا (هێشتا پێویستە بژیم، چونکە هێشتا گەرەکمە بیربکەمەوە)، نیچە بیری لە هەموو سەکۆ و گۆشە و کەلێنەکانی ژیان و مرۆڤ کردۆتەوە، ئەوەی بە فەلسەفە دەرەقەتی نەهاتووە بە شیعر قسەی لەسەر کردوون، بۆیە شیعر و فەلسەفەکەی بە یەک ئاراستە ڕۆیشتوون. (نیچە) لە شیعری (مرۆڤە بەرزەکان)دا دەڵێت:

ئەوەی ڕادەپەڕێ، پێویستە پێیدا هەڵدەین!
وەلێ ئەو لە بەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات،
تاکو لەسەرووی پەسەندگرەوە بژیت،
ئەو لە بەرزی دایە ئەو لەسەر دەرگای ماڵی منە،
ئەو لە ماڵی من نیشتەجێیە،
هەرگیز بە دوای کەس نەکەوتووم
لەسەرووی ئەمانەش، قۆشمەم بە هەموو مامۆستایەک کرد.

ئـەم شـیعرە تـا بڵێـی شـیعرێکی ناسـکە (نیچـە) بـە زمانێکـی شیعری ناسـک و پـڕ لـە هارمۆنیـا و ئێسـتیتیکایەکی جـوان، کـرۆک و ئامانجـی بیرکردنـەوە و فەلسـەفییەکەی خـۆی دەخاتـەڕوو، واتـە ئـەم شـیعرە بیرکردنەوەیەکـی ئامانجـداری لـە پشـتە، لێـرەدا (نیچـە) بـاس لـە (مرۆڤـی بـاڵا) دەکا، ئەوانـەی خـودان هێـز و ئیـرادەی خۆیانـن، دەیانەوێـت ڕاپەڕیـن بکـەن و زنجیـری دیلیەتـی و سـتەم بپسـێنن کەسـانێکی ڕاسـتگۆ و ئـازاد بـن، ئـەو پێیوایـە ئەوانـە لـە شـوێنێکی بەرزی ژیان وەستاون، ئەوانە هێندە بەرز و خۆشەویستن، بەشێکن لـە ڕۆحـی ئـەو لـە ماڵەکـەی ئـەو نیشـتەجێن. ئەمـان ئـەو مرۆڤـە بەرزانـەن، خـودان هێز و سـەربەخۆیی و بیرکردنـەوەی خۆیانن، دوای هیـچ کەسـێک ناکـەون و پاشـکۆی هێزەکانـی سـەرووی خۆیـان نیـن، بـەس خۆیانـن و هیچـی تـر، ئەمـان ئـەو کەسـانەن لـە مامۆسـتاکانیان فێردەبـن، سـنوور و تخوبـەکان دەبەزێنـن و لـە ئاسـتێکی بـەرز لـە مرۆڤایەتـی و ژیـان دەڕوانـن.

هەروەها لە شیعری (جەسوور)دا دەڵێ..

لە هەر کوێیەک بیت، قووڵ هەڵکۆڵە

بنەوان لە ژێرەوەیە،

وازبێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن

«دۆزەخ بەردەوام لە ژێرەوەیە»

لێرەشـدا وێنـەی مرۆڤێکـی جەسـوور و خـاوەن هێـز و توانایەکـی لەبننەهاتوومـان بـۆ دەکێشـێ، ئـەو مرۆڤانـەی لـە پێنـاو ئامانجـە پیـرۆزەکان مرۆڤـی تێکۆشـەر و کۆڵنـەدەرن، ئـەو مرۆڤانـە لـە شـەوە

ئەنگوستە چاوەکان فوو لە پشکۆکان دەکەن، ئەوانەی هەمیشە بە ورەیەکی پۆڵایین و بە دید و بەر چاوڕۆشنییەوە بەرەو لوتکەی ئاسۆ و ئامانجەکانیان دەکەونە ڕێ، خودان خەونی گەورەن، بێوچان و نەسرەوتن هەر دەڕۆن و هەر دەڕۆن (نیێچە) ڕقی لە مرۆڤی لاواز و ڕەشبینە، ڕقی لەو کەسانەیە هەمیشە بۆ پاروە نانێک دەکرۆزێنەوە. (نیێچە) لە شوێنێکدا دەڵێ (مرۆڤە لاوازەکان، ئەوانەن بۆ مردن باشن، شایستە بە ژیان نین.) بۆیە لەم شیعرەشدا دەڵێ (وازبێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن). دۆزەخ بەردەوام لە ژێرەوەیە.، مەبەستییەتی گەیشتن بە لوتکە و ئامانج ڕەنج و قوربانی دەوێت، ئاگر و ڕووناکییەکان، لە بنی بنەوەن، قووڵن دەبێ لە هەڵکۆڵین بەردەوام بین، دیارە وشەی دۆزەخ لێرەدا میتافۆرێکە یان هێمایەکە بۆ ئاگر، ئاگریش هەمیشە هێما بووە بۆ گەرمبوونەوە و درەوشانەوە و گۆڕان، یان لە ئەفسانە و داستانەکانیش گەیشتن بە ئاگر هێمایە بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن.

(نیێچە) لە شیعری (ئەوەیە مرۆڤ)دا دەڵێ...

بەڵێ، دەزانم لە چ بنەچەیەکم،
وەک بڵێسە تێنووم،
هەڵپە دەکەم و خامۆش دەبمەوە،
هەرچییەک دەستی بۆ دەبەم دەبێتە نوور،
هەرچییەک جێیدەهێڵم پشکۆیە
بێ یەکودوو من بڵێسەم

بێگومان، لەنێو بیری (نیێچە) مرۆڤەکان دەبێ مرۆڤی بەرز و

دیار بن، خودان بنەچە و شوهرەتێک و ناوێکی پایەدار و بەرزیان هەبێ، ئەمەش ئەو مرۆڤانەن هەمیشە هەڵپەی ژیانێکی بەرز و پڕاوپڕ لە بەختەوەری و دەستگەیشتن بە خۆزگە و ئومێدەکانیانن، کەسانێک بەرز لە ژیان و بەهای مرۆڤ بڕوانن، ئەو کەسانەی وەک بڵێسە تێنوون بۆ ئەم جۆرە ژیانە، وەک عاشق شەیدای ژیانێکی شایستە بە مرۆڤن، ئەو مرۆڤانەی لەم شوێنە بەرزە بۆ ژیان و ئومێدە گەشەکان و ئارەزووە جوانەکانیان دەڕوانن، ئەوانە دەست بۆ هەر چییەک دەبەن دەبێتە نوور، هەرچییەک جێدەهێڵن دەبێتە پشکۆ، ژیان و دەوروبەر دەدرەوشێننەوە، چونکە وەک بڵێسە خاوەن نیگا و ڕوانین و دیدگایەکی ڕۆشنن بۆ ژیان. لێرەدا لەنێو بەرهەمە شیعری و فەلسەفییەکانی نیچە، هاوئاهەنگییەک و ئاوێزانبوونێکی گرنگی نێوان فەلسەفە و شیعر دەبینین، هەردووک بە یەک ئاراستە تا ئەندازەی تێکەڵاوبوون، فەلسەفە بە بەرگ و ڕوخساری شیعرییەوە، شیعریش بە ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە، وەک ئەوەی گیانێک بن لە دوو جەستەدا. (نیچە) بەم هەوڵانەی توانی شیعر و فەلسەفە زێتر لێک نزیک بکاتەوە

**نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**

• کتێبی (چەند فەیلەسووفێکی بوونگەرا)، نووسینی (فوئاد کامیل عەبدولعەزیز) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (سامان عەلی حامید) .

• کتێبی (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر)، نووسینی (ناڵە حەسەن).

## ● شیعر و مارتن هایدگەر

با لە چەمکی نیگەرانییەوە دەستپێبکەم، زۆرجاران گوتوومانە شاعیر بوونێکی نیگەرانە لەنێو کایە مەعریفییەکاندا، نیگەرانی شاعیریش لەوێوەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە، واتە شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێت تا ئاستێکی بڵند داهێنان بەرهەمبهێنێت. دیارە لێرەدا مەبەستمان لەو شاعیرانەیە کە خەونی گەورەیان هەیە بۆ داهێنان و نیگەرانییەکەشیان هەر لە ڕاستای ئەو خەونە سەرچاوەی گرتووە. ئێمە لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر)، بەجۆرێکی تر باسمان لەو شاعیرە داهێنەرانە کردووە و گوتوومانە (شاعیربوون شوێنەکەی لە هەورازێکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێ بیگاتێ.)، شیعرنووس لەلای ئێمە ئەو کەسانەن کە شیعر دەنووسن و شیعرەکانیان لە دەرەوەی ڕووبەری شیعر دەمێننەوە، هاوکات خۆشیان ئەو کەسانەن کە خەونی گەورەیان نییە بۆ داهێنان یان توانای داهێنانیان لە ئاستێکی دیار و بەرچاودا نابێت، لای ئەمجۆرە شیعرنووسانە (چەمکی نیگەرانی)ش بەو شێوە تۆخە خۆی دەرناخات، تەنها وەک کەسێکی ئاسایی ڕێژەیەک لە نیگەرانیان لەلا دەردەکەوێت ئەویش لەبەرئەوەیە کە نیگەرانی خەسڵەتێکی بوونە و لە هەموو کەسێکدا هەیە. لەباری فەلسەفییەوەش (چەمکی نیگەرانی) لەسەر هاوکێشەیەک ئیشدەکات، کە لێکدژی یان (هاودژی) ئاشکرای لەبوون دەردەکەوێت، واتە هێزگەلیک لەناوەوە کە جڵەوی تاک بە دەستەوە دەگرن و جووڵەی ئاراستەکانیان دیاری دەکەن، ئەم هێزە ناوخۆییانەش (غەریزەکان و خەون و حەز و ئارەزووەکانی تاکە)، یان باری (ناخودئاگایی)، هاوکات کاریگەری هێزگەلێکی دەرەکیش وەک کاریگەری (کلتووری، ئایینی، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، قوتابخانە،

خێزان.. هتد) کە زۆربەی کات ئەم دوو هێزگەلە ئاراستەی پێچەوانە وەردەگرن، واتە هێزە ناوەکییەکان و دەرەکییەکان زۆربەی کات و هەمیشە ئاراستەی هاودژیی و پێچەوانەیی وەردەگرن، لە ئەنجامی ئەم هاودژی و پێچەوانەییە، کاریگەرییەک دروست دەبێ ئەم کاریگەرییە باری نیگەرانی لای تاک دروست دەکات، لەباری (دەروونزانییەوە)ش لەلای (سیگمۆند فرۆید)یش هەر بەوجۆرەیە، بەڵام ئەو بەشێوەیەکیتر تەعبیری لێکردووە، کە مێشکی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ سێ بەش (ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ، ئێد) بەمانای (من، منی باڵا، ئێد)، واتە ململانێی نێوان (من و ئێد) (ئێد) ئەو بەشەیە تەواو لەژێر هەژموونی ناخودئاگایی دایە و نوێنەرایەتی (غەریزەکان و ئارەزووەکانی خود) دەکات (ئیگۆ یان من) یش تەواو لەژێر هەژموونی واقیع دایە نوێنەرایەتی (هێزە دەرەکییەکان) دەکات، زۆرجاران ئەم دوو بەشەی مێشک بە ئاراستەی پێچەوانە دەڕۆن و هەمیشە هاودژ و ناتەبان، لەباری (بوونگەراییەوە)ش، بەو پێیەی لای مارتن هایدگەر (بوون بنەڕەتی هەموو هەبووەکانە) هاوکات بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤی بە (دازاین) ناوبردووە (دکتۆر محەمەد کەمال) لە کتێبی (نیشتیمانی فەلسەفە) بە ڕۆشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات، وەک ئەوەی مرۆڤ هەمیشە لە جەنگێکی بەردەوام دا دەبێت، چونکە هەروەک دەڵێت (ئەگەر من ڕێگە بدەم کەسانی دیکە بڕیار لەسەر پڕۆژەیەکی بوونی من بدەن ئەوا لەو حاڵەتەدا خۆم نارەسەن دەکەم و بە نامۆیی دەژیم، لە کاتێکیشدا نامەوێت واز لە حەز و هەڵبژاردەی خۆم بهێنم تووشی بەرەنگاری دەبمەوە و دەکەومە جەنگی ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی.). (مارتن هایدگەر)یش لە کتێبی (بوون وکات)دا لە بەشی شەشەم نیگەرانی وەکو بوونی دازاین دا، ئەو پێیوایە (نیگەرانی شێوازی بوونە لە جیهاندا.)، نیگەرانیی لێرەوەیە کە

مرۆڤ لە هەوڵی بەخشینی مانا و ناوەڕۆکێکە بە بوون لەنێو جیهاندا، ئەم ناوەڕۆک و مانایەی بوون لە ڕێگەی داهێنانەوە بەدەست دێت، یان مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانەوە تاکو بوونی خۆی بەشێوەی کاملتر دەربخات. هەر لەو بەشەدا (هایدگەر) پێیوایە (دازاین ئەو هەبووەیە، کە لە بوونیدا بوون بۆی بووە بە کێشە)، ئێمە لەسەرەتاوە گوتمان بوونی مرۆڤ لە نەبوونەوە دێتە بوون یان بوونێکی بێناوەڕۆکی هەیە، مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵداندایە بۆ بەخشینی ناوەڕۆکێک بۆ بوونی خۆی لەنێو جیهاندا، لەم هەوڵدانە هەمیشە تووشی کێشە و ململانێ دەبێتەوە، بوون بۆ (دازاین) بووە بە کێشە، کێشەیەک سەرچاوەی (نیگەرانیی)ە، ئەوەتا (مارتن هایدگەر) بە ڕوونی باری ئەم نیگەرانییەمان بۆ دەردەخات و دەڵێ (لە دوودڵیدا بوونی سەربەستانەی خۆی ڕووە و توانایی بۆ بوون. ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە لەگەڵ توخمە کۆنکریتییەکانیدا دەردەکەوێت..)، هەروەها دکتۆر محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون) لە بابەتی (شێوازی داهێنەرانەی بوونی مرۆڤ)، بە ڕۆشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات دەڵێت (بۆ ئێمە دوودڵی یان نیگەرانی) نەخۆشی دەروونی نییە و پەیوەندی بە بونیادی ئۆنتۆلۆجی مرۆڤەوە هەیە، مادام مرۆڤ بوونێکی ناتەواوی هەیە و بۆ تەواوکردنی بوونی سەربەستانە ڕوو لە داهاتوو دەکات، پێویستە دوودڵ بێت.). ئەم ڕوو لەداهاتووە بۆ تەواوکردنی بوون لەڕێگەی داهێنانەوە بەدەست دێت، واتە داهێنان مەرج و جەختکردنەوەیە لە ڕۆڵی سەرەکی بوونی مرۆڤ لە مێژوودا، یان داهێنان ویست و مەیلە ناڕازییەکانی هەبوو دەستنیشان دەکات بۆ تەواوکردنی بوونێکی نوێ لە نەبوونەوە، لەم ڕاستایەش دوو کێشە دێتە بەردەم داهێنان کە لە هەمانکات دەبنە سەرچاوەی نیگەرانی لە مرۆڤدا ئەوانیش (مردن و نامۆبوون) (مردن) کۆتایی هاتنە بە داهێنان و بە

هەموو پڕۆژەکانی بوون، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونیەوە لەگەڵ نیگەرانی ڕووبەڕووە، چونکە بۆ ماوەیەکی کاتیی دێتە نێو ژیانەوە، واتە لە هەر چرکەو ساتێک ئامادەیە ڕووبەڕووی مردن بێتەوە، نامۆبوونیش جڵەوشلکردنە بۆ هێزە دەرەکییەکان و ڕازیبوونە بە نارەسەنایەتی بوون. مرۆڤە نامۆکان وەک ئەوە وایە (هەمیشە لە دۆزەخدا بژین چونکە (دۆزەخ) لە ئاکامی نا سەربەستی و نا ئازادبوونی مرۆڤ دروست دەبێت). ئیتر لێرەوە دێینە سەر پەیوەندی (شیعر و مارتن هایدگەر)، یان گرینگیدانی (هایدگەر) بە شیعر بۆ بنەما (فەلسەفییە بوونگەراییەکەی)، هەروەک زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسووفانیتر کە گرینگیان بە شیعر داوە بۆ نموونە (جولیا کریستیڤا)ش لە پێناو هەوڵەکانی بۆ (شیکردنەوە سیمۆلۆجییەکەی) گرنگی زۆری بە شیکردنەوەی دەروونی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیشی زۆری لەسەر شیعرەکانی (مالارمێ) و چەند شاعیرێکی تر کردووە، ئەمەش لە کتێبەکانی (لە پێناو شۆڕشێک بۆ زمانی شیعری) و (خۆری ڕەش) و (حیکایەتەکانی خۆشەویستی) و چەند کتێبێکی تری (مارتن هایدگەر)یش یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی، قسەی زۆری لەسەر شیعر کردووە و گرنگی زۆری بە شیعر داوە. بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بە شیعر و چاولێکردنی شیعر لەم ئاستە بەرزەدا، لە ڕوانگە و تێڕوانینە بوونگەراییەکەی بووە بۆ بوونی مرۆڤ، چونکە لای (هایدگەر)، شیعر تەنها لایەن و پێکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری نییە، بەڵکو شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بوونی مرۆڤەوە، ئەمەش بۆ هایدگەر گرنگییەکی زۆری هەبووە، شیعر هونەرێکە زێتر مامەڵە لەگەڵ بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات (هایدگەر) بۆ پڕۆژە فەلسەفی و ئەنتۆلۆژییەکەی خۆی لە زۆر شوێن هانای بۆ شیعر بردووە بەتایبەت شیعرەکانی (هۆڵدەرلین). تا ئەو ئاستەی پێیوابووە شیعر دەتوانێ

(ڕاستی بوون دەربخات). پرۆژە ئۆنتۆلۆژییەکەی هایدگەریش هەروەک لە کتێبی (هایدگەر و ئۆنتۆلۆجی شیعر)دا هاتووە (پرۆژەی ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی، گەورەترین پرۆژەی فەلسەفی هایدگەر بووە، لە پەرتووکی (بوون و کات)دا، کە (هایدگەر) بەدرێژایی تەمەنی ئیشی لەسەر کردووە. ئەم پرۆژەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بە میتۆدێکی فینۆمینۆلۆجیانەی هێرمینیۆتیک دەستپێدەکات، تاکو لەوێوە لە تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤەوە بوون بە گشتی بگات، شیعر ڕەنگدانەوەی یان ئاوێنەیەکە بۆ دەرخستنی ناوەوەی مرۆڤ. شیعر لەنێو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکان دێتە بوون، غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکانیش، ڕەنگ و شێوەی مرۆڤ ڕەسم دەکەن، مرۆڤێکی تێکشکاو یان بەرزەفڕ، یان ڕووخاو، واتە مرۆڤ خۆی لە چوارچێوەی زەمەنێکی دیاریکراو، هەموو خەون و هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ، پەیوەستن بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە، ئەم هاوکێشەیەش بۆ (هایدگەر) زۆر گرنگ بووە واتە (دەرخستنی بوون لە زەمەنێکی دیاریکراوی تەمەن.)، واتە مرۆڤ (خۆی لەنێو کات)، یان (بوون و کات). بۆیە لای (مارتن هایدگەر) شیعر لە ڕیزبەندی هونەرەکاندا لە ئاستی هەرە سەرەوە بووە، چونکە لە توانای هەبووە ڕاستی بوون دەربخات. بۆیە پێیوابووە، شیعر وەک (فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە) چونکە هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەتایبەت بیرکردنەوە قووڵەکان، لە نێوخۆیاندا شیعرین، هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی پڕن لە داهێنان، بەتایبەت (سروودەکانی هۆڵدەرلین) و شیعرەکانی (دانتی و گۆتە) و زۆرێک لە شاعیرانی تر، خاوەنی ڕوانین و هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفە نین. هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی زمانەوە دێنەبوون، بۆیە هایدگەر دەیگوت (زمانماڵی

بوونـە). یـان هـەروەک لـە کتێبـی (بـوون و کات)دا هاتـووە (گوتـار لـە ڕێگـەی گوتنـەوە دەردەبڕێت زمانـە، لێرەدا تێگەیشـتن و ڕاڤەکردنەکە لەنێو خـودی ئەوەدایـە دەریدەبڕیـن)، تـا ئـەوەی دەڵێت (ئەمجـۆرە وەکـو زمـان دەبێتـە بابەتێکـی دەرەکـی، بـە پێچەوانەشـەوە، بوونـی خەسـڵەتی دازایـن هەڵدەگرێت.)، لێرەوە دەبینیـن کـە زمـان لـە توانایدا هەیـە تەعبیر لەبـوون و یـان خەسـڵەتی بـوون دیاریبکات، هەرچەنـدە لەسـەردەمی مۆدێرنـە و لـە بەرئەنجامـی گەشـە و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیادا، مـرۆڤ تووشـی نامۆبـوون دەبێت، نامۆبوونێـک تـا ئاسـتی ئـەوەی مـرۆڤ ڕەسـەنایەتی خۆی لەدەسـت بـدات، بـۆ ئـەم (نامۆبوونـەی مـرۆڤ) هایدگـەر کۆپلـە شـیعرێکی هۆڵدەرلیـن دەهێنێتـەوە کـە دەڵـێ..

ئێمە هەموو هێمایەکی نەخوێندراوەین
لە خاڵێکی بێگانەدا
زمانەکەی خۆشمان بیرچۆتەوە

دیـارە هـەر لەسـەدەمی تەکنەلۆژیـاوە مـرۆڤ لـە بەرئەنجامـی ئـەم نامۆییـە تووشـی قەیـران دەبێـت، قەیرانـی فکـر و داهێنـان و کوشـتنی پرسـیار. لەگـەڵ هەمـوو ئـەم قەیـران و نامۆبوونـەش هایدگـەر پێیوایـە (مـرۆڤ شـاعیرانە نیشـتەجێ دەبێ) (هایدگـەر) لەگـەڵ ئـەوە دایـە، هەمـوو کـەس شـاعیرانە بژی، چونکـە شـیعر چاوسـاغی و ڕۆشـناییمان دەداتێ بـۆ ناسـینی غەریـزەکان و خەونەکانـی خـود ئەمـەش یارمەتیدانـە بـۆ ناسـینی ڕاسـتی بـوون، هەروەهـا ژیانـی شـاعیرانە، تێکەڵبوونـە بـە ڕووبـەری گەردوونییـەت و مانەوەیـە بـۆ تاهەتـا، چونکـە (شـیعر و زمانـی شـیعری) بـوون و پێکهاتەیەکـی گەردوونییـان هەیـە. هەربۆیـە لای (هایدگـەر) و

لای زۆرێک لە کەسانی بیرمەند (شاعیران لە ڕیزی فەیلەسووفەکان) دانراون، چونکە هەروەک گوتمان (شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە)، لەلایەک ئیشکردنێکی تۆخە لەسەر (خود) لەلایەکیتر ئیشکردنە لەسەر (پرسیار و ورووژاندنی پرسیار) ئەمەش لەوە نزیکمان دەکاتەوە کە شیعر ئیشکردنە لەسەر دەرخستنی ڕاستی بوون. یان شیعریش (ناوەڕۆکی فەلسەفیانە)ی هەیە، هەروەک لە وتاری (هایدگەر و ئۆنتۆلۆگی شیعر)دا بە ڕۆشنی باس لەوە کراوە کە دەربارەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە تا ئەو ئاستەی (شیعر و فەلسەفە) لە زۆرباردا لە یەکترییەوە نزیکن، ئەویش بە پشتبەستن بە فەلسەفەی یۆنانی کۆن بەتایبەت سەدەی پێنجەمی پێشزایین فەیلەسووفانی وەک (پارمەنیس و هیراکلیتس) یان شیعرەکانی (سۆفۆکلیس) کە ناوەڕۆکێکی فەلسەفی قووڵیان هەبوو، ئەم ناوەڕۆکە فەلسەفەییەش بۆ (مارتن هایدگەر) و بۆ ڕوانگە بوونگەراییەکەی هۆکارێک بوو بۆ دەرخستنی راستی بوون، بێگومان هەموو شیعرێک ئەم ناوەڕۆکە فەلسەفییە لەخۆناگرێت ئێمە مەبەستمان لەو شیعرانەیە کە هەروەک لە پێشدا باسمان کردووە ئەو شیعرانەی لەنێو ڕووبەری شیعر دان و ئاستێکی بەرزی داهێنانیان تیایە.

**نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

**سەرچاوە:**


- کتێبی (بوون و کات). (مارتن هایدگەر) وەرگێڕانی (د.محەمەد کەمال).
- کتێبی (فەلسەفەی بوون). نووسینی (د. محەمەد کەمال).
- کتێبی (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر). نووسینی (نالە حەسەن).

## شیعر و سیگمۆند فرۆید

ڕاستە سیگمۆند فرۆید دکتۆرێکی دەروونی و بیرمەندێکی دەروونناس بوو، بەڵام وەک زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسووفەکانیتر وەک مارکس و نیچە و هایدگەر و کامۆ و ئەدۆنیس و.. کاریگەری بێوێنەی بەسەر قوتابخانە ئەدەبیەکان و بەتایبەتیش بەسەر شیعر و شاعیراندا هەبووە. من دەمەوێت باس لەو ڕووبەرانە بکەم کە فرۆید بەهۆیەوە کاریگەری بەسەر ئاسۆی بیرکردنەوەی نووسین و بەسەر زمانی نووسین و بەسەر پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەقدا هەبووە. یان دەمەوێت ئەوە پیشان بدەم لەکوێوە فرۆید بۆ ئێمە گرینگە و دەبێ بیخوێنینەوە. فرۆید بە ئیشکردن لەسەر مێشکی مرۆڤ و دابەشکردنی بەسەر سێ بەش ئەوانیش (من، منی باڵا، ئید)، هاوکات دۆزینەوەی ڕووبەری ناخودئاگایی و پەیوەندییەکانی ئەو سێ بەشەی مێشک و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی بەسەر باری دەروونی و کەسایەتی و جوڵەی کەسەکان. (ئید) ئەو بەشەیە تەواو لەنێو ڕووبەر و یان لەژێر کاریگەری ناخودئاگایی دایە، لە کردەی نووسین و لەکاتی خەیاڵ و بیرکردنەوەکان ئەو بەشەی مێشک چالاکتر و زیاتر کاریگەرتر دەبێت. ئەوبەشەش لە تەمەنی منداڵییەوە دروست دەبێت، لەمنداڵ زۆر چالاکە و بۆیە منداڵان لەنێو دنیای خۆیاندا دەژین و کەمتر لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکانن. تا ئاستێک نووسینیان بە کارێکی منداڵانە داناوە یان بەکاری شێتی، چونکە لەژێر کاریگەری ئەو بەشەی مێشکن، هاوکات لەژێر کاریگەری ڕووبەری ناخودئاگایین. ڕووبەری ناخودئاگاییش ئەو ڕووبەرەیە شوێنی کەڵەکەبوونی هەست و حەزە چەپێندراوەکان و خەونە لەدەستچووەکان و تامەزرۆ و چەشنە بەهێزەکانی مرۆڤە، زۆرجاران لەکاتی بێئاگایی و لەکاتی پێویست و هەندێجاریش لەنێو خەونەکان بوخچەکان دەکرێنەوە و خۆیان نمایش دەکەن و لەکاتی ئاگاییش جووڵەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن. بە دۆزینەوەی ڕووبەری (ناخودئاگایی) کاریگەرییەک و

گۆڕانکارییەکی گەورە روویدا بەسەر ئاسۆی نووسین و ئاسۆی بیرکردنەوەی نووسەرەکان. بەتایبەت هەروەک دەبینین لەنێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدوای قوتابخانەی ڕۆمانسیزم، واتە لە سیمبولیستەکانەوە بەدوا؛ کاریگەری هەستەکانی ناخودئاگایی بەسەر قوتابخانە ئەدەبییەکان و بەسەر کردەی نووسیندا هەیە بەتایبەت شیعر و شاعیران، چونکە لەسەردەمی ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم و ئەوانیتریش، ئاراستەی بیرکردنەوەکان و نووسەران ڕووبە دەرەوە بوو، زێتر وەسفی سروشت و خوداوەند و ڕووداو و پاڵەوانە مێژووییەکان و داستان و عاشقەکان و ئەوبابەتە دەرەکییانە بووە، بەڵام لەسەردەمی سومبولیزم و قوتابخانەکانی دواتر زێتر پەیوەندییەکان ڕوو لەناوەوە بووە، واتە نووسەرەکان ئیشیان لەسەر ناوەوەی خۆیان کردووە، هەست و حەز و خەونەکانی خۆیان نووسیوەتەوە. زێتر ئیشیان لەسەر ناوەوەی خود کردووە، ئەوەش لەژێر کاریگەری ڕووبەری ناخودئاگایی فرۆید بووە. بەتایبەت قوتابخانەی سوریالیزم تەواو لەژێر کاریگەری فرۆید و ڕووبەری ناخودئاگایی و نووسینەوەی خەونەکاندا بوون. بۆیە تابلۆکانی سلفادۆر دالی سەیر و سەمەرەبوون، چونکە ئیشی لەسەر خەونەکانی دەکرد و ئەو شتانەی ڕەسم دەکردن کە لە خەوندا دەبیندران. قوتابخانەکانی تری دەورانی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەش بەجۆرێک لە جۆرەکان لەژێر کاریگەری ڕووبەری ناخودئاگایی فرۆید دابوون. خاڵێکیتر دەمەوێت باسی بکەم کە بەهۆیەوە فرۆید مۆری خۆی دا لە کردەی نووسین بەتایبەت نووسینی دەقی شیعری ئەویش، کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان) بوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، لێکدانەوەی خەونەکان و هێماکانی خەون کاریگەری خۆی هەبوو لەنێو ڕووبەری مەعریفی و بەتایبەتیش لای نووسەران و شاعیران، لە بەشی دووەمی ئەو کتێبە باس لە میتۆدەکانی خوێندنەوەی خەون دەکات، یەکێک لەو میتۆدانە خوێندنەوەیە بۆ هێماکان، بۆ نموونە وێنەی قووچەک و قەڵەم و چەقۆ و شاخ و ئەمانەی وەک هێمایەک بۆ کۆئەندامی نێرینە

بەکار دەهێنا و لەبەرامبەر ئەوە، دەشت و ڕووبار و چاڵ و ئەم دیمەن و وێنانەش وەک هێمایەک بۆ کۆئەندامی مێینە بەکاردەهێنا، هاوکات باری دەروونی و کاریگەرییەکانی پشتی ئەم هێمایانەشی دەخوێندەوە، ئەم میتۆدی خوێندنەوەی خەونەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە دەروونییەکانی نەخۆشەکانی بەکاردەهێنا. لەو سەردەمانە، لەنێو ڕووبەری زمان هێما گرینگییەکی زێتری پێدرا و تەنانەت قوتابخانەی وێنەیی و هێماش هاتنە ئارا و بەم داهێنانەی فرۆید زمانی ئەدەبی و بەتایبەت زمانی شیعری چووە ئاستێکی باڵاتر و لەڕووی ئێستیتیکاوەش ڕووبەرێکی فراوانتری داگیرکرد، خاڵێکی تر کە بە گرینگی دەزانم کە توانا و داهێنانی فرۆیدی بەسەرەوە دیارە ئەویش چەمکی (پارادۆکس)ە، واتە دوو چەمکی هاودژ و ناتەبا. فرۆید کاتێک چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆسی دۆزییەوە لە مرۆڤدا، جگە لەوەی ئیرۆس بەمانای چەشە و لەزەتیش دێت لە هەمانکات فرۆید بە مەبەستی (ژیاندۆستی) ش بەکاری هێناوە، ساناتۆسیش بەمانای (مەرگدۆستی)، ئەم دوو مەیلە و ئەم دوو چەمکە دژبەیەک و ناتەبایە لەنێو بیرکردنەوە و پێکهاتەی مرۆڤ بە بەردەوامی بوونیان هەیە، دوای دۆزینەوەی ئەم دوو چەمکە، پارادۆکس و بەکارهێانی چەمکە هاودژ و ناتەباکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند تا ئاستی ئەوەی لە دەورانی مۆدێرنە و تەنانەت پۆستمۆدێرنەش وەک بەشێکی گرینگی پێکهاتەی زمانی شیعری چاولێدەکرا، بەکارهێنانی چەمکە ناتەباو دژەکان لەلایەک جوانکارییەک و بڕستێکی بێوێنەی بە دەق و دەستەواژە زمانەوانییەکان دەدات، لەلایەکی تریش بۆ مەبەست و مانای تر بەکاردەهێندران، هاوکات لەگەڵ ئەمانەش بۆ خوێندنەوەی چەمک و هێما دەروونیەکان و پێکهاتەی دەروونی دەق. خوێندنەوە و تێگەیشتن لە فرۆید بۆ نووسەران و ڕەخنەگران و بەتایبەت شاعیران گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و من پێموایە ئەم کاریگەرییانەی فرۆید بەسەر ئەدەب بەگشتی و بەتایبەتیش بە زمانی شیعری بۆ تاهەتایە بە گەرمی دەمێنێتەوە.

# بەشی چوارەم:

## • شیعر چییە و بۆچی پێناسە ناکرێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ؟) یان (بۆ ناتوانین شیعر پێناسە بکەین؟)، هەروەها قسەکردن لە هۆکارەکان، وا پێویست دەکات تێگەیشتنێکی ڕۆشن و دروستمان لەسەر شیعر هەبێت. شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ، یان قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات. هۆکارەکەش ئەوەیە، شیعر لەنێو ڕووبەری خەیاڵ دێتە بوون. ڕووبەری خەیاڵیش، ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە. کردەی نووسینی شیعر بەم شێوەیەیە، شاعیر لەسەرەتاوە بیر دەکاتەوە، دواتر لەنێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە، دەگاتە ئاستی (ئەندێشە) واتە خەیاڵ. لەوێوە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە گەڕان و داهێنانەکانی خۆی دەکات. یان لە پڕێکا بیرۆکەیەک یان خەیاڵێکی شیعرییت بۆ دێت، دواتر لە ڕێگەی بیرکردنەوە بە نێو خەیاڵەکەت قووڵ دەبیەوە و دەست بە گەڕانەکانت دەکەی، واتە شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوە و فیکرەوە هەیە. بە مانای، بیرکردنەوە پردێکە شاعیر بەهۆیەوە دەگاتە ڕووبەری ئەندێشە و خەیاڵ. دەتوانین خەیاڵ بە نیشتیمانی شیعر ناوبەرین. ئەو شوێنەی شیعر تیایدا لە دایک دەبێت . شاعیر لەنێو خەیاڵدا بەهای مرۆڤایەتی و بەهای بوون و بەهای جوانییەکان و خەونەکان دەنووسێتەوە. لەنێو خەون و نهێنییەکانی بوون، نهێنییەکانی ژیان و گەردوون کەشف دەکات و قسەیان لەسەر دەکات. گومان و پرسیارەکان دەهێنێتە بوون، دەچێتە نێو جەنگە دەروونییەکان و شەڕ لەگەڵ بیرە دواکەوتووەکانی نێو کلتوورە تەقلیدییەکان دەکات، ئەوانەی دەیانەوێت سنوورێک بۆ ئازادی ژیان و تەنانەت سنوور بۆ جوانی و خەون و بیرکردنەوەکانیش دابنێن. تاکە چەکێکیش بە دەستی شاعیرەوە بۆ ئەم جەنگە، فیکر و زمان و مەعریفەیە، چونکە شیعر لە بنەڕەتەوە بە

هۆی بیرکردنەوە دێتە بوون، واتە فیکر و مەعریفە سەرچاوەی بوون و پێکهاتەی شیعرن. بیرکردنەوەش سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤە، تەنانەت لەنێو ڕووبەری خەیاڵیش فیکر لە ڕێگەی زمانەوە بەردەوام کاری خۆی دەکات، وەک سەرچاوەیەکی جووڵێنەر یان بزوێنەر بۆ بنیاد و پێکهاتەی دەق. ئەگەر زمان بە دیوە بنەڕەتییەکەی، هۆکارێک بێت بۆ تێگەیشتن یان سیستەمێکی ڕێزمانی یان سیستەمێکی ئاماژەیی بێت، یان هەر مانایەکی تری هەبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ، بەرهەمی بیر و مەعریفەی مرۆڤە. لە هەمانکاتیش پێکهاتەیەکی بنچینەییە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری. یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی زمان بەرهەمهێنانی جوانییە لەنێو ڕووبەری دەقدا. شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێ قسە لەسەر بابەتەکان بکات یان ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە و کار لەسەر ئارەزووەکان و غەریزەکانی خۆی بکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕەسم بکات. هەروەها بیرەوەرییەکان و ڕابردووی خۆی بنووسێتەوە. تەنانەت خەون و پێشبینییەکانیش. شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات، هیچ سنوور و بەربەستێک ناتوانێت بەر بە هێزی خەیاڵ بگرێت. ناتوانین هیچ سنوورێک و بازنەیەک بە دەوری خەیاڵ بکێشین، یان خەیاڵ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەند بکەین. شیعریش زادە و بەرهەمی ئەم ڕووبەرە بێ سنوور و فراوانەیە. ئەگەر بڵێین، ئایا شیعر نووسینەوەی ڕابردوو و بیرەوەرییەکانی شاعیرە؟ یان ئایا شیعر نووسینەوەی خەونەکان و غەریزە و ئارەزووەکانی شاعیرە؟ ئایا شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە؟ ئایا شیعر گەڕانە بە دوای حەقیقەتی جوانی؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر ڕەنگە بۆ هەر یەکێک لەم پرسیارانە وەڵامەکە (بەڵێ) بێت، بەڵام هیچ کام لەم وەڵام و (بەڵێ) یانە بە (تەنها) ناتوانن مانایەکی دروست و گشتگیر بۆ شیعر بدەن بە

دەستەوە. دەتوانین بڵێین (لە یەککاتدا شیعر هیچ کام لەم وەڵامانە نییە لە هەمانکاتیش هەر هەموویانە). بە مانایەکیتر، دەتوانین بڵێین (کۆی هەموو ئەم وەڵامانە ڕەنگە مانایەک بۆ شیعر بدەن بە دەستەوە یان نزیکمان بکەنەوە لە مانای شیعر). بەو مانایەی وەک گوتمان، شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات ناتوانین تەنها لە گۆشەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین. یان لە یەک دیودا بیبینین. بۆیە هەر کەسە و بە پێی تێگەیشتن، ئاستی وشیاری و مەعریفە و بینین و بە پێی باری دەروونی خۆی خوێندنەوە بۆ شیعر دەکات و قسەی لەسەر دەکات. هەموو ئەم قسە و گۆشەنیگا جیاوازانەش مانایەک نین بۆ شیعر، چونکە شیعر بوونێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکیتر، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر گۆشەنیگا و قسە و خوێندنەوەی جودا لە خۆ دەگرێت، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر تەنانەت، لە خودی کەسێکەوە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، تێڕوانینیان بۆ شیعر دەگۆڕێت، یان بە پێی هەست و باری دەروونی ئەوکاتەی قسە لەسەر شیعر دەکات. بە بڕوای من ئەم قسەکردنانەش لەسەر شیعر لە چرکەساتێکی دیاریکراو، ئەوە مانایەک نین بۆ شیعر بەڵکو ئەوە، دەربڕینی هەست و باری دەروونی ئەو کەسەیە بەرامبەر بە شیعر بە مانای، کەسەکە لەو کاتەدا باس لە هەستی خۆی یان باس لە باری دەروونی خۆی دەکات لە پەیوەند بە شیعرەوە. کەسەکان سەر بە هەر زمان و کلتوور و نیشتیمان و ڕەگەزێک بن، شیعر هەر بە شێوەی ناچەسپاو و ناجێگیریی دەبیندرێ و دەخوێندرێتەوە، چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بوونێکی گەردوونیی هەیە. بۆ هێشتنەوەی شیعر لەم ئاستە فراوانییە، زۆرێک لە شاعیران مانای شیعریان هاوتا کرد بە مانای ژیان. واتە شیعر تەریبە لەگەڵ ژیان. هەرچەندە شاعیر وەک مرۆڤێک ئازادی و مافی ئەوەی هەیە لە ژیان دوور بکەوێتەوە و بچێتە

دەرەوەی ژیان، بەڵام شیعر بۆ هەمیشە لەنێو ژیان دایە و هەر لەنێو ژیان دەمێنێتەوە. بەمانایەک، ژیان لە کوێ بێت شیعریش لەوێدا دەبێت. شاعیر دەتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێت و بە بێدەنگی قسەکانی خۆی بکات، بەڵام شیعر ناتوانێ بەرامبەر هەموو ئەو شتانە بێدەنگ بێت کە ژیان ناشیرین دەکەن. بە مانایەکی تر شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە، بەڵام لێرەدا ئیشکالییەتێکی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە گەر شیعر هێندە نزیک و تەریب بێت بە ژیان، دەتوانین بپرسین، ئەی ژیان مانای چییە؟ ئایا ژیان مانای لەدایکبوون و هەناسەدانە؟ ئایا ژیان مانای عەشق و خۆشەویستی و پێکەوەبییە؟ ئایا ژیان مانای مردنە؟ لێرەدا ژیانیش وەکو شیعر چەمکێکی گەردوونیی و بوونێکی گەردوونیی هەیە. دەقی شیعریی لە بنەڕەتدا وەک ڕووبەرێکی نادیار و تاریک دەردەکەوێت، وەکچۆن مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و پڕاوپڕە لە نهێنی، شیعریش بەهەمان شێوە. مانگەشەوی دەقی شیعریی لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوام و قووڵبوونەوە دەردەکەوێت، بە خوێندنەوەی جیاواز و بەردەوام، دەقەکە بە گشتی و ئەو ڕووبەرە تاریکەی پشتی ئاماژەکان و کۆدەکانیش بەتایبەتی، ڕۆشنتر دەردەکەون. لێرەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین و مەبەستەکانمان لەو چەند خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە.

١/ هەموو ئەم چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە وەک (شیعر، عەشق، مۆسیقا، ژیان...) پێناسە ناکرێن، چونکە ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیانبینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

٢- هەموو ئەم چەمکانەی لە ڕووبەری ئەندێشە واتە (خەیاڵ) لەدایکدەبن (بەتایبەت شیعر)، پێناسە ناکرێن، چونکە خەیاڵ بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێ و هەمیشە بە جۆرێکی تر دەردەکەوێت و هاوکات خەیاڵ ڕووبەرێکی بێسنووری هەیە.

٣- هەموو ئەم چەمکانەی لەسەر (جوانی) ئیش دەکەن یان جوانی

بەشێکە لە بنیاد و پێکهاتەیان، یان ئامانجیان بەرهەمهێنانی جوانییە، یان لە ڕێگەی جوانییەوە لەزەت بە مرۆڤ دەبەخشن، وەک (شیعر مۆسیقا، تابلۆ، سروشت) پێناسە ناکرێن، چونکە جوانی خۆی بوونێکی ڕێژەیی هەیە، ناتواندرێ بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕەها ببیندرێ.

٤- شیعر وەک مرۆڤ چەمکێکی ئاڵۆزە، واتە بوونێکی نادیار و شێواوی هەیە و پڕاوپڕە لە نهێنی، نهێنییەکان و دیوە شاراوەکانیش کۆتاییان نایە و هەوڵەکانیش لە شیعردا هەرگیز ناگەنە خاڵی کۆتایی، قورسایی زمان لە ئاماژە و کۆدەکان چڕ دەبێتەوە. ئاماژە و کۆدەکانیش بوونێکی ئایرۆنییان هەیە، بە داخراوی و ڕوخسار و ڕەنگی جیاواز دەردەکەون، بۆیە هەمیشە پێویستییان بە کرانەوە و خوێندنەوەی نوێ هەیە.

٥- شیعر جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکییە، بۆیە بوونێکی کراوە و بەردەوامی هەیە و ناخرێتە ناو هیچ چوارچێوە و شوناس و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەک و یان بازنەیەکی دیاریکراوەوە. بۆیە شیعر ناتەبا دێتەوە لەگەڵ بیرکردنەوە و چەمکە دۆگماییەکان، چونکە شیعر بەهۆی بوونە گەردوونییەکەیەوە بوونێکی چەسپاو و نەگۆڕ و وەستاوی نییە و هیچکات، ناگاتە پنتە جێگیر و وەستاوەکان. بۆیە هیچ چوارچێوە و بازنەیەک ناتوانن شیعر بگرنەخۆ.

٦- هەموو ئەو چەمک و بوونانەی لەنێو ڕووبەرێکی (تاریک و نادیار) دێنەبوون یان بوونێکی دیاریکراویان نییە، وەک خودا، خەون، شیعر. ناتوانین پێناسەیان بکەین و بیانخەینە نێو بازنەیەکی دیاریکراوەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە ئەم چەمکانە بوونێکی گەردوونییان هەیە.

# بەشی پێنجەم:

## • کورتەیەک لەبارەی ئەزموونی سیی ساڵی شیعر و نووسین

هەروەک زێتر لە جارێک، چ لەلایەن خوێنەرانمەوە یان لەلایەن هاوڕێ شاعیرە نزیکەکانم داوای ئەوەم لێکراوە، ئەزموونی شیعرنووسینی خۆم بنووسمەوە، منیش لەم نووسینە هەوڵدەدەم بە کورتی کەمێک لەبارەی کردەی نووسینی شیعر و بیرکردنەوە شیعرییەکانم قسە بکەم، بەڵام ئەگەر بە کورتیش بێت، دەبێ هەڵوێستە لەسەر زۆر خاڵی گرینگ بکەم، کە شوێنپێی ئاڵوگۆڕەکان لە بیرکردنەوەکانی من دیاری دەکەن، ئەزموونی من پڕە لە هەوراز و نشێو، گۆڕان و بیرکردنەوەی جیاجیا، لەڕاستیدا، خۆشم بە نیازبووم لە دەرفەتێکدا بە دوور و درێژی ئەم ئەزموونەی خۆم بنووسمەوە، بەڵام تا ئێستا لەبەر شیعر و نووسین و نەبوونی کات، ئەم دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە، لێرەدا هەوڵدەدەم لە بڵاوکردنەوەی یەکەمین شیعرم لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەست پێبکەم. لێرەدا کە دەڵێم (یەکەمین شیعر)مەبەستم نووسینی یەکەمین شیعرم نییە، بەڵکو مەبەستم بڵاوکردنەوەی یەکەمین شیعرمە، چونکە من بەر لەو بەرواره شیعرم نووسیوە بەتایبەت شیعری سیاسی و نەتەوەیی، بەڵام لەبەر سانسۆری ڕژێمی بەعس نەمدەتوانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکات بڵاویان بکەمەوە، ئەم مێژووەش لەو کتێبەی کە دەربارەی ئەزموونی شیعریم هەموو شتێکی تیا دەنووسم، بۆ نموونە چیرۆکی یەکەمین کتێب کڕینم کە تەمەنم ١٠ ساڵ بوو، یان یەکەمین داڕشتن کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە شیعر بۆ مامۆستاکەم نووسی، یان قۆناغی ئامادەیی و شیعرە نەتەوەییەکانی من و خۆپیشاندانەکانی

ئـەوكات یـان پەیوەندییەكانـی خـۆم لەگـەڵ زۆرێـک لـە شـاعیرەكان كـە پـڕە لـە یـادەوەری جـوان، ئەمانـە و چەندیـن سەرگوزشـتەی تـر بـەر لـە سـاڵی ١٩٩١، دەبـێ بـە وردی قسـەیان لەسـەر بكـەم، بـەڵام ئێسـتا هەوڵدەدەم بـە سـێ قۆنـاغ باسـی ئەزموونـی ئـەو سـیی سـاڵەم بكـەم.

**١- قۆناغی یەكەم (١٩٩١ – ١٩٩٨)**

هـەروەک گوتـم لەبـەر هەسـتە نەتەوایەتییەكـەم بـەر لـە ڕاپەڕیـن شانسـی بڵاوكردنـەوەی شـیعرەكانم نەبـوو، بۆیـە دوای ڕاپەڕیـن بەهـۆی ئـەو ئازادییـەی هاتبـووە ئـارا مـن یەكەمیـن شـتێک دەسـتم بـە بڵاوكردنـەوەی شـیعرەكانم كـرد، یەكەمیـن شـیعری ئەوكاتـم بەنـاوی (مـن كاروانـی بەشـمەینەتان جێناهێڵـم) لـە بڵاوكراوەیـەک بەنـاوی (ڕابـەر) بـڵاوم كـردەوە. بەهـۆی ئـەم شـیعرەم زێتـر لەنێـو هاوڕێكانـم و تـا ڕادەیـەک كەمێـک لـە دەرەوەی هاوڕێكانیشـم وەک شـاعیرێک ناسـرام. دواتـر دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ڕابـەر)، ویسـتیان لـە ژێـر ئـەم هەلومەرجـە نوێیـە و ئـەم ئازادییـەی ئێسـتا گۆڕانكاری لـە گۆڤارەكـە و فراوانكردنـی دەسـتەی نووسـەران بكـەن و بـە شـێوازێكی نـوێ وەک قۆناغێكـی تـر دەسـت بەكاربێنـەوە، مـن و چەنـد كەسـانێكیان داوەتكـرد بـۆ ئیشـكردن لەگـەڵ گۆڤارەكەیـان، شـەوێک لـە ماڵـی (كاروان كاكەسـوور) كۆبووینـەوە، ئـەوەی لەبیـرم مابێـت ئـەو هاوڕێیانـە بوویـن (جەمـال كۆشـش، كاروان كاكەسـوور، ئـازاد بـژار، ڕزگار عومـەر و مـن) شـەوێكی پـڕ قسـە و گفتوگۆمـان بەسـەربرد، لـەم كۆبوونەوەیـەدا بڕیاماندا نـاوی گۆڤارەكە بگۆڕیـن و بیكەیـن بـە گۆڤـاری (نینـا) ئـەو نـاوەش پێشـنیاری (كاروان كاكەسـوور) بـوو، دەسـتمان بـە دەركردنـی گۆڤـاری (نینـا) كـرد تـا (پێنـج)

ژمارەمان لێی بڵاوکردەوە، بە ڕەسمی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتمان پێدرابوو، لەبەر سەفەرکردنی زۆرێک لە برادەرانمان بە ناچاری گۆڤارەکەمان ڕاگرت. من ئەوکات لەگەڵ هاوڕێیانمان بیرکردنەوەی سۆشیالیستیمان هەبوو، بەناوی ئەدەبی کرێکارییەوە دەماننووسی، گۆڤاری (نینا) وێستگەیەکی گرینگ بوو بۆ من بۆ گەشەکردن و فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەکانم. تەنانەت بۆ ناسینیشم، چونکە سەر بە ڕەوتێکی جیاوازبووین لە پێشبڕکێ و ململانێیەکی بەهێزبووین لەگەڵ ئەدیبانی دەرەوەی خۆمان. من ئەوکاتە، لەپاڵ گۆڤاری (نینا)، لە گۆڤاری (ئەدەبی کرێکاری) کە لە سلێمانی دەردەچوو، هەروەها ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) و (ئاڵای ئازادی) شیعر و نووسینەکانم بڵاودەکردنەوە. گەنجێکی خوێنگەرم و بزێو بووم. بەخێرایی وەکو شاعیرێک ناسرام.

**• مۆمێکی نوێی تەمەنم ١٩٩٣**

هەر دوای ڕۆژەکانی ڕاپەڕین من یەکەمین شتێک بۆ خەونە شیعرییەکانم، چەند شیعرێکی سادەی ئەوکاتم بە دەستنووس و ئیستنساخ لەژێر ناوی (وڵاتی مەرگ و خوێن) بڵاوکردەوە، کە ئێستا جگە لە ناونیشانەکە هیچ شیعرێکم لەو شیعرانە بیرنایەتەوە، دوای ئەوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین نامیلکەی شیعریی خۆم بەناوی (مۆمێکی نوێی تەمەنم) بڵاوکردەوە، (عەباس شوان)ی چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسی هاوڕێم، شیعرەکانی ئەم نامیلکەیەمی بە تابیعە بۆ تایپکردم و دیزاینی بەرگ و ناوەوەی بۆ نەخشاندم. (مۆمێکی نوێی تەمەنم) پێکهاتبوو لە کۆمەڵە شیعرێکی ناسکۆڵە، لەگەڵ ئەوەی شیعرەکان ئەوەیان پێوە دیاربوو کە توانا و تێگەیشتنم بۆ شیعر دیاریکراوە و هەنگاوێکی

سـەرەتاییە، بـەڵام گەلێـک دڵخۆشـبووم بـەوەی خـاوەن کتێبێکـی شـیعرییم، بەرگـی نامیلکەکـەم لـە ڕۆژنامـەی (ڕێـگای کوردسـتان و ئـاڵای ئـازادی) لـە بەشـی (بڵاوکـراوەی نـوێ) بڵاوبوویـەوە، هـەر لـەو سـەردەمە و لـەو ڕۆژەوەی دەسـتم داوەتـە قەڵـەم مـن هەمیشـە خەونـی گـەورەم هەبـووە، دوای ئـەو نامیلکەیـە هەوڵـم دەدا سـتایلی خـۆم بگـۆڕم، وشـەی سـەیر و نـاوازەم دەدۆزییـەوە و بەکارم دەهێنـا، دەمویسـت زمانێکـی تایبـەت بەخۆمـم هەبـێ، لـە پاڵ کتێبـە فەلسـەفی و کتێبـە مەعریفییەکانـی ئـەوکات (شـێرکۆ بێکـەس و فەریـد زامـدار و ئەحمـەدی شـاملوو و ئەدۆنیـس) و هەندێـک لـە شـاعیرانی تـرم زۆر دەخوێندنـەوە، خـۆم لەگـەڵ قەسـیدەی درێـژ تاقیکـردەوە، دوو قەسـیدەم نووسـی بەناوەکانـی (کـەژاوەی خۆرەتـاو و ڕەشـبەڵەکی ڕۆح)، تـەواو بـە هەناسـەیەکی درێـژ و جیـاواز نووسـرابوون، لـە سـاڵی ١٩٩٦ کۆمپیوتـەر تـازە گەیشـتبووە کوردسـتان، برادەرێکـم تایپیسـتی فەرمانگەیـەک بـوو (بەداخـەوە ناوەکەیـم بیرنەمـاوە)، گوتـی ناڵـە گـەر هـەر کتێبێکـت هەیـە مـن بـە کۆمپیوتـەر بـۆت تایـپ دەکـەم، زۆر دڵخـۆش بـووم، هـەردوو قەسـیدەکەم پێیـدا بۆمـی تایـپ کـرد و (گرفتـار کاکەیی)یـش دیزاینـی بـەرگ و نـاوەوەی بـۆ نەخشـاندم لـە چاپخانەیەکـی بچکۆلانـە بـە چاپمـان گەیانـد.

**• کتێبی ڕەشبەڵەکی ڕۆح.**

(ڕەشـبەڵەکی ڕۆح) دووەم کتێب و دووەم هەوڵی شـیعریی من بوو، بـە کۆمپیوتـەر تایـپ کرابـوو، بـە بەرگێکـی ڕازاوە و ڕەنگاوڕەنـگ و بـە وێنەیەکـی خۆمـەوە، سـەدا و دەنگدانەوەیەکـی باشـی دایـەوە، ٢٠٠ دانـەم لـێ ڕاکێشـابوو، بـە ماوەیەکـی زۆر پێوانەیـی لـە کتێبخانـەکان نەمـا، بیـرم دێـت لـە مەچکـۆ نامەیـان بـۆ جێدەهێشـتم کـە چـۆن

کتێبی (ڕەشبەڵەکی ڕۆح)یان دەستدەکەوێت، من بەم کتێبەم چەند هانگاوێکی تر چوومە پێش و لە (مەچکۆ) لەنێو نووسەران و شاعیران تەواو ناسرابووم. کتێبەکەم لەلایەن (بۆتان جەلال) خوێندنەوەیەکی بۆ کرا و لە گۆڤاری (ڕامان) بڵاوکرایەوە، ئەو نووسینە بۆ من و کتێبەکەم زۆرباش بوو، چونکە ڕامان دەگەیەنرایە کتێبخانەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و زۆرێک لە شارەکانی کوردستان. ئەوکات یەکدوو کۆڕی شیعرییم گێڕابوو، یەکێک بە تەنیا لە شارۆچکەی کۆیە، یەکێک لەگەڵ سێ شاعیری هاوڕێ و سەردەمی خۆم لە شاری هەولێر. زۆرجاریش لە مەراسیمەکانی (هەشتی مارس و یەکی ئایار) و بۆنەی دیکە بە شیعر خوێندنەوە بەشدارییم دەکرد، ئەوکات بە ئێمەیان دەگوت شاعیرە لاوەکان، من ئەوەم پێخۆش نەبوو، حەزم دەکرد شاعیرەکانی پێشخۆمان وەک خۆیان حیسابمان بۆ بکەن. بەهەرحاڵ لەو سەردەمانە بە بەردەوامی شیعرم لە گۆڤاری (ڕامان و گۆڤاری کاروان و گۆڤاری ئێستا) بڵاودەبوویەوە، ڕۆژنامەکانیش لەپاڵ (ئاڵای ئازادی و ڕێگای کوردستان)، بابەت و شیعرم لە (پاشکۆی برایەتی و کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی خەبات و چەند ڕۆژنامەیەکی تر) بڵاودەبوویەوە، لە ساڵی ١٩٩٤ شیعری (سەمفۆنیای گوڵ و نان)م نووسی، لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بڵاوکرایەوە. (د. کەمال غەمبار) وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە پاشکۆی (رایە حریە) بڵاوکرایەوە. وەرگێڕانی شیعری (منی لاو) لەلایەن نووسەرێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون، دڵخۆشییەک و سەرسامییەکی گەورە بوو، بەتایبەت بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان. هەستی شاعیربوونم تا دەهات زێتر دەبوو، زۆرم دەخوێندەوە،

بە ستایلی جۆراوجۆر دەمنووسی، هەستم دەکرد زۆر بە خێرایی گەشەدەکەم، ببوومە جێگای سەرنجی شاعیرە بە ئەزموونەکان، زۆر ستایش و دەستخۆشانەیان دەکردم، بەتایبەت: (کەریم دەشتی، هاشم سەڕاج، ئەنوەر مەسیفی، فەرید زامدار، سەباح ڕەنجدەر و زۆرانی تر)، شیعری (سەفەری ئاگرم) نووسی، ئەو شیعرەم دەنگدانەوەیەکی بێوێنەی دایەوە، لە پاشکۆی برایەتی بڵاوبوویەوە، دوای یەکدوو هەفتە لەلایەن (ڕوژدی عەزیز) لێکۆڵینەوەیەکی درێژی لەسەر نووسرا، شیعرەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (زاگرۆس) بە عەرەبی بڵاوبوویەوە، بێئەندازە دڵم پێخۆشبوو، ئەم هەموو ستایش و دەستخۆشانەی نووسەرەکانی پێشخۆم هەر زۆر دڵخۆشیان کردم، باوەڕ و هێزێکی بێوێنەیان پێبەخشیم. ئیتر تەواو (وەک شاعیرێکی ناسراو و داهێنەر و نوێخواز) لە نووسینەکان باسیان دەکردم. لەو ماوەیەدا کۆڕێکی شیعرییم سازدا، لە باخچەی ڕۆژنامەی (دەنگی میللەت) کە هاوڕێی شاعیرم (بێکەس حەمەد قادر) کۆڕەکەی بۆ ڕێکخستم، لە کۆڕەکەدا من شیعرم خوێندەوە (ڕوژدی عەزیز)یش دوای خوێندنەوەکەم شیعرەکانی هەڵسەنگاندم، ئەم کۆڕە بە کاسێت تۆمارکرا و بڵاوکرایەوە، ئەمەش یەکێک لە کارە باشەکانم بوو، بیرم دێت هاوین بوو، ئەو باخچەیەی کۆڕەکەمان لێگیرا پڕببوو لە خەڵک. لە ساڵی ١٩٩٧ ناو و دەنگی شیعریی و توانای شیعرییم لە ئاستێکی دڵخۆشکەر و باش دابوو، لە بیری ئەوەدابووم شیعرەکانی دوای (ڕەشبەڵەکی ڕۆح)م کۆکەمەوە و لە کتێبێکی شیعریی بە چاپیان بگەیەنم، هەروامکرد، شیعرەکانی ئەو دووسێ ساڵەم کۆکردنەوە بەناوی (عەشق و بەرائەتی ئاو)، (سەرکەوت

وەلی) هاوڕێم کە تایپیستی گۆڤاری ڕامان بوو، تایپ و دیزاینی بەرگ و ناوەوەی بۆ نەخشاندم، هەروەکو گوتم من وەک کەسێکی سۆشیالیست ئاکتڤیستێکی سیاسیش بووم، کادیرێکی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بووم، بەڵام بە نهێنی، لەمبوارەش زۆر چالاک بووم، بۆ بەرگریکردن لە مافی خەڵکی کەمدەرامەت و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان، یەکسانی و زۆر چەمکی مرۆیی تر، شەو و ڕۆژمان خستبووە سەریەک و لە کاروچالاکی بەردەوامدا بووین. لەگەڵ باڵی دواکەوتوو و کۆنەخوازی کۆمەڵگە هەمیشە لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە بووین، بۆیە لە ئەپڕیلی ١٩٩٨ لە کارێکی تیرۆریستانەی توندڕەوەکان دوو هاوڕێمان بەناوەکانی (شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل) تیرۆرکران و گیانییان لەدەستدا، من لەم کارە تیرۆریستییە بە ڕێکەوت دەربازم بوو. دوای ئەم کارە بۆ ماوەیەک بە نهێنی ژیانمان دەگوزەراند و دواتر دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بۆ دابینکردنی ژیانێکی مرۆییانە بۆ (ڕەهای) کچم، لەگەڵ (خولیا) بە ناچاری بڕیاری سەفەرکردن و چوونەدەرەوەی وڵاتمان دا، ئەوکات تەنها ڕەهای کچمان هەبوو تەمەنی نزیکەی پێنج ساڵێک دەبوو، ئەوەی پێویستە بگوترێ من لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ (خولیا حوسێن)ی شاعیر هاوسەرگیریمان کردبوو، هەروەک گوتم ئەوکاتە تەنها یەک منداڵمان هەبوو، کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) ئامادەکرا بۆ چاپ، بەڵام نەمتوانی بە چاپی بگەیەنم، لە مانگی ئابی ١٩٩٨ کوردستانمان جێهێشت و چووین بۆ تورکیا.

**٢- قۆناغی دووەم (١٩٩٨- ٢٠٠٧)**

لە تورکیا سەرەتا بە موقابەلەکردن لەگەڵ (یوئێن)ەوە

سەرقاڵبووین، بۆ داواکردنی مافی پەنابەریێتی، دیارە لەمبارەیەوە سەرکەوتووبووین، لە ماوەی (دوو مانگ) وەڵامی (یوئێن) مان وەرگرتەوە و قەبووڵکراین، دواتر دراین بە سەفارەتی کەنەدا (ڕەهەند)ی کوڕم لە تورکیا لە بەرواری ١٩٩٩/٣/٢٥ لە شارۆچکەی (نیدە) لەدایکبوو. تازە هاتبووین بۆ ئەم شارۆچکەیە، چونکە نزیکەی پێنج مانگێک لە (ئەنقەرە)ماینەوە. لە تورکیا زێتر لە وەزعێکی چاوەڕوانی دابووین، لە نێوان گەڕانەوە و سەفەرکرندا، هەرچەندە لە (یوئێن)مافی پەنابەریێتیمان وەرگرتبوو، بەڵام لەوێندەریش هەر خەریکی سیاسەتکردن بووین، بەتایبەت من بۆ ماوەی شەش مانگ (نوێنەری شوورای پەناهەندەی عێراقییەکان) بووم، دەبوو مانگێ جارێک سەردانی (یوئێن) بکەم بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ (عاکیف) کە پارێزەرێک بوو بەرپرسی کەیسی عێڕاقییەکان بوو، ئەم کارە تەنها لەلایەن یوئێنەوە ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام بەرامبەر بە تورکیا بە شێوەیەکی نهێنی و نایاسایی بوو، هەرکاتێک ئەگەری ئەوەی هەبوو کەشف بێت و بکەوییە نێو زیندانەوە یان لە باشترین حاڵەت دیپۆرت بکرێیتەوە و ڕەوانەی کوردستانت بکەنەوە. لەنێو ئەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەدا هەر لە خەمی نووسین و شیعرەکانم دابووم، ئەوکات نە مۆبایل نە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هیچ شتێکمان نەبوو. لە دوو سێ کتێب بەولاوە هیچ کتێب و سەرچاوەیەکم لانەبوو. زۆربەی کاتەکانم بە بیرکردنەوە بەسەردەبرد. هەوڵمدەدا بەهەر شێوەیەک بێت لە شاعیران و نێوەندی ئەدەبی دانەبڕێم بەتایبەت گۆڤاری (ڕامان)، کە بەر لە سەفەرکردنم بە بەردەوامی شیعرەکانم تیا بڵاودەکردەوە. دوای سێچوار مانگ مانەوەم لە تورکیا شیعرێکم

نووسی بەناوی (فرمێسکی مەمکۆڵەکانی سپێدە)، ئەم شیعرەم بە فاکس بۆ گۆڤاری ڕامان ناردەوە، لە ژمارەیەک بڵاویان کردەوە، دڵم زۆر پێخۆش بوو، بەوەی هەستم کرد دانەبڕاوم و وەکجاران لەم نێوەندە ئامادەییم هەیە.. دوای ماوەیەک بیرۆکەی قەسیدەیەکی درێژم بۆ هات، درێژتر لەو قەسیدە درێژانەی کە تا ئەوکات نووسیبووم. پێش ئەوەی دەست بە نووسینەوەی بکەم، نزیکەی مانگێک بە خەیاڵ لەگەڵیدا ژیام، هەمیشە بیرم لێدەکردەوە، زۆرجاران بەخەیاڵ دەستم پێدەکرد و دەمنووسییەوە، زۆر وشە و دەستەواژەم لە خەیاڵیی خۆم تۆمارکردبوو، یان هەندێکییانم لەسەر کاغەز دەنووسییەوە، نازانم بۆ دەسپێکردنی کارێکی سانا نەبوو، چونکە ئەوەم دەزانی بۆ من ئەزموونێکی نوێیە و کارێکی جیاوازدەبێت. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی بینیم ئامادەم دەستم پێکرد و ناومنا قەسیدەی (توانەوە). دوای هەفتەیەک بەشی یەکەمم تەواو کرد. لە دەفتەرەکەی من نزیکەی ٢٥ لاپەڕەیەک بوو، ڕۆژێ چەندینجار دەمخوێندەوە، ڕستە و دەستەواژە و وێنەی شیعری زۆر نایابم بەکارهێنابوو، زمانێکی جیاواز، تا بڵێی شیعریی، بەشی یەکەمی ئەو قەسیدەیەشم بۆ گۆڤاری (ڕامان) فاکس کرد، دوای یەکدوو مانگ هەواڵی بڵاوبوونەوەم پێگەیشت و (فۆتۆکۆپی) قەسیدەکەمم بە نامەیەک بەدەست گەیشت. حەوت لاپەڕە بوو هەر لاپەڕەی بە دوو ستوون، بە تەلەفۆن چەند برادەرێک پەیوەندییان پێوەکردم و لە ئاستێکی بەرز ستایشی ئەم قەسیدەیان کردم، یەکێک لەوانە هاوڕێم (عەبدولغەنی کاکۆ) بوو، بیرم دێت گوتی (ناڵە بۆمبێکت فڕێداوەتە نێو نێوەندی ئەدەبی، هەوڵدە دەست بەم داهێنانەتەوە بگرە.) بەڕاستی زۆر دڵم

بەو تەقیم و هەڵسەنگاندانە خۆش دەبوو، چونکە هەمیشە خەمی گەورەی داهێنانم لەبەربوو، هەمووکات خەونم بەوە دەبینی وەک شاعیرێکی (داهێنەر و نوێخواز) لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بناسرێم، تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش. بەهەرحاڵ، ڕەهەندی کوڕم تەمەنی بوو بە شەش مانگ و ڤیزەی (کەنەدا)مان بەدەست گەیشت و سەفەرمان کرد. لە ٢٦ی ئابی ١٩٩٩ گەیشتینە کەنەدا. سروشتی کەنەدا و جوانییەکانی تووشی سەرسامییەکی گەورەی کردم، سروشتی ژیان و کەلچەر و خەڵکەکە و زمان و هەموو شتێکی جیابوو، لەسەرەتا بۆ ماوەیەک لەنێو ئەو سەرسامییە ماینەوە، لە دووسێ مانگی سەرەتا من بڕێک پارەم ناردەوە بۆ چاپکردنی کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو)، چونکە هەروەک لە پێشدا گوتم بەر لە سەفەرکردنم ئەم کتێبەم ئامادەبوو بۆ چاپ، بەڵام بەهۆی سەفەرەکەمان نەمتوانی بە چاپی بگەیەنم، بۆیە هەر لە خەیاڵی ئەم کتێبەم دابووم، لە کەنەدا یەکەمین شتێک ئەو کارەم کرد. بەهەرحاڵ مانگێکی نەبرد کتێبەکەم بەچاپ گەیشت (سەرکەوت وەلی و مەهدی حەسەنی شانۆکار) هاوکار و یارمەتیدەرم بوون بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو کتێبەم. دوای چاپبوونی بە یەکدوو مانگ لە ڕێگەی برادەرێکەوە وابزانم (زانا خەلیل) ی شاعیر بوو؛ کە ئەوکات لە ئەلمانیا دەژیا، بە پۆستێک کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو)م بەدەست گەیشت، بێئەندازە دڵخۆش و شادومان بووم.

**ـ کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو)**

ئەم کتێبەم چ لەڕووی شیعرییەت و چ لەڕووی زمانەوە تەواو جیاوازبوو لەگەڵ دوو کتێبەکەی ترم، چەندین قەسیدەی ناوازە و

جوانی تیایە لەوانە (شەباهەنگی بەفر، سەفەری ئاگر، سەمفۆنیای گوڵ و نان، گۆرانییەکانی بەیاتریس و چەمانەوەی بازنەیی و پاکبوونەوە و زۆری تر)، زۆرێک لە شیعرەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نووسرابوو و قسەیان لەسەر کردبوون، هەندێکیان وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی و فارسی، دەتوانم بڵێم ئەم کتێبەم شوناسی شاعیربوونی بە من بەخشی و منی گەیاندە نێو (ڕووبەری شیعر). (هاشم سەڕاج) خوێندنەوەیەکی بۆ کرد و لە ڕامان بڵاوکرایەوە، لەسەردەمی شیعرەکانی کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بە قووڵی ئیشم لەسەر عەشق دەکرد، عەشق بە مەفهومە گشتییەکەی و ئاڵوودە بە مرۆڤ و بەهای مرۆیی. شیعرەکانی ئەم کتێبەم زۆربەیان بە هەناسەی درێژ نووسرابوون، بە جیاواز لە کتێبەکانی ترم ئیشی زۆرم لەسەر وێنەی شیعریی و پارادۆکس و هێما کردبوو، ئەم کتێبەم لە چاو کتێبەکانی ترم دەنگدانەوەی زێتر و باشتری هەبوو.

لە کەنەدا، لەسەرەتا هەوڵمدا کۆرسی زمان وەربگرم، بەڵام ئەو قوتابخانەیەی خۆمان تیا ناونووسکرد، جێگای نەمابوو، ناویان خستمە لیستی چاوەڕوانی، لەو کاتە چاوەڕوانییەدا مامۆستایەک هەفتەی ڕۆژێک دەهاتەماڵەوەمان خۆبەخشانە وانەی پێدەگووتین، وابزانم دوای سێ مانگ لە قوتابخانەکە وەرگیرام و دەستم بە خوێندنی زمان کرد. من هەرزوو سەردانی کتێبخانەکانم دەکرد و کتێبی چیرۆکی مێردمنداڵان و کتێبی شیعرم دەهێنا و دەمخوێندنەوە، زۆر بە خێرایی ئینگلیزییەکەم باشتر دەبوو، لە شەش مانگی یەکەم قەسیدەی (توانەوەم) تەواوکرد، کە بەشی یەکەمی ئەم قەسیدەیەم لە تورکیا نووسیبوو، قەسیدەیەکی درێژ

بوو بە (سێ بەش) کۆتایی هات. قەسیدەی (توانەوە) بۆ من هەم فۆرم و هەم تەکنیک و زمانەکەی، جیاواز و نوێ بوو، یەکەمجارم بوو قەسیدەیەکی درێژی لەم شێوەیە بنووسم، وەک ڕۆمانە قەسیدەیەک بوو، لە پاڵ شیعر تەکنیکی چیرۆک و شانۆنامەشم بەکارهێنابوو، بەو مەبەستەی زمانی شیعر لەسەرووی زمانی ژانرەکانی ترە و دەسەڵاتی بەسەر هەموویاندا دەشکێت، بەهەرحاڵ دواجار توانیم دەقێکی جوان و ناوازە بنووسم. سروشتی کەنەدا و شار و ڕێگاوبانەکانی بێئەندازە جوان و سەرنجڕاکێشە، پارک و کەنار دەریاکانی. ئەم سروشتە جوان و سیحراوییە هەر زوو قەسیدەیەکی پێنووسیم بەناوی (سەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کەنار دەریا)، لەم قەسیدەیە ئەوەی بەبیرم بێت، سەرسامییەکانی خۆم نووسیبویەوە بۆ ئاو و دەریا و هەموو شتە جوان و نوێ و جیاوازەکانی تر. دواینیوەڕۆیەک لە کەنار دەریایەکی تابلێی سەرنجڕاکێش و سیحراوی خەیاڵی ئەو شیعرەم بۆهات. بە دوو ساڵ کۆرسەکانی زمانم تەواوکرد و وردە وردە دەستم بە خوێندنەوەش کردبوو، شیعر و ڕۆمانم زۆر دەخوێندەوە، هەندێک لە ڕۆمانەکانی (چارلز دیکنز و ڕۆمانەکانی دەستۆفسکی)م خوێندنەوە، لەپاڵ ئەمانە کتێبەکانی شاعیرانی کەنەدی و ئەمریکیشم دەخوێندەوە، خوێندنەوەی ڕۆمانەکان زۆر کۆمەکیان دەکردم بۆ باشتربوونی زمانی ئینگلیزییەکەم. هاوکات ئیشکردن و تێکەڵاوبوون و قسەکردن لەگەڵ خەڵکیش زۆر یارمەتیدەربوون، هەر یەکدوو مانگ جارێک قەسیدەیەکم دەنووسی وردە وردە غوربەت کاریگەری خۆی دەکرد، وابزانم ساڵی دووەمم بوو لە کەنەدا، کۆمپیوتەرم کڕی و خەتی ئینتەرنێتم ڕاکێشا، ئیتر دەرگایەکی ترم بە ڕوودا

کرایەوە، دەستم بە زۆر کتێب و سەرچاوە ڕادەگەیشت، زۆر کتێب و بابەتی گرینگم سەیڤ دەکرد، چەندین (دیسک)م پڕکردبوویەوە. وردە وردە دەستم بە سێرچ و گەڕان کرد، هەر لەو ساڵەدا بوو کۆڕێکی شیعریم لە شاری (هاملتۆن)ی کەنەدا گێڕا، لە کۆڕەکەدا خەڵکێکی بەرچاو هاتبوون، زۆرێک لە برادەرانی شاری (تۆرینتۆ) ش هاتبوون، دوای خوێندنەوەی شیعرەکان گفتوگۆیەکی خۆش دروست بوو، زۆربەیان هەڵسان قسەیان کرد. هەر لەو ماوەیەدا چەند قەسیدەیەکم نووسی لەوانە (ئایەتێک لە گەڵا چاوڕەشەکانی منداڵیم) کە بۆ دایکمم نووسیبوو (گەلەرییە تاریکەکانی باخچە) و (سەدەفە لاهووتییەکانی ڕۆژهەڵات) و (خۆڵەمێش و خەونەکانی مێینەی شیعر) و چەند قەسیدەیەکی تر. لەم ساڵانە هەر لەگەڵ ئەوەی زمانەکەم کەمێک باشتر بوو، بەتایبەت دوای خوێندنەوەی چەندین ڕۆمان و شیعری زۆرێک لە شاعیرەکان و هەر زوو دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکانی (سیگمۆند فرۆید) کرد، لەوانە (شیکردنەوەی خەونەکان)، دیارە لەسەرەتا تێگەیشتن لەم کتێبە کارێکی وا سانا نەبوو، لەسەر کۆمپیوتەریش بەردەوام سێرچم دەکرد و دەمخوێندەوە (ناوەڕۆکی شیکردنەوەی خەونەکان و شیکرنەوەی عەقڵی مرۆڤ و کەسایەتی و ڕووبەری ناخودئاگایی و چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس و گرێی ئۆدیب و سادییەت و ماسۆشییەت و زۆرێک) لە تیۆر و بیرکردنەوەکانی فرۆید. ئەمانە کۆمەکی زۆریان پێکردم کە فۆکەس بکەمە سەر هێما و لەنێو خەیاڵەکانم زێتر قووڵ ببمەوە، لە خودی خۆم و دەوروبەر داببڕێم، زێتر لەنێو ڕووبەری ناخودئاگایی بمێنمەوە و قووڵتر مامەڵە لەگەڵ باری دەروونی خۆم و تەنانەت وشە و چەمکەکان

بکـەم، وردە وردە زمانـی شـیعریم گۆڕانـکاری بەسـەردا دەهـات و خۆشـم هەسـتم بـەو گۆڕانـکاری و جیاوازییانـە دەکـرد (ئیـرۆس و هەسـتی ئیرۆسـی) ڕووبەرێکـی زۆری لەنێـو شـیعرەکانم داگیرکـرد، زۆربـەی شـیعرەکانم بـە (خەیاڵـی ئیرۆسـیانە) دەورەدرابـوون، یـان ناوەڕۆکێکـی ئیرۆسـییانەیان هەبـوو، لـەو ماوەیـەدا دوو کۆمەڵـە شـیعرم وەرگێـڕا، یەکـەم چەنـد شـیعرێکی شـاعیرانی هاوچەرخـی کەنەدی بوون، لـە گۆڤـاری ڕامـان بڵاوم کردنـەوە، کۆمەڵـەی دووەم چەنـد شـیعرێکی ئیرۆسـی بـوون و هـی چەنـد شـاعیرێکی جیـاواز لـە کتێبێـک بەنـاوی (بـۆ ئەوانـەی لـە عەشـق دان)، ئـەم بەشەشـم هـەر لـە ڕامـان بڵاوکردنـەوە. لـە سـاڵی ٢٠٠٣ بڕیارمـدا شـیعرەکانم کۆکەمـەوە، چ ئەوانـەی لـە تورکیـا و چ ئەوانـەی کەنـەدا، هەموویـان لـە کتێبێکـدا بەچـاپ بگەیەنـم، بەنـاوی (ڕەنگـە ئیرۆسـییەکانی ئاگـر). هەرچەنـدە ئـەوکات تـازە (سـەدام حوسـێن) دەسـتگیر کرابـوو، وەزعـی عێـڕاق و کوردسـتان تـا بڵێـی ئاڵـۆز و خەڵـک لـە وەزع و ژیانێکی نائارامـدا بـوون، چاپکردنـی کتێب لـەم کاتـەدا کارێکـی شیاو نەبـوو، هەرچەنـدە ڕاسـتەوخۆش ئـەم تێبینییەیـان پـێ گوتـم، بـەڵام مـن گوێـم پـێ نـەدا، کتێبەکـەم بـە چـاپ گەیانـد، هـەرواش بـوو، لـە ڕێگـەی برادەرێکـەوە نزیکـەی دە دانەیەکـم بـە دەسـت گەیشـت، ئـەم کتێبـەم دوو بـەش بـوو، بەشـی یەکـەم کۆمەڵـە شـیعرێک بـوو لەژێـر نـاوی (خۆڵەمێـش و شـەڕاب)، نزیکـەی حـەوت قەسـیدەیەک دەبـوو، بەشـی دووەمـی قەسـیدەی (توانـەوە) بـوو، ناوەڕۆکـی قەسـیدەکانی (ڕەنگـە ئیرۆسـییەکانی ئاگـر)، تێکەڵاوییـەک بـوون لـە نێـوان عەشـق و ئیرۆسـییەت و سـەرەتای سـەفەرێکی نادیـار و سەرسـامییەت و غوربـەت، لـەڕووی زمانـەوە، زمانێکـی قووڵتـر و شـاعیرانەتر،

زۆرێـک لـە خوێنـەر و برادەرەکانـم کـە کتێبەکەیـان دەخوێنـدەوە و سـەیری بەرگەکەیـان دەکـرد زۆرجـار لێیـان دەپرسـیم (ئیـرۆس) مانـای چییـە؟ منیش دەبـوا وەڵامیـان بدەمـەوە و بۆیـان شـیبکەمەوە. ئیتـر دوای ئـەم کتێبـەش هـەر لەگـەڵ شـیعر و نووسـینەکانم خەریک بـووم، عەشـقێکی بێوێنـەم بـۆ خوێندنـەوە هەبـوو، تامـەزرۆی داهێنـان بـووم، هـەر شـیعرێکی نوێـم دەنووسـی ئیدی بـە گـەز باڵام دەکـرد، هەمیشـە خەونـم بـە داهێنـان و پێشکێشـکردنی ئاسـتێکی باشـترەوە دەبینـی. لـە دوای سـاڵەکانی (٢٠٠٣ و ٢٠٠٤) کۆمەڵێـک سـایتی ئینتەرنێتـی پەیدابـوون لەوانـە (پەنجـەرە، نووسـەری کـورد، کوردسـتان نێت، دەنگـەکان.. و)، ئیتـر دەسـتم کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعر و نووسـینەکانم لـەم سـایتانە، بەردەوامیـش پەیوەندیـم هەبـوو لەگـەڵ گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی کوردسـتان بەتایبـەت گۆڤـاری (ڕامـان). لـە سـایتەکانیش لـە (نووسـەری کـورد و دەنگـەکان) لـە پەیوەنـدی بـەردەوام دابـووم، دواتـر سـایتی (ئەمـڕۆ)ش پەیدابـوو، لـە (ئەمـڕۆ) ش بـە بـەردەوام شـیعر و بابەتەکانـم بڵاودەکردنـەوە. لـەم ماوەیـەدا لـە سـێرچ و گەڕانەکانـم دیراسـەی قوتابخانـە ئەدەبییـە ئەورووپـی و ئەمریکییەکانـم زۆر دەکـرد، شـارەزاییەکی باشـم لەبارەیانـەوە پەیداکردبـوو. هـاوکات دیراسـەکردنی ئەفسـانەی یۆنانـی و ئەدەبیـات و خوداکانیـان، بۆ مـن جێگای بایـەخ و سـەرنجدان بوون، هـەر لەژێر کاریگـەری ئـەم بیرکردنەوانـەم دیراسـەیەکی وردی نەرسیسـیزم (نەرجسـییەت)م کـرد، سەرچاوەکەشـم کتێبێکـی نایابـی ئینگلیـزی بـوو بەنـاوی (نەرسیسـیزم) لـە نووسـینی (ئەلیکسـاندەر لۆویـن)، بەشـێکم لـێ وەرگێڕایـە سـەر کـوردی، وتارێکـی درێـژی بیسـت و پێنـج لاپەڕەیـی لـێ دەرچـوو، لـەو ماوەیـە وردە وردە غوربـەت

کاریگەرییەکانی زێتر دەبوو، تەنیایی ڕووبەرەکەی فراوانتر دەبوو بەتایبەت هەستەکانی دووری و تەنیایی، سەرسامییەکانی سروشت و ژیان و کلتووورە نوێکەی کەنەدا ببوو بە شتێکی ئاسایی و نۆڕماڵ، ئیتر سەرەتای دەستپێکردنی هەستەکانی تەنیایی و غوربەت بوو، بیری دایک و کەسوکار و هاوڕێ و نیشتیمان و یادەوەرییەکان و ئەمانە هەمووی موعاناتێکی گەورە و کاریگەر بوون، لەنێو خەیاڵ و بیرکردنەوە و لەپشتی وێنە و وشە و چەمکە شیعرییەکان ڕەنگی دەدایەوە، هەموو ئەمانەشم زۆرجاران بە خەیاڵ و خەونەکانی مردن وێنە دەکردن، قەسیدەکانی ئەو سەردەمانەم ڕەنگدانەوەی هەستەکانی تەنیایی و بیری کەسوکار و نیشتیمان و گەڕان بەنێو ڕووبەرەکانی یادەوەری بوون، نموونەی ئەو قەسیدانە (لاوکی تەنیایی، کاتژمێری ڕەنگەکان، ئاوێنەکانی چارەنووس، خەونەکانی مردن، فیردەوسی شەوە یەڵداییەکان.. و) چەندانی تر، تا دەهات لەم چوارچێوەیە شیعرەکانم پانتاییەکی قووڵتریان داگیر دەکرد، لەو ماوەیەدا وازم لە سیاسەت و کاری حزبی هێنابوو بە هۆکاری ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بیرکردنەوەکانم دا هاتبوون، زۆربەی کاتەکانم بۆ خوێندنەوە و گەڕان و نووسین تەرخان کردبوو، لەچوارچێوەی خوێندنەوە بۆ قوتابخانە ئەدەبییەکان بەتایبەت دەورانی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە، لە نووسەر و شاعیرە پۆستمۆدێرنەکان زۆر شت فێربووم، ئەوە فێربووم ئیش لەسەر گومان بکەم، چونکە بەوە گەیشتبووم، حەقیقەت بە تەنیا لەلای من نییە و هەر یەکێک لە ئێمە بەشێک لە حەقیقەتی لەلایە، ئەمەش تا ئاستێک ژیانی هێمن کردمەوە و وایکرد ئارامتر و نەرمتر لە ژیان بڕوانم، تەواوی بیرکردنەوە و

هەڵسوکەوت و جووڵەم گۆڕانکارییان بەسەرداهات، ئەمەش بەر لەهەر شتێک لەنێو شیعرەکانم ڕەنگیان دایەوە، هەر لەوکاتە قەسیدەیەکم نووسی بەناوی (گومان) ئەم قەسیدەیە نوختە و سەرەتای خاڵی گۆڕانکارییە گەورەکان بوو لە مندا. ئیتر غوربەت و هەستی تەنیایی هێندە فشاری بۆم هێنابوو، هیچ بوارێک نەمابوویەوە، دەبووا سەفەرێک بۆ نیشتیمان بکەمەوە، بڕیارمدا سەفەر بکەم، ئامادەکارییم بۆکرد لە ٥ی ئایاری (٢٠٠٧) گەڕامەوە بۆ یەکەمجار دوای حەوت ساڵ گەیشتمەوە کوردستان.

**٣- قۆناغی سێیەم (٢٠٠٧ - ٢٠٢١)**

سەفەری یەکەم و گەڕانەوەم بۆ کوردستان، بۆ من سەفەرێکی تا بڵێی نایاب و گرینگ بوو، دوای (حەوت ساڵ) کە هەستەکانی غەریبی دەستی نابووە بیناقاقای ڕۆحم و تا ئاستی مردن کاریگەری تۆخی هەبوو بەسەرمدا، بەڵام بەو گەڕانەوەیە و بە بینینەوەی دایکم و کەسوکار و دۆست و هاوڕێیان، بینینەوەی هەولێر و کوردستان، گەڕەکەکانی منداڵیی و یادەوەرییەکان، خەڵک و گۆڕانکارییەکان هەموو ئەمانە سەرلەنوێ ئارامیی بەناخ و ڕۆحم بەخشییەوە، سەفەرەکەم بۆ ماوەی مانگێک بوو، چێژم لە هەموو چرکە و خولەک و لە هەموو کاتەکان دەبینی، چەند ڕۆژێک لەبەر میوانداری نەمتوانی بچمە دەرەوە، دواتر سەردانی گازینۆی (مەچکۆ و یەکێتی نووسەرانی هەولێر)م کرد، زۆربەی هاوڕێیە نووسەر و شاعیرەکانم بینییەوە، مایەی خۆشحاڵییم بوو، هەر زوو ئەوەم ڕاگەیاند کە نیازی چاپکردنی دوو کتێبم هەیە، یەکەم کۆمەڵە شیعرێک بوو بەناوی (نیگایەک بەسە بۆ مردن)، دووەم وتارێکی وەرگێڕدراو بوو بەناوی (نەرسیسیزم)، کە لەسەر

پێشنیاری هاوڕێم (سەرکەوت وەلی) بیکەم بە کتێبێکی بچووک، هەر ئەو داوای کرد ئەم وتارە لەگەڵ خۆمدا بهێنمەوە تا وەک کتێبی گیرفان چاپی بکەین، هەر لە ڕێگای (سەرکەوت وەلی) وتارەکەمان دا بەو هاوڕێیانەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، کە کتێبی گیرفانیان چاپ دەکرد، ئەوانەی لەبیرم مابن (کەریم سۆفی و محەمەد باوەکر) و چەند کەسێکی تر بوون. وتارەکەم ڕەزامەندی لەسەردرا، وەک کتێبی گیرفان چاپ بکرێت. دەربارەی کتێبە شیعرییەکەشم (نیگایەک بەسە بۆ مردن) دەبووا لەسەر ئەرکی خۆم چاپی بکەم. داوام لە هاوڕێم (قەرەنی جەمیل) کرد، تابلۆیەکم پێ بدات بۆ بەرگی کتێبەکەم، بە خۆشحاڵییەوە تابلۆیەکی جوان و ناوازەی پێ بەخشیم، دوای نیوەڕۆیەک (من و سەرکەوت و قەرەنی جەمیل) لە بارەگای گۆڤاری ڕامان کۆبووینەوە، سەرکەوت دیزاینی بەرگەکەی بۆمان نەخشاند، ئێمەش بە تێبینییەکانمان کۆمەکمان کرد. دواتر هەرخۆیشی ناوەڕۆکەکەی دیزاین کرد، ڕۆژی دوایی لەگەڵ (قەرەنی جەمیل) چووینە چاپخانەیەک لە بەرامبەر (هۆتێل هەورەمان)ەوە بوو، دیاربوو خاوەنی چاپخانەکە هاوڕێی بوو، دوای ئەوەی لەسەر پارەکە ڕێککەوتین کتێبەکەمان لایان جێهێشت، کە چووینە دەرەوە هەستم بە دڵخۆشییەکی گەورە و شانازییەکی گەورە کرد. هەر یەکەم ڕۆژ کە سەردانی یەکێتی نووسەرانم کرد، داوایان لێکردم کۆڕێکی شیعریی بگێڕم، منیش بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بووم و گوتم خۆشم مەبەستێکی وام هەیە، هەر ئەوکات ڕۆژ و کاتەکەمان دیاریکرد، لە ٢٠٠٧/٥/٢٣ لە بارەگای (یەکێتی نووسەرانی هەولێر) کۆڕەکەم سازدا، بە هاوکاری مۆسیقاژەن (پایەدار بەرزنجی)،

کۆڕەکـەش لەلایـەن (ئیسـماعیل بەرزنجـی) پێشکێشـکرا. کۆڕێکـی ئێجـگار سـەرکەوتوو بـوو، هۆڵەکـە پڕاوپـڕ بـوو لـە خەڵـک، پێشـوازییەکی تـا بڵێـی گەرمـی لێکـرا سـتایش و دەستخۆشـانەی زۆرییـان پێشکەش کـردم، چەنـد کەناڵێکی تەلەفزیۆنیش ئامادەبوون. هـەر لـەم ماوەیـەدا چەندیـن چاوپێکەوتـن و دیمانـەم لەگـەڵ ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامـەکان ئەنجـام دا، بـۆ نموونـە (ڕادیـۆی و ڕۆژنامـەی پاڵـە)، (ڕادیـۆی ئـاڵای ئـازادی)، بەرنامەیەکـی تایبـەت لـە تەلەفزیۆنـی (گەلـی کوردسـتان) ئامادەکـردن و پێشکێشـکردنی بەرنامەکە لەلایـەن (فەهمـی نەبی) بـوو. (کوردسـتان تیڤی) بەرنامـەی (بەیانـی بـاش)، هـەر بـە هـاوکاری کارمەندانـی ڕادیـۆی پاڵـە تۆمارکردنـی چەنـد هۆندراوەیـەک، دواتـر لـە ڕێـگای تۆمارگەیـەک کردمـان بـە سـیدییەک و بەنـاوی (لاوکـی تەنیایـی) بـڵاوم کـردەوە، کۆمەڵـە پرسیارێکیشـم لـە گۆڤـاری (ڕامـان) بەدەسـت گەیشـت کـە لەبـەر نەبوونـی کات وا بڕیارمـان دا، کـە گەڕامـەوە کەنـەدا وەڵامیـان بدەمـەوە و بـە ئیمەیـل بۆیـان بنێرمـەوە، ئیـدی هێنـدە سـەرقاڵبووم کـەم ڕۆژ هەبـوو بەبێ مەوعیـد و دیـدار تێپەڕیت. زۆر سـەرقاڵبووم. ئـەم هەمـوو کار و چالاکییـە و چاپکردنـی دوو کتێـب لـە مـاوەی مانگێکـدا. هێنـدە دڵخـۆش بـووم وامدەزانـی لـە فڕینـدام، ئـەو پێشـوازییەی ناوەنـدی ئەدەبـی و دەزگا ڕاگەیاندنـەکان، بـۆ مـن دڵخۆشـییەکی گـەورە و مانایەکـی گـەورەی هەبـوو، هـەر لـەو ماوەیـەدا کتێبـی (نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن) لـە چـاپ هاتـە دەرەوە، ئەمـەش خۆشـییەکی زێتـری پێبەخشـیم، بـەرگ و دیزایـن و چاپێکـی جـوان و ڕەنگیـن بـوو، هەندێکـم بـۆ کتێبخانـەکان نـارد، ڕۆژانـەش بـە ئیمـزای خـۆم دانـەم پێشکەشـی بـرادەر و کەسـە نزیکەکانـم دەکـرد.

کتێبـی (نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن) یەکێکـە لـە کتێبـە شـیعرییە ناوازەکانـی منـە، دەتوانـم بڵێـم چڕبوونەوەیەکـی قووڵـە بەنێـو ئەزموونـی شـیعریم، بـە تۆخـی مامەڵـە لەگـەڵ هەسـتەکانی غوربـەت و تەنیایـی و مـردن و گومـان و زۆر چەمکـی شـیعریی دەکات، ئـەو کتێبـەم دەنگدانەوەیەکـی جوانـی هەبـوو، پێشـوازییەکی گەرمـی لێکـرا لەلایـەن خوێنـەران و نووسـەران بەتایبـەت گەنـج و لاوەکان. دوای ماوەیـەک (غەمگیـن خـدر)ی شـاعیر و نووسـەر لێکۆڵینەوەیەکـی لەسـەر نووسـی، ئـەم سـەفەرە بـۆ مـن ئێجـگار سـەفەرێکی گرینـگ بـوو، دەتوانـم نـاوی بنێـم (سـەفەری ژیانـەوە) بـەڵام بـێ ویسـتی خـۆم کاتەکانـم بـەرەو کۆتایـی دەڕۆیشـت و دواجـار بـە دڵێکـی خەمنـاک و پـڕ لـە هەناسـە ساردییەوە، خواحافیزییـم لـە دایکـم و لـە کەسـە نزیکەکانـم کـرد، خـۆم و جانتایـەک پـڕ لـە کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـە بـەرەو کەنـەدا گەڕامـەوە. کتێبـە بچکۆلانەکـەی (نەرسیسـیزم)م لـەو ماوەیـەدا هێشـتا لـە چـاپ نەهاتبـووە دەرەوە، کاتێـک بـە چـاپ گەیشـت مـن گەڕابوومـەوە کەنـەدا، دواتـر چەنـد دانەیەکیـان بـۆ نـاردم، کاتێـک گەڕامـەوە کەنـەدا خـۆم و کتێبـی (نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن) و سـیدییەکی شـیعریی بەنـاوی (لاوکـی تەنیایـی) و (خولیـا و بـرادەرە نزیکەکانـم) لـە کەنـەدا سـەریان سـووڕما، کـە لـە مـاوەی تەنهـا مانگێکدا ئـەم هەمـوو کار و چالاکییـە و کـۆڕ و چاپکردنـی دوو کتێـب و چەندین دیمانـەی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن؛ چـۆن توانیـم ئەنجامیـان بـدەم! لـە مـاوەی یەکـدوو مانگێکـدا بـە ئارامیـی و شـێنەیی وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤـاری ڕامانـم دایـەوە و باسـم لـە زۆرێـک بابەتـی گرینـگ کردبـوو، بەتایبـەت بیرکردنـەوە نوێیەکانـم و پەیوەندییەکانـی نێـوان خـۆم و شـیعر و سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـا و زۆر بابەتـی تـر،

دیمانەکـەم دوای ماوەیـەک بـە شـێوەیەکی جـوان لـە گۆڤـاری ڕامـان بڵاوکرایــەوە بــە مانشــێتێکی گــەورە لەســەرەوە نووســرابوو (ئــەو نووســەرانەی ئایدیۆلۆژیـا دەیانجوولێنـن کۆیلـەن)، ئـەوە یەکێـک لـە قســەکانی مــن بــوو. دڵــم بــە مانشــێتەکە و پێشــەکییەکەیان خــۆش بـوو، دوای سـەفەرەکەم، لەلایـەن (ڕابـەر فاریـق و سـۆران عەزیـز) پەیوەندیـم پێوەکـرا و چەندیـن پرسـیاریان بـۆ نـاردم، بەشـێک لـە پرسـیارەکان لەسـەر شـێوە و ناوەڕۆکـی کتێبـی (نیگایـەک بەسـە بـۆ مـردن) بـوو، بەتایبـەت چەمکـی (مـردن)، منیـش وەڵامـی پرسـیارەکانم دایـەوە، هـەر لـەو سـەردەمانە و دواتریش لەلایـەن نووسـەرە لاوەکان و ڕۆژنامەنووســەکان و هەندێــک لــە شــاعیرەکان، بــەردەوام پرســیاریان بــۆ دەنــاردم و دیمانەیــان لەگــەڵ ســازدەدام، لەوانــە (سـۆران عەزیـز، ڕابـەر فاریـق، ئیدریـس عەلـی، خەمگیـن خدر، حەمـە کاکــەڕەش و دانــا شــوانی و چەندانــی تــر...)، منیــش زۆرێــک لــەو پرسـیارانەم وەڵام دەدایـەوە، لەڕێـگای ئـەم پرسـیارانە قسـەم لەسـەر شـیعر دەکـرد و بیرکردنـەوە نوێکانـی خـۆم دەخسـتەڕوو، بەتایبـەت ئەوانــەی لــە ڕێــگای دیراســە و بەدواداچوونەکانــم، یــان لــە ڕێگــەی ئەزموونـی خۆمـەوە پێیـان دەگەیشـتم، قسـەم لەسـەر زۆرێـک بابەتـی گرینـگ دەکـرد، بـۆ نموونـە (پەیوەنـدی شـیعر لەگـەڵ سیاسـەت و تەکنەلۆژیـا و فەلسـەفە و زمانـی قسـەکردن و نامۆبـوون و تەمومـژ و زۆر بابەتـی گرینگـی تـر...)، کاتـێ لـە کوردسـتان بـووم بابەتێکـم لـە گۆڤـاری (ڕامـان) بڵاوکرایـەوە، بەنـاوی (شـیزۆفرینیا و هونـەر)، لـە ئینگلیزییـەوە وەرمگێڕابـوو، کاتێـک (قەرەنـی جەمیـل) ئـەو بابەتـەی ببینیـم، داوای لێکـردم لەبـارەی کاری شـێوەکاری کەنـەدا و ئەمریـکا بــە نووســین و وەرگێــڕان بابەتیــان بــۆ بنێــرم و کۆمەکیــان بکــەم،

ئــەوکات گۆڤارێکیــان دەردەکــرد بەنــاوی (شــێوەکاری)، هــاوکات هاوڕێـم (ئـازاد عەبدولواحیـد)ی ڕەخنەگر و سەرنووسـەری گۆڤـاری ڕامـان لـە خەمخـۆری بـۆ گۆڤارەکەیـان لـە دانیشـتنێکدا، داوای لێکـردم بـە خوێندنـەوەی کتێـب هاوکارییـان بکـەم، بەتایبـەت ئـەو کتێبانـەی خوێنـەری کـورد دەسـتیان پێڕانـاگات، لـەو ماوەیـەدا چەنـد بابەتێکـم لەســەر هونــەری شــێوەکاری نووســی؛ لەوانــە بابەتێــک لەســەر شـێوەکارە ناودارەکانـی کەنـەدی، بابەتێکـی تریـش بەنـاوی (فریـدا کالــۆ بەناوبانگتریــن ژنــە نیگارکێشــی ئەمریــکای لاتیــن)، ئــەم دوو بابەتــەم هــەردووک لــە گۆڤــاری شــێوەکاری بڵاوبوویــەوە، وام لێهاتبــوو وەک شــیعر چێــژم لــە تابلــۆ هونەرییــەکان دەبینــی، زۆر عەشـقی تابلۆکانـی (ڤانکـوخ) بـووم، بەتایبـەت تابلۆکانـی (شـەوە ئەسـتێرەییەکان و پەتاتەخـۆرەکان و زۆرێکیـش لـە پۆرترێتەکانـی..)، هــەر لەوکاتانــە خوێندنەوەیەکــەم بــۆ چەنــد تابلۆیەکــی (ئۆرمێــرا لۆلانـی) کـرد، کـە ژنـە نیگارکێشـێکی ئەلبانـی بـوو و بـۆ ماوەیـەک لـە (تۆرینتـۆی کەنـەدا) دەژیـا، هەروەهـا خوێندنەوەیەکـم بـۆ تابلـۆی هـاواری (ئیـدوارد مەنـج) کـرد، خوێندنەوەیەکـی درێژیشـم بـۆ کتێبـی (خانـووە زەردەکـە) کـرد، کـە کتێبێـک بـوو لەبـارەی چەنـد هەفتەیـەک پێکـەوە ژیانـی (گـۆگان و ڤانکـوخ)ی نیگارکێـش، ئـەو سـێهەفتەیە پڕبـوو لـە ڕووداو و کارەسـات، بـۆ نموونـە هـەر لەوماوەیـەدا دەبـێ کـە ڤانکـوخ پارچەیـەک لـە گوێـی خـۆی دەبڕێـت. خوێندنـەوەی ئـەو کتێبەشـم لـە گۆڤـاری ڕامـان بڵاوبوویـەوە، دەنگدانەوەیەکـی باشـی هەبـوو تـا ئـەوەی یەکـدوو هاوڕێـم داوایـان لێکـردم ئەگـەر بکرێـت کتێبەکـە وەرگێڕمـە سـەر زمانـی کـوردی، بـەڵام ئەمـە بـۆ مـن کارێکـی سـانا نەبـوو. ئیتـر ڕۆژ و مانـگ و سـاڵەکانی تێدەپەڕیـن و منیـش

هەر لەگەڵ شیعر و نووسینەکانم دەژیام و لە خەمی داهێنانەکانم دابووم. لەو ماوەیە هەندێ دەقی جوانم نووسیبوو، هەوڵم دەدا بە فۆرم و شێوازی نوێ بنووسم کە مۆرکی داهێنانەکانی منیان پێوەبێت، بۆ نموونە (نوختەکانی سەر شینی شەو)، کە گەمە لەگەڵ نوختەی سەر وشەکان و جێگۆڕکێم بە نوختەکان کرد بوو، یان دەقی (پیتە جوانەمەرگبووەکان) کە مەبەستم لە پیتەکانی وشەی کوردستان بوو، وشەی کوردستانم هەڵوەشاندبوویەوە پیت لەدوای پیت، ڕستە و دەستەواژەی شیعرییم لێ دروست کردبوون، ئەو شیعرەشم لە گۆڤاری (ئایندە) بڵاوبوویەوە، لەو سەردەمانە شیعرەکانم جگە لە گۆڤاری ڕامان، لە (گۆڤاری ئایندە و ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت و ڕووبەری داهێنان و گۆڤاری هەنار، گۆڤاری نەوشەفەق) بڵاودەبوویەوە، هاوکات لە سایتە کوردییەکانیش بەتایبەت سایتەکانی (دەنگەکان و ئەمڕۆ)، هەر لەوماوەیەدا دووبارە دەستم بە دیراسەکردنی فرۆید و چەمکە دەروونییەکان کردەوە، هاوکات قوتابخانە ئەدەبییەکانیش، لەسەر (قوتابخانەی سوریالیزم) هەڵوێستەی زۆرم کرد و لێکۆڵینەوەیەکی درێژم نووسی بەناوی (سوریالیزم وەک بیر وەک داهێنان) ئەم نووسینەم لە گۆڤاری (هەنار) بڵاوبوویەوە، دواتر هەندێک شیعری شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزمم وەرگێڕا لەوانە (پۆل ئیلوار و ڕۆبەرت دیسنۆس)، دواتر چەند شیعرێکی (سارا تیسدەیل) کە شاعیرێکی ئەمریکییە، کەسایەتییەکی ژنە، چونکە زۆرێک لە قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکانی مۆدێرنەتە سەرسامبوون بە (سیگمۆند فرۆید)، بۆیە منیش دیراسەیەکم نووسی بەناوی (سوریالیزم و سیگمۆند فرۆید)، قسەم لە پەیوەندی و

کاریگەرییەکانی (فرۆید) کردبوو بەسەر سوریالیستەکان و قوتابخانەکانی تر، هاوکات هەڵوێستەی زۆرم کرد لەسەر پۆستمۆدێرنیزم بەتایبەت شاعیرەکان و فۆرم و ستایلەکانیان، دیراسەیەکی وردی (پۆستمۆدێرنیستەکانم) کرد، لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژم نووسی بەناوی (شیعری پۆستمۆدێرنی ئەمریکی)، فۆکەسم کردبووە سەر شیعر و شاعیرانی چوار قوتابخانەی نوێگەری ئەمریکی بە ناوەکانی (قوتابخانەی چیای ڕەش، قوتابخانەی نیۆرک، قوتابخانەی زمانی شیعریی، هەروەها شیعری بیبتی) کە ئەم چوار قوتابخانەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کرۆک و پێکهاتەی مۆدێرنیست و پۆستمۆدێرنیستی بوون لە ئەمریکا، بەتایبەت قسەکردن لە فۆرم و پێکهاتەی شیعری پۆستمۆدێرنی کارێکی نایاب و پڕ بایەخ بوو، ئەم بابەتەشم هەر لە گۆڤاری (هەنار) بڵاوکرایەوە، لەو ماوەیەدا لەپاڵ داهێنانە شیعرییەکانم دەستم بە نووسینی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییش کردبوو، هەوڵم دەدا قسە لەسەر شیعر بکەم؛ پەیوەندییەکانی شیعر بە دەرەوەی خۆی بۆ نموونە ( شیعر و سیاسەت)، یان (شیعر و چەمکە دەروونییەکان)، لە ساڵی (٢٠١١ ی ٢٠١٢) یەکبەدوای دوو کتێبم لە ڕێگەی (وەزارەتی ڕۆشنبیری- سلێمانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە)، کە (محەمەد کوردۆ)ی هاوڕێم و سەرنووسەری گۆڤاری (هەنار) سەرپەرشتیاری بوو. هەردوو کتێبەکەشم لێکۆڵینەوە بوون بە ناوەکانی (هونەر و فیگەرە جوانەکانی خەون) و (چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی)، ئەم دوو کتێبە دڵخۆشییەکی گەورەیان پێبەخشیم، کە سەرەتای دەرکەوتنی توانا ئەدەبیی و مەعریفییەکان بوو لە مندا، بەتایبەت هەوڵم دا لەپاڵ

نووسینی شیعر لێکۆڵینەوەی ئەدەبییش بنووسم. ئەمەش دەرگایەکی تری کردەوە بەڕووی داهێنانەکانم و گەشەکردنی تواناکانم لەڕووی فیکری و مەعریفی و ئەدەبییەوە، هەر لەو ماوەیەدا (هایدگەر و نیچە)م زۆر دەخوێندەوە، لە ڕێگای کتێبەکانی دکتۆر (محەمەد کەمال) تا ئاستێکی باش (مارتن هایدگەر)م هەزم کردبوو، لە ڕێگای خوێندنەوەی وردی (هایدگەر و نیچە و د. محمەد کەمال)، هاوکات گوێگرتن لە زۆربەی دیمانەکانی ئەدۆنیس و ئەو کتێبانەش دەربارەی ئەو نووسرابوون، توانیم وتارێک بنووسم لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان (شیعر و فەلسەفە یان فەلسەفە و شیعر)، وەکو پێشتر گوتم هەمیشە خەونی داهێنانم هەبوو بەتایبەت، لە شیعر و فۆرم و ستایلەکانم، بەجۆرێکی ناوازە گەمەم بە وشە و ڕستە و دەستەواژە شیعرییەکان دەکرد، ئیشکردن لەسەر (گومان و پارادۆکس و پرسیار و وێنە و) ئەمانە قووڵاییەکی گەورەیان بە شیعرەکانم بەخشیبوو، دەمویست داهێنانی نوێم هەبێت و بە من بناسرێنەوە، لەگەڵ ئەو خەونەم دەژیام تا لە ناوەڕاستیساڵی ٢٠١٢ قەسیدەیەکم دەستپێکرد بەناوی (من)، وردە وردە لەگەڵی دەڕۆیشتم و بەشەکانیم دەنووسی، پانزە کۆپلەم نووسی، تووشی ڕامانێک و بیرکردنەوەیەکی سەیری کردم، لەم قەسیدەیەم ئیشم لەسەر نەرجسییەتێکی گەورە کردبوو، منێکی باڵام بەرجەستەکردبوو، لەم شیعرەم زۆر سەرسامبووم بەخۆم، وێنەی خۆمم لە ئاستێکی بەرز و بڵند کێشابوو، هاوکات خۆشەویستی و شانازییەکی گەورە بۆ خود، گەیشتن بەم بەرئەنجامانە وایلێکردم ئەم قەسیدەیەم وەک ئەزموونێکی نوێ درێژە پێبدەم و بەردەوام بم، ئەزموونەکەش ناوبنێم (دەقی

تەمـەن)، لەبـەر ئـەوەی قەسـیدەکە بەنـاوی (مـن) بـوو، بۆیـە شـانس و توانـای بەردەوامبوونـم هەبـوو، لـە کۆتایـی قەسـیدەکە وەک تێبینـی ئەمـەم نووسـی (قەسـیدەی «مـن « ناومـان نـاوە (دەقـی تەمـەن)، بەمانـای دەقێکـی کـراوە و بەردەوامـە، لەگـەڵ تەمەنـی شـاعیردایە، واتـە مەرگـی شـاعیر دەبێتـە دوادێڕ و دوا نوختـەی ئـەم قەسـیدەیە). ئـەم تێبینییـە تـەواو شـتێکی نـوێ بـوو، یەکەمجـار بـوو شـاعیرێک ئەزموونـی قەسـیدەیەکی خـۆی ناوبنـێ (دەقـی تەمـەن) و بـەردەوام بێـت و مەرگـی خـۆی بـکات بـە (دوانوختـەی) قەسـیدەکەی. دڵخـۆش بـووم بـەم داهێنانـە نوێیـەم، هـەر ئـەوکات (فەهمـی نەبـی) ڕۆژنامەنـووس و شـاعیر دیمانەیەکـی لەگـەڵ کـردم لەبـارەی (دەقـی تەمـەن)، وەک ئەزموونێکـی نـوێ لەسـەر نـاوەڕۆک و مەبەسـت و ئامانـج و فـۆرم و پێکهاتـەی ئـەم دەقـە، پرسـیاری گرینگـی ورووژاندبـوو (بەشـی یەکەمـی دەقـی تەمـەن و ئـەم دیمانەیـەی فەهمـی نەبـی)م بەیەکـەوە لـە یەکێـک لـە ژمارەکانـی (هەنـار) بڵاوبوویـەوە، ئیتـر لـە کۆتایـی نۆڤەمبـەری هـەر ئـەو سـاڵە شانسـی گەڕانەوەیەکـی تـر و سـەفەرێکی تـرم بـۆ هاتـە پێـش، بـەڵام ئەمجارەیـان بلیتەکـەم بـۆ (شـەش هەفتـە) بـڕی، چونکـە بڕیارمـدا (دوو هەفتـە) لـە ئەوروپـا بمێنمـەوە و ئەگـەر بکـرێ یەکـدوو کـۆڕی شیعریی بگێڕم، هەرلەوێش بگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

لـە ڕۆژەکانـی کۆتایـی نۆڤەمبـەری ٢٠١٢ سـەفەری (نەرویـج)م کـرد، بـۆ شـاری (ئۆسـلۆ)، بـۆ ماڵـی (شـاڵاو)ی بـرام، کـە لـە ئۆسـلۆ دەژیـن (زانـا گەلاڵـی) هاوڕێـم، ئامـادەکاری کۆڕێکـی شـیعریی بـۆ کردبـووم لـە ئۆسـلۆ، هـۆڵ و هەمـوو ئامادەکارییـەکان کرابـوون، بـەرواری کۆڕەکـەم ٢٠١٢/١٢/٧ ڕاگەیانـدرا بـوو، پۆسـتەریان لـە

چەند شوێنێک هەڵواسی بوو، تا ئەوکاتەی من لە ئۆسلۆ بووم کۆڕی (بەرلین)م هیچ باس و خەبەرێکی نەبوو، کە بڕیاربوو (عەبدولغەنی کاکۆ)ی هاوڕێم ئامادەکارییم بۆ بکات، وابزانم ٢ی دیسەمبەر لە ماڵی شالاوی برام بووم، تەلەفۆنێکم بۆ هات (عەبدولغەنی کاکۆی) هاوڕێم بوو، گوتی ئەمڕۆ بەڵێنی قاعەیەکیان پێمداوە، چ دەڵێی کۆڕەکە ڕابگەیەنین؟ منیش گوتم بەڵێ ڕێککەوتین کۆڕەکە ٢٠١٢/١٢/٥ بێت (من چواری مانگ بڕۆم بۆ ئەوێ، پێنجی مانگ کۆڕەکەم پێشکەش بکەم و شەشی مانگ بگەڕێمەوە ئۆسلۆ)، چونکە کۆڕەکەی ئۆسلۆم حەوتی مانگ بوو. هەروام کرد، هەرئەوکات بە یارمەتی براژنەکەم، ئۆنلاین بلیتی (بەرلین)مان بڕی بۆ (سێ ڕۆژ)، نیوەڕۆی چواری مانگ گەیشتمە (بەرلین)، عەبدولغەنی هات و لە فڕۆکەخانە بەدیداری یەکتری شادومان بووین، ئەو دوای نیوەڕۆیە سەرمان لە چەند شوێنێکی گرینگ دا، یەکێک لەوانە (گۆڕستانی کەسە ناودارەکان) نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفە ناودارەکان، وێنەم لەگەڵ گۆڕی (برێخت و هیگل) و زۆرێک لە بیرمەندەکانی تر گرت، دواتر سەردانی دیواری (بەرلین و بینایەی پەرلەمان) و ئەو بینایەی کە (هیتلەر) تیادا خۆی کوشت بوو. شەو چوینەوە ماڵی عەبدولغەنی، بۆ بەیانیەکەش بەهەمان شێوە سەرمان لە چەند شوێنی مێژوویی و شوێنی سەرنجڕاکێش دا، دوای نیوەڕۆیەکەش بەرەو شوێنی کۆڕەکەمان ڕۆیشتین، پاش ئەوەی مۆسیقا و هەموو شتێکمان ئامادەکرد، دوای نیوەڕۆ کۆڕەکەمان پێشکەش کرد، کۆڕەکەم مایەی دڵخۆشی خۆم و ئامادەبووان بوو، شەو من و عەبدولغەنی و هاوڕێیەکی لە (سەنتەری شار) دانیشتنێکی

خۆشمان کرد و گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلمان کرد، بەیانییەکەی گەڕامەوە ئۆسلۆ (زانا گەلاڵی) لە ماڵی شالاوی برام چاوەڕێی دەکردم، شەو هەندێک قسەمان لەسەر لایەنی هونەریی کۆڕەکە کرد و بەیانی (حەوتی مانگ) بە یارمەتی دوو مۆسیقاژەن، ئۆرگ و گیتارێک، کۆڕەکەم پێشکەش کرد، کۆڕێکی تابلێی ناسک و جوان بوو، دوای کۆڕەکە تاک تاک و دەستە دەستە وێنەیان لەگەڵ دەگرتم، باوەشێک گوڵیان پێشکەش کردم، چەندین کەسم ناسی و بووین بە هاوڕێ، لەوانە (نەبەز موکریانی) گۆرانیبێژ، ڕێژەیەکی بەرچاوی کوردانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواش هاتبوون، ئەو دوو هەفتەی ئۆسلۆ و ئەو دوو کۆڕەم، بەشێکی جوانن لە یادەوەرییەکانم، دوو هەفتەکەم تەواو بوو، گەڕامەوە هەولێر، چاوم بە دیداری دایکم و کەسوکارم ڕۆشنبوویەوە.

ساڵ بوو بە ٢٠١٣، هەر لە هەولێر بەشدارییم لە ئاهەنی سەریساڵ کرد، لە ڕێگەی (یەکێتی نووسەرانی هەولێر) ڕۆژێکمان دیاریکرد بۆ کۆڕێکی شیعرییم بە هاوکاری (پایەدار بەرزنجی)مۆسیقاژەن، هاوکات لە ڕێگای (محەمەد کوردۆی) هاوڕێم پەیوەندیم بە (یەکێتی نووسەرانی سلێمانی) کرد، بەلام بە هەندێ هۆکاری یەکێتییەکەیان چالاکییان بۆ ماوەیەک ڕاگرت بوو، دواتر لەگەڵ بەرپرسی (قاوەخانەی کلتووری) قسەم کرد و هەفتەی دوای کۆڕەکەی هەولێرم دیاریکرد، تا لە سلێمانیش کۆڕێکی شیعری بگێڕم. کۆڕەکەی هەولێرم پێشکەش کرد و وەک هەمووجار کۆڕێکی سەرکەوتوو بوو، دوای کۆڕەکە، هاوڕێم کەریم سۆفی وەرگێڕ، دوو کتێبی (سەباح ڕەنجدەر)ی پێشکەش کردم، کە دوو کۆبەرهەمی شیعری بوو بەناوی (سی ساڵ شیعر)، هەر لەو

سەفەرە لەگەڵ (کاروان کاکەسوور)ی هاوڕێم کە دەمێک ساڵ بوو یەکتریمان نەبینیبوو، ئەویش لەوکاتەدا لە هەولێر بوو یەکتریمان بینییەوە، هاوکات لەگەڵ ئازاد سۆرانی نووسەر هاتبوون بۆ کۆڕەکەم، هەر لەو سەفەرەم (کەریم دەشتی) شاعیر (سێ بەرگی دیوانە شیعرییەکەی) بە چاپ گەیاندبوو هەرسێ بەرگەکەی پێشکەش کردم، دوای کۆڕەکەی هەولێرم ڕۆژێک تەلەفۆنێکم بۆهات (سەباح ڕەنجدەر) بوو، دوای سڵاو و چاکوچۆنی، گوتی بەیانی دوای نیوەڕۆ لە مەچکۆ دەبم. حەزدەکەم بێی کاتێک بەیەکەوە دابنیشین، پێمگوت باشە بەیانی لە مەچکۆ دەتبینم، چووم بۆ ئەوێ دوو سەعاتێک قسەوباسێکی هەمەجۆرمان لەسەر شیعر و زمانی شیعریی و ڕەوشی ئەدەبییمان کرد، لە زۆرێک لە بیرکردنەوەکان لە یەکترییەوە نزیک و هاوڕا بووین، بەتایبەت لە پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک و زمان و شیعر بە گشتی. دوای چەند ڕۆژێک؛ شەوێک لە ماڵی دایکم سەردانی کردم و دیسان بە باسی شیعر کاتێکی ئاراممان بەڕێکرد، لەوێدا باسی پڕۆژەی (دەقی تەمەن)م بۆی کرد، ناوەڕۆک و ئامانجەکەیم بۆی باسکرد، پڕۆژەکەی پێ هەولێکی جوان بوو، بەڵام گوتی وریابە پڕۆژەیەکی قورسە، چونکە هەموو تەمەن بەردەوامبوون لە (دەقێک) کارێکی سانا نییە! لەگەڵ (سەباح ڕەنجدەر) یەکتریمان دەناسی و هاوڕێش بووین، بەڵام زۆر نزیک نەبووین لەیەکتری، بەڵام ئەم سەفەر و دیدارەمان سەرەتای نزیکبوونەوە و سەرەتای هاوڕێیەتییەکی بەردەوام بوو، هاوکات لەگەڵ (بەختیار محەمەد) ی نووسەر و زۆرێک لە نووسەر و شاعیری تر، لە پەیوەندی و هاوڕێتییەکی نزیک دابووم، هەفتەی دوای ئەو لەگەڵ کوڕەخاڵ و

کوڕەپوورێکـم (فـارس و ئـازاد) چوویـن بـۆ سـلێمانی، لەسـەرەتا لـە شـوێنێک مەوعیدمـان لەگـەڵ (محەمـەد کـوردۆ) هەبـوو، چوویـن بـۆ ماڵەوەیـان، بینینـی محەمـەد کـوردۆ کـە مـن هـەر بـە کاک کـوردۆ نامـەم بـۆ دەنووسـی و بانگـم دەکـرد، بـۆ مـن چرکەسـاتێکی جـوان بـوو، زۆر هـاوڕێ بوویـن، لـە ڕێـگای گۆڤـاری (هەنـار)ەوە زۆر لەیەکـەوە نزیـک بوویـن، چەنـد سـەعاتێک لـە ماڵەکـەی ماینـەوە، دواتـر شـەو چوویـن بـۆ ماڵـی (حەمـەد شێخەشـەلی) یـادی هەمیشـە زینـدوو بێـت، کەسـێکی نیشـتیمانپەروەر و هـاوڕێ و مامۆسـتای ڕۆژانـی تێکۆشـان و خەباتـم لـە ڕیزەکانـی (کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کورسـتان). شـەو لـەوێ ماینـەوە، لەگـەڵ (یونـس و مـام حەمـەد و مـاڵ و منداڵەکـەی) شـەوێکی خـۆش و پـڕ قسـە و پێکەنینمـان بەڕێکـرد، بەیانـی سـەردانی گۆڤـاری هەنـارم کـرد، کتێبـی (چەمکـە دەروونییـەکان و دەقـی ئەدەبـی)م چـاپ کرابـوو، بـەڵام تـا ئـەوکات نـەم بینیبـوو، پەنجـا دانـەم بـۆ هەڵگیرابـوو، کـە کتێبەکەمـم بینـی بـۆ ماوەیـەک تاسـام زۆر دڵخـۆش بـووم، لـە ژوورەکـەی کاک کـوردۆ ماوەیـەک ماینـەوە، لیسـتی کتێبەکانـی بـۆ هێنـام داوای کـرد کامـەی ئـارەزوو دەکـەم ناوەکـەی پـێ بڵێـم، منیـش چەنـد کتێبێکـم دیاریکـرد و بۆیـان هێنـام، دیارییەکـی جـوان بـوون، هەرلـەوێ گوتـم حەزدەکـەم سـەردانی (شـێرکۆ بێکـەس و دەزگای سـەردەم) بکـەم، کاک کـوردۆ تەلەفۆنێکـی بـۆ (شـێرکۆ بێکـەس) کـرد، نـاوی منـی پـێ گـوت و پێـی گـوت (کـە دەمانەوێـت سـەردانێکت بکەیـن)، ئەویـش گوتـی وەرن چـاوەڕێ دەبـم، چوویـن بـۆ دەزگای سـەردەم، بـەرەو ژووری (شـێرکۆ بێکـەس)، ئـەو شـاعیرەی سـاڵەهایە لەنێـو خەیـاڵ و دڵ و دەروونـی مـن؛ ئامادەییەکـی بەردەوامـی هەیـە، ئـەو

شاعیرەی تا ئەندازەی خۆم لە شیعرەکانی نزیکم، ئەو شاعیرەی لە شوێنێکی بەرز و بڵندی داهێنانی شیعریی دایە، لەدوورەوە بینیم دڵم خورپەی کرد، بێگومان خورپەی خۆشیی، پێشوازییەکی گەرم و باوەشێکی پڕ تاسەم پیاکرد، برادەران چەند وێنەیەکیان چرکاند، دواتر دانیشتین و بۆ ماوەیەک قسەوباسمان کرد، لەسەر وەزع و شێوەی ژیانم لە کەنەدا و هەندێک پرسیاری لێکردم، هەر خۆی گوتی (نووسینەکانت دەبینم کاک کوردۆ هەموو ژمارەیەکی هەنارم بۆ دەنێرێت)، گۆڤارێکی لەبەردەم بوو، ژمارە (سفر)ی گۆڤاری (ئەدەبی سەردەم) بوو، ئەو گۆڤارەی پێشکەش کردم و گوتی گەر بتوانی هاوکارمان بە و بابەتمان بۆ بنێرە، منیش کتێبی (نیگایەک بەسە بۆ مردن)م پێشکەش کرد، لەوساتانە کاک کوردۆ بەچاو ئەوەی پێ گوتم، کە دەبێ بڕۆین، لەبەرئەوەی ئۆفیسی گۆڤارەکەی جێهێشت بوو و کاری گرینگی هەبوو، بەهەرحاڵ گەر بە دڵی من بووایە هەموو ڕۆژەکە لەوێدا دەمامەوە، پڕ بە ئاکامی دڵم باسی شیعر و قسەوباسی شیعرییم لەگەڵ دەکرد، بە ناچاری گوتم، دەبێ بڕۆین باوەشی جێهێشتنم پیاکرد (ئیتر ئەم دیدار و جێهێشتنە دوا دیدار و جێهێشتن بوو، چونکە دوای شەش حەوت مانگێک نەخۆش کەوت وماڵئاوایی لێکردین)، هەر دوای ئەوە سەردانی (ئەمنە سوورەکەمان) کرد، کە کرابوو بە مەتحەف، کە چاوم بە پەیکەرەکان و شێوەی ئازار و ئەشکەنجەدانەکان کەوت، هەموو گیانم تێکچوو، دوای ئەوەی لەوێ هاتینە دەرەوە؛ بارێکی نائارام و ناخۆشم بۆ دروستبوو، بەو هۆیەوە هەموو یادەوەرییە خەمناکەکانم بیرکەوتنەوە، کوردۆ ئێمەی جێهێشت گوتی لە شوێن و کاتی کۆڕەکە دەتانبینمەوە، ئێمەش لەسەرەتا

شوێنی (قاوەخانەی کلتووری)مان دۆزییەوە، وێنەیەکی خۆم بینی لە جامخانەکە هەڵواسرابوو، چەند دێڕێکی لە ژێرەوە نووسرابوو، نەچووینە ژوورەوە، چووین بۆ شەقامی سەهۆڵەکە کە نزیک بوو لە قاوەخانەی کلتووری، چای خەڵوزمان خواردەوە تامێکی خۆش و تایبەتی هەبوو، هەرلەوناوەماینەوە. بۆ کاتی کۆڕەکە چووینە شوێنەکە، ئیتر لەسەرەتا هەندێک ئامادەکارییمان کرد و لە کاتی خۆی کۆڕەکەم پێشکێشکرد. هەرچەندە خەڵکێکی زۆر نەهاتبوون، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان دڵخۆشبوون بە خوێندنەوەی شیعرەکانم، دوای کۆڕەکە لە گازینۆیەک نزیکەی هەشت کەسێک دەبووین بە دەوری مێزێک کۆبووینەوە کاتێکی خۆشمان بەسەربرد، هەندێک باسی کۆڕەکە و شیعرەکانمیان کرد بەتایبەت شێوەی ئیلقا و شێوەی خوێندنەوەکەیان زۆر بەدڵبوو، دواتر هەڵساین و لەگەڵ کاک کوردۆ خواحافیزییمان لەیەک کرد، شەو لەماڵی مام حەمەد و کاک یونس ماینەوە و بەیانی گەڕاینەوە هەولێر. هەر لەو ماوەیەدا کتێبێکی شیعرییم دابوو بە یەکێتی نووسەرانی هەولێر بەناوی (لەسەر جەستەی ڕووتت لە خاچم دە)، ڕەزامەندی چاپکردنیم وەرگرتبوو (سەرکەوت وەلی) دیزاینی بەرگەکەی بۆم کرد بوو. ئەو سەفەرەش بۆ من سەفەرێکی مێژوویی و پڕ چالاکی بوو، کە توانیم چوار کۆڕی شیعری بگێڕم و هاوکات کتێبێکی شیعریشم بڕیاری چاپی بۆ بدرێت. دیسان بەناچاری و لەنێو چرکەساتێکی خەمناک و نائارام گەڕامەوە کەنەدا.

دوای ئەو سەفەرەم بە قووڵی ئیشم لەسەر دەقی تەمەن دەکرد، چەندین بەشی ترم نووسی، بە هەناسە و دیدگایەکی (نیچە)یيانە

درێـژەم بـەم دەقـە دەدا، نەرجسـییەتێک و خودێکـی بـاڵا و بەهێـز و یاخی، هەمیشـە ئامادەیی هەبوو لەنێو دەقەکـەدا، توانیـم مانیفێسـتێکی تایبەتـی بـۆ بنووسـم. بـۆ ناسـاندنی مانیفێسـتەکە لەسـەرەتا نووسـیم (دەقـی تەمــەن وەک شــوناس و نیشــتیمانی شــاعیر)، مانیفێســتەکەم لـە سـایتەکان بڵاوکـردەوە، هـەر لەوماوەیـەدا خوێندنـەوەم بـۆ چەنـد ڕۆمانێـک کـرد، لەوانـە ڕۆمانــی (کۆشــکی باڵنــدە غەمگینەکانــی) بەختیـار عەلـی، بـە میتۆدێکـی دەروونـی خوێندنـەوەم بـۆ ئـەم ڕۆمانـە کردبوو، ڕۆمانـی (شـەو)ی (ئیلی ویلس) کە بەناوی (ڕۆمانی شـەو و تراژیدیـای هۆلۆکۆسـت)، ڕۆمانـی (ژنێک بەسـەر منارەوە)ی (شـێرزاد حەسـەن)، (خەونـی پیاوێکـی گەلحـۆی دەستۆفسـکی)، هـاوکات چەنـد لێکۆڵینەوەیەکــی شــیعریش لەوانــە (دەنیــز لیڤەرتــۆڤ و شــیعری سیاســی) (شــێرکۆ بێکــەس و زمانــی شــیعریی) و (وەفایــی لەنێــوان ڕۆمانسـییەت و سیاسـەتدا)، چەندین بابەتـی تـر. لـە نووسـینی هەوڵـە شـیعرییەکانی خۆشـم بـەردەوام بـووم، لـە سـاڵی ٢٠١٤ لـە ڕێـگای یەکێتــی نووســەران (مەڵبەنــدی گشــتی)، کتێبــی (لەســەر جەســتەی ڕووتـت لـە خاچـم دە)م بەچـاپ گەیشـت، ئـەو کتێبەشـم دڵخۆشـییەکی گــەورەی پێبەخشــیم، هــەر لەوماوەیــەدا کتێبێکــی شــیعرییم بەنــاوی (لــە دەرەوەی ژیــان دەژیــم) ئامادەبــوو بــۆ چــاپ، بــەڵام توانــای چاپکردنیــم نەبــوو، گەڕامــەوە ســەر (ســارا تیســدەیل)، بــە وردی شــیعرەکانیم خوێندنــەوە، ئــەو نووســین و لێکۆڵینەوانــەی دەربــارەی ئــەو زۆرێکــم خوێندنــەوە، وتارێکــم نووســی لەبــارەی (شــیعر و خۆکوشــتن)، دواتــر وتارێکــی تــر بەنــاوی (چەمکەکانــی عەشــق و تەنیایــی و گومــان) لەنێــو شــیعرەکانی ســارا تیســدەیل، هــاوکات خوێندنـەوەم بـۆ دوو کتێبـی کـرد، لەسـەر فـۆرم و شـێوەی نووسـینی

وتارێکی ترم نووسی، لەدواییش نزیکەی بیست کورتە شیعریم وەرگێڕایە سەر کوردی و وەک کتێبێک کۆمکردنەوە و ناوم نا (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی)، هەر لەو ماوەیەدا بیری ئەوەم بۆ هات کە هەموو لێکۆڵینەوە و نووسینەکانم دەربارەی شیعر و هەموو ئەو دیمانە و چاوپێکەوتنانەی دەربارەی شیعر لە کتێبێک کۆکەمەوە (بەشی یەکەم کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک)، (بەشی دووەم کۆمەڵە دیمانەیەک تایبەت بە شیعر)، هەروامکرد کتێبەکەشم ناونا (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر)، ئیتر لەوکات سێ کتێبم ئامادەبوو بۆ چاپ، هاوکات (دەقی تەمەن)یش بە قەبارەی کتێبێک ئامادەبوو، بەڵام کۆمنەکردبوونەوە، لە ئایاری ٢٠١٦ لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی دایکم سەفەرێکی ترم کردەوە و گەڕامەوە. ئەم سەفەرەم لە کاتی گەڕانەوەم ترانزێتم لە قاهیرە بوو، دوازدە سەعات لە هوتێل دەمایەنەوە، دوای نیوەڕۆکەی لەگەڵ سێچوار کەس تاکسییەکمان گرت و سەردانی ئەهرامەکانمان کرد، دواتر بۆ حەدیقەی زەهرا و لەوێوەش بۆ داونتاونی قاهیرە گەشتەکەمان پێنج سەعاتێکی خایاند، ڕۆژێکی خۆش بوو، بینینی ئەهرامەکان و ڕووباری نیل و چەند شوێنێکی جوانی قاهیرە، بۆ بەیانی لە بەرەبەیان بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین و دوای دوو کاتژمێر و نیو لە هەولێر نیشتینەوە، دووبارە بە بینینەوەی دایکم و خوشک و براکانم چاوم ڕۆشنبوویەوە، ئەو سەفەرەم تایبەت بوو بۆ بینینەوەی دایکم، چونکە هەستێکم هەبوو کە دوا بینینەوەی دایکمە، بەڵام ئەو هەستەم لای کەس دەرنەدەبڕی، بۆیە زۆربەی کاتەکانم لەماڵەوە لەگەڵ دایکم بەسەر دەبرد، یان بڕۆیشتبام بۆ هەرشوێنێک ئەگەر بگونجابا لەگەڵ خۆم دەمبرد،

چونکـە لەبـەر بـاری تەندروسـتی نەمدەتوانـی بـۆ هەمـوو شـوێنێک بیبـەم، بۆیـە زۆر پلان و نەخشـەی کـۆڕ و چالاکییـم بـۆ خـۆم دانەنـا، تەنهـا حـەزم دەکـرد لـە هەولێـر کۆڕێـک بگێـڕم و هەندێـک لـە شـیعرە نوێیەکانـم بخوێنمـەوە، دوای دوو ڕۆژ (سـۆران عەزیـز) بەڕێوەبـەری (ماڵـی وەفایـی) زەنگـی بـۆ لێدام، گوتـی زانیومـە لـە هەولێـری ئەگـەر بکرێـت حەزدەکەیـن کۆڕێکمـان بـۆ بگێڕیـت، منیـش بەڵێنـم پێـی دا و لـە ڕۆژی دوایـی قسـەمان کـردەوە ڕۆژەکەمـان دیـاری کـرد و وەک جارەکانـی تـر منیـش (پایـەدار وەک مۆسـیقاژەن) و (فەهمـی نەبـی) وەک پێشکێشـکاری کـۆڕ، ئـاگادارم کردنـەوە و لـە ٢٢/ ٦/ ٢٠١٦ لـە ماڵـی وەفایـی کۆڕێکـی خنجیلانـەم سـازدا و لـەوێ چەنـد کتێبێکـی (لەسـەر جەسـتەی ڕووتـت لـە خاچـم دە) کـە بـۆ منیـان هەڵگرتبـوو، لەوێـدا بـە ئیمـزای خـۆم بـڵاوم کردنـەوە، تەلەفزیۆنـی ڕێـگاش ئامادەبـوو، تـەواوی کۆڕەکـەی تۆمارکـرد و دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە تەلەفزیۆنەکەیان کۆڕەکەمیان پەخشکرد و دوای دوو ڕۆژ جارێکی تر پەخشیان کردەوە، لە پەخشی جاری دووەم لە ماڵی دایکم و لەگەڵ دایکـم سـەیری کۆڕەکەمـان کـرد، دوای کۆڕەکـەم ڕۆژێـک سـەردانی گۆڤـاری ڕامـان و دەزگای موکریانـم کـرد، لەبـارەی گۆڤـاری ڕامـان (ئـازاد عەبدولواحیـد) ئەمـڕۆژە لـە دەوام نەبـوو وابزانـم سـەفەری کردبـوو، یەکـدوو ڕۆژ دواتـر تەلەفۆنـی بۆمکـرد و بـە تەلەفـۆن قسـەمانکرد، بۆیـە ماوەیـەک لەگـەڵ سـەرکەوت وەلـی مامـەوە، دواتـر بەیەکـەوە چوویـن بـۆ دەزگای موکریـان و لای کاروان عەبدوڵـڵا. لەگـەڵ (کاروان عەبدوڵـڵا) و بەرپرسـی (خانـەی موکریانـی بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە) ماوەیـەک دانیشـتین، هـەر ئەوکاتـە (بـەڕۆژ ئاکرەیـی) و یەکـدوو کەسـی تریـش هاتـن بـۆ ئـەوێ، پاشـان لەگـەڵ (کاروان

عەبدوڵڵا) باسی ئەوەم کرد کە (دوو کتێب)م هێناوە حەزدەکەم لە ڕێگای خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە چاپ بگەن، کتێبەکانیش (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی) و (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر)، ڕاستییەکەی بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی پیشاندا و میمۆریەکەم دایە و هەردوو کتێبەکەمی لەسەر کۆمپیوتەرەکەی سەیڤ کرد و گوتی خەمت نەبێت بە دڵنیاییەوە هەردووکی چاپ دەکەین بەس پەلەم لێنەکەی، منیش سوپاسم کرد و دواتر چووین بۆ مەخزەنێک کە سەدان کتێبە چاپکراوەکانی لێبوون، چاوێکمان بە کتێبەکان گێڕا و چەند کتێبێکم هەڵبژارد و دوو لە ڕۆمانەکانی خۆیشی بە ناوەکانی (قامچی و پەیڤەکانی دیوار)ی پێشکێش کردم، ئەو ڕۆژە (سەباح ڕەنجدەر)یش لە دەوام بوو، ئەویش هاتە لامان و خۆشحاڵبوو کە دوو کتێبم داوەتە (کاروان عەبدوڵڵا) گوتی هەر خۆشم موتابەعەی دەکەم و لە ئەخبارەکان ئاگادارت دەکەمەوە، دواتر هەر لەگەڵ (سەباح ڕەنجدەر) گەڕاینەوە و منی گەیاندەوە ماڵی دایکم، تەنانەت لە ڕێگاش هەر باسی شیعرمان دەکرد، بیرم دێت باسی ئەو بیرۆکەیەم بۆی کرد گوتم بە نیازم وتارێک بنووسم و باس لەو هۆکارانە بکەم کە بۆچی (شیعر پێناسە ناکرێت) یان ناتوانین ماناکەی دیاری بکەین! گوتم هەموومان دەڵێین (ناتوانین شیعر پێناسە بکەین لەبەرئەوەی ناتوانین بازنەیەکی بە دەورەدا بکێشین و لە چوارچێوەی بدەین)، بەڵام کەسێک هۆکارەکەی ڕوون ناکاتەوە و ناڵێت بۆچی؟ یان لەبەر ئەم هۆکارە،، ئەی گوتی تۆ دەڵێی چی، منیش ئەوکات تەنها خاڵێکم دەستکەوتبوو بە مانای تەنها یەک هۆکارم دۆزیبوویەوە، بۆم باسکرد، ڕاستییەکەی زۆر پێی سەیر بوو، هاوکات سەرسام

و دڵخۆش بوو بە وەڵامەکەم گوتی هەوڵدە بەدواداچوونی زێتری بۆ بکە و وەکو وتارێک بڵاوی بکەرەوە، زۆر هانیدام ئەوکارە بکەم، دواتر لەسەر هۆکارەکان و لەسەر تەواوی وتارەکە قسەدەکەم. شەویش هاتەماڵی دایکم و دووبارە بە قسەوباس لەسەر شیعر و بەرهەمەکانمان شەوەکەمان بەڕێکرد، کتێبێکی تازەی چاپ کردبوو بەناوی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) بۆی هێنام، دوو کتێبی (نەژاد عەزیز سورمێ)ش هەردووکی شیعر بوون، شەوێکی پڕ قسەمان بەڕێکرد. ئیتر دیسان کاتی سەفەرەکەم تەواوبوو، بۆ دواجار باوەشم بەدایکمدا کرد و سەیری چاوەکانیم کرد، هەستەکانی بۆ دواجار بینینەوەی ئازیزترین مرۆڤی ژیانت وایلێکردم، بە گریان و بە چاوی پڕ لە فرمێسک بەجێیان بهێڵم. جێمهێشتن، بە نائومێدییەوە و دیسان گەڕامەوە کەنەدا.

دوای ئەم سەفەرەم هەستم دەکرد ئەرکی سەرشانم تا دێت قورستر دەبێت بەرامبەر شیعر و کردەی داهێنان. هەستم دەکرد دونیای داهێنان و شیعر تا دێت ڕووبەرەکەیان فراوانتر و قووڵتردەبێتەوە. بە چڕی و بە بەردەوامی لەیەککاتدا لە چەند تەوەرێک ئیشم دەکرد، بە قووڵی ئیشکردن لەسەر (دەقی تەمەن) وەک ئەزموونێکی نوێ، دەمەویست لەلای خوێنەرانم و لەنێوەندی ئەدەبی بناسرێت و خاوەندارێتییەکەشی من بم، هەروامکرد. تەوەرێکی تر لەسەر شیعرە ئاساییەکانم ئیشم دەکرد، بە شێواز و فۆرمی جیاواز دەمنووسی، لە شیعری یەکدێڕی و وردە شیعر و تا قەسیدەی درێژ، بە زمان و تەکنیکی جۆراوجۆر. دیراسەکردنی ئەدەب و شیعری پۆستمۆدێرنەکان کۆمەکی زۆری پێکردم و بەرچاوی زێتر ڕۆشنتر کردمەوە، بە قووڵی ئیشم لەسەر (گومان

و پارادۆکس و ورووژاندنی پرسیار و گەمەکردن بە وشە و چەمک و دەستەواژەکان، گوێنەدان بە یەکێتی بابەت و تەرکیزکردنە سەر دووبارەبوونەوە و داهێنانی فۆرم و وێنەی نوێ و زۆر شتی تر) دەکرد. هەمیشەش لە خەیاڵی ئەوەدابووم هۆکاری زێترم دەستکەوێت بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم بۆچی ناتوانین شیعر پێناسە بکەین و بازنەیەکی بە دەورەدا بکێشین، زۆر مەبەستم بوو، من یەکەم کەسێک بم کە وەڵامی ئەو پرسیارە گەورەیە بدەمەوە. دیراسەکانم قووڵتر کردەوە، لە ڕێگای یوتیوبەوە زۆر گوێم لە دیمانەکانی (ئەدۆنیس) دەگرت (تێری ئیگلتن)م دەخوێندەوە بەتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (تیۆری ئەدەبی) (مرۆڤی یاخی و ئەفسانەی سیزیف)ی (ئالبێرت کامۆ)ش کۆمەکی زۆریان پێکردم و زۆر شتی وردیان لێوە فێربووم (فرۆید و مارتن هایدگەر و نیتچە و د. محەمەد کەمال، ئەدۆنیس، کامۆ، تێری ئیگلتن.....) ئەمانە بەشێک بوون لەسەرچاوە گرینگەکانی مەعریفەی شیعری من، هاوکات سێرکی بەردەوامی قوتابخانە ئەدەبییەکان و خوێندنەوەی کەسە هاوچەرخ و پێشەنگەکانیان. تا ئەوکاتە تەنها (یەک) خاڵم دەستکەوتبوو، کە بۆچی ناتوانین شیعر پێناسە بکەین، گوتم کاتێک لەگەڵ (سەباح ڕەنجدەر) باسی ئەو بابەتەم کرد تەنها یەک خاڵ یان یەک هۆکارم کەشف کردبوو، ئەویش ئەمە بوو کە (شیعر بوونێکی گەردوونیی هەیە، هەموو ئەو چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە وەک عەشق، ژیان، مۆسیقا.. ناتوانین لەیەک دیو یان لە یەک گۆشەوە بیان بینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین، بۆیە لە چەندین دیو و گۆشەی جیاوازەوە دەبێ لێیان بڕوانین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین، کۆی هەموو خوێندنەوەکان

بەیەکـەوە (ڕەنگـە) لـە مانـای شـیعر نزیکمـان بکاتـەوە.)، کاتێـک ئەمـەم بـە (سـەباح ڕەنجـدەر) گـوت وەڵامەکەمـی زۆر پـێ گرینـگ بـوو. هەربۆیـە دەبینیـن لـە پەیوەنـد بـە شـیعر یەکێـک دەڵێـت گەڕانـە بـەدوای جوانـی، یـان دەڵێـن شـیعر زمانـی نـاوەوەی مرۆڤـە، یـان یەکێکی تر دەڵێت. شیعر یانی ژیان، دەیان دەربڕین و دەستەواژەی تـر، لـە ڕاسـتیدا هەریەکێـک لەوانـە بـە تەنیـا مانـای (تەنهـا) دیوێکـی شـیعر دەگەیەنـن، بـە (تەنیا)مانایەکـی ناتـەواو دەردەچـن بـۆ شـیعر، چونکـە شـیعر بوونێکـی گەردوونیـی هەیـە و لـە ڕووبەرێکـی فـراوان ئیش دەکات، بۆیـە کـۆی (هەموو)مانـاکان ڕەنگـە لـە مانـا گشـتییەکەی شـیعر نزیکمـان بکاتـەوە، کاتـی خـۆی کـە ئـەو خاڵـە، یـان ئـەو خوێندنەوەیـەم دەسـتکەوت؛ دەمودەسـت لـە فەیسـبووکەکەم پۆسـتم کـرد، پێشـوازییەکی زۆر گەرمـی لێکـرا. لـە بەدواداچوونەکانـم بـەردەوام بـووم دواتـر بـەوەش گەیشـتم مـادام شـیعر لەسـەر جوانیـی ئیش دەکات و ئامانجـی بەرهەمهێنانـی جوانییـە، جوانییـش بوونێکـی نیسـبی و ڕێژەیـی هەیـە، بۆیـە شـیعریش (بوونێکـی ڕێژەیـی) دەبێـت و جوانییەکانـی بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی لـەلای خوێنـەرەکان دەردەکەوێـت، ئەمـەش یەکێـک لـە هـۆکار یـان خاڵـە گرینگـەکان بـوو، دواتـر دوو سـێ خاڵـی تریشـم دەسـتکەوت هەموویانـم ڕیزکـردن و سـەرەتایەکی کورتـم بـۆ نووسـی و وەک دەروازەیـەک بۆچوونـە نێـو باسـەکە و دواتـر خاڵەکانـم ڕیزکـردن، بـوو بـە وتارێـک و لـە گۆڤـاری ڕامـان بڵاوبوویـەوە، دواتـر لـە چەنـد سـایتێکیش بڵاومکـردەوە. ئـەم وتـارەم زۆر دڵخۆشـی کـردم هەسـتمکرد بەردێکـم خسـتۆتە سـەر دیـواری شـیعر. لەومـاوەدا چەنـد جارێـک کتێبەکـەی (سـەباح ڕەنجـدەر)م خوێنـدەوە، بـە بەردەوامیـش لـە ڕێـگای ڤایبـەرەوە

پەیوەندیمـان هەبـوو، بـەڵام هیچـم لـەلای بـاس نەدەکـرد، دوای خوێندنــەوەکان؛ نووســینەوەی چەنـد تێبینییەکـی گرینـگ و خــەت پیاهێنانــی کۆمەڵێـک لــەو دێـر و دەســتەواژانەی جێـگای مەبەسـتم بـوون، زۆرێـک لـە پێکهاتـە و فۆرمـی پۆسـتمۆدێرنیم تیـا دەبینـی، بەتایبـەت بـە چـڕی ئیشـی لەسـەر (پارادۆکـس و گومـان و پرسـیار و دووبارەبوونــەوە و گەمــە بــە وشــەوە..) کردبــوو، ئــەوە مایــەی دڵخۆشــییم بــوو، بەشــێکم بــۆ ئــەو مەبەســتە تەرخانکــرد، دواتــر هەندێـک ئیشـکردن لەسـەر ناوەڕۆکـی دەقەکـە، پاشـان تێڕوانینـی نووســەر بــۆ خــود و بەرجەســتەکردنی منــی بــاڵا و نەرجســییەتێکی تـۆخ، کـە مـن ئـەوە هێڵـی سـەرەکی ئیشـکردنم بـوو لـە قەسـیدەی (دەقـی تەمـەن)، دواجـار مـردن و گەیشـتن بـە ئەبەدییـەت، وتارەکـەم تەواوکـرد و ناومنـا (شـیعر و چەمکەکانـی ئیـرۆس و سـاناتۆس و ئەبەدییـەت)، دوائـەوەی وتارەکـەم تەواوکـرد، ئینجـا لـە پەیوەندییـەک وەک موفاجەئەیـەک پێمگـوت کارێکـی وام کـردووە، لەسـەرەتا بـە نیازبوویـن بـۆ میهرەجانـی گەلاوێـژی بنێریـن، دواتـر مـن ڕەئیـم گـۆڕی بڕیـارم دا، وەک کتێبێـک و نامیلکەیەکـی سـەربەخۆ بـڵاوی بکەمــەوە، هەروامکــرد، لــە ڕێــی کاک (جەوهــەر فەتــاح عەبدوڵــڵا) دیزاینــی بــەرگ و نــاوەوەی بــۆ کــرا و بــە ئۆنلایــن لــە ســایتەکان بــڵاوم کــردەوە، بــۆ نموونــە لــە ســایتی (قەڵــەم و دەنگــەکان). دواتــر منیـش لـە فەیسـبووکەکەم لینکەکـەم بڵاوکـردەوە، دوای ئـەو کارەم (دەقی تەمـەن)م نزیکـەی (حەڤدە بـەش)ی ئامادەبـوو، ئیتر هەموویيم کۆکردنـەوە، مانیفێسـتەکە و ئـەو دیمانەیـەی لەبـارەی (دەقـی تەمـەن)؛ ئەوانیشـم خسـتە لاپەڕەکانـی دوایـی، بـوو بـە کتێبێکـی جـوان، نـاوم نـا ( دەقـی تەمـەن) لـە خـوارەوەی بەرگەکـەش نووسـیمان (کتێبـی

یەکەم)، چاوەڕێی دەرفەتێک بووم بۆ چاپکردنی، لە ساڵی ٢٠١٨ لە ڕێگای مەسینجەرەوە لە (کاروان عەبدوڵڵا) نامەیەکم پێگەیشت، ئەوەی باس کرد کە هەردوو کتێبەکەم (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر) و (سارا تیستەیل ژنە شاعیری ئەمریکی)، وا دیزاین دەکرێن، لە ماوەیەکی کورت بەچاپ دەگەن، ئیتر منیش پەیوەندیم پێوەکردن و قسەی زێترمان لەبارەیەوە کردن. لە ماوەیەکی کورت هەردوو کتێبەکەم بە چاپ گەیشتن، ئەمەش دڵخۆشییەکی گەورەبوو بۆ من و دواتر بە (پی دی ئێف) بەرگ و ناوەڕۆکەکانیان بۆ ناردم، منیش لەلای خۆمەوە لە فەیسبووک و چەند سایتێک بڵاوم کردنەوە. لە ساڵی ٢٠١٩ حزبەکان و سیاسییەکانی کوردستان، دوای هەڵبژاردن لە ململانەیەکی توند و بێمانا دابوون لەسەر پێکهێنانی کابینەی هەشت و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. نەدەگەیشتن بەیەک و ڕێکنەدەکەوتن، وەزعێکی دەروونی نائارامیان بۆ خەڵک دروست کردبوو، ئیتر ئەوە بۆ من ڕۆشنبوو کە سیاسەت و حزبایەتی کردن لە کوردستان ئیش لەسەر لێدان و کوشتنی ئەوی تر دەکات، لە بەرامبەردا ئەدەب ئیش لەسەر؛ جوانیی و خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە ئەوی تر دەکات، بۆ پیشاندانی ئەو خاڵە جەوهەرییەی جیاوازی نێوان (سیاسەت و ئەدەب) لە خەیاڵی ئەوە بووم، لەگەڵ شاعیرێک کارێکی هاوبەش بکەم، بۆ نموونە دەرکردنی کتێبێکی شیعریی بەیەکەوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە، بیرم دێت لە نەوەدەکان بەر لە سەفەرکردنم بۆ دەرەوەی وڵات، کۆمەڵە شاعیرێکی گەنج کتێبێکی شیعرییمان بەیەکەوە دەرکرد بەناوی (وەسیەتەکانی هەڵم)، کە (عەبدولقەهاری شێخ) و یەکدوو شاعیری تر، سەرپەرشتی بە چاپگەیاندنی ئەو کتێبەیان دەکرد،

بــەڵام ئێســتا مــن مەبەســتم بــوو کارێکــی دووانــە بێــت هــاوکات مەبەستم بوو کەسەکە ستایل و زمانی شیعری لە من جودابێت، تا مەبەستەکەم بپێکم و بڵێم هەرچەندە ئێمە دوو کەسین بە دوو ستایلی جیاواز دەنووسین، بەڵام دەتوانین بەیەکەوە کاری هاوبەش بکەین و هەوڵدەدەین بەیەکەوە ژیان جوانتر و جوانتر بکەین. بۆ ئەو مەبەستە (سەباح ڕەنجدەر) باشترین شاعیرێک بوو کە هەم ستایل و زمانی نووسینی تەواو لەگەڵ من جیاوازە، هەم شاعیرێکە زۆر لێمەوە نزیک بوو، ترسی ئەوەم زۆر کەم بوو داواکەم ڕەت بکاتەوە، لە پەیوەندییەکان ئەوەم لەلا باسکرد، ئیتر لێرەدا بە ئەمانەتەوە دەیڵێم زۆر دڵخۆش نەبوو بە داواکەم، بەڵام ڕەتیشی نەکردەوە، بەڵام ترسی ئەوەشم هەبوو ڕەتی بکاتەوە، چونکە ئەوەم دەزانی ڕەنجدەر لە شیعر و ئەدەبدا باوەڕی بە کاری هاوبەش نییە، لەلای ئەو داهێنان کارێکی فەردی و تاکە کەسییە، ئەمەش دروستە و منیش باوەڕم بەو خاڵە هەیە، بەڵام من بۆ مەبەست و ئامانجێکی زۆر تایبەت و مرۆیی دەمویست ئەو کارە هاوبەشە بکەم، هەفتەی دواتر چەند قەسیدەیەکی خۆی بۆ ناردم، منیش تا ئەوکات چەند قەسیدەیەکی خۆم بۆ ئەو کارە دیاریکرد و هەرخۆم پێشەکییەکی کورتم نووسی و ناوێکم بۆ دیاریکرد، ناوم نا (عەشق جوانترە لە مردن)، ئەو کتێبەش هەر لەلایەن کاک (جەوهەر فەتاح عەبدوڵڵا) خۆبەخشانە دیزاینی (بەرگ و ناوەوەی) بۆمان نەخشاند و هەر بە ئۆنلاین ئەو کتێبەشمان لە سایتەکانی (قەڵەم و دەنگەکان)، هاوکات لە فەیسبووکەکەی خۆیشم بڵاومان کردەوە، هەر لەوکات لە فەیسبووک و سایتەکان بینیم (زانا خەلیل و ئازا حەسیب و چەند برادەرێک) بەناوی

(ماڵـی کتێـب)، کتێـب بـۆ نووسـەران چاپدەکـەن، منیـش سـەرەتا لەگـەڵ (سـەباح ڕەنجدەر) باسـی ماڵی کتێبم کـرد و گوتـم دەمەوێت کتێبـی (دەقـی تەمـەن)م بـە چـاپ بگەیەنـم، گوتـی کارێکـی بـاش دەکەیـت و ئـەو برادەرانـەش چالاکـن چەنـد کتێبێکیـان چاپکـردووە شـێوە و دیزاینـی کتێبـەکان جوانـن، ژمـارە تەلەفۆنـی (ئـازا حەسـیب قەرەداغـی) بـۆ نـاردم پەیوەندیـم کـرد، دواتـر لەگـەڵ (زانـا خەلیـل) یـش قسـەمکرد، لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتیـن کتێبەکـەم لـە ڕێگای (ماڵـی کتێـب) بـە چـاپ بـگات، لـە مـاوەی دووسـێ مانـگ. کتێبـی (دەقـی تەمـەن)م وەک کتێبی یەکەمـی ئـەم ئەزموونـەم بـە چـاپ و دیزاینێکـی جـوان کـە دیزاینەکـەی لەلایـەن هـاوڕێ (شـۆڕش غەفـووری) نەخشـێندرابوو، بەچـاپ گەیشـت، چاپبوونـی کتێبی (دەقی تەمـەن) بۆ مـن شـانازییەکی گـەورە بـوو، تەکانێکـی گەورەیـدا بـە ئەزموونـی کـردەی شـیعرییم، دڵخـۆش و سـەرفرازبووم بـەوەی ئـەو پـڕۆژە شـیعرییە گەورەیـەی خسـتبوومە سەرشـانی خـۆم وا ئێسـتا دوای (حـەوت سـاڵ) بەرهـەم و ئەنجامـە پرشـنگدارەکەی دەبینـم. لـەو ماوەیـەدا ئیشـم لەسـەر نووسـینەوەی پەیوەندییەکانـی (ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا و کاریگەرییەکانـی ئایدیۆلۆژیـا لەسـەر ئـەدەب دەکـرد) هـاوکات ئازادیـی نووسـەر لەنێـو ڕووبـەری دەق، وتارێکـم نووسـی بەنـاوی (ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا)، تیایـدا مانـا گشـتییەکەی ئـەدەب و ئامانـج و هـاوکات ناتەبابوونـی لەگـەڵ ئایدیۆلۆژیـاکان و کاریگـەری نێگەتیڤـی ئایدیۆلۆژیـا بەسـەر ئـەدەب ، وەک (بەشـی یەکـەم)، دوای ماوەیـەک بەشـی دووەمیشـم نووسـی بەنـاوی (ئایدیۆلۆژیـا و بـوون)، لەسـەر خەیـاڵ و بیرکردنەوەکانـم بەردەوامبـووم و دواتـر بەشـی سـێیەمیشـم نووسـی بەنـاوی (ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـا و فاشـیزم)،

بڵاوکردنـــەوەی ئـــەو وتارانـــەم لـــە ســـایتەکان لـــە کاتـــی خۆیـــدا لـــە ئاســـتێکی بەریـــن دەخوێندرایـــەوە و لـــە فەیســـبووکیش پاڵپشـــتی و کۆمێنتـــی جوانییـــان بـــۆ دەنووســـیم، هـــەر لـــەو ماوەیـــەدا، واتـــە لـــە کۆتایـــی ســـاڵی ٢٠١٩ دوو کتێبـــی شـــیعرییم ئامادەبـــوو بـــۆ چـــاپ بـــە ناوەکانـــی (کۆڵانـــە زەردەکـــە و ســـوور ڕەشـــێکی نوێیـــە)، بـــەڵام توانـــای چاپکردنیانـــم نەبـــوو، چونکـــە هێنـــدە نەبـــوو (دەقـــی تەمـــەن)م چاپکـــرد بـــوو. بیرۆکـــەی (ئـــەدەب و ئایدیۆلۆژیـــا)م کـــرد بـــە پـــڕۆژەی کتێبێـــک، وردە وردە ئیشـــم لەســـەر دەکـــرد، مردنـــی (فەریـــد زامـــدار) لـــە تەمـــووزی ٢٠١٧دا، بـــۆ مـــن خەمێـــک و کۆســـتێکی گـــەورە بـــوو، بـــەو هـــۆکارەی هاوڕێیەکـــی نزیکـــم بـــوو لـــە هەمانکاتیـــش، شـــاعیرێکی نوێخـــواز و داهێنـــەر بـــوو، مـــن ئـــەوکات لـــە یـــادی چلـــەی ئـــەم شـــاعیرەمان وتارێکـــم نووســـی، بـــەڵام بـــەم وتـــارە دڵـــم ئـــاوی نەخـــواردەوە و لـــە خەیاڵـــی ئـــەوە بـــووم خوێندنەوەیـــەک لەبـــارەی ئەزموونـــی ئـــەم شـــاعیرەمان بکـــەم، بـــەڵام کێشـــەی گـــەورەم ئەوەبـــوو، لـــەم دوورەوە، دەســـتڕاگەیشـــتن بـــە کتێبـــە شـــیعرییەکانی کارێکـــی ئاســـان نەبـــوو، لـــە پەیوەندییەکـــی تەلەفۆنیـــم لەگـــەڵ (ســـەباح ڕەنجـــدەر) ئـــەو بیرۆکەیـــەم باســـکرد، زۆری پێخـــۆش بـــوو زۆر هانیـــدام ئـــەوکارە بکـــەم، گوتـــی لەبـــارەی کتێبـــە شـــیعرییەکانی مـــن کۆبەرهەمەکەییـــم هەیـــە بەنـــاوی (شـــەڕی وشـــەکان نیـــو نوقتـــە لەژێـــر نیـــودا) کاتـــی خـــۆی پێشکەشـــی کـــردووم، ئەگـــەر کەســـێک هەبێـــت بـــۆت دەنێـــرم، منیـــش بـــەم قســـانەی (ســـەباح ڕەنجـــدەر) بێئەنـــدازە دڵخۆشـــبووم، بەڕاســـتی ڕەنجـــدەر نموونـــەی وەفـــا و دڵســـۆزی و هاوڕێیەتییـــە، عەشـــقێکی گـــەورەی هەیـــە بـــۆ شـــیعر و داهێنـــان، لـــە ڕەنجـــدەرەوە ئـــەوە فێربـــووم؛ شـــیعرم زێتـــر خۆشـــبووێ و ببێتـــە گەورەتریـــن و بـــە

بەهاترین بەشی ژیانم، بەهەرحاڵ هەر لەوماوەیەدا (وەفیق زامدار)ی شێوەکار و برای (فەرید زامدار)ی شاعیر لە هەولێر بوو، پەیوەندیم پێوەکرد بەر لە گەڕانەوەی (سەباح ڕەنجدەر) ببینێت و لەگەڵ خۆیدا، چەند کتێب و گۆڤارێک بۆم بێنێتەوە کەنەدا، هەروامان کرد کتێبەکانم بەدەست گەیشت لەگەڵ گۆڤارێک بەناوی (کۆنتێکست ژمارە ٥-٦)، کە گۆڤارێکی ئەکادیمی وەرزییە تایبەتە بە توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەم گۆڤارەدا لێکۆڵینەوەیەکی من بڵاوبووبوویەوە بەناوی (شیعر و چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس و ئەبەدییەت)، کە خوێندنەوەیەک بوو بۆ کتێبی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)ی سەباح ڕەنجدەر. من خۆم خوێنەرێکی بەردەوامی شیعرەکانی (فەرید زامدار) بووم، تا ئاستێکی باش ئاشنابووم هەبوو لەگەڵ ستایل و زمانی شیعریی ئەو شاعیرەمان، چەند جارێکیش بەیەکەوە لەگەڵ زامدار باسی شیعر و داهێنان و نوێخوازییمان کردووە، لە نزیکەوە بە جیهانبینی شیعریی ئەو شاعیرە ئازیزەمان ئاشنابووم. دەستم بە خوێندنەوەی کۆبەرهەمەکەی کرد، نزیکەی شەش مانگێک بە وردی خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکانی بووم، تێبینی زۆر جوان و وردم لەلای خۆم تۆمارکرد، لەسەرەتا هەر لەبارەی ئەزموونی (فەرید زامدار) وتارێکم نووسی بەناوی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) دەمویست ئەو شیعرانەی ئاستێکی زۆر لە جوانیی بەرهەمدەهێنن جیابکەمەوە لەو شیعرانەی هەر وشە ڕیزکردنن، بە هەردووکیشیان دەڵێن شیعر، یان هەندێ کەس دەڵێن شیعری دەرەجە یەک یان دەرەجە دوو... من دەمویست بیرکردنەوەیەکی نوێ و ناوێکی نوێ بۆ جیاکردنەوەی شیعرەکان بدۆزمەوە خاوەنی ئەو شیعرانەی

جوانیی بەرهەمدەهێنن و شیعرەکانیان دەگەنە نێو ڕووبەری شیعری، پێیان بڵێم (شاعیر)، بە ئەوانی تر بڵێم (شیعرنووس)، دەمویست ئەوە پیشانبدەم هەموو شیعرێک ئەو هێزەی پێ نییە بگاتە نێو ڕووبەری شیعری. شاعیربوون شوناسێکە شوێنەکەی لە هەورازێکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێ بیگاتێ، ئەوە کورتە و پوختەی ئەو وتارەم بوو، هەر لەنێو ئەو وتارەم لەبارەی (فەرید زامدار)ەوە نووسیبووم کە لە کتێبی یەکەم و دووەمی بە ناوەکانی (بروسکەی هەوری مەبەستێک و ژووانی سێبەر) لە دەرەوەی ڕووبەری شیعریین (فەرید زامدار) لە دیوانی (******) بێناونیشانەکەی (دەگاتە نێو ڕووبەری شیعریی) هەر لەو وتارە ئەوەشم خستبووەڕوو؛ هەندێک لە شاعیرەکان سەرەتا لە دەرەوەی ڕووبەری شیعرن، دواتر لە ئاکامی داهێنان دەتوانن بگەنە نێو ڕووبەری شیعر و هەر لەوێدا بمێننەوە، نموونە (فەرید زامدار، خۆم، شاعیرانی تریش)، هەندێکی تر (هەر لەسەرەتاوە لەنێو ڕووبەری شیعر دەست پێدەکەن یان سەردەردێنن تا کۆتاییش لە ڕێگای داهێنانە بەردەوامەکانیان هەر لەنێو ڕووبەری شیعر دەمێننەوە، نموونەی ئەوانەش: (شێرکۆ بێکەس، کەریم دەشتی، سەباح ڕەنجدەر،...)، ئیتر لەدوای ئەم وتارەم، وتارێکی ترم نووسی بەناوی (نوێخوازی وەک پرۆژە)، دواتر وتارێکی تر بەناوی (شیعر و یاخیبوون)، وتارێکی تر بەناوی (فەرید زامدار و شیعر و ئەزموون) یان (پەیوەندی فەرید بە قوتابخانە ئەدەبییەکان) ەوە بێگومان بۆ ئەم بابەتە زێتر مەبەستم بوو بیرکردنەوە و جیهانبینی شیعریی ئەو پیشان بدەم، دواتر خوێندنەوەم بۆ چەند کتێبێکی کرد لەوانە کتێبی (ستێکس)، کتێبی (دروست نەبوون لە

شـەوی یـەک دەقەییدا)، کتێبی (مردنـی ئەندازەیـی، پەنجـە شـێتەکانی شـەیتان)، کتێبـی (ئەنیمـا مۆنـدی). هـاوکات چەندیـن بابەتـی تـرم لەسـەر شـیعرەکانی نووسـی و کتێبەکەشـم ناونـا (گەیشـتن بـە ڕووبـەری شـیعر)، ئـەم کتێبـەم لەسـەر ئەرکـی (خانـەوادەی فەریـد زامـدار) بـە دیزایـن و چاپێکـی نـاوازە لـە یەکێـک لـە چاپخانەکانـی تـاران بـە چـاپ گەیشـت، نەخشەسـازی بـەرگ و ناوەوەشـی لەلایـەن کاک (هیـوا کۆمپیوتـەر) بـوو. سـاڵی ٢٠٢٠، یەکێـک لـە سـاڵە شـوومەکان بـوو، بـە هاتـن و تەشـەنەکردنی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا، هەمـوو جوانییەکانـی ژیـان کەوتبوونـە ژێـر پرسـیارەوە، لـە ئایـاری ئـەو سـاڵە بـە نیـازی سـەفەر و گەڕانـەوە بـووم، لـە پڕێـکا هەمـوو شـتێک هەڵگەڕایـەوە و فڕۆکەخانـە و هەمـوو شـوێنە گشـتییەکان داخـران. تاکە ئومێدێک پێـی دەژیـام شـیعر و نووسـین و چاپکردنـی کتێبەکانـم بـوون، هـەر لـەو ماوەیـەدا پەیوەندیـم کـرد بـە هاوڕێـم (شـۆڕش غەفـووری) کـە ئەگـەر بتوانێـت کتێبێکـی شـیعرییم بەنـاوی (لـەدەرەوەی ژیـان دەژیـم) بـۆ دیزایـن بـکات، ماڵیئاوابێـت ئامادەیـی پیشـاندا و لەمـاوەی سـێچوار هەفتـە، بەشـێوەیەکی جـوان دیزاینـی بـەرگ و نـاوەوەی تەواوکـرد، منیـش هـەر ئۆنلایـن بـە چاپـی ئینتەرنێـت، لـە فەیسـبووکی خـۆم و لـە هەندێـک لـە سـایتەکان وەک (دەنگـەکان و ئەمـڕۆ و قەڵـەم) بڵاوم کـردەوە، چاپبوونـی ئـەم کتێبـەم بەشـێک لـە نائومێدیـی و بێتاقەتییەکانـی ڕەواندمـەوە، هەندێـک وزە و ئومێـدی خسـتمەوەبەر، بیـرم دێـت کاتێـک لـە فەیسـبووکەکەم کتێبەکـەم پۆسـت کـرد نووسـیم لەگـەڵ هەمـوو ناخۆشـی و نائومێدییـەکان، بـەڵام (هێشـتا کات مـاوە بـۆ خـەون بینیـن). دوای ماوەیـەک ڕۆژێـک (سـەباح ڕەنجـدەر) پەیوەنـدی پێوەکـردم و گوتـی

ناڵە ئەگەر کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)ت ئامادەیە بۆمان بنێرە تا لەگەڵ چەند کتێبێکی تر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر چاپی بکەین، منیش گوتم (یەک وتارم) ماوە گەر (دوو هەفتە) کاتم بدەیتێ ئامادەدەبێت، وتارەکەم تەواوکرد و ئەویشم نارد، لە ماوەی دووسێ مانگ ئەم کتێبەشم بە چاپ گەیشت، نەخشەسازی ناوەڕۆک لەلایەن (شیلان حەمید مەجید) و بەرگیش لەلایەن (شاخەوان جەعفەر)ەوە بوو. ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان و نائومێدییەکان بۆ من ساڵێکی پڕ بەرهەم بوو، لەم ساڵەدا (سێ کتێب)م بە چاپگەیاند. لەمبارەوە دڵخۆش و سەرفراز بووم. لە پاڵ (دەقی تەمەن) و شیعرەکانی ترم، لەو ماوەیەدا بیرۆکەیەکی نوێم بۆ هات وەکو فۆرمێکی نوێ، کە شیعرەکان ناونیشانی بۆ دانەنێم، ناونیشانەکان لەسەرەوە بنووسم، خوێنەر ناونیشانی شیعرەکان بە پێی سەلیقە و خوێندنەوەی خۆی دیاری بکات، واتە خوێنەریش ببێتە بەشێک لە کردەی نووسینی دەقەکە، هاوکات خوێنەر و نووسەری شیعرەکە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دابن. لە گەڕانێکی بەردەوام دابن بۆ گەیشتن بە ناونیشان و شوناس، هەروەها هەندێک لە دەقەکان زێتر لە ناونیشانێکیان لەخۆدەگرت، واتە خوێنەر لەبەردەم چەند هەڵبژاردە و ئۆپشنێکدا دەبوو، لێرە خوێنەر بە ئازادانە ناونیشانێک هەڵبژێرێت هاوکات دەکەوێتە بەردەم گومانێکی گەورەش، ئەو فۆرمەشم ناونا فۆرمی (گەڕان)، کورتە مانیفێستۆکەیەکم بۆ نووسی، یەکەمین دەقی گەڕانم لەگەڵ کورتە مانیفێستەکەی لە سایتی (زەمەن) بڵاوکردەوە، دواتر زێتر ئیشم لەسەرکرد و چەند دەقێکی تری ئەو فۆرمەم بڵاوکردەوە، دواتر

نووسەرێکی لاو بەناوی (تەلار تاهیر) لێکۆڵینەوەیەکی جوانی لەبارەی فۆرمی گەڕان و هەندێک لە کورتە شیعرەکان نووسی بەناوی (خوێندنەوەیەک بۆ فۆرمی گەڕان و چەند وردە شیعرێکی نالە حەسەن)، ئەم نووسینەش لە سایتی زەمەن بڵاوکرایەوە، دواتر لە فەیسبووکیش پۆستمان کرد، لە پاڵ ئەمانەش دووسێ ساڵێک بوو ئیشم لەسەر شیعری زۆر کورت دەکرد من ناوم نابوون (وردە شیعر)، هەموو وردە شیعرەکانم لە کتێبێک کۆکردبوونەوە ناوم نابوون (من ژیانم بۆ شیعر دەوێت) ئەم وردە شیعرانەش وەک کتێبێک ئامادەبوون بۆ چاپ. لە ساڵەکانی ٢٠١٦ بەدوا من تەواو خۆم تەرخان کرد بۆ (نووسین و شیعر)، هەروەها داهێنان لە شیعر ببوو بە گەورەترین خەونم، تا واملێهات و ئەوەم ڕاگەیاند کە (من ژیانم بۆ شیعر دەوێت)، لەم دواییانەش بەوە گەیشتووم کە هەر بەڕاستی (من لەنێو شیعردا دەژیم) لە دەرەوەی شیعر (نە بوونم هەیە نە ماڵ و نە نیشتیمان)، هەر بەڕاستیش شیعر گەورەترین خەون و گەورەترین شتێکە من بۆی دەژیم، هەر بۆیە لەو یەکدوو ساڵەی دوایی لە هەوڵی ئەوە دابووم لەسەر زۆرێک ئەو چەمک و بابەتانە بنووسم کە خوێنەر یان شاعیرەکان دیدێکی ڕۆشنتریان دەستبکەوێت دەربارەی شیعر و ئەدەب و داهێنان، یان ئەو بەرئەنجام و تێگەیشتنانەی لە ئاکامی دیراسەکردن و لە ئاکامی ئەزموونی خۆم پێیان گەیشتووم هەوڵمدەدا بیاننووسمەوە. بۆیە دەستم کرد بە نووسینی وتارێک بەناوی (چەمکە شیعرییەکان و پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین)، تا (پێنج بەش)م لەو وتارە نووسی لە هەر بەشێکی لەسەر چەند چەمکێکی شیعری قسەم دەکرد، بۆ نموونە (شیعر و نامۆبوون، شیعر

لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا، شیعر و ناخودئاگایی، شیعر و نەرجسییەت، شیعر و ژیاندۆستی، شیعر و گێندەر، چەندین چەمک و بابەتی گرینگی شیعری تر..) هەر لە درێژەی ئەم وتارە ئێستاش بە نیازم لەسەر (شیعر و دۆگما) و (شیعر و خاڵبەندی) یان (شیعر و خودا) بنووسم. هەر لەو ماوەیەدا دوو فەیلەسووفی گەورە کە شیعر ڕووبەرێکی بەرچاوی داگیرکردبوو لەنێو بیرکردنەوە و فەلسەفەکانیاندا ئەوانیش (فریدریک نیچە و مارتن هایدگەر)ن، دوو وتارم نووسی بەناوەکانی (شیعر و فریدریک نیچە) و (شیعر و مارتن هایدگەر). زۆرێک لە بیرکردنەوەکانم بۆ شیعر لە ڕوانگەی بوونگەراییانەوە خستۆتەڕوو، چونکە شیعریش وەک هەر هەبوویەک بوونێکی سەربەخۆ و ناتەواو و بەردەوامی هەیە. من لە هەموو تەمەنی شیعرییم (سێ) مانیفێستم نووسیوە، یەکێکیان تایبەت بە (دەقی تەمەن)، کورتە مانیفێستێک تایبەت بە (فۆرمی گەڕان)، مانیفێستێکیش بەناوی (شیعر پەرچەمی ژیاندۆستییە)، کە هێڵە سەرەکییەکانی من بۆ ئیشکردنم لەسەر شیعر لەخۆدەگرێت، ئەم مانیفێستە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەناوی (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە)، بەشی دووەم (شیعر عەشقێکی گەورەیە)، بەشی سێیەم (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە)، کە تا ئێستا وەک مانیفێستێک لە نووسینێکی سەربەخۆ بڵاوم نەکردۆتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانم باسمکردوون و وەک میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعریی بەکارمهێناون، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر دەقێکی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)، لەشێوەی نامەیەک، دوو بەشی ئەو مانیفێستەم وەک میتۆدێک بەکارهێنا، ئەوانیش (شیعر فۆرمێکی

بێدەنگ نییە) و (شیعر عەشقێکی گەورەیە)، ئەو بابەتەش لە چەند سایتێک بڵاوکرایەوە و منیش لە فەیسبووکەکەی خۆم پۆستم کردووە، بەشی سێیەمی مانیفێستەکەم بەناوی (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە)، لە خوێندنەوەیەک بۆ شیعرێکی (کەژاڵ ئەحمەد) بەناوی (وەرە بەیەکەوە بژین) وەک میتۆدێک بەکارمهێنا، خودی لێکۆڵینەوەکەشم ناونا (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە)، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چەند سایتێک بڵاوبوویەوە؛ لەوانە (قەڵەم، زەمەن، ژیان...) کە دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبوو، هەر لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەیەکی ترم نووسی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان (شیعر و دایک و میهرەبانی) کە خوێندنەوەیەک بوو بۆ شیعرێکی (خولیا حوسێن)، هاوکات بەناوی (شیعر و ژیاندۆستی) لێکۆڵینەوەیەکی درێژم لەبارەی قەسیدەیەکی (شێرکۆ بێکەس) بەناوی (یاداشتنامەی ماکەوێکی ڕەشپۆش)ەوە نووسی، لەو ماوەیەدا لەبیری ئەوە دابووم خۆم کۆکەمەوە و ئەزموونی (سیی ساڵ) شیعرنووسینم بخەمە نێو یەکدوو دیوانی شیعریی، لەمبارەوە (سەباح ڕەنجدەر)یش زۆر هانی دەدام و دەیگوت ناڵە کاتی ئەوە هاتووە ئەعمال کامیلەت هەبێ، منیش زۆرم مەبەست بوو ئەو کارە بکەم، بەڵام یەکێک لە کێشەکانم ئەوە بوو لە کۆی کتێبە شیعرییەکانم (سێ) کتێبم هێشتا چاپ نەکردبوون، من دەمویست ئەوانیش بە چاپ بگەیەنم، ئینجا دەست بۆ ئەو کارەم بەرم، بەڵام چاپکردنی سێ کتێب کارێکی وا ئاسان نییە و لە هەمانکات ڕەنگە یەکدوو ساڵی بووێت، هەر لەو ماوەیە قوتابییەکی ماستەر بەناوی (محەمەد عەزیز) پەیوەندی پێوەکردم داوای کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیای) کرد، کە یەکێک لەسەرچاوە

سەرەکییەکانیەتی بۆ ماستەرنامەکەی، قوتابییەکی تر بەناوی (کامەران ئەبابەکر) تێزی دکتۆراکەی لەسەر شاعیرانی هاوچەرخی کوردی دوای ڕاپەڕینەوە بوو، کە منیش یەکێک بووم لەو شاعیرانەی خۆی دیاریکردبوون، ئەویش نامەیەکی بۆ ناردم و داوای ئەوەی کرد بۆ تێزی دکتۆراکەی پێویستی بە کتێبە شیعرییەکانمە، ئەمەش هۆیەکی تر بوو، ئەگەر کتێبەکانم کۆکەمەوە هەم خوێنەرەکانم، هەم نێوەندی ئەکادیمیا و یان هەر کەسێک، ئاسانتر دەستیان بە هەموو کتێبە شیعرییەکانم و بە ئەزموونی سیی ساڵ تەمەنی شیعرییم ڕادەگات، بۆیە بڕیارم دا خۆم کۆکەمەوە، کۆی کتێبە شیعرییەکانم یانزە کتێبی شیعری بوون، بەو سێ کتێبەش کە چاپ نەکرابوون، هەموویانم کۆکردنەوە لە دوو بەرگ بەناوی (دیوانی ناڵە حەسەن)، کە (ئاکار جەلیل کاکەوەیس) دیزاینی بەرگ و ناوەوەی بۆ نەخشاندن، ئیدی (هەردوو بەرگی) دیوانەکەم لە یەکێک لە چاپخانەکانی تاران بە چاپگەیاند و دواتر بە هاوکاری مەهدی حەسەن و هەندێک لە هاوڕێکانم بەسەر کتێبخانە گشتییەکان و ناوەند و کتێبخانەی شارەکان و هەندێک لە زانکۆکان بڵاومان کردەوە، ئیتر تا ئێرە کورتەیەک بوو لەسەر سیی ساڵ ئەزموونی شیعر و نووسینم.

سڵاو لە داهێنان.

## ناوەڕاستی ئەیلوولی ٢٠٢١

(هێشتا پێویستە بژیم، چونکە هێشتا گەرەکمە بیربکەمەوە).

فریدریک نیچە